شیعر

# دیوانی بەیاد

شەفیق "بەیاد" ئەحمەداغا غەفووری

ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە

فازیل شەوڕۆ     د. هاوژین صلیوە

پێداچوونەوە و سەرپەرشتی چاپ

هەمزە عەباس فەقێ

٢٠٢٣

ناوی کتێب:  دیوانی بەیاد
نووسەر:   شەفیق ئەحمەداغا غەفووری
بابەت:     شیعر - کۆبەرهەم
ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە: فازیل شەورۆ، هاوژین صلیوە
پێداچوونەوە و سەرپەرشتی چاپ:  هەمزە عەباس فەقێ
خۆشنووسی بەرگ:  نەوزاد محەمەد کۆیی
وێنەی بەرگ: قەرەنی جەمیل
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: توانا ئەحمەد
چاپخانە:  پاندا
ساڵ:     ٢٠٢٣ – چاپی یەکەم
تیراژ: ٥٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر،
ژمارەی سپاردنی (٧٨١) ی لە ( ١٢/ ٧/ ٢٠٢٣) پێدراوە

لە بەرکی خاتوو دکتۆر عەتیە حەمە سەعید ساڵحی چاپ کراوە.

پێشکەشە بە:

گولزار حەسەن قادر، هاوژینی ئازیزم.

سارێژ، کچە تاقانەکەم.

# پێڕست


پێشەکی........................................................................................................ ٨
دیوانی بەیاد لە تای تەرازووی شیعردا.................................................. ١١
دەروازەی بابەتەکە......................................................................... ١٢
جیهانی نابینا.......................................................................................... ١٥
کەسانی نابینا دەتوانن چی ببینن؟.............................................................. ٢٦
نابینا و جیهانی ئەدەب و هونەر............................................................. ٢٨
نابینا لە ئەدەبی کوردیدا.......................................................................... ٣٦
ژیاننامەی شەفیق بەیاد .......................................................................... ٥٣
پڕکردنەوەی کەلێنی هەستی لە دەستدراو................................................... ٥٨
وێنەی شیعری........................................................................................ ٦١
وەسف و وەسفی سرووشت.................................................................. ٦٤
کاریگەریی شاعیرانی کورد بەسەر بەیاددا................................................ ٧٠
کاریگەریی فۆلکلۆر بەسەرە شیعرەکانی بەیاددا....................................... ٧٦
فۆرمی شیعر لە دەقە شیعرەکانی بەیاددا:................................................ ٨٠
پەیام لە دەقە شیعرەکانی بەیاددا.............................................................. ٨٤
بەیاد، لە تای تەرازووی ئەدەبی نابینایانی کورددا.................................. ٨٨
جێگۆڕکێی هەستەکان و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری بەیاددا....................... ٨٩
سەرچاوەکان......................................................................................... ٩٤
شیعری دڵداری..................................................................................... ١٠١
هەوێنی جوانی...................................................................................... ١٠٢
تاقانەی دڵ.......................................................................................... ١٠٣
بەراورد............................................................................................... ١٠٥
دەروازەی ئەوین.................................................................................... ١٠٧
بەیاد و دڵ............................................................................................ ١٠٩
مەرگ.................................................................................................. ١١٢
بەدکار................................................................................................. ١١٤
باغی چنارۆک......................................................................................... ١١٥
دایکی دڵبەر......................................................................................... ١١٦
سارێژ................................................................................................ ١١٧
پەرێز.................................................................................................. ١١٨
گەر هەڵکەوێ....................................................................................... ١١٩
تۆبە لە دڵداری...................................................................................... ١٢١
زامی دوو تیر........................................................................................ ١٢٤
ڕازێک لە ژێر پەردە............................................................................... ١٢٧
دۆزەخ و ئەوین..................................................................................... ١٢٩
بڕوانە ................................................................................................ ١٣١
شنەی شەماڵ........................................................................................ ١٣٣
وێنەی دڵدارەکەم.................................................................................. ١٣٤
ئاوێزان................................................................................................ ١٣٥
سامانێکی بێ کۆتا .................................................................................. ١٣٦

هاوژین........................................ ١٣٩
ئەستێرەیەکی دووره دەست ........................................ ١٤٠
ئاسوده ........................................ ١٤١
مەترسی ........................................ ١٤٢
هەڵوێست........................................ ١٤٣
بەهره........................................ ١٤٤
تریقه........................................ ١٤٥
پێوانەی جوانی........................................ ١٤٦
ئاپۆڕی خەم ........................................ ١٤٧
شێخزاده ........................................ ١٤٨
پەیام........................................ ١٥٠
خۆشەویستییەکی خوایی ........................................ ١٥١
دڵنیابه........................................ ١٥٢
فەرهەنگی جوانی........................................ ١٥٣
دڵدارەکەی هەردوو جیهانم........................................ ١٥٤
نامەیەک بۆ سارێژخان ........................................ ١٥٦
شەونم........................................ ١٥٨
گوڵی ڕەش پۆش........................................ ١٦٠
من نابەزم........................................ ١٦٤
بەهەشتی سەر لوتکەی داخ ........................................ ١٦٥
دەمەتەقێ بەیاد و شەرمین ........................................ ١٦٩
نامەی بڕوام ........................................ ١٧٠
به هیوام........................................ ١٧١
سەرسامم........................................ ١٧٢
پەریزاده........................................ ١٧٣
ئیلهامی شەو........................................ ١٧٤
جوانی تاقانه........................................ ١٧٥
گڕ و گڵپه........................................ ١٧٧
خەبات و خۆشەویستی ........................................ ١٧٩
( نامەیەک بۆ شەونمی خۆشەویستم) ........................................ ١٧٩
شەونمی نیوه شەو........................................ ١٨٢
وەسفی دڵبەر........................................ ١٨٤
پرسیار........................................ ١٨٥
هەڵ ناخەڵەتێم........................................ ١٨٧
خۆت باش بناسه ........................................ ١٩٠
تەلەسمی ناوی ئارەزوو ........................................ ١٩٢
نازدارەکەم........................................ ١٩٣
بڕیاری شەو........................................ ١٩٤
نامەی ئاشتی........................................ ١٩٦
شاری بەغدا........................................ ١٩٧
هەنگاوی دڵ........................................ ١٩٩

دوا هەنگاو.......................................................................................... ٢٠٠
دژی خەوە.......................................................................................... ٢٠١
شیعری کۆمەڵایەتی.......................................................................................... ٢٠٣
لەگەڵ سروشت.......................................................................................... ٢٠٥
بووکی شادی.......................................................................................... ٢٠٩
موژدە بۆ گوڵ.......................................................................................... ٢١١
ژیان و مەرگ.......................................................................................... ٢١٢
زانین.......................................................................................... ٢١٣
ئامۆژگاری.......................................................................................... ٢١٥
درۆتان لەگەڵ کردین.......................................................................................... ٢١٧
دەروازەی بەهار.......................................................................................... ٢١٨
پەیمان شکێن.......................................................................................... ٢١٩
بانگەواز.......................................................................................... ٢٢١
خەبات و ئەوین.......................................................................................... ٢٢٣
وەڵامی بەیاد بۆ پرسیاری هاووڵاتیەك.......................................................................................... ٢٢٤
لە دوو چوان مەچوو.......................................................................................... ٢٢٦
کەی ئەمە جەژنە.......................................................................................... ٢٢٧
بریا وابا.......................................................................................... ٢٣٠
چریکستان.......................................................................................... ٢٣٢
ماڵێك بۆ خۆشەویستی.......................................................................................... ٢٣٣
خواست.......................................................................................... ٢٣٤
وەسیەت بۆ سارێژی جگەرگۆشەم.......................................................................................... ٢٣٥
کۆچی دایک.......................................................................................... ٢٣٦
هەرکەس بەیاری خۆی هەر دەڵێ.......................................................................................... ٢٣٧
نامەیەک بۆ شەورۆ.......................................................................................... ٢٣٩
دڵداری تازە.......................................................................................... ٢٤٤
بەزممە.......................................................................................... ٢٤٥
فەلەک و تاوان.......................................................................................... ٢٤٦
بووک، لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ.......................................................................................... ٢٤٩
لایلایە.......................................................................................... ٢٥٠
دەڵێن بەزمە.......................................................................................... ٢٥١
بۆ پێشەوە.......................................................................................... ٢٥٣
دەمەتەقێی ژاڵە و بەیاد.......................................................................................... ٢٥٤
ئەگەر خەم نەخۆم چی بکەم.......................................................................................... ٢٥٧
شیعری نیشتمانی.......................................................................................... ٢٦١
شۆڕشی هەمەڕەنگ.......................................................................................... ٢٦٣
کوردستانی چواڕ بەش.......................................................................................... ٢٦٦
ئەی دوژمنم.......................................................................................... ٢٦٩
بڵێسەی خەبات.......................................................................................... ٢٧١
ئایار لە کوردستان.......................................................................................... ٢٧٦
ئەنجامی کورد.......................................................................................... ٢٧٨

وتوو وێژی بەیاد لەگەڵ مانگ ........ ٢٨١
تاوانی خۆمان لە ئەستۆی خۆمانە ........ ٢٨٥
کوردستان ........ ٢٨٦
پێشمەرگە ........ ٢٨٧
پێناسەی شەهید ........ ٢٨٨
مارشی کۆماریی ........ ٢٨٩
گێچەڵ ........ ٢٩٠
کەرکوك سەری لاشەی کوردستانە ........ ٢٩١
خەڵاتێک پێشکەشە بە هۆنەری پایە بەرز ........ ٢٩٢
( باسی حاجی) ........ ٢٩٢
چارەنووس و ژیان ........ ٢٩٣
بانگی خەبات ........ ٢٩٤
هاوار ........ ٢٩٥
باسی نیشتمان ........ ٢٩٦
شارەزایانی پسپۆر ........ ٢٩٧
شیعری ئایینی ........ ٣٠١
بڵندگۆ ........ ٣٠٣
بمناسە ........ ٣٠٤
گوێڕایەڵین ........ ٣٠٥
سەروەر ........ ٣٠٦
سەردەفتەری ئومەتانم ........ ٣٠٨
عومرە ........ ٣٠٩
دۆسیە ........ ٣١٠
شیعری یادگاری ........ ٣١١
بەردەنوسی کیژۆڵەیەکی جوانەمەرگ ........ ٣١٢
(بەهرە خان) ........ ٣١٢
تەمەنێکی ناکام ........ ٣١٣
جیهانی ئەودیو ........ ٣١٦
مەرگی لە پڕتاو ........ ٣١٧
مەنزڵگای شیرین ........ ٣١٨
چەند بەردە نووسێک ........ ٣١٩
ڕژانی ئەستێرەیەک ........ ٣٢٠
پەلامارێکی بە گورجی ........ ٣٢١
چەند وشەیەک ........ ٣٢٢
وێنەی بەرگی بەرهەمە چاپکراوەکانی "بەیاد" ........ ٣٢٥

# پێشەکی

**شەفیق بەیاد**

خـوای تـاك و تەنیـا کـە هەسـارەی زەوی ئافرانـد، دوای ئەرکـی پەرسـتش ئەرکـی ئاوەدانکردنـەوە و داهێنـان و بەرپاکردنـی خۆشەویسـتی و پێکـەوە ژیـان و مرۆڤبوونـی بـە مرۆڤـەکان سـپارد لەسـەر زەوی دا، زەوی نیشـتمانی هەموومانـە، نیشـتمانێك کـە لەنێـو کـۆش و باوەشـی ئـەودا چاومـان هەڵێنـاوە، دایـە گەورەمانـە، نیشـتمانی ئێمـە و بـاب و باپیـران، بـەڵام بەشـی ئێمـە لـەو زەویـەدا کوردسـتانە، کوردسـتان ئـەو دایکـە دڵ بریندارەیـە هێنـدە وەفـادارە، هێنـدە بـە ئـازارە، تەنانـەت بەهـەزاران جـار کەوتووەتـە ژێـر ڕێژنـە و هێرشـی ناڕەهاتـی و دابـەش دابـەش و بگـرە بەخواسـتی بێگانـە دابڕ دابڕ کراوە و هێشـتاش نیشـتمانی دایـك لـە ئێمـە بێـزار نییـە و دەیـەوێ بەسـۆزەوە ئێمـەی کـوردی نـەژاد ئـاری کۆبکاتـەوە و بمانکاتـە هەتوانـی زامـە دوورخانەکانـی. نیشـتمان، خۆزگـە خـوازە ئێمـە چیتـر پـێ لـە شـوێنپێی هەڵـەی یەکتـر نەنێیـن و پەنـد و ئامـۆژگاری لـە ڕابـردووی پـڕ نەهامەتیمـان وەربگریـن، ئەزموونـی ژیـان و توانـا و بەهـرە و بەرهەمەکانمـان بۆیـەك بکەیـن بـە دیـاری تـا سـەرەنجام بـە هەوڵـی هەمـووان دەگەیـن بـە ئەنجـام.

خزمەتـی نیشـتمان و هاونیشـتمانییان ئەرکـی هـەر کەسێکە، هەریـەك بـە پێـی هـەوڵ و توانـا و بەهـرەی خـۆی، جا بواری زمـان و ئەدەب و ڕەوشـەنبیری بێـت بـۆ مانـەوە و بـاڵا بـوون، یـان هێـزی سـەربازی بـۆ بەرگریکـردن، یـان پـەروەردە و خوێنـدن بـۆ بنیادنانـی شارسـتانیەت... یـان هـەر بوارێکـی تـر، گرنـگ ئەوەیـە هەمـووان لـە پێنـاو ژیانێکـی شـکۆمەندانە و لـە نێـو باوەشـی نیشـتمانێکی شـکۆمەندی تـەژی لـە ئاسـایش و خۆشەویسـتی و تەبایـی وەك کـورەی هەنـگ بـێ وەسـتان دەسـتبەکاربین.

هونـەر، ئەدەبیـات، داڕشـتنی نەخشـەی دواڕۆژ ئەمانـە و زۆر بابەتـە

پێویستییەکانی تریش با فەرامۆشیان نەکەین، نووسەر، هۆنەر، بەبڕشتی قەڵەمەکەی ماندوونەناسانە شان بەشانی هەموو توێژەکان دەبێ لە گۆڕەپانی خەباتدا ئەسپی خۆی تاو بدات، گەر گەل و نیشتمان بەندە قبوڵ بکات حەز دەکەم ئازار و شەونخونییەکانم، خەون و خەیاڵ و خۆزگەکانم، لە بواری نووسیندا بکەمە شاباشی ئازادی و سەرفرازی گەل و نیشتمان، کورد گوتوویەتی (دیاری دەستی شوان هەر هەڵەکۆکە.

هەرگیز بۆ خزمەتکردن و بەخشینی بەهرە و توانام چاوەڕوانی سوپاس و پێزانینی هیچ کەس نەبووم، چونکە وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانم، بەڵام ڕاستیتان لێ ناشارمەوە، بیرۆکەی ڕێکخستنی مەراسیمی ڕێزلێنان بۆ بەندە لە کتێبخانەی گشتیی شارە خۆشەویستەکەی کۆیە، لەلایەن پیاوە بە وەفا و دلسۆزەکەی گەل و نیشتمان و بەتایبەتریش شاری کۆیە مامۆستا (فازیل شەوڕۆ) بە هاوکاریی دکتۆر (هاوژین سلێوە) و مامۆستا (ئارام صالح) زۆر دڵخۆشی کردم، دواتر ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری شاری کۆیە و دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییان ماندوێتی بەشێك لە ڕێگەی دووری پڕ لە ئازاریان حەساندمەوە.

مامۆستا فازیل ماندوونەناسانە بەهاوکاریی دکتۆر هاوژین ئەرکێکی گەورەیان گرتە سەرشان لە ڕێکخستنی مەڕاسیمی ڕێزلێنانەکەدا و لەو میانەشدا بیرۆکەی چاپکردنەوەی هەرسێ کتێبە شیعریەکانی بەندەیان خستەڕوو لەگەڵ چاپکردنی دوو کتێبی تری شیعریم کە چاپ نەکرابوون لە دوتوێی دیوانێکدا بەناوی (دیوانی بەیاد)، لەگەڵ ئەوەشدا برای بەڕێز و مامۆستای سەروەر و لێزان و پێزان مامۆستا (هەمزە عەباس فەقێ) ئەرکی پێداچوونەوە و وردبینی و سەرپەرشتی چاپکردنی کتێبەکانی گرتە ئەستۆی خۆی، ماندوونەناسانە هەر پێنج کتێبکەی بۆ خوێندمەوە و بەیەکەوە دەستنیشانی کەم و کوڕییەکانمان کرد و بە حەزێکی دڵسۆزانە لەبێژنگمان دانەوە، کەوابێ هەرچەند ئەو بەڕێزانە هەر کەس کە بەئەرکی سەرشانی خۆی زانییوە، لەم پڕۆژەیە چەندان

ڕۆژ لـە ماندووبوونـدا بـێ پشـوو بـوون، بـەڵام مـن ئێسـتا و لـە داهاتـووش خـۆم بەقـەرزاری ماندوونەناسـییەکەیان دەزانـم.

دیـارە ئەنجامدانـی هەمـوو کارێکـی بـاش تێچـووی خـۆی هەیـە، لەگـەڵ سـوپاس و پێزانینـی بـێ پایانـم بـۆ بەڕێـز دکتۆر(عەتیـە حەمـە سـەعید) خەرجـی ئـەم بەرهەمـەی گرتـە ئەسـتۆی خـۆی.

لەکاتـی کارکـردن بـۆ ئامادەکردنـی ئـەم بەرهەمـە لەسـەر پێشـنیاری بـرای ئازیـزم (مامۆسـتا هەمـزە) بڕیارمـدا کـە شـێوەی ڕێکخسـتنی دیوانەکـەم لـەوەی کـە هـەر پێنـج کتێبـە شـیعریەکە هـەر یـەك، بـە بـەرگ و ناوەڕۆکـی خۆیـەوە، لـە دووتوێـی بەرگێکـدا بـەدوای یەکـدا بێـت بگـۆڕم بـۆ دابەشـکردنی کـۆی شـیعرەکانم بەسـەر پێنـج بەشـدا(دڵداری – کۆمەڵایەتـی – نیشـتمانی – ئایینـی - یـادگاری) وەك ئـەوەی کـە ئێسـتا لەبەردەسـتی تـۆی ئازیزدایـە.

هـەر لەبـەر ئـەوەی کـە شـیعر زادەی بیـر و هەسـت و سـۆزی شـاعیرە و مەحکومـە بـە کاریگەریـی ڕۆژگار و دۆخـی ژیـان و ڕووداوەکانـی سـەردەمی خـۆی، وەك گوتـراوە ڕەنگدانـەوەی واقعـە، واقعـی ژیـان و تەمـەن و ژیانـی تایبەتـی شـاعیر و گۆڕانـکاری هـزر و تێگەیشـتن و ئاسـتی زانسـتی کاریگـەری ڕاستەوخۆیان هەیـە، کەوابـێ لەگـەڵ تێپەڕبوونـی ڕۆژگار دەکـرێ شـاعیر بـە دیـدی نـوێ و بەچـاوی ڕەخنـەوە بڕوانێتـە بەرهەمەکانـی خـۆی کـە ئـەوەش نیشـانەیەکی ئەرێنییـە لـە ژانـری ئەدەبـدا. لـەو سـۆنگەوە بەشـێکی زۆر لـە شـیعرەکانی مـن تەمەنیـان بـۆ سـەرووی پەنجـا سـاڵ هەڵکشـاوە، بێگومـان بـارو دۆخ و ڕەوتـی گۆڕانکاریەکانـی ژیـان لـەو ماوەیـەدا بروسـك ئاسـان، بۆیـە دەکـرێ خوێندنـەوە و تێگەیشـتنی جیـاواز لـە خۆبگـرن و هەڵگـری لایەنـە جیاوازەکانـی واقعـی ژیانـی ڕۆژگاری خۆیـان بـن.

# دیوانی بەیاد لە تای تەرازووی شیعردا
# لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی سەردەمییانە

## فازیل شەوڕۆ   د. هاوژین صلیوە

# دەروازەی بابەتەکە

لــە درێــژەی کار و چالاکییەکانــی بەشــی کتێبخانــە گشــتییەکانی کۆیــە، ڕۆژی سێشــەممە ڕێکەوتــی (٢٠٢٢٣/٥/٢)،کۆڕێکــی ڕێزلێنــان بــۆ نووســەر و شــاعیر شــەفیق بەیــاد (شــەفیقی ئەحمەداغــای غەفــووری) ڕێکخرابــوو، لەگــەڵ بڕگــەی کــۆڕی ڕێزلێنانەکــەی فیلمێکــی دیکیۆمێنتــاری لەلایــەن هــاوکار ڕەندیخانــی ئامادەکرابــوو، کــە (د. هاوژیــن ســلێوە)لە فیلمــە دیکیۆمێنتارییەکــە قســەی کردبــوو، دوای هەڵســەنگاندن و خســتنە ڕووی بەشێك لــە جیهانبینیــی شاعیر، پاشــان پێشــنیازی کردبــوو، ئەگــەر دەزگایــەك لایەنێــك ئەرکــی چاپکردنــی دیوانــی بەیــاد بگرێتەخــۆ، ئــەوا ئــەو ئامادەیــە ئامــادەی بــکات، ئەوەبــوو کاتــێ د. عەتیــە حەمــە ســەعید ســاڵحی گوێــی لــەم وتەیــە بــوو، دەنگــی هەڵبــڕی و ئامادەیــی خــۆی پیشــاندا بــۆ چاپکردنــی کتێبەکــە.

ئــەوە مایــەی دڵخۆشــییەکی زۆر بــوو، دواتــر د. هاوژیــن ســلێوە ڕاوێــژی لەگــەڵ مامۆســتا فازیــل شــەوڕۆ کــرد، لەبەرئــەوەی، شــەوڕۆ لــە منداڵییــەوە هاوشــار و هاوگەڕەکــی بەیــاد بــووە، کۆمەڵــێ تەکبیــر و بەرنامەڕێــژی هەبــوو بــۆ ئــەم کارە، هــەردوو نووســەر ئەزموونــی چەنــدان کتێبــی هاوبەشیان پێکــەوە هەیــە، کــە کــۆی کتێبەکانیــان دەگاتــە هــەزار و دووســەد لاپــەڕەی هاوبــەش، بۆیــە وایــان پێبــاش بــوو پێکــەوە ئەرکــی ئامادەکــرن و توێژینــەوەی شــیعرەکان بگرنــە ئەســتۆ، ئــەوە بــوو نــاوی خوایــان لێهنــا.

بەنــاوی هەردووکمانــەوە زۆر سوپاســی مامۆســتا (هەمــزە عەبــاس فەقێ)دەکەیــن، کــە ڕێگاکــەی بــۆ قەدبڕکردیــن و ئەرکــی دانیشــتن لەگــەڵ بەیــاد و پێداچوونــەوەی شیعرەکانی گرتــە ئەســتۆی خــۆی، ئێمــەش بــەوردی خوێندمانــەوە و هەڵەبڕیمــان کــرد و ئــەوەی پێویســت بــوو وەك توێژینــەوە و ڕێکخســتن هەموومــان ئامادەکــرد، لــە هەرشــوێنێك وشــەیەك، شــتێکمان لــێ نــاڕوون بووبــێ پەیوەندیمــان بــە شــاعیر کــردووە، زۆر جــار بــۆ دڵنیابــوون

لە ڕاستی و دروستی شیعرێك یان وشە و دێڕێك سەرەتاکەمان لەگەڵ نامیلکە چاپکراوەکانیدا کردووە لەوانە: (شەوبەند)، کە ساڵی ١٩٨٥ چاپکراوە و ١٣١ لاپەڕەیە؛ (سروشتی شیرین) لە ساڵی ١٩٨٩ چاپکراوە و ٧٧ لاپەڕەیە؛ (پەیام) لە ساڵی ١٩٩١ چاپکراوە و ٤٠ لاپەڕەیە ، نەروەها (ئافرەت تەرازووی ژیانە)، کە لە ساڵی ٢٠١٣ چاپ کراوە، ئەمەیان شیعر نییە توێژینەوە و بەدواداچوونە لەبارەی ئافرەت و مافەکانی کە ٢٤٤ لاپەڕەیە. جگە لە کتێبەکان لە کۆمەڵێ گۆڤار و ڕۆژنامە شیعری بڵاو کردۆتەوە، ئەوەی لامان هەبووبێ ئاوڕێکمان لەوانیش داوەتەوە.

لە دانانی نەخشە و بەرنامەی ئامادەکردنی ئەم کتێبە، د. هاوژین سلێوە و فازیل شەوڕۆ، وایان بڕیاردا، کە بە سایەی ئەم کارە هەر نەبێ دوو سێ نیشانە بە تیرێک بپێکن. لە لایەک کۆی شیعرەکانی بەیاد لە دیوانێکدا چاپ بکەن و لە لایەکی دیکەدا، ڕۆشنایی بخەنە سەر ئەدەبی نابینایانی کورد، بە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیانە و سەردەمییانەی پشتئەستوور بە تازترین سەرچاوەی زانستی و ئەدەبی و مەعریفی بە سێ چوار زمان. ئەوان ئەو خەون و ئومێدەشیان هەبوو کە ئەمە ببێتە بەردی بناغەی بونیاتی قەڵای بڵندتر و جوانتر دەربارەی ئەدەبی نابینا ـ بە دەوڵەمەندکردنی لە ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا یان بە لێکۆڵینەوەی زانستیی وردتر و قووڵتر.

جیهان و جیهانبینیی ئەو کەسانەی کە یەکێک لە هەستەوەرەکانیان لە دەست دەدەن، گەلێک جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی مەمانان دەیبینین و تێیدا دەژین، لێ ڕەنگ بێ، هەموومان توانا و بوێری و کارامایی ئەوەمان تێدا نەبێ بچینە نێو ئەو جیهانە و نهێنی و سڕ و گۆشە تاریکەکانی کەشف بکەین و بۆ چەند ساتێک خۆمان لەجێی ئەوان دابنێین. کە دەڵێین ئەدەبی نابینا، مانای جیاکردنەوەی ئەدەب نییە بۆ چەند چینێك، چونکە ئەدەب ئەدەبە، چ چاوساغ نووسیبێتی یان نابینا، یان زۆر جار دەوترێ ئەدەبی ژنان، خۆی شیعرێك ژن نووسیبێتی یان پیاو گرنگ نییە، گرنگ شعریەت و هێز و پێزی دەقەکەیە، بەڵام شتێك هەیە پێویستە

بیلێیــن، کــە دەڵێــن ئەدەبــی ژنانــە واتــا هەڵگــری تایبەتمەنــدی و معاناتــی ژنــە لــە ڕێــی ئەدەبــەوە، جــا ژن خــۆی نووســیبێتی یــان پیــاو تەمســیلی ژنــی کردبــێ. بــۆ توێژینــەوەی ئەدەبــی لــە ڕووی دەروونییــەوە، زۆر گرنگــە لــە ژیاننامــەی نووســەرەوە شــۆڕببینەوە نێــو جیهانــی نووســەر. مەولــەوی و گــۆران لەناوچــەی هەڵەبجــە و هەورامــان ژیــاون، کاریگــەری جوانــی ژینگەیــان بەســەرەوەیە، بەتایبەتــی ژینگــەی چیــا و دەشــت و جۆگەلــە و کانی...هەمەنگــوای کــە لــە ئەمریــکا ژیــاوە و لــە نزیــك دەریــا بــووە و لــە منداڵییــەوە لــە گــەڵ باوکــی چۆتــە ڕاوەماســی، دەبینیــن ڕۆمانەکانــی زۆر سروشــتی دەریــا و ئــاوی تێدایــە، بەتایبەتــی لــە ڕۆمانــی (پیرەمێــرد و دەریــا)، کــە زۆر بەجوانــی باســی سروشــتی دەریــا و بوونەوەرەکانــی دەریــا و شــەپۆلی دەریــای کــردووە. لەتیــف هەڵمــەت کــە لــە مێردمنداڵییــەوە دایکــی ســووتاوە و مــردووە، کۆمەڵــێ شــیعری بــۆ دایکــی نووســیوە. کەســێکیش کــە بینایــی چاوەکانــی لــە دەســت دابــێ تووشــی کۆمەڵــێ گرفــت و کێشــەی دەروونــی دەبێتــەوە و لــە بــواری شــیعر و ئەدەبیاتــدا ڕەنــگ دەداتــەوە، بــا نموونەیەکــی واقعــی بهێنینــەوە، بۆنموونــە بەشــێکی بەرچــاوی گۆرانییەکانــی ســابیر کوردســتانی تێکســتی خۆیتــی، کــە ورد دەبینــەوە هەســت بــە جــۆرە جــۆش و خــرۆش و حوزنێــك دەکەیــن، ئاخــر گۆرانــی: (خۆزگــە مــن لــەم دونیایــە دا یــەك چاوێکــم هەبوایــە)، زۆر بــە باشــی موعاناتــی ســابیر کوردســتانیمان بۆدەردەکــەوێ. بۆیــە توێژینــەوە لــە ئەدەبــی نابینــا، جیاکردنــەوە نییــە لــە ئــەدەب، بەڵکــوو دۆزینــەوەی تایبەتمەنــدی و ئــەو ڕەهەنــدە دەروونییەیــە، کــە لەنێــو دەقەکانــدا هەســتی پێدەکــرێ.

هیواداریـن کاروانـی قەڵەمبەدەسـتانی بە ئەزموون و خەمخۆر و شـارەزاش بەدوامـان دابێـن و هـەوڵ بـدەن ئـەو ڕێیـە بـۆ ئەوانـی دیکـە خۆشـترکەن، ئەمـەش سـوونەت و ڕێچکـەی ژیـان و بەردەوامبوونـە تـا ڕۆژی پەسـڵان.

# جیهانی نابینا

مـرۆڤ، خوداكـردە، وەكـو زۆربـەی بوونـەوەرە زیندووەكانـی دیكـە، چەنـد ئامرازێكـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە كـە یارمەتیـدەرن لـە ناسـینەوە و تێگەیشـتن و پۆلێنكـردن و دەستیشـانكردنی شـتەكانی دوروبـەری لـە پێنـاو بەردەوامیـدان بـە ژیـان و بوونیـدا. زانایـان ناویـان لـەو ئامرازانانـە نـاوە (هەسـتەكان) كـە ڕۆڵـی نـاوازە دەگێـڕن بـە وەرگرتنـی زانیـاری لـە ژینگـەی دەوروبـەرەوە، ئەمـەش لـە ڕێگـەی ئەندامـە هەسـتیارەكانەوە و پاشـان گواسـتنەوەی ئـەو زانیارییانـە بـۆ مێشـك تـا لەوێـدا شـیتەڵكاری و لێكدانـەوەی خۆیـان بـۆ بكرێـت. هـەر لە ڕێـی ئـەو هەستانەشـەوەیە كە مرۆڤ بارودۆخـی ژینگـە و دوروبـەری خـۆی شیدەكاتەوە و مامەڵـەی لەگەڵدا دەكات و پەیوەندییەكانـی خـۆی و نێـوان شـتگەلی ئـەم هەسارەیە ڕێكدەخـات لـە لێكۆڵینـەوە، دۆزینـەوە، فێربـوون و داهێنـان ...تـاد.

پێناسـەیەكی پەسـەندكراوی بەرفـراوان بـۆ زاراوەی هەسـتەكان بریتییـە لـە «سیسـتەمێك كـە پێكهاتـووە لـە كۆمەڵێـك خانـەی هەسـتیاری كـە وەڵامـی جـۆرە تایبەتەكانـی دیـاردەی فیزیكـی دەدەنـەوە و ئەمـەش هاوتایـە لەگـەڵ كۆمەڵەیەكـی دیاریكـراوی ناوچەكانـی نـاو مێشـك كـە توانـای وەرگرتنـی ئـەو هاندەرانەیـان هەیـە و لەوێـدا لێكدانەوەیـان بـۆ تێڕوانینـە تایبەتـەكان بـۆ دەكـرێ.“

بـە گشـتی، هەسـتەكانی مـرۆڤ، بـە (٥) هەسـتەكان ناونـراون كـە بریتیـن لـە: هەسـتی بینیـن، هەسـتی بیسـتن، هەسـتی بۆنكـردن، هەسـتی تامكـردن، هەسـتی دەسـتلێدان ــ لێـرەدا دەبـێ ڕۆشـنیای بخەینـە سـەر هێنـدێ لایەنـی ئـەو هەسـتانە، تـا وردتـر بتوانیـن بچینـە نێـو كرۆكـی لێكۆڵینەوەكەمـان.

## هەستی بینین:

بریتییە لە توانای مێشک و چاو بۆ دەستنیشانکردنی شەپۆلی کارۆموگناتیسی ڕووناکی بۆ لێکدانەوەی وێنەی ئاسۆی بینراو، لە ڕێگەی چاوەوە کە شتەکان دەبینێت و ڕەنگ و شێوە جیادەکاتەوە و ڕووناکی لە تاریکی جیادەکاتەوە. هەستی بینین پێوەری نێوان توانای بینین و نابینایییە،

لە ڕێی ئەو هەستەوە زوومی چاو وێنەکە لە ژینگەی دەوروبەرەوە دەکاتە سەر ئەو پەردەی هەستیارە بە ڕووناکی لە پشتی چاوەوە کە پێی دەوترێت تۆڕی چاو. تۆڕی چاو ئەو بەشەیە لە مێشکدا کە ڕووناکی دەگۆڕێت بۆ شانەی دەمار، هەروەها زوومی چاو ڕووناکییەکە لەسەر خانە فۆتۆریسێپتۆرەکانی تۆڕی چاو چڕدەکاتەوە، کە لە بەرامبەردا فۆتۆنەکان هەڵدەگرن و بە ناردنیان لەڕێی دەمار، جا لە پڕۆسەیەکی ئاڵۆزدا هێما و سیگناڵەکان دەگەنە مێشک.

## هەستی بیستن:

توانای گوێچکە بۆ هەڵگرتن و هەستکردن بە فرێکوێنسیی شەپۆلی دەنگی کە لە ڕێگەی هەواوە دەگوازرێتەوە، گوێ دەتوانێت دەنگی کەسێک لە کەسێکی دیکە جیا بکاتەوە، هەروەها جیاوازی بکات لە نێوان دەنگە سروشتییەکانی وەک جۆری دەنگەکانی ئاو و دار و درەخت و ئاژەڵ و باڵندە و دەنگی ئامێرە میکانیکییەکان و دەنگی ئامێرەکانی مۆزێک .. تاد. هەستی بیستن پێوەرە لە نێوان توانای جیاکردنەوەی دەنگەکان و نابیستن (کەڕبوون).

لە پڕۆسەی بیستندا، یەکەم سەرچاوەی تەنی زرینگاوەیە بە گوێچکەدا تێدەپەڕێت کە هەست بە دەنگەکە دەکات و هەڵیدەگرێت، و بە ناوەندی بیستن لە مێشکدا کۆتایی دێت، گوێش لە سێ بەش پێکدێت: گوێی

دەرەوە، گوێـی ناوەڕاسـت، گوێـی نـاوەوە. دەنگیـش لـە ڕێـی پرۆسـەیەکی ئاڵـۆزەوە دەگاتـە مێشـک و لەوێـدا شـەنوکەو دەکرێـت.

## هەستی بۆنکردن:

بریتییـە لـە توانـای لـووت بـۆ جیاکردنـەوەی بۆنـی جۆراوجـۆر، لـە کاتـی هەڵمژینـی بۆنێکـدا لـووت بـە مۆلیکولـە جیاوازەکانـی ئـەو بۆنانـە تێدەپەڕێـت، کـە لـە بەرامبـەردا وەرگرەکانـی بۆنکـردن هـان دەدەن بـۆ ئـەوەی کاردانەوەیەکـی کیمیایـی تایبـەت دروسـت بکـەن کـە پەیوەنـدی بـە مێشـکەوە دەکات، بـەم شـێوەیە مێشـک دەتوانێـت بۆنـی جیـاواز و تێکـەڵاو جیـا بکاتـەوە بـۆ درککـردن بـە جـۆری ئـەو بۆنانـە، بۆیـە بۆنـە خۆشـەکان لـە بۆنـە ناخۆشـەکان جیادەکاتـەوە.

هەسـتی بۆنکـردن بەشـێکی گرنگـە لـە بەشـەکانی کۆئەندامی هەناسـەدان، بـەو پێیـەی سیسـتەمی بۆنکـردن لـە دیزاینـە بنەڕەتییەکەیـدا هاوشـێوەی ئامێرەکانـی هەسـتەکانی تـرە، خانـە هەیـە هانـدەر وەردەگرێـت و دەمـارەکان هانـدەرەکان دەگوازنـەوە و ئـەم زانیارییانـە پرۆسـێس دەکـەن و هانـدەرەکان کـە بەشـەکانی مێشـک وەریدەگـرن و دەگۆڕدرێـن بـۆ هەسـت و بیرۆکـەی پەیوەندیـدار بـەو هەسـتەوە، وەک پۆلێـن کـراوە هەسـتی بۆنکـردن یەکێکـە لـە هەسـتە کیمیاییـەکان، بـەو پێیـەی لـووت کۆتایـی دەمارەکانـی تێدایـە لـە خوێنبـەرەکان و خوێنبەرەکانـەوە کـە کاردەکـەن بـۆ گەرمکردنـی هـەوا.

## هەستی تامکردن:

تـام بریتییـە لـەو هەسـتەی کـە لـە ئەنجامـی کارلێکـی کیمیایـی ماددەیـەک لـە دەمـدا دروسـت دەبێـت لەگـەڵ خانەکانـی وەرگـری تـام کـە لـە بۆشـایی دەمـدا لـە ڕووی سـەرەوەی زمـان و کۆڵـی نەرمـدا هەڵکەوتـووە، کـە زمـان بـە هـەزاران چەقـۆی بچـووک داپۆشـراوە کـە پێـی دەوترێـت پاپیـلا کـە

ناتوانرێت بە چاوی ڕووت ببینرێت لەناو هەر پاپیلایەکدا سەدان کۆئەندامی تامکردن هەیە، کە لە بەشەکەدا هەیە پشت و پێشەوەی زمان لە نێوان ٢٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ کۆڵی تامکردنیان هەیە، هەستی تامکردن پێنج تامی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت: شیرین، ترش ، خوێ(سوێر)، تاڵ، و ئومامی (تامی چێژ) کۆئەندامی تام دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان تامی جیاوازدا بە دیاریکردنی کارلێک لەگەڵ مۆلیکولە یان ئایۆنی جیاواز.

## هەستی دەستلێدان:

لەبەر گرینگی ڕۆڵی ئەو هەستەوە بە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان، نەختێ قووڵتر قسەی لەسەر دەکەین:

مرۆڤ لە ڕێی هەستی دەست لێدانی شتەکان، دەتوانێت زانیاری لەسەر کەشوهەوای دەوروبەری جەستە وەرگرێت، پێست لێرەدا دەبێتە ئامرازی هەستەوەرەکە. جا جۆرەکانی وەرگرە هەستیارەکان لە پێستدا فرەجۆر و فرە ئەرکن؛ دەتوانرێت بۆ چوار جۆر پۆلبەندی بکرێت، بەم شێوەیە:

### یەک: وەرگرە میکانیکییەکان:

وەرگرەکانی میکانیکی لە پێستدا وەڵامی گۆڕانکارییە جەستەییەکان دەدەنەوە، وەک: فشار، لەرزین، کشانی جەستە، دەست لێدان، چوار جۆر وەرگری میکانیکی لە پێستدا هەن کە نوێنەرایەتی ئەرکی جیاواز دەکەن، و لەمانەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێکراوە:

### کۆتایی هاتنی ڕوفینی(Ruffini Ending):

لە چینە قووڵەکانی پێستدا دەبینرێن لە قووڵایی پێست و شانەکاندا. کۆتاییەکانی ڕوفینی هەستیارن بە کشانی پێست، و بەشدارن لە هەستکردن بە جوڵە چونکە یارمەتی دەستکاریکردنی گرتن دەدەن لەسەر

شتەکان، هەروەها وەک وەرگری گەرمی کاردەکەن کە بۆ ماوەیەکی زۆر وەڵام دەدەنەوە.

**کۆرپوسلەکانی میسنەر(Meissner’s corpuscles):**

یەکێکە لە وەرگرەکانی گونجاندن و لە چینی سەرەوەی پێست و پێستی سەرەوەدا هەیە، بەتایبەتی لە پێستی بێ موودا، وەک: لێو، زمان، بنی پێ، سەری پەنجە، پێڵوی چاو و دەموچاو و بەرپرسە لە هەستیاریی بە دەست لێدانی سووک.

**کۆرپوسکلەکانی پاسینی(Pacinian corpuscles):**

لە چینە قووڵەکانی پێست و بە درێژایی ماسولکە و ڕیشاڵەکان و جومگەکان دەبینرێن. ئەم تەنۆلکانە بە هێواشی خۆیان دەگونجێنن و بەرپرسن لە هەستیاریی بە لەرزین و پەستان، چونکە یارمەتیدەرن لە ڕێگەی ڕۆڵی لەرزین لە دیاریکردنی پێکهاتەی ڕووکاردا، وەک: جیاکردنەوەی نێوان ڕووکاری زبر و ڕووکاری نەرم.

**کۆتاییەکانی دەمارەکانی مێرکڵ(Merkel Nerve):**

ئەم کۆتاییانە لە چینی سەرەوەی پێست لە پێستی بێ موودا دەبینرێن، بە هێواشی دەگونجێن و زانیاری لەسەر دەست لێدان و فشار دەبەخشن بە مێشک، بڕێکی زۆر زانیاریی دەربارەی شانەکانی هەستکردن دەگاتە مێشک، جێپەنجەی ئەندامەکان پڕ دەبن لە ئەم میکانیکی وەرگرە هەستیارانە.

**دوو: وەرگرەکانی گەرمی:**

وەرگری گەرمی لە چینی پێستدا هەڵکەوتووە، و دوو جۆری بنەڕەتی وەرگری گەرمی هەیە: وەرگری سارد و وەرگری گەرمی.

وەرگرەکانی سارد هەست دەکەن کاتێک پلەی گەرمی ڕووی پێست لە نێوان ٢٥-٣٠ پلەی سەدیدا بێت، وەرگرە گەرمەکانیش هەست دەکەن کاتێک پلەی گەرمی ڕووی پێست بەرز دەبێتەوە بۆ سەرووی ٣٠-٤٦ پلەی سەدی.

وەرگرەکانی گەرما لە هەموو جەستەدا دەبینرێن، بەڵام وەرگرەکانی سەرما چڕترن لە وەرگرە گەرمەکان، ئەم وەرگرە ساردانە لە دەم و گوێچکەدا چڕ دەبنەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە لە وەرزی زستاندا لووت و گوێچکە پێش باقی جەستە سارد بێتەوە.

## سێ: وەرگرەکانی ئازار:

ئەم وەرگرانە ئازار یان هاندەرەکان دەستنیشان دەکەن کە دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە پێست و شانەکانی تری لەش، وەک بەرکەوتن، برین، سووتاندن، یان پێوەدانی زیندەوەر، یان سۆپایەکی گەرم، و زیاتر لە سێ ملیۆن وەرگری ئازار هەیە بە درێژایی جەستە، وەک چۆن لە پێست و ماسولکە و ئێسک و خوێنبەرەکان و هەندێک ئەندامدا دەبینرێن. ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ڕاگرتنی جەستە لە برینداربوونی سەخت یان زیانگەیاندن بە ناردنی سیگناڵی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە بۆ مێشک.

## چوار: وەرگرەکانی جووڵەیی:

یەکێکە لە جۆرەکانی وەرگرە هەستیارەکانی پێست کە دەتوانرێت لە وەرگرەکانی میکانیکەوە پۆلێن بکرێت، بەڵام لە قووڵاییدا هەڵکەوتووە، بەو پێیەی وەرگرە جوڵاوەکان لە ڕیشاڵەکان و ماسولکە و جومگەکاندا دەبینرێن.

هەموو ئەو وەرگرانەی سەرەوە، کاتێک ڕوودەدەن کە کۆمەڵێک سیگناڵی دەمار دەگەنە مێشک و ئەم پرۆسەیەش لەلایەن گواستەرە دەمارییەکانەوە ئەنجام دەدرێت لەڕێگەی وەرگرتن و ناردنی پەیامی دەمارەکان بۆ مێشک و لە مێشکەوە، ئەمە ڕێگە بە پەیوەندیی نێوان مێشک و جەستە دەدات.

دەتوانرێت پرۆسەی پەیوەندی نێوان مێشک و جەستەش بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە:

میکانیکی وەرگرەکان لە پێستدا چالاک دەبن کاتێک دەست یان پەنجە دەست لە شتێک دەدات، پاشان زنجیرەیەک ڕووداو بە ئاماژەدان

بـە نزیکتریـن خانـەی دەمـار دەسـت پێـدەکات کـە دەسـتی لـە تەنێـک داوە. پاشـان ئـەم دەمـارە ئـەم پەیامـە دەگوازێتـەوە بـۆ دەمـاری داهاتـوو، و بـەردەوام دەبێـت تـا پەیامەکـە دەنێردرێـت بـۆ مێشـک. پاشـان مێشـک پرۆسێسـی ئـەو شـتانە دەکات کـە دەسـت یـان پەنجـە دەسـتی لێـداوە و لـە ڕێگـەی هەمـان ڕێـڕەووەوە پەیامـەکان دەنێرێتـەوە بـۆ دەسـتەکە بـۆ ئـەوەی دەسـتەکە بزانێـت ئەگـەر مێشـک زانیاریـی زیاتـری دەوێـت لەسـەر ئـەوەی دەسـتی لێـدراوە. بـەم پێیـە جەسـتە کاردانـەوەی دەبێـت و لـە ڕێگـەی کاردانەوەیەکـەوە وەڵام دەداتـەوە، وەک وەسـتاندنی دەسـت لـە دەسـت لێدانـی و دوورکەوتنـەوە لێـی، بـۆ نموونـە.

ئـەوەی بـۆ بابەتەکـەی ئێمـە ـ ( جیهانـی نابینـا)، زۆر جیگـەی بایەخـە و هەمـوو خوێنەرێـک ڕەنگبێ پێـی ئاشـنا نەبێ ئەوەیـە، کـە ئیمـڕۆ زانسـت سـەلماندوویەتی ژمـارەی هەسـتەکانی مـرۆڤ پێنـج نیـن، بەڵکـوو ژمارەیـان دەگاتـە سـەروی(٢٠) هەسـت و هـەر هەسـتێکیش هەسـتەوەری تایبـەت بەخـۆی هەیـە.

بۆنموونـە زانسـت دەڵێ، پێسـت هەسـتی بۆنکردنیشـی هەیـە! هەروەهـا هەسـتی بینیـن، چیـژی هەسـتی تامکـردن دەبەخشـێ. لـەم ڕاپۆرتـەدا کـە ماڵپـەڕی "FPR"ی ڕووسـی بـڵاوی کردووەتـەوە، نووسـەر ئۆکسـانا ئیگێشـێڤا ڕایگەیانـدووە کـە ژمـارەی هەسـتەکانی مـرۆڤ لـە بیسـت هەسـتەکانی تێدەپەڕێـت. قسـە لەسـەر ئـەم بابەتانـەش دەکات:

### تێکەڵبوونی هەستەکان:

پێویسـتە مـرۆڤ درک بـەو ڕاسـتییە بـکات کـە هەسـتە جیـاوازەکان تێکـەڵ دەبـن بـۆ ئـەوەی تەنهـا هەسـتێک دروسـت بـکات، بـۆ نموونـە کاتێـک مـرۆڤ خـواردن دەخـوات نـەک تەنهـا هەسـتی تامکـردن کاردەکات، بەڵکـو هەسـتەکانی بینیـن و بۆنکـردن لەگەڵیـدا چـالاک دەبـن. تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە ڕەنگـە خـۆراک تامەکـەی بگۆڕێـت کاتێـک بۆنەکـەی دەگۆڕێـت.

**هەستکردن بە هاوسەنگی:**

هەستی هاوسەنگی پەیوەندی بە سیستەمی هێڵکاری گوێی ناوەوە هەیە کە بەرپرسە لە هاوسەنگی لە کاتی جوڵەی جەستەدا، هەروەها ڕێگە بە هەماهەنگی جوڵەکان دەدات بە مەبەستی پاراستنی وەستان.

**هەستکردن بە جووڵە:**

هەروەک هاوسەنگی مرۆڤ هەستی جوڵەی هەیە کە یارمەتی دەدات لە هەماهەنگی جوڵەکان و ڕێگەی پێدەدات بەبێ ترس لە کەوتن و ڕۆین و ڕاکردن. هەستی هەستکردن بە تایبەتمەندی لە هەموو کات و شوێنێکدا مرۆڤ دەتوانێت پێگەی ڕێژەیی بەشەکانی تەنیشت جەستە و ئەو هەوڵەی کە لە جووڵەدا دەکرێت بزانێت، جگە لە پێگەی خۆی و زۆر شتی تر.

## هەستەکانی تر:

هەستی گەرمی نوێنەرایەتیی ئەو هەستە دەکات کە لە ڕێگەیەوە زیندەوەران جیاوازی نێوان سەرما و گەرما هەست پێدەکات. سەبارەت بە هەستکردن بە ئازار، نوێنەرایەتیی ئەو هەستە دەکات کە بەرپرسیارە لە تۆمارکردنی ئەو جوڵانەی کە دەبنە هۆی ئازار.

هەندێک کەس هەستیان بە شوێنی دەنگدانەوە پەرەپێداوە، هاوشێوەی ئەو هەستەی کە دۆلفینەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر ئاڵۆز. بەگشتی ئەم هەستە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات شوێنی تەنەکانی دەوروبەری بزانێت و پێویستە بگوترێ کە شارەزابوون لەم هەستەدا پێویستی بە ڕاهێنان هەیە بۆ ئەوەی لە هەندێک ڕووداو دوور بکەوێتەوە ـ ئەمە بۆ کەسی نابینا خاڵێکی بایەخدارە، کەم کەس دەیزانێت.

لە ڕاستیدا زۆر هەستی تر هەن کە پێوەرەکانی پێنج هەستەکە بەدی ناهێنن، وەک هەستکردن بە برسێتی، تینوێتی، ئازار لە گەدە و ئەندامەکانی تردا، سەرئێشە. لە لایەکی ترەوە هەموو ئەم هەستانە وەرگری تایبەت بە خۆیان هەیە، کە سیگناڵێک دەدەن بە کەسێک سەبارەت بە هەر ناهاوسەنگییەک لە جەستەدا.

زانایانی زانکۆی واشنتۆن لە شاری سانت لویس هەستێکی بەئاگابوونیان هێناوەتە ئاراوە، کە بەرپرسە لە گیرۆسی ناوەندی پێشەوەی مێشک. ئەم هەستە یارمەتیمان دەدات لە بارودۆخی نامۆ یان سترێسدا بەئاگا بین و بڕیاری خێرا بدەین.

کەواتە، مەرج نییە تۆ هەر لە ڕێی هەستی لووت بونی شتەکان بکەیت:

هەندێک هەست لە جەستەی مرۆڤدا هەن کە بەرپرسن لە توانای هەستکردن بە گەرمی و سەرما لە ڕێگەی مێشکەوە بۆ چاودێریکردنی پلەی گەرمی ناوەوەی لەش، هەستی تایبەت بە دەنگ و دەستنیشانکردنی لەرزین لە دوورەوە، لەگەڵ بەرکەوتن لەگەڵ تەپڵی گوێ وەک هەوا و ئاو. هەندێک لە هەستەکانی ناو لەشی مرۆڤ بەرپرسن لە هەستکردن بە توانای زانینی شوێنی هەڵکەوتنی ئەندامەکانی لەشت لە پەیوەندی بە بەشەکانی تری لەشەوە. هەستەکانی گرژی، کە لە شوێنەکانی وەک ماسولکەکانی ناو مێشکدا هەڵکەوتوون، کاردەکەن بۆ چاودێریکردنی گرژیی ماسولکەکان. هەستکردن بە ئازار، کە سیستەمێکی هەستیاریی ناوازەیە، هەروەها سێ جۆری جیاوازی وەرگری ئازار هەیە، کە بریتین لە (پێست، فیزیکی وەک ئێسک و جومگەکان، و ناوپۆشی کە بریتین لە ئەندامەکانی جەستە(.. لە هەندێک تاقیکردنەوەدا دەرکەوتووە کە میکانیزمێک لە مێشک و گەنگلیای بنەڕەتیدا هەیە کە کار لەسەر هەستی وردی کات دەکات، وەک بڵێی (هەستی کات)یش لە مێشکی مرۆڤدا ئەندامی هەستیاری خۆی هەبێ.

نابینا (المکفوف، blind)، بەو کەسە دەوترێت کە لە زکماکییەوە

هەستی بینینی لەدەستداوە یان بەهۆی ڕووداوێکەوە بینایی چاوی لەدەست داوە. وێناکردنی دەوروبەر و کەسەکان، جیاوازی هەیە لەو کەسەی کە نابینایی زکماکی هەیە، لەگەڵ ئەو کەسەی کە نابیناییەکەی بەهۆی ڕووداوێک دروست بووە و پێشتر دیدەی بێکێشە بووە . لە ڕووی زانستییەوە کەسێک توانای بینین چاوەکانی ـ بە بەکارهێنانی کەرەستە و ئامرازی وەک چاوێلکە و هاوێنە و دوای چارەسەریی تەندرووستی، بیست لەسەر دووسەت (٢٠/٢٠٠)کەمتر بێت، نابینایە.

کەواتە جیهانی نابینا ئەو جیهانەیە کە مرۆڤەکە هەستی دیدە یان بینایی لە دەست داوە. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە، کام هەست جێگرەوەی هەستی بیناییە بۆ کەسی نابینا؟

ئیمڕۆ، زانست و تەکنەلۆژیا زۆر ئامرازی یاریدەدەری بۆ نابینا داهێناوە و ئەوان بایەخی تایبەتیان پێ دەدەرێ لە ڕێی پڕۆگرامی خوێندن، دابینکردنی ئامێرە پیویستەکانیان، بەکارهێنانی قەڵەمی قسەکەر، کۆمپیوتەری دەنگی، گۆپاڵی دیجیتاڵی و برایل لایت زۆر شتی دیکەش، بەڵام ئێمە بە دوای ئەو هەستە یان هەستەوەرانەدا دەگەڕین کە دەبنە جێگرەوی هەستی بینایی.

مێشکی مرۆڤ بۆ کارکردنی ئاسایی خۆی پێویستی بە (٢٠) وات وزەی ئیلکتریکی هەیە.

بێگومان ئەم وزەیە بۆ هەموو چالاکییەکانە بە چالاکییەکانی هەستەوەرەکانیشەوە، جا کاتێک یەکێک لە هەستەوەرەکانمان لە کار دەکەوێت، کتومت وەک کارەبای ماڵەوە، وزەکە بۆ ئامێرەکانی دیکە دەچێت و بەشەوق و چالاکتر دەبن.

زانیستییانە ئەم دوو دیاردەیە لە تاقیگە زانستییە پێشکەوتووەکاندا سەلمێنراون:

یەک:نابینا بەهۆی لەدەستدانی هەستی بینینەوە، چوار هەستەکەی تری بەهێزن و بۆیە سەرەنجی بۆ شتەکانی دەوروبەری زۆر بەهێز دەبێت، زۆرجار بەهۆی دەنگدانەوە سەرنجی شتەکانی دەوروبەر دەدات، زۆرێک

لـه نابینایـان ئاسـتی زیرەکیـان بـەرزە و بـە زوویـی شـتەکان لەبـەر دەکـەن و یادەوەرییـان بەهێـزە.

دوو: کاتێـك مێشـك یـان هەسـتەوەرێک، زەبرێکـی بەردەکـەوێ، هێندێـك شـت لـە دەسـتدەدات و هێنـدێ شـت پەیـدادەکات کـە پێشـتر نەیبـوو. لـە سـاڵی ١٩٧٠ وە پسـپۆڕانی ئـەم بابەتـە بـەدوای وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا دەگەڕێـن: بـۆ هێندێـك دیـاردەی پەیوەسـت بـە سـۆز، چەنـدان جـار لـە مێشـك دووبـارە دەبنـەوە و بـە زیندوویـی خۆیـان نیشـان دەدەن؟ دوو زانـای دەروونناس:(لەنـج و کارڵ جـۆرج Lange and Carl George) لـە لێکۆڵینەوەکانیـدا گەیشـتنە ئـەو ئەنجامـە کـە کاتێـك مێشـك زەبرێکـی بەردەکـەوێ، هێندێـك شت لـە دەسـتدەدات و هێنـدێ شـت پەیـدادەکات کـە پێشـتر نەیبـوو، جـا ئـەو زەبـرە مـاددی بـێ وەك کێشـانی گۆپاڵێـك بەسـەری یەکێکـدا، یـان مەعنـەووی بـێ، وەك مردنـی یـان لەدەسـتدانی ئازیزێـك. ئـەوان لـە کتێبی(سـۆزداری، لێکۆڵینەوەیەکـی دەروونناسـی کۆمەڵایەتییـە (,A Psychobiological Study) Emotions )

ئـەم نموونەیـان بـۆ سـاغکردنەوەی بیرۆکەکـە هێناوەتـەوە: کرێکارێکـی هێڵـی ئاسـن، شیشـە ئاسـنێکی بـە سـەری دەکەوێـت و کەلـلەسەری کـون دەکات و لـە ژێـر چەناگـەی دەردەچێـت. خۆشـبەختانە نەخۆشـەکە لـە دوای نشـتەرگەری لـە مـردن ڕزگاری دەبـێ، بـەڵام چاوێکـی لـە دەسـتدەدات، کرێکارەکـە دوای چاکبوونـەوەی دوو گۆڕانـکاری بەسـەر ڕەفتـاری داهـات، یەکێکیـان ئەوەبـوو هەمیشـە شیشـە ئاسـنێکی لەشـێوەی ئـەو شێشـە ئاسنەی لەسـەری چەقیبـوو لەنـاو دەسـتی خـۆی دەگـرت، دووەم، هەمیشـە شـتی ئەوتـوی لەبەرخۆیـەوە دەگوتـەوە کـە پێشـتر نـە کردبـووی و نـە گوتوبـووی.

# کەسانی نابینا دەتوانن چی ببینن؟

بەپێی توێژینەوە پزیشکییەکان دەرکەوتووە کە هێندێک لە کەسانی نابینا دەتوانن ڕووناکی و تاریکی لەیەک جیابکەنەوە، واتا ئەگەر ڕووناکییەکی زۆر هەبێت هەستی پێدەکەن و بەشێکیان هەست بە تاریکیش دەکەن، بۆ نموونە هەندێک لە نابینایان هەست بە تین و ڕووناکی تیشکی خۆر ئەکەن، هەندێکی تریان هەست بە بڕانی کارەبا و هاتنەوە و هەڵکردنی ڕووناکی دەکەن، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تۆڕێک لە هەستە دەمارە خانەی هەستیار بۆ ڕووناکی لە چاوی کەسی نابینا، بەڵام ئەم تۆڕە بەهۆی کێشەیەک یان هۆکارێکی نادیار یان بەهۆی نەخۆشییەک زانیارییەکە ناگوازێتەوە بۆ ئەو بەشەی مێشک کە بەرپرسە لە دروستکردنی وێنە بۆیە بینین دروست نابێت و تەنها هەستەکە دروست دەبێت.

ئەو نابینایەی کە لە زکماکییەوە توانای بینینی نییە ئەگەری بینینی خەون و مۆتەکەیان زیاترە بەراورد بە کەسی ئاسایی، خەونی کەسانی نابینای زکماک لەگەڵ وێناکردنەکانیان پەیوەستە بە هەستەکانی وەک دەنگ، چێژ، بۆن و دەستلێدان و بەرکەوتن و ئەوان لە خەوندا توانای بینینیان نییە، بەڵام ئەو کەسانەی بە ڕووداو بیناییان لەدەستداوە لە خەونی بەشێکیان خەیاڵی بینین دەکەن یان وێنای ژیانی ڕابردوویان دەکەن، یان بریسکانەوەی ڕووناکی دەبینن یاخود هەست دەکەن لەنێو تاریکییەکی قووڵدان. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی نابینایی کەسێک لە کەسێکی تر جیاوازە و هەروەها هەر نابینایەک خەون بینینی جیاوازە لە نابینایەکی تر.

بیرکردنەوە لە دیاردەی سرووشتیی (ڕەنگەکان)، بۆ نموونە، لە نێوان کەسی بینا و نابینا جیاوازە، بەڵام هێندێک لێکچوونیشیان لە نێواندا هەیە:

لە توێژینەوەیەکی نوێدا کە لە زانکۆی نۆرماڵ لە پەکین کراوە،

دەرکەوتووە کە سەرەڕای ئەوەی کەسانی بینا و نابینا ئەزموونەکانیان جیاوازە، بەڵام لەڕاستیدا لە ئاستی ئەبستراکتدا وەك ڕەنگ و پەلکەزێڕێنە تێگەیشتنیان هاوبەشە.

کارامازا کە یەکێك لە نووسەرەکانی توێژینەوەیەکە دەڵێت: بۆ شتی لەوشێوە خەڵك پشت بە زمان دەبەستن تا لە دیاردەکان تێبگەن. وشەکانی وەك «سەرنجڕاکێش» یان «سەیر» دوو نموونە لەو وشانەن. ئەو دەڵێت «ئێمە لە زمان بۆ وەسفکردنی شتە فیزیکییەکان کەلك وەردەگرین، بۆ وێنە ئەگەر نابینا بیت و من بمەوێت باسی پیاڵەیەك بکەم بۆت، دەڵێم کە شتێکی ڕەقی، چەماوەیە و شلەی تێدەکرێت. لەڕێگەی ئەو شیکردنەوە و وەسفانەوە تا ڕادەیەك هەمان ئەزموونی ڕاستەقینەت دەبێت. بەڵام شتێکی وەك ڕەنگ جیاوازە لە تەنە فیزیکییەکان و ناتوانیت ئەو تایبەتمەندییەی تەنەکان بەوشێوەیە لە کەسانی نابینا تێبگەیەنی، بۆیە ئەوان لە چەمکێکی وەك ڕەنگ هاوشێوەی چەمکەکانی وەك (باشی) یان (یەکسانی) تێدەگەن و دەبێت لەڕێگەی زمانەوە و لەناو دەقدا وەسفیان بۆ بکرێت".

لێرەدا، دەمانەوێ دەستی خوێنەر بگرین و بیبەینە جیهانی نابینا و پێی بڵێین، جیهانی نابینا هێندە تاریک و ترسناک و خامۆش و خەمهێنەر نییە، وەک کەسە بێ ئەزموونەکان تێدەگەن یان وای بۆدەچن. بەڵگەش ئەوەیە ئیمڕۆ(٢٠٢٣)، بە گوێرەی داتاکانی گوگڵ، لە جیهاندا نزیکەی (٤٣)ملیۆن نابینا و (٢٩٥) ملیۆن چاوکز هەیە. ڕێکخراوی تەندرووستیی جیهانیش ژمارەی ئەو کەسانەی کێشەی نابینایی و بینینیان هەیە لە جیهان نزیکەی یەک ملیار کەس دەبن. لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا لە ٨٪ نابینا و شەونابینا و چاوکزن. نابینایان بە گشتی ژیانی ئاسایی خۆیان دەژین و زانا و دانا و داهێنەری مەزنیان تێدا هەڵکەوتووە. بەتایبەتی تەکنەلۆژیای نابینا زۆر دەستگر و هاوکار و هاسانکاریی کارەکانیانە و لە جیهانی هونەر و ئەدەب و پیشەوریشدا کەسانی بەهرەمەندی کارامایان لێ هەڵکەوتووە.

# نابینا و جیهانی ئەدەب و هونەر

کاتێک لە ڕووی تەندرووستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زمانەوانی و تواناسازیدا، بەراود لە نێوان کەسە ئاساییەکان و ئەو کەسانە دەکەین کە هەستێکیان لە دەستداوە، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینین کە وەک شووره و تەیمان و بەربەست بێت لە ژیان بەسەربردن و چالاکیی کەسە هەست لە دەستچووەکان لە بواری داهێنانی ئەدەبی و هونەری و زانستی و مەعریفیدا. بە پێچەوانەوە، هێندێ جاری لە دەستدانی هەستێک، دەبێتە هۆی تەقینەوەی بەهرە و توانا و داهێنانی ئەو کەسە، کە ڕەنگە گەر ئەو کەسێکی ئاسایی ببووایە، ئەو ئەدیب و هونەرمەندەی لێ دەرنەچووبووایە!

زانستییانە، کەسی نابینا، بۆ نموونە، خاوەن هەموو خەسڵەت و بنەما و توخمەکانی هزری و دەروونی و هۆشمەندی و مەعریفی و ئایدیایی و زمانەوانی و فەرهەنگین، کە ئەدیب و شاعیر و هونەرمەندەکان هەیانە. کەواتە ئەوەی ماوتەوە بۆ گەیشتن بە قۆناغی پێگەیشتن و گەشەکردن و بەرهەمداری بەهرەی نابینا، تەنها ژینگەکەیەتی کە تێیدا دەژێت.

ئەگەر ڕشتەی شیعر بە نموونە وەرگرین، کە لە دێرینەوە قسەی لەسەر کراوە، دەبینین ئەرستۆ(٣٨٤ - ٣٢٢پ. ز.) لە ڕوانگەیەکی نوێوە سەیری پەیوەندیی نێوان ژینگە و شیعری کردووە دوورە لە بیرکردنەوە ئەنتی شیعرییەکەی ئەفلاتون (٤٢٨ – ٣٤٧؟ پ. ز.). ئەرستۆ پێیوایە کە دەبێ

لـە ڕێـی ڕێگـەی هۆشـیارییەوە لـە سروشـتی شـیعر بڕوانیـن. واتـا لەسـەر بنەمـای خەیـاڵ، کـە مـەرج نییـە لەگـەڵ واقیـع و ڕاسـتییەکانیدا بگونجێـت، بەڵکـوو دەتوانێـت لـەوە تێپەڕێـت، بەڵکـوو بـە هەوڵـدان بـۆ کامڵبـوون لـە خـودی واقیعـدا دووەمیـان پێـوەری شـیعریی و شـیعر و خاڵـی سـەرەکی پیشەسـازییەکەیەتی، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا ئـەو ژینگـە فیکرییەمـان بـۆ ئاشـکرا دەکات کـە تێیـدا سـەرچاوەی گرتـووە لـە ڕێگـەی ئـەوەی کـە لـە ڕووی چەمکـی شـیعرەوە ئامـاژەی پێـدەکات، و بنەمایـە لەسـەر وێناکردنـی ئـەوەی کـە مەبەسـت لـەو دەرەوە چییـە؟ کـە تێیـدا دەرەوە بـە شـێوەیەکی ئاوێتەیـی جیـاوازی هەبـووە. واتـە کەرەسـتە شـیعرییەکان لـە دەرەوەی خـودی شـاعیر دەسـتدەکەون، ئـەو (دەرەوەیـەش) بێگومـان ئاماژەیـە بـۆ دەوروبـەر کـە ئێمـڕۆ ناویـان لێنـاوە ژینگـە. ئاوێتەبوونـی توخمـە دەرکییـەکان لەگـەڵ خەیـاڵ و سـرووش و هەسـت و نەسـت و زمانـی شـاعیر.

لـە نێـوان ژینگـە و شـیعردا، کۆڵەگەیەکـی هاوبەش هەیـە، ئەویش جیهانی هۆشـیارییە، بـە واتـا فەلسـەفییەکەی کـە وزەیەکـی خودییـە بـۆ تیگەیشـتن لـە دەوروبـەر و مـرۆڤ و جهانـی دەوروبـەر. نەبوونـی ئـەو هۆشـیارییە، تێڕامانـی ئێمـە بـۆ دەروبـەر یەکسـان دەکات بـە سـفر، ئـەو هۆشـیارییەش لـە دوو شـێوەدا خـۆی دەنوێنـێ، هۆشـیاریی تێگەیشـتنیی، واتـا شـیتەڵکاری و لێکدانـەوە و ڕاڤەکردنی دەروبەر. وە هۆشـیاریی هەسـتەوەرکان، ئەو شـتانەی کـە بـە هەسـتەوەرەکان تێدەگەیـن وەک هەنـە. بـەم شـێوەیە هەرچـی دەق هەیـە دەرهاویشـتەی ئاوێتەبـوون و بەریەککەوتنـی ئـەو دوو هۆشـیارییەیە، بـە درێژایـی مێـژووی مرۆڤایەتـی، بـەو واتایـەی هەمـوو دەقێـک، هەرچەنـد نـوێ و داهێنەرانـە بـێ، بنـج و ڕەگێکـی دەچێتـەوە سـەر ئـەو دوو هۆشـیارییە کەڵەکەبـووەی هـزری مـرۆڤ. ئەگـەر وانەبووایـە، بۆچـی شـاعیرانی پێـش دوو هـەزار سـاڵ، شـیعرەکانیان وەکـو هـی ئـەم سـەردەمە نیـن؟ خـودی مـرۆڤ خاوەنـی چەندیـن توانـا و هێـز و بەهرەیـە، کـە لەڕێـی هۆشـیاریی لـە پراکتیزەکردنیانـدا بـە شـێوازی هەمەچەشـن، مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکات و بەرهـەم و ئەفرانـد و داهێنانـی نـوێ دەخولقێنـێ.

لێرەدا، کەسی نابینا، شتێکی کەم نییە، کە ڕێگر بێت لە داهێنانی شیعری لەسەر دەستی ئەوە، ئەوەی باس کراوە، هەستەکانە، جا ئەگەر ئەو یەک هەستیشی لەدەست دابێ، کە هەستی بینینە، ئێستاش خاوەنی نزیکەی (٢٠) هەستی دیکەیە ـ پێشتر ئاماژمان بەو دۆزینەوە زانستییە کرد، کە مرۆڤ پتر لە پێنج هەستی هەیە.

دەبینین (ئامەنۆئیل کانت ١٧٢٤ - ١٨٠٤) لە باسکردنی پرسی هۆشیاریدا، چەمکی «تێگەیشتن و خەیاڵ» بەکاردەهێنێت، وەک چۆن عەقڵ و هەست، تێکەڵ دەکات و پێی وایە زانینی شتەکان پەیوەستە بە عەقڵەوە، کە ماددەکانی لە ئەزموون و بوارە هەستیارەکانەوە وەرئەگرێت. واتە عەقڵ داینەمۆی تێگەیشتنە، لە هەمان کاتیشدا دەرهاویشتەیە و دەرئەنجامە، هەروەها ئەو زانستەیە کە نوێنەرایەتیی دەرئەنجامێکی دەروونی دەکات، کە دەوروبەر ژێدەرەکەیەتی. ئەو دەڵێ هزر مەلەکوتی تێگەیشتنە کە (٣) ئەرکی هەیە:

١) توانستێکی حسییە کە هەرچی هەستپێکراو هەیە وەریدەگرێ.

٢) وێناکێشی ئەو ئیمیجانەیە کە خۆی خەیاڵی دەکا یان وێنای دەکا.

٣) توانای کەشفکردنی حەقیقەتەکانی هەیە و مەیلی بیرکردنەوەی تێڕامانەی هەیە بەمەرجێ هزرەکە بیگەرد و ڕوون و پاک بێ.

ئەمانەش، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، میکانیزمی وەبەرهێنانی شیعرن لە هزردا. دوو جیهان، وەک دوو هەوری ڕەشی بەهاری لە ئاسمانی هزردا خۆ بەیەک دادەدەن، پەڵە هەوری ڕەهەندی هونەری و پەڵە هەوری ڕەهەندی بابەتی وەک لە ژینگەدا حزووریان هەیە، یەکەمیان لە هزر و دووەمیان لە سرووشت ـ دەرەوی هزر. لێرەدا ڕۆڵ و بایەخی زمان و شێوازی گوزارشت و دەربڕین و داڕشتن دەستپێدەکات، بێگومان ئەمانەش ڕایەڵەن لەگەڵ جیهانی هۆشیاری و ناهۆشیاریی دەقنووسدا. کەواتە لە ژینگەی لەباردا، ئاساییە نابینا یان هەر کەسێک کە هەستێکی لەدەست دابێ، بتوانێت ببێتە بەهرەمەند لە بوارە فرەڕەنگینەکانی ژیاندا.

لە گوزەرێکی سەرپێیدا بە ناو لاپەڕەکانی مێژوودا، چەندان

بەهرەمەنـدی خـاوەن شـاکار دەبینیـن کـە کەسـانێک بـوون یەکێـک لـە هەسـتەکانیان لـە دەسـت داوە ـ ناکـرێ لێـرەدا ڕووماڵـی جیهانـی هـەر هەمـوو ئـەدەب و هونەرمەنـد و زانـا و دانـاکان بکەیـن کـە نابینـا یـان نابیسـت یـان ناگـۆ بوویـن. کـورد گوتەنـی مشـتێ نموونـەی خەرواڵێکـە، بۆیـە زۆر بـە کورتـی قسـە لەسـەر هێندێکیـان دەکەیـن:

**هۆمەر(Homer) سەدەی ٨ پێش زاینی:**

گـەورە نووسـەری گریکـی دێریـن، خـاوەن دوو داسـتانە شـاکارەکەی ئیلیـاد و ئۆدیسـیایە. هەرچەنـدە نابینـا بـووە کارەکانـی، لـە فەرهەنگـی ئەدبـی جیهانیـدا، بـە شـاکاری ئەفسـانەیی هونـەری ناوزەنـد دەکرێـن و باوکـی ئەدەبـی دێرینـی گریکـە.

**ئەبو العلا المعري ٩٧٣ – ١٠٥٧:**

لـە شـاری معـەرە لـە دایـک بـووە و بـە نەخۆشـی سـوڕێژە لـە تەمەنـی چـوار سـاڵیدا بینایـی لەدەسـت داوە. لـە تەمەنـی یانـزدە سـاڵییەوە شـیعری دانـاوە. دەچێتـە حەلـەب و ئەنتاکییـە و هاتووەتـە بەغـدا لەگـەڵ شـاعیر و فەیلەسـوفانی سـەردەمی خـۆی تێکـەڵ بـووە و (٣) کتێبی هەیە و شـاعیرێکی گـەورەی عەرەبـە. ئـەو گوتویەتـی:

"منیـش ستایشـی خـودا دەکـەم بـۆ نابیناییـم. وەک چـۆن کەسـانی دیکـە ستایشـی دەکـەن بـۆ بینیـن"

**جۆن میلتۆن(John Milton) ١٦٠٨ – ١٦٧٤:**

خاوەنـی داسـتانی (بەهەشـتی ون بـوو)ە، کـە لـە زسـتانی (١٦٥٢) بینایـی لەدەسـت دەدات خەریکـی نووسـینی ئـەو شـاکارە ئەدەبییـە مەزنـە دەبێـت. ئـەو لـە ڕیـزی ئەدیبـە مەزنەکانـی ئینگلیـزی وەکـو شەیکسـپیرە. ئـەو لـە ژێـر کاریگـەری هۆمـەری شـاعیر بـووە. ئـەو شـاکارە وەرگێردراوەتـە سـەر زۆر زمـان.

**جەیمس جۆیس (James Joyce) ١٨٨٢ – ١٩٤١:**

ئەو لە شاری دوبلن لە دایک بوو. لە ئاكامی كێشەی چاو و پشتێشە، دوای نشتەرگەری، بینای چاوی لە دەست دەدا، ماوەی ژیانی نابینایی درێژتر بووە لەوی بیناییەكەی. ئەوە وەک ڕۆمانووس و چیرۆكنووسی ئینگلیزیی، خاوەن قوتابخانەی ئەدەبیی تایبەت بەخۆیەتی دەركەوت . ئەو بە ٤ ڕۆمانی شاكار و ٣ كۆمەڵە بەرهەمی شیعری ناوی دەكرد.

**هێلین كیلەر(Helen Keller) ١٨٨٠ - ١٩٦٨:**

ئەو خاتوونە ئەمەریكییە نووسەرێكی ناسراوە و (١٨) كتێبی چاپكراوی هەیە. ئەو لە تەمەنی نۆزدە مانگیدا تووشی هەوكردنی پەردەی مێشک و تای سوور دەبێت، بەوەیش هەردوو هەستی بینین بیستن لەدەست دەدات. لە زانكۆی كامبرج بەكەلۆریۆس لە زانستی فەلسەفە وەدەست دەهێنێ و خۆی فێرە زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و لاتینی و یۆنانی دەكات و دواتر دكتۆرای لە زانست و فەلسەفە بەدەست دەهێنێ. ئەو خاتوونە دەبێتە باڵیۆزی ڕێكخراوی ئەمریكی بۆ نابینایان و لەبەر ژیریی، نازناوی «موعجیزەی مرۆڤایەتی» بەسەردا بڕاوەتەوە.

**د.. تەها حسێن ١٨٨٩-١٩٧٣:**

دكتۆر تەها حسێن ڕاگری ئەدەبی عەرەبی بە یەكێک لە بیرمەندە گەورەكانی عەرەب دادەنرێت، سەرەڕای ئەو سەختییانەی بەسەریدا تێپەڕیوە، لە پێش هەموویاندا لەدەستدانی بینایی و هەژاریی بوو. ئەو لە گوندی كیلۆی سەر بە پارێزگای مینیا لەدایک بووە و لە تەمەنی چوار ساڵیدا بینایی لەدەستداوە، سەرەتا لە حوجرەی مزگەوتی گوندەكەی دەخوێنێ و بەردەوام دەبێ تا دەگاتە زانكۆی ئەزهەر الشریف. لە ساڵی ١٩١٤ چووە فەرەنسا، بڕوانامەی دكتۆرای بەدەست هێنا و دوای گەڕانەوەی بۆ میسر وەک پڕۆفیسۆری مێژووی ڕۆمانی و یۆنانی لە میسری دامەزرا و لە ساڵی ١٩٢٥ لە وەزارەتی پەروەردە وەک مامۆستای ئەدەبی عەرەبی

دەستنیشـان کـرا. تەهـا حسـێن (٤٧) کتێبـی چاپکـرواى لـەدواى خۆیـدا بـۆ بەجێهێشـتووین.

**جەیمس تۆربەر(James Thurber) ١٨٩٤-١٩٦١:**

ئـەو نووسـەرە لـە منداڵیـدا چـاوی لەدەسـت داوە  کاتێـک براکـەی بـە تیرێـک تەقـەی لـە چـاوی کـردوە و چـاوی چەپـی لـە دەست داوە. لـە ڕێگـەی نووسین ناوبانگـی دەرکـردووە. کورتـە چیرۆکـی ژیانـی نهێنیـی واڵتـەر میتـی کـە ئـەو نووسـیویەتی دوو جـار بـۆ فیلـم وەرگێـڕدراوە. ئـەو گوتویەتـی:» دوێنـێ شـەو خەونـم بـە دڵنەواییەکـی بچووکـەوە بینـی، کـە تەنهـا نابینایـان چێژیـان لـێ وەرگرتـووە: کـەس نازانێـت ئـەو ناڕەحەتییـەی کـە مـن بینیومـە چییـە و چـۆن بـووا“.

**گۆرگێس لویس بۆرگێس(Jorges Luis Borges) ١٨٩٩-١٩٨٦:**

ئـەو نابینایـە ئەرژەنتینییـە، شـاعیر و کورتەچیرۆکنـووس و ڕەخنەگـری ئەدەبـی و وەرگێڕێکـی ناسـراوە و شـارەزابووە لـە  زمانـی ئیسـپانی و ئینگلیزیـش. ئـەو خـاوەن قوتابخانـەی  فەلسـەفەی ئەدەبیی خۆیەتـی و (٧٤) کتێبـی چاپکـراوی هەیـە.

**عەبدولعەزیز بن عەبدوڵڵا بن باز ١٩١٠ – ١٩٩٩:**

دادوەر و فیقهزانـی سعودییە، لـە ڕیـاز لـە خێزانێکـی زانـا لـە دایـک بـووە و لـە تەمەنـی شـانزدە ساڵێدا تووشـی نەخۆشـییەک دەبـێ و دیـدە لـە دەسـت دەدات و حافـز دەبـێ. لـە سـاڵی ١٩٩٢وە پۆسـتی موفتـی گـەورەی شانشـینی سـعودیە بەدەسـتەوە بـووە تـا مردنـی، جگـە لـە سـەرۆکایەتیی ئەنجومەنـی زانایانـی بـاڵای سـعودیە، سـەرۆکایەتیی بەشـی توێژینـەوەی زانسـتی و فەتـوا بـووە، هەروەهـا سـەرۆکایەتیی ئەنجومەنـی دامەزرێنـەری کۆمەڵـەی جیهانی، سـەرۆکی ئەکادیمیـای فیقهـی ئیسـلامی بـووە، و وەک بەڕێوەبـەری ئیسـلامی کاری کـردووە  لـە زانکـۆ لـە شـاری مەدینـە بـۆ مـاوەی پێنـج سـاڵ، ئیبـن بـاز

خەڵاتی شا فەیسەڵی بۆ خزمەتکردنی ئیسلام وەرگرت لە ساڵی ١٩٨٢. ئەو خاوەنی (٤١) کتێبی چاپ کراوە.

**ئۆلیڤەر ساکس (Oliver Sacks) ١٩٣٣-٢٠١٥:**

نووسەر و پزیشکی دەمارەکان بوو لە بەریتانیا. لەسەر باری نابیستی و نابینایییەکی زۆر تایبەتی خۆی و هاوەڵەکانی نووسیوە و کتێبەکانی پرفرۆشترین کتێب بوون. ئەو لە سییەکانی تەمەنیدا، کاتێک سەردانی برایەکی خۆی کرد لە ئوستralیا کە لەمێژبوو نەیبینی بوو، بۆی ئاشکرابوو کە ئەو (نابینای دەمووچاوەکانە) واتا ئەو ناتوانێ دەموچاوی خەڵک بناسێتەوە، وەکو براکەی، کە نەخۆشییەکی بۆماوەییە و پێی دەوترێت پرۆسۆپاگنۆسیا. ئەو لەلایەن نیویۆرک تایمزەوە بە «براوەی خەڵاتی شاعیری پزیشکی هاوچەرخ» وەسفکرا، و بەرهەمەکانی چەندین جار وەرگێڕدراون لە نێویاندا فیلمی ’بەئاگابوونەوە‘ کە پاڵێوراوی خەڵاتی ئۆسکار بوو کە ڕۆبەرت دی نیرۆ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت.

**سو تاونسێند (Sue Townsend) ١٩٤٦- ٢٠١٤:**

نووسەرێکی نابینایە. زنجیرەی ئادریان مۆلی ئامادە کردووە کە زیاتر لە نۆ کتێبی تێدایە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ٢٠٠٩، زیاتر لە ١٠ ملیۆن دانەیان فرۆشراوە. ئەو کە بە نەخۆشی شەکرە چاوی لەدەست داوە بەرهەمەکانی خۆی بە ئامێری تۆمارکەری دەنگ و دەنگ بۆ دەق تۆمار کردووە.

**ئەلیس واکەر(Alice Walker) ١٩٤٤ - ١٩٨٣:**

ئەم خاتوونە شاعیر و نووسەرە ئەمریکییە خەڵاتی پولیتزەری بەدەستهێنا بە نووسینی ڕۆمانی ئایکۆنییەکەی ڕەنگی وەنەوشەیی. کتێبەکە کرا بە فیلمێک لە دەرهێنانی ستیڤن سپیلبێرگ و هووپی گۆڵدبێرگ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت. واکەر لە منداڵیدا چاوێکی لە دەست دەدا کاتێک لەلایەن براکەیەوە بە دەمانچەی منداڵان یارییان کردووە. ئەو

خاتوونـه مافخوازێکـی ڕژد بـووه  بـۆ ژنانـی ڕەشپێسـت و مافخـوراوەکان.

ئـەو ناوانـەی ئاماژەیـان پێـدرا لـە سـەرەوە، وەکـو نموونـە باسـمان کـردوون و تـەواوی ڕیزبەندیـی نـاوی شـاعیر و ئەدیبـە نابینـاکان و نابیسـت و ناگـۆکان نیـن.

لـە بوارەکانـی هونـەردا، لـە ژەنینـی ئامێرەکانـی مۆزیـک، بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە، لـە دانانـی ئـاواز و لـە گۆرانبێـژی و کاری شـێوەکاری و ئەکتـەر و پەیکەرتـاش و چنیـن و کاری دەسـتی، نـاوی پتـر لـە (١٠٠) هونەرمەندمـان، لەسـەر ئاسـتی جیهانیـدا، لەبـەر دەسـتدایە. ئەمەش سـەلمێنەری ئەو ڕاسـتییە زانسـتییەیە کـە لەدەسـتدانی یەکێـک، بگـرە دووانیـش لـە هەسـتەکان نابنـە ڕیگـر لـە توانـای داهێنـان و ئەفرانـدن و فێربـوون و دۆزینـەوەی جیهانـە نهێنییەکانـی ئـەدەب و هونـەر و فەرهەنـگ.

# نابینا لە ئەدەبی کوردیدا

راستە لە نێو ئەدیب و شاعیرانی کورد، هەر ناوی چەند نابینایەکمان لەبەر دەستە، کە پێگەی دیارییان هەیە بەڵام، ئەم جۆرە ئەدەبە بایەخ و مەدلولات و قیمەتی ئەدبی تایبەت بەخۆی هەیە، کە دەبووایە تا ئێستا ڕەخنەکار و لێکۆڵەری کورد زۆریان بەسەر کردبانەوە، چونکی جیهانی ئەوان گوزارشت لە دەربڕین و خەیاڵ و تێڕاونینێک دەکات، کە جیاوازە لە هی ئێمە، ئەوان بە چاوی بەصیرە و بە چاوی دڵ و چاوی هزر و ئەقڵ دەوروبەریان بینیوە و گوزارشتیان لێکردوە.

دوای ڕاگۆزارێکی سەرپێیی بە جیهانی ئەو چەند شاعیر و ئەدەبیە کوردەی کە ئێستا لەبەردەستن، پووختە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەکارانەی کارە ئەدەبییەکانیان دەکەین و لە تای تەرازووی شاعیر و ئەدیبانی جیهانیشدا هەڵیان دەسەنگێنین:

**یەکەم: ئەحمەدی کۆر ١٧٧١- ١٨٥٦**

ئەحمەدی کۆر، ناوێکی دیاری نێو دونیای ئەدەبیاتی کوردییە، ئەم شاعیرە پایە بەرزەی کورد، ناوی ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەدی موکریانییە و لە گوندێکی ناوچەی شنۆ لەدایک بووە. بەهەرزەکاری تووشی نەخۆشییەکی چاو بووە کە نابینای کردووە، بۆیە بە ئەحمەدی کۆر ناوبانگی دەرکردووە. هەرچەندە پلەیەکی بەرزی خوێندەواری نەبووە، بەڵام لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بلیمەت بووە، ئەحمەدی کۆر ماوەیەکی زۆر لە سلێمانی ژیاوە و لەوێ لەسەر دەستی شێخێکی ناوداردا

بەتەواوی ڕووی کردۆتە خواناسی و پاشان گەڕاوەتەوە سابڵاخ و خەریکی ڕێنمایکردنی خەڵک بووە. ساڵی ١٨٥٧ لەتەمەنی ٨٥ ساڵیدا لەدەوروبەری بۆکان کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (عەنبارە) بەخاک سپێردراوە. لە هەندێ سەرچاوەش بۆساڵی کۆچکردنەکەی، ساڵی ١٨٥٦دانـدراوە.

شیعرەکانی ئەحمەدی کۆر کە زوربەی هەرە زۆریان شیعری خوا پەرستین، گەلێ پاراو و دڵڕفێنن. گرنگترین خەسڵەتی شیعرەکانی ئەم شاعیرە بەرجەستەیەی کورد ئەوەیە کە بە کێشی خۆماڵی نوسراون. هەرچەندە ئەحمەدی کۆر وشەی بێگانەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەڵام ئەم دیاردەیە نەبۆتە هۆی لاواز بوونی بەرهەمەکانی. هەندێ لە سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان دەڵێن ئەحمەدی کۆر بەزمانی (عەرەبی) و (فارسی)یش شیعری وتوە، بەڵام هەموویان فەوتاون. ئەو کەسێکی زەین ڕوون بووە و بێ دەست گرتن بۆخۆی ئەو گوند و ئەم گوندی کردووە، ئەمەش بەشێکە لە شیعرێکی دوور و درێژی ئایینی، کە بەناوەرۆکێکی ورد و پڕ وێنەوە بە ڕووخسارێکی مۆسیقادار و جوان دایڕشتووە

دڵبەرا پەی ڕووی فیراقت دڵ دەناڵێ چون ڕوباب
بۆ دوو ئەبرۆی میسلی تاقت بەندی جەرگم بوو کەباب
بوو بە بریان توێی دەروونم، چاو پڕ ئەسرین دڵ زەبوونم
مەحبووبا وا بۆت جنوونم، لێم حەرامە خورد و خاب
خاب و خۆراکم گرینە، ڕەحمەتەن لیلعالەمینە
ڕەحمێ کە بە منی حەزینە، با کۆتا بێ ئەم عەزاب
با کۆتا بێ داخ و دەردم، ناڵەناڵ و ئاهی سەردم
بێ ئەجەل وا بۆ تۆ مردم، پێم بدە جامێ شەراب
پێم کەڕەم کە جورعەیی مەی، لەو مەیەی مردوو دەکا حەی
تۆ بە حەققی ساحەبی مەی، با لە بەین لاچێ حیجاب
با لە بەین لاچێ حیجابە، مەحبووبە ڕۆژی خیتابە
وادەکەم ئەز خۆم حیسابە، کەمترینم (از) کیلاب....

## دوو: مەولەوی ١٨٠٦ – ١٨٨٢

سـەید عەبدولڕەحیمـی کـوڕی سـەعید تاوەگـۆزی، ناسـراو بـە مەولـەوی شـاعیر و سـۆفیی تەریقەتـی نەقشـبەندی بـوو کـە بـە شـێوەزاری هەورامـی هۆنـراوەی دانـاوە و لـە شـیعری ئەویـن و دڵداریـدا بەناوبانگـە. لـە هۆنراوەکانیـدا خـۆی بـە مەعـدووم ناسـاندووە. لـە سـاڵی ١٨٠٦ لـە گونـدی سەرشـاتەی سـەرووی ناوچـەی تاوگـۆزی لـە دایـک بـووە. لـە سـەرەتادا لـە حوجرەکـەی باوکـی لـە دێـی بێـژاوە لـە نزیکـی هەڵەبجـە دەسـت دەکات بـە خوێنـدن و دواتریـش بـۆ درێـژە پێـدان بـە خوێندنەکـەی ڕوو لـە خوێندنگـە بەناوبانگەکانـی ناوچـەی ئـەردەڵان و بابـان دەکات. ئـەو کاتـەی لـە سـەرەتای خوێندنـدا بـووە باوکـی مـردووە، ناچـار بـۆ بەخێوکردنـی خوشـک و براکانـی وازی لـە خوێنـدن هێنـاوە بـۆ ماوەیـەک و پاشـان گەڕاوەتـەوە سـەر خوێندنەکـەی. لـە سـلێمانی لای مـەلا عەبدولڕەحمانـی نۆدشـیدا کـە موفتـی سـلێمانی و مامۆسـتای مزگەوتـی مەڵکەنـدی بـووە خوێندنـی تـەواو کـردووە و ئیجـازەی دەرس وتنـەوەی وەرگرتـووە. دیسـان گەڕاوەتـەوە بـۆ گوندەکانـی دەوروبـەری هەڵەبجـە و دواتریـش لـە سەرشـاتە خـۆی بـە مەلایەتـی و نووسینەوە خەریـک کـردووە. داوی وەفاتـی هاوژینەکـەی سـۆمای چاوەکانـی لـە دەسـت دەدات دوای حـەوت سـاڵان، لـە سـاڵی ١٨٨٢ کۆچـی دوایـی کـردوە و لـە گۆڕسـتانی ئەسـحابە لـە سەرشـاتەی سـەروو نێـژراوە.

مەولـەوی، جگـە لـە کـوردی، زمانـی عەرەبـی و فارسیشـی بـاش زانیـوە و بـە هەردووکیـان شـیعری نووسـیوە. دیوانەکـەی کـە بـە شـێوەزاری هەورامییە پلەیەکـی بـەرزی لـە نێـو شـیعر و ئەدەبـی کوردیـدا هەیە.لەتەمەنـی پیـری بینایـی لـە دەسـت داوە.

نموونەیـەک لـە شـیعرەکانی کـە بـە نابینایـی دوای کۆچـی خاتـوو عەنبـەر نووسـیوەیەتی دەڵـێ:

ئەدای پەشێویی حاڵاتی جەستەم
دوورەن جە تەحریر خامەی شکستەم

بەڵام مەعدووم هەرس دیدەش جۆش وەردەن
ناعیلاج خامەش وە دەسگیر کەردەن
پەلەپەل پێکان پەل وە خامەدا
یەک فەرد ڕەقەم کەرد وە ڕووی نامەدا
ئیسە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت
نە بێخی ئاودا مەگێڵۆ پەرێت

واتـە: بەیانـی حاڵـی پەشـێوی جەسـتەم بـەم قەڵەمـە شـکاوە ناکـرێ، بـەڵام ئەسـرینی دیـدەم سـێڵاوی کـردووە و کوێـر بـووم، ناچـار پەنـام بردووەتـە بـەر قەڵـەم بـۆ ئـەوەی دەسـتگیرمبێت و لەڕێـی ئـەوەوە خەمـی خـۆم بەیانبکـەم.

مەولـەوی پـاش لەدەسـتدانی عەنبەرخاتـوون و حـەوت سـاڵ بەرلـە مردنـی هـەردوو چـاوی کوێـر بوونـە. بەبۆنـەی لەدەسـتدانی سـۆمای چاوانییـەوە ئـەم شـیعرەی وتووە:

یـاری وەفـادار شـەرت و بەیـن بێشـۆ چـون نـووری دیـدەی «مەعدوومـی» مەبۆ وەختـێ بەنـدەی وێـش بێحـاڵ وە چـەم دی ئەسـرین وە چەمـدا ڕێـزا و پەشـێو بـی

هەروەها دەڵێ:

موتریب، بۆ وە داد دڵگیریمەوە پیری ها ئاما وە پیریمەوە

واتـە: کاکـی گۆرانیبێـژ وەرە بـەدەم دڵگرانیمـەوە، چونکـە پیـری هاتـووە بـە پیپریمـەوە و پێشـوازیم لێـدەکات.

ئەوپارچـە شیعرەی کـە بـۆ پیـری خـۆی هۆنیویەتـەوە، بـەم دوو نیـوە دێـڕەی مسـتەفا بێسـارانی قفڵـی کـردووە:

کۆچی دواییمەن، یاوانم نۆبە نۆبەی تۆبەمەن، کەرەمدار، تۆبە!

تافـی لاوی و جوانیـم ئاوابـو و پیـری هـات و پـاش پیریـش مەرگـە و نۆبـەی چاولێکنانـە، بـەڵام ئێسـتا وەختـی ئەوەیـە تۆبـە بکـەم و بەشـکم خـودای میهرەبـان بمبەخشـێ.

نابینایـی وای لـە شـاعیر کـردوە، پتـر بیـر بـۆ ئـەو شـتانە بچـێ کـە بـە

هەستەكانی دیكەدا دەبینرێن، بڕوانە داوای گۆرانیبێژ دەكات و باسی ئەسرینی دیدە دەكات.
مەولەی (٥) كتێبی بۆ بەجێهێشتووین.

### سێ: مەلا حەمدوون ١٨٥٣ – ١٩١٧

لە ساڵی ١٨٥٣ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، كەسێكی نابینا و دونیادیتە بووە، چونكە زۆر سەردانی ئێرانی كردووە و زمانی فارسی بەڕەوانی زانیووە و ڕاڤە و لێكدانەوەی بۆ قورسترین شیعری فارسی كردووە، هەمیشە لە مەجلیسەكاندا، بیسەرێكی وریا و قسەزانێكی بلیمەت بووە، شێخ مەحەمەدی خاڵ لە گۆڤاری ڕۆژی نوێ ژمارە ١-٢ كە لە سەرەتای شەشتەكانی سەدەی بیستەم بڵاوكراوەتەوە، نووسینێكی بەپێزی بەناوی (كوێرێكی شاعیری بەهرەمەند) لەبارەی مەلا حەمدوون نووسیووە و لە شوێنێكدا دەڵێ:
”بەچاوە پووچە كوێرەكانیا كە بە مادەرزادی كوێر بووبوو، ئەتوت هەرچی شتە لە جیهانا نایزانێ، وە هەڕ لە بڕ ناكاتەوە. بە نەخوێندەواری و بێ ئاگادارییەكەی لە هەموو ڕوویێكەوە، ئەتوت هەرچی بەهرەبێ نییەتی، كوێرێكی مادەرزادی، ڕەشتاڵەی كونجی، باڵابەرز ڕەقەڵە ...سی جزمەی قورئانی بەڕەشخوێنی لەبەركردبێ، دەنگی ئەوەندە خۆش نەبووبێ، كە مەردووم ختمی قورئانی پێبكەن، یا لە پرسەدا پێی بخوێنن...كەچی لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوەندە زیرەك و بەزەین بووبێ توانیوەتی بەپێچەوانەوە دەوری قورئان بكاتەوە تاسەر، پاشاوپاش لە ژێردا ئایەت بەئایەت پیابڕوا تا لە سەرەوە دەردەچێ كە ئەمە لەناو قورئانە بەچاوساغی قورئان ڕەوان ناكرێ چ جای كوێری مادەر زادە.“
شێخ محەمەدی خاڵ زۆر شت لەبارەی مەلا حەمدوون دەگێڕێتەوە كە بەڕاستی دەبێتە مایەی سەرسوڕمان، لەوانە وەستای چاكردنەوەی

سـەعات بـووە، بەدەنـگ، تەمەنـی مرۆڤـەکان و شـێوە و شکلیشـی دەزانـی، نیشـانە شـکێن بـووە و گورگـی بـە تفەنـگ کوشـتووە، دامـە و شـەترەنجی کـردووە.

د. مـارف خەزنـەدار لەبـارەی مـەلا حەمدوونـەوە دەڵـێ: «یەکـێ لـە شـیعرە بەناوبانـگ و جوانەکانـی بەتایبەتـی بـۆ جەنگـی یەکەمـی گێتـی ڕێکخرابـن، ئـەو قەسـیدەیە کـە مـەلا حەمـدوون هۆنیویەتییـەوە.“

ئـەو شـاعیرە نابینـا و نەخوێنـدەوارە، لـە شـاری سـلێمانی بـە نابینایـی لەدایـک بـووە. بـە منداڵـی قورئانـی پیـرۆزی پـێ لەبـەر کـراوە و نەچۆتـە هیـچ قوتابخانەیـەک. لـە منداڵییـەوە بەهـرەی شـاعیری پێـوە دیـار بـووە. ئـەو لـە زمانـی فارسیشـدا توانایەکـی باشـی هەبـووە و بـەو زمانـەش گەلـێ شیعری نایابـی وتـووە. ماوەیەکـی زۆریـش لـە ئەسـتەمبوڵ ژیـاوە و لـەوێ بـە باشـی فێـری زمانـی تورکـی بـووە. ئـەم شـاعیرە هەڵکەوتـووە پەیوەندییەکـی پتـەوی لەگـەڵ کوردەکانـی ئەسـتەمبوڵدا دروسـت کـردووە و ڕێزێکـی زۆری لـێ گیـراوە.

ڕەفیـق حیلمـی دەڵـێ: «زۆر جـاران هـەر بـۆ ئـەوەی لـە قسـە عەنتیکەکانـی مـەلا حەمـدوون سـوود وەرگـرم، سـەردانی چایخانـەی بەغـدام دەکـرد لـە گەڕەکـی سـرکەجی ئەسـتەمبوڵ! کابرایەکـی بەسـەلیقە و بـەزەوق بـووە، ئەگەرچـی نابینـا بـووە، بـەڵام بـەردەوام جوببـەی تـازەی پۆشـیوە و پێڵاوەکانیشـی ئەگـەر بۆیـە نەکرابـن لەپێـی نەکـردوون، شـێوەی وەک مـەلای ئەزهـەری بـووە. لەگـەڵ ئـەوەی هیچـی نەبـووە، نەفسـی ڕێـی نـەداوە ئەگـەر پوولێکـی پـێ بووبـێ داوا لـە کـەس بـکا. بـەردەوام کوردێـک دەبـوو ڕابەرایەتیـی بـکا، بـەڵام خۆشـی زۆر شـارەزای کووچـە و کۆڵانـەکان بـوو.» بەداخـەوە بەشـێکی زۆری شـیعر و بەرهەمـە ئەدەبییەکانـی ئـەم شـاعیرە بەسـەلیقەیە فەوتـان، بـەڵام ئـەو هێنـدە شـیعرەی کـە مـاون بەسـن بـۆ ئـەوەی مـەلا حەمـدوون بخەنـە ڕیـزی شـاعیرە ناودارەکانـی سـەردەمی خـۆی، بەتایبـەت ئـەو شـیعرە بەناوبانگـەی کـە بـە بۆنـەی جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە وتویەتـی و بـە شـێوەیەکی هونـەری بـەرز بارودۆخـی ئـەو

سـەردەمەی وێنـە کێشـاوە.
مـەلا حەمـدوون لـە سـاڵی (١٩١٧) لـە تەمەنـی ٦٥ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد.
ڕەفیـق حیلمـی و ئەمیـن زەکـی بـەگ، لـە بەرهەمەکانیانـدا، ژیاننامـەی مـەلا حەمدوونیـان تۆمـار کـردووە.
ئـەم شـاعیرە پـڕ بەهرەیـە لـە قەسـیدەیەکی درێـژدا، هێنـدە بـە سـەلیقە وێنـەی دژووار و خوێنـاوی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دەکێشـێت، کـەم چـاو سـاغ ئـەوەی پێدەکرێـت. لـەو جەنگـەدا کـە سـەرتاپای جیهانـی گرتبـۆوە، بـە کوردسـتانی خۆشـمانەوە، نزیکـەی ٤٣ ملیـۆن کـەس بوونـە قوربانـی ئـەوا جگـە لـەو هەمـوو ماڵوێرانـی و کاولکارییـە.
مـەلا حەمـدوون لـە شـاکارەکەیدا بـەم شـیوەیە وەسـفی ئـەو ئاشـووبە و غەزەبـە دەکات ـ ناشـزانین بـۆ لـە خیتامیـدا لـە جیاتـی نـاوی خـۆی (حەمـدی) دانـاوە. ئـەو دەڵـێ:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە
هەرکەس بە جەخارێ جگەری قیمە کراوە
دنیا پڕی ئاشووبە خەلایق بە عموومی
ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی هێرشی ئاوە
کامەی کە ئەڵێی خۆشیەتی دوورە لە محنەت
ڕیشەی دڵی ئالاوە بە سەد دەرد و بەڵاوە
گیرۆدەیە ئەم عالەمە هەر کەس بە سیاقێ
کەوتوونەتە زنجیرەی ئەنواعی بەڵاوە
وەک تەرزە ئەبارێ بە هەموو دەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەب و قەهری خوا توند و بە تاوە
نیک و بەدی ئەم زومرەی ئیسلامە بە جارێ
کەوتوونە کەشاکەش بە قوماندەی ئومەڕاوە.
ئەم زاڵمی سەفاکی سەفەر بەرلگە ئەمڕۆ
فەرمانی بە خوێنڕشتنی ئەم عالەمە داوە

ژاندارمە ئەسووڕێتەوە وەک واشەیی برسی
بۆ لاشەی میللەت بە فڕوفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوغرە، کەر و ئێستر و یابوو
حوشتر سەقەت و شەل بووە، گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نییە حەتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەک بیخەنە ژێر باری قەزاوە
هەر شەش جەهەتی گرتووە ئاشووب و مسیبەت
مێشوولە مەجالی نییە دەرچێ لە حەواوە
تەیارە بە ئەسبابی شەڕ و فیتنەوە دایم
جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مەرکەبی باوە
باڵۆنی هەڵۆ شێوە لەگەڵ دێتە تەحەڕڕوک
عالەم لە نەزەریا بە مەسەل پۆڕی خوراوە
ئەم جووتە بەڵازادەی باڵندەیە ئەمڕۆ
سەیارەیی فەوقن بە ئەلکتریکی چراوە
عالەم لە شریخە و شەرەری دەمدمی بۆمبا
حەیران و سەراسیمە و عەقڵی خەرفاوە
بەرقی غەزەبی دانە و نارنجەک و تۆربید
ئاگر ئەپژێنن لە زەمین و لە سەماوە
شەو ڕۆژە لەبەر بەرقی قەبیح و ڕم و سوننی
لەمعەی قەسەتۆرەش بە مەسەل بەرقی هەتاوە
دەشت و جەبەل و بەحر و جزیرە و هەموو دنیا
شەق شەق بووە مەجمووعی بە دەم تۆپی قەزاوە
وشک و تەڕی ئەم سەرتحی کورەی ئەرزە بە جارێ
گوڵگون بووە، ڕەنگینە بە خوێنی شوهەداوە
تا حوکمی تەماشای تەسەور لە هەموو لا
هەر لاشەی چنراو و سەر و دەستی شکاوە
ڕووسی غەم و ئینگلیزی خەفەت هەردوو بە جارێ

هاتوونەتە سەر مۆمنی عوشرەت بە سوپاوە
هەر لەحزەی سەد لەک چە لە مۆمن چە لە موشرک
واسڵ بە دوو جیمن بە عەتاو و بە خەتاوە
واپۆر و سەفینە و بەلەم و کەشتی و ئوستۆل
ئامادەی حەربن لە هەموو لا تەنراوە
گیراوە بەهێزی چەک و تەیارە و ساروخ
مەعمورە و وێرانە هەچی ناوی براوە
لەو ڕۆژەوە دنیا هەیە تا ئەم دەمە بێ شک
مەغلووبە بەم غابەتە نەبووە و نەکراوە
بۆ گرتن و بۆ کوشتنی ئەم عالەمە یەکسەر
ئەم عەرسەی ئافاقە ئەڵێی حەلقەی داوە
ئەم دینە لە پێشا وەکوو سەرچاوەی زەمزەم
بێ غەش بوو، ئەمیساکە ئەڵێی عەینی قوڕاوە
بنچینەی دەرکەوتووە بنیادی شەریعەت
یەکسەر هەرەسی بردووە ئاساری نەماوە
پر گەردی غەمە ناوی سەعاتی دڵی عالەم
ڕەقاس و جەر و زەنبەلەک و چەرخی شکاوە
یا ڕەبی لە بەر حورمەت و ئێکرامی محەمەد
ڕەحمێ بکە بەم باقی ئیسلامە کە ماوە
کەم زۆرە ئەگەر نەسرەتی حەق ڕاهنما بێ
بێ نەسرەتی حەق لەشکری دارا سەرە واوە
"حەمدی» دڵی یەخسیری فەرەنگی غەمە ئەمڕۆ
بەربوونی بە بەربوونی گەرووی «بەسرە» و «فاو»ە.
قەسیدەکە:

- پانۆڕامایەکی زیندووی ڕۆژە ڕەشەکانی ئەو جەنگەیە، بە کامێرای چاوی هزر و دڵ تۆمارکراوە.
- لە قالبێکی کلاسیکی سەروا (ئەلف) بەو پەڕی هونەری شیعریی

دارِشـتراوە.

o زۆر دەوڵەمەنـدە لـە فەرهەنگـی چـەک و چـۆڵ و ئەسـبابی شـەڕ و زاراوەی میحنـەت و خـەم و پـەژارەی دەربـڕی ناخـی دەروونـی مـرۆڤ.

o دەوڵەمەنـدە بـە وێنـەی هونـەری زۆر وردە، بڕوانـە ئـەم دەربڕینـە جوانـە:

پڕ گەردی غەمە ناوی سەعاتی دڵی عالەم
ڕەقاس و جەڕ و زەنبەلەک و چەرخی شکاوە

o بە هەستی بیستن نووسراوە و ئەو وشانەی لە (فەرهەنگی دەنگ) دان، زەقتـر دیـارن، وەک:

کەر شەوقی زەڕینی نییە حەتا لە بەهارا
جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مەرکەبی باوە
تا حوکمی تەماشای تەسەور لە هەموو لا
هەر لاشەی چنراو و سەر و دەستی شکاوە.

## چوار: شامی کرماشانی ١٩١٨ – ١٩٨٤

شـامی کرماشـانی شـاعیرێکی دیـاری نێـو دونیـای ئەدەبیاتـی کوردییـە، ئەگەرچـی کەمتـر ئـاوڕی لێدراوەتـەوە، بـە شـێوەزاری کەڵهـوڕی شـیعری نووسـیوە، لەنێـو ئەدەبیاتـی زۆربـەی گەلانـی جیهانـی کـە سـانی بەهرەمەنـدی نابینـا هەڵدەکـەون، موسـا عصمتـی شـاعیری نابینـای فـارس دەڵێ:»شـاعیر بۆنووسـین پێویسـتی بـە بینیـن و چـاو هەیـە، مـن سـاڵەهایە بـە دڵ دەبینـم و دەنووسـم، پیشـەم دەرس وتەنـەوەی بابەتـی ئەدەبیاتـە بـۆ منداڵانـی نابینـا.» شـاهموراد موشـتاق وەتەندۆسـت، کـە بەشـامی نـاوی دەرکـردووە، لـە ١٧ی ئـاداری ١٩١٨ لـە گەڕکـی (چەنانـی) شـاری کرماشـان لەدایـك بـووە، دایکـی نـاوی (فانـۆس)ە، لەسـاڵی ١٩٢٢ کۆچـی دوایی کـردووە،

واتا تەمەنی پێنج ساڵان دەبێ لە سۆزی دایك بێبەش دەبێ، باوکیشی لە تەمەنی مێردمنداڵی کۆچی دوایی دەکات، شامی لە تەمەنی سێ بۆ چوار ساڵی بەهۆی نەخۆشی ئاوڵە هەردوو چاوی لەدەست دەدات، لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە بە تەواوەتی تروسکایی چاوەکانی خامۆش دەبن. خۆشی لە شیعرێکدا دەڵێ:

هنوز نەشناسووم چەپ و ڕاس دست

دست جهانداز بینیم بەس

واتا هێشتا ڕاست و چەپی خۆم نەناسیبوو، خودا بینایی لێسەندمەوە. پاش هەتیو کەوتنی، مامۆژنی بەخێوی دەکات. لەبەر هەژاری و بێکەسی نەیخوێندووە، لەسەرەتای گەنجییەوە لەگەڵ فاتیمە ناوێك هاوسەرگیری دەکەن، بەڵام منداڵیان نابێ بە هاوکاریی خێزانەکەی ژنێکی تر دێنێ بەناوی (سەنگین تەڵا قەلەندەری)، سێ منداڵی بەناوەکانی: (عەلی ئەکبەر، نەسرین، موزەفەر) لێ دەبێت. شامی کرماشانی لە ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە. هەرچەندە شاعیری شیعری زۆر نە وتووە بەڵام «زمانی شیعرەکانی شامی کرماشانی هەڵگری بەلاغەتێکی تایبەتە، خاوەنی یەك دیوانە شیعری چاپکراوە، کە شایەنی لێتوێژینەوەی وردی زانستییە.“

شامی کرماشانی لە شیعرێکی دا دەڵێ:

له سر دو راهه زندگی گیرم

برياد و بی سود نقش تدبیرم

نەمەرگم پیداس نه زندەگانی

بلا تکلیفم له دنیای فانی (شامی، ١٣٧٤، ٢٧)

شاعیر لە دڵەڕاوکێ دایەو خۆی لە دووڕیانێك دەبینیتەوە، دوو ڕیانی ژیان و مردن. لێرەدا شاعیر لە سەر دوو ڕیانی ژین گیری خواردووە، هەموو پلان و بیرکرنەوەکانی تێك چووە و دڵەڕاوکێ دایگرتووە، چونکە نە ژیانی ڕوونە و نە مەرگیشی لێوەدیارە، بۆیە دەستەوەستان بەرامبەر دونیای فانی دۆش داماوە، ئەم ژیانەی بێ سوود و بێ کەڵك

وەسـف دەکات. ئـەم حاڵەتـە دەروونییـەی شـاعیر پـاش ئـەوە هاتـووە کـە زۆربـەی ژیانـی بـە ناخۆشـی و نەهامەتـی و نائومێـدی و تـرس و دڵەڕاوکێـی ژیـان و کـرێ چیبەتـی و بەسـەربردووە .

## پێنج: دکتۆر کامیل بەصیر ١٩٣٣ - ١٩٨٧

دکتـۆر کامیـل حەسـەن عەزیـز بەصیـر لـە سـاڵی ١٩٣٣ لـە خێزانێکـی کوردی فەیللـی لـە بەغـدا لـە دایـک بـووە، لـە منداڵییـەوە کـە تووشـی سـوورێژە دەبـێ بینایـی چاوەکانـی لەدەسـت دەدا. خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە قوتابخانـە ئەهلییـەکان و قۆناغـی ناوەنـدی لـە قوتابخانـەی ئامادەیـی لـە بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٥٣ تـەواو کـردووە، چونکـێ لەسـەر هەمـوو عێـراق بـە یەکـەم دەرچـوو، مەلیـک فەیسـەڵی دووەم بـۆ خـۆی خەڵاتـی دەکات. لـە سـاڵی ١٩٥٨ بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە زمانـی عەرەبـی لـە فاکەڵتـی ئادابـی زانکـۆی بەغـدا بەدەسـت هێنـاوە و هـەر ئـەو سـاڵە، وەک مامۆسـتای زمانـی عەرەبـی لـە شـاری سـلێمانی دامـەزراوە. لـە سـاڵی ١٩٦٦ بڕوانامـەی ماسـتەر لـە ئەدەبیاتـی عەرەبـی لـە فاکەڵتـی ئـاداب لـە زانکـۆی بەغـدا وەرگرتـووە. لـە سـاڵی ١٩٧٥یـش بڕوانامـەی دکتـۆرا لـە ئەدەبیـات لـە زانکـۆی قاهیـرە وەردەگـرێ.

هاوشـان لەگـەڵ خزمەتکردنـی ئـەدب و زمـان، ئـەو ئەندامێکـی چالاکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووە و لـە سـاڵی ١٩٦٢ زیندانـی دەکرێـت.

ئـەو لـە دامەزرێنەرانـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتانی بـووە لـە سـاڵی ١٩٦٢ و بـووە بـە سـکرتێری.

ئەندامێکـی دیـاری ئەکادیمیـای زانسـتی عێـراق بـووە، ئەندامێکـی دیـاری یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد، ئەندامـی پاڵپشـتی ئەکادیمیـای زانسـتی ئـوردن، ئەندامـی پاڵپشـتی ئەکادیمیـای زانسـتی سوریا، ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری ڕۆشـنبیریی نـوێ بـوو کـە لەلایـەن ماڵـی ڕۆشـنبیری

و چاپەمەنـی کوردییـەوە چـاپ دەکـرا، ئەندامـی ئەنجومەنـی پەرەپێدانـی فێرکردنـی زمانـی عەرەبیـی بـوو لـە وەزارەتـی پـەروەردە.

بەشـداری لـە ژمارەیـەک سـیمیناردا کـردووە کـە لـە ناوخـۆ و دەرەوەی عێـراق بەڕێوەچـوون و بەشـداری هەندێـک کۆنفرانسـی نووسـەرانی کـرد کـە لـە بەغـدا و پارێـزگاکان بەڕێوەچـوون.

نووسـەری دەیـان کتێبـە بـە زمانەکانـی عەرەبـی و کـوردی و لـە نێـو کتێبـە کوردیەکانیـدا بـاس لـەوە دەکەیـن:

"ڕەخنـە - مێـژوو و ڕێبازەکـەی. ئـەدەب و ڕەخنـەی کـوردی. زمانـی نەتەوەیـی کـوردی، مێتافـۆر، زمانـی کـوردی بـۆ قۆناغـی سـەرەتایی، زاراوەی کـوردی، شـێخ نـووری شـێخ سـاڵح ."

لە نێو بەرهەمە عەرەبییەکانیدا باس لەوە دەکەین:

مذكرات طالب من كردستان.

- كامران شاعر من كردستان.

- رسائل الإمام علي _ إطروحة ماجستير.

- المجازات القرآنية - اطروحة دكتوراة.

دکتـۆر کامیـل بەصیـر لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا، وەک ئەدیـب و مامۆسـتا بـە بلیمـەت ناوزەنـد کـراوە و لـە ڕێزبەنـدی نووسـەرە بلیمەتەکانـی جیهنـدا نـاوی تۆمـار کـراوە ئـەو بـە زاری خـۆی دەڵـێ:

"بـە پەنجـە و مێشـکم دەبینـم، هەرگیـز چاوەڕێـی دابەزینـی موعجیـزەم نەدەکـرد، و هەوڵـم بـۆی نـەدا، نەخێـر، بەڵام ڕقم لە ئیسـتغلالکردنی هاوسـۆزی بـوو، چونکـە بەرزتریـن شـت کـە مـرۆڤ دەتوانێـت پێـی بـگات ئەوەیـە کـە بەختـی خـۆی لـە جیهـان بـە خۆشـی و بـە ئازایەتـی و خۆشەویسـتی و ئیمـان ئەرکەکانـی جێبەجـێ دەکات. بینیـن و هەسـتیاری زیادەڕۆیـی لـە ڕێگـەی متمانـە بەخۆبـوون و خەبـات و خـۆ نـەدان بـە ڕۆحـی شکسـت ئـەم ژیانـە، بـەو بـاوەڕەی کـە ئەمـە ڕەنگـە بـەرەو جۆرێـک لـە بەختەوەریـم ببـات".

**شەش: سابیر کوردستانی ١٩٥٥ - ٢٠٢٠**

سابیر محەمەد ئەحمەد، «لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری کەرکوك لە بنەماڵەیەکی هەژار و نەدار لە هۆزی بڵباس چاوی بە ژیان هەڵهێناوە» بە سابیر کوردستانی ناسراوە، ئەو زیاتر وەک گۆرانیبێژێکی دەنگ خۆش ناسراوە، بەشێکی زۆری تێکستی گۆرانییەکانی شیعری خۆیەتی، «لە ساڵی ١٩٧٠ لە ئاهەنگی میللیدا داوەت کرا و چەند ئەندامێکی تیپی مۆسیقای سۆلاقیش لەوێ بوون. کوردستانی دەڵێ: ١٩٧٢ نۆبەرەی بەرهەمم گۆرانییەك بوو بەناوی (هەرمێ و هەنار). لەساڵی ١٩٧٣ گۆرانییەکی ترم تۆمارکرد بەناوی (میوانم هاتم بۆلای تۆ)، لە ئاوازی مامۆستا عەلی مەردان و هۆنراوەی سابیر کوردستانی» ئەو خۆی فێری چەندان ئامێری مۆسیقا کردووە لەوانە عود و نەیی و تەپڵ، لە تەواوی ژیانی زیاتر لە ٦٠ گۆرانی تۆمارکردووە، کە بەشێکی بەرچاوی شیعری خۆی بووین لەوانە: کچ بە نابەدڵ گەر درا بەشوو، خۆزگە لەم دونیایەدا یەك چاوێکم هەبوایە، هەتا دونیا دونیایە من خێر نابینم، من غەریبم، دانیشتبوو لەسەر ئاوێ. ئەو لە ١٠ی ئابی ٢٠٢٠ بە پەتای کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

سابیر کوردستانی دەڵێ:

خۆزگە لەم دونیایە یەك چاوێکم هەبوایە
وەسفی جوانی نەجیبەم بە دڵی خۆم بکردایە
شەوێ تاکو بەیانی شیعرم بۆی هەڵبەستایە
ئەوسا مردنم حەق بوو ناحەق نەبوو خودایە

خۆزگە لەم دونیایەدا ئاواتم ئەهاتەدی
ئەوکەسەی ڕۆشنبیر بێ تێدەگا من دەڵێم چی
جا ئەگەر بەم حاڵەبێ زەحمەتە بۆمن ببی
خۆزگە ئەتۆم بدیتبا بەجل و بەرگێکی کوردی

یارەکەم لێم دەپرسێ بۆوا مات و حەزینی
عالەم گشت دڵیان شادە تۆش هەر خەریکی شینی
هەرکەس حاڵم بدینێ وەردەگەڕێ لە دینی
ئەوا دیسان کولاوە دڵم زام و برینی

ئەزانم رۆژێ هەروا بە ناڕەزای دڵ
ئاواتم نایەتە دی بەوداخە ئەچمە ژێر گڵ
تەمەنی ژینم کەڕۆیی هەروەری وەك پەڕەی گوڵ
ئەوسا هیچ سوودی نییە شین و گریانی بەکوڵ

ڕۆژێ بەوخەیاڵەوە ئەڕۆیشتم بەڕێوە
ڕێم لێهەڵەت بوو وەك شێت کەوتمە ئەو دەشت و کێوە
خوا کارێکی وام بۆبکا ماچکەم ئەم دەم و لێوە
توشی سەد هەڵەی کردم چی بکەم ئەم زا پەشێوە.

خۆزگە لەم دونیایەدا من ڕووناکیم ببوایە
وەسفی جوانی پەروینم بە دڵی خۆم بکردایە
خۆزگە لەم دونیایە یەك چاوێکم هەبوایە
وەسفی جوانی نەجیبەم بە دڵی خۆم بکردایە
شەوێ تاکو بەیانی شیعرم بۆی هەڵبەستایە
ئەوسا مردنم حەق بوو ناحەق نەبوو خودایە.

لەچاوپێکەتنێکی تەلەفزیۆنیدا، سابیر کوردستانی ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە ئـەو کچـەی خۆشویسـتووە لەبـەر ئـەوەی نابینـا بـووە پێیـان نـەداوە، بۆیـە بـە کـەف و کوڵـەوە شـیعرەکەی نووسـیووە واقعـی ژیانـی خـۆی بەیـان کـردووە، شیعرەکە لە واقع و دەروونێکی پاکەوە هەڵقوڵاوە و تەعبیـر لـە نـاخ و جیهانبینـی نابینایـەك دەكات کـە خۆیەتـی، کـە بـەو

کچـە نەگەیشـتووە، دواتـر هەسـت بـە نەقسـێکی زۆر دەکات کـە خۆزگـە دەخـوازێ ڕووناکـی هەبوایـە، یـان یـەك چـاوی هەبوایـە بۆئـەوەی بەباشـی بـەژن و بـاڵای خۆشەویسـتەکەی ببینیبایـە بەرامبـەر بینینـی بـەژن و بـاڵاو نووسـینی شـیعرێك بـۆ نەجیبـە و پەرویـن ئـەو ئامادەیـی ئەوەیـە کـە خـودای گـەورە گیانیشـی لێبستێنێتەوە، بـەڵام دەزانـێ ڕووناکـی بۆچاوەکانی ناگەڕێنـەوە بۆیـە دەڵـێ بـەو داخـەوە دەچمـە ژێـر گڵ، وشـەکانی سـادەن مۆسـیقایەکی جوانـی هەیـە، بـەڵام سـادەیەکی کاریگـەر کـە بـەرد دەخاتـە گێـژاوی بیرکردنـەوە و بەزەیـی پێهاتنـەوە.

**حەوت: حەسەن یوسف بیرێژی ١٩٨٠ -**

حەسـەن یوسـف کەریـم مـەلا مەحمـوود لـە سـاڵی ١٩٨٠لـە گۆنـدی بیرێـژی، لـە پیرمـام لـە دایـک بـووە. لـە ساڵی ١٩٨٦ لـە سـەری ڕەش چووەتـە بەرخوێنـدن و لـە کۆڕەوەکـەی ١٩٩١ بـە گولـلە هاوەنێـک هـەردوو چـاو و دەسـتێکی لەدەسـت داوە، بـەو حاڵـە وازی لـە خوێنـدن هێنـاوە.

لـە سـاڵی ١٩٩٤ پەیوەنـدی دەکات بـە پەیمانگـەی ڕووناکـی نابینایـان و تاوەکـو پۆلـی یەکـی دواناوەنـدی دەخوێنـێ و بـەردەوام دەبـێ لـە خوێنـدن تـا دەچێتـە کۆلێـژی ئادابـی بەشـی کـوردی لـە زانکـۆی سـەڵاحەددین و لـە ٢٠٠٨ بڕوانامـەی بەکەلۆریـۆس بـە دەسـت دێنـێ. لـە ٢٠١٢ بڕوانامـەی ماسـتەر بـە دەسـت دێنـێ . لـە سـاڵی ٢٠٢٠ بڕوانامـەی دکتـۆرا بـە پلـەی بـەرز وەردەگرێ

ئـەو وەک ڕاگەیاندکارێکیـش ١٤٠ بەرنامـەی لـە کەناڵێکـی کوریـدا تۆمـار کـردوە بـە نـاوی سـەمفونیای شـیعر.

وەک ئەکتەریـش لـە فلیـم ڕۆڵـی بینـەوە، بەڕێوەبـەری پەیمانـگای ڕۆناکـی نابینایانـە لـە هەولێـر. (٣) کتێبـی چاپکراویشـی هەیـە.

## هەشت: سومەیە کەمال:

سـومەیە کەمـال کچێکـی تەمـەن (٢٠) سـاڵانە لـە قـەزای سەیدسـادق لـە پارێـزگای سـلێمانی مـاوەی چـوار ساڵە شیعری کلاسیك دەنووسێت خاوەنی نامیلکەیەکـی شیعرە بـە نـای (چرپەیـەك) چەنـد خەڵاتێکـی لەسـەر نووسـینی شـیعرەکانی وەرگرتـوە. ئـەو کاریگەریـی شـیعرەکانی مەحـوی و نالی لەسـەرە. باوکـی هەمیشـە شـیعری بـۆ دەخوێنێتـەوە. ئـەو لـە زگماکییـەوە بینایـی نەبـووە. شـیعرەکانی بـە مۆبایـل، بـە دەنگـی خـۆی تۆمـار دەکات. ئـەم شـاعیرە دوو خوشـکی وەک خـۆی نابینـای هەیـە.

سـومەیە خوێنـدکاری قۆناغـی سـێی بەشـی زمانـی ئینگلیزییـە لـە زانکـۆی سـلێمانی(٢٠٢٣). جگـە لـە ئـارەزووی شیعرنووسـین حەزیـش دەکات ببێتـە گەردوونـاس. هەوڵـدەدات لـە ئاینـدە وەک وەرگێری کـوردی - ئینگلیزی کار بـکات.

## نۆ: شەفیق بەیاد:

لە برگەکانی دادێ ڕۆشنایی دەخەینە سەر.

بـە ڕووماڵکردنـی ژیاننامـە و بەرهەمەکانـی ئـەو ئەدیـب و شـاعیرە دەگەینە ئـەو ئەنجامـە کـە جگـە لـە مەولـەوی و حەسـەن بیرێـژی، ئەوانـی دی لـە تەمەنـی منداڵیـدا بیناییـان لـە دەسـت داوە. ئـەوان بەهـرە و توانسـتێکی باڵایـان هەیـە لـە نووسـین و شـیعر دارشـتندا. کتێبـی چاپکراویـان هەیـە و کامیـل بەصیـر و حەسـەن یوسـف بیرێـژی بڕوانامـەی دکتۆریـان بەدەسـت هێنـاوە و پۆسـت و پێگـەی باڵایـان گرتـووە و لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا پێگـەی خۆیـان هەیـە. ئـەوان هیچیـان کەمتـر نییـە لـە ئەدیـب و شـاعیرە نابینایيـە ناودارەکانـی جیهـان، ئەوەندەیـە، بەداخـەوە، ڕۆشـنایەکی کـەم خراوەتـە سـەر ژیـان و بەرهەمەکانیـان. دەبینیـن هەموویـان لـە ڕێـی هەسـتەکانی دیکـەوە، زانیارییـان لـە دەوروبـەر وەرگرتـووە و هـەر یەکـەی بـە شـێوازی خـۆی گوزارشـتی لـێ کـردووە.

# ژیاننامەی شەفیق بەیاد

لە گەڕەکی قەڵات، کە یەکێکە لە چوار گەڕەکە کۆنەکانی کۆیە، شەفیق بەیاد لە ساڵی ١٩٥٢ لە دایک بووە. ئەحمەداغای عومەری معەرفاغای باوکی، کە لە بنەماڵەی غەفوورییەکانە، گەرچی هەر بە ئاغا ناسراوە، بەڵام باغچەوانێکی ڕەند و چاپووک و ڕەنجدەر بووە. ئەو هەمیشە سەرپەرشتی دوو یان سێ لە باغچە گەورەکانی سەردەمی خۆی کردووە و ڕۆژانە بیست سی کرێکاری لە ژن و پیاو هەبووە کە لە مەزرا و باغ و زەویەکانیدا کاریان دەکرد. تۆفیقی کوڕی دەڵێ:» خەڵک، باوکمیان هەر بە ئەحمەداغای باغەوان نەک باغچەوان ناودێنا، دیارە ئەوەش وەک ڕێزلێنانێک بووە کە باغچەکانی، باغ بوون بۆ ڕزقی حەڵاڵی ئەو ژن و پیاوە کرێکارانە و بەرهەمە جوانەکانی باغچەکانی کە بەشی هەموو شاری دەکرد.» ئەحمەداغا دوو ژنی هێناوە، ئامینە و خەجیج، لە یەکەمیان سێ کوڕ و کچێکی هەبووە: مەعروف و ساڵح و غەفوور و فاتمە. لە خەجیجیش پێنج کوڕی هەبووە: عزیز و ئیسماعیل و تۆفیق و حەمەدەمین و شەفیق.

شەفیق هێشتا بەسەر پێیان نەکەوتبوو، پاشنیوەڕۆیەک، کە لە باغچەی چوارباغ لە دەوری سەماواری جۆشدراو دانیشتوون، خزمێکیان مەڕێک دەهێنێ و بە مێخ زنجیر و پەت دەیبەستێتەوە، لەو کاتە، سەگێک پەیدا دەبێ و مەڕە لە ترسان خۆی هەڵدەدا و ڕادەکات و پەت لە سەماوارە دەئاڵێ، ئاوی کوڵاو بەسەر دەموچاوی شەفیق دادەرژێ و دەسووتێ. گەرچی چەند دکتۆریش، بەو ساوایە سووتاوە دەکەن، سوودی نابێ و بینایی لەدەست دەدا.

لە تەمەنی دە دوانزدە ساڵیدا، شەفیق کە پتر لەگەڵ چەند هاوتەمەنێکی خۆی، کاتەکان لە نێوان باغچە و مزگەوت و گۆڕەپانەکانی گەڕەک بەسەر دەبات، لە ڕێی ڕادیۆیەکی بچووک، وردە وردە بە جیهانی دەرەوەی ماڵ ئاشنا دەبێ و هاوڕێیەکانی بەردوام نامە و پۆست بۆ بەرنامەکانی ئیستگەی ڕادیۆی بەغدا – بەشی کوردی دەنێرن. ئەوە یەکەم دەروازەی کراوە بوو بۆ چوونە نێو جیهانی ئەدەب و شیعر و هونەر. جا چونکی شەفیق، زۆر بە زەین بوو و یادگەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی هەبوو بەوەی کە دەیتوانی دەنگی هەموو کەسێک و هەموو شتێک بناسێتەوە و و هەموو ڕێگاوبانەکان بەبێ دەستگرتن و گۆپاڵ پێبزانێ، زوو کەوتە ئەزبەرکردنی شیعری شاعیرانی کورد.

نێوان ماڵی شەفیق و فازیل شەوڕۆ هەر دیوارێک بوو، بۆیە ئاشنایەتیی نێوانیان، جیهانی سەردەمی هەرزەیی ئەوانی بە شیعر و ئەدەب و گۆرانی... پڕ جۆش و خرۆش کرد. تا گەیشتنە قۆناغی سەرەتای نووسینی شیعر، کە پتر لە فۆڕمە کلاسیکییەکە دابوو. شەفیق بۆ خۆی نازناوی (بەیاد) و بۆ فازیلیش نازناوی (شەوڕۆ) هەڵدەبژێرێت.

شەفیق هەر تەمەنی یانزدە ساڵان بوو، کە تەها شەکرچی جەلاد، ئامیر لیوای ١٤ سوپای بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ حەمەدەینی بیست بەهاریی برای شەفیقی لەگەڵ پۆلێک سڤیلی بێتاوانی دیکە لە دینگەکانی کۆیە پێچا و گوللەبارانی کردن. ئەمە بەسامترین و دژوواترین ڕووداوی جەرگبڕ بوو، کە زۆر ڕەنگانەوەی لەسەر بونیاتی کەسێتی شەفیق هەبوو چ

لـه بـاری دەروونـی و چ لـە بـاری ئەدەبـی و سیاسـی و هزریـدا. تەنانـەت، لاواندنەوەکـەی سـەر کێلـی حەمەدەمینـی شـەهیدیش، شـیعری شـەفیق بەیـادە، کـە دوای دوو سـاڵ بـۆی نووسـی.

لەگـەڵ چەخماخـەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، تۆفیقی برای شـەفیق دەچێتـە ڕیزەکانـی پێشـمەرگە، ئـەوەش گیـان و حەماسـەتی کوردایەتـی، پتـر لـە دڵ و دەروونـی شـەفیق ئاگـر دەدا. بۆیـە لـەو ڕۆژگارە ئـەو پتـر خوولیـای ئەدەبـی بەرەنـگاری بـوو و زۆربـەی شـیعرەکانی حاجـی قـادری کۆیـی و ئیبراهیـم ئەحمـەد و خالیـد دلێـر و مـام هـەژار و دڵـدار و دلـزار و عەونـی... ئەزبەربـوو، هاوتەریـب لەگـەڵ شیعر و غەزەلەکانـی نالـی و وەفایـی و شـیخ ڕەزای تاڵەبانـی و مەحـوی و کـوردی... .

بەم جۆرە شـەفیق وەک شاعیرێک ناسـراو و لە هەموو کۆڕ و مەجلیسێکدا شـیعری دەخوێنـدە و قسـەی لەسـەر دەکـردن و بـەردوام هەمـوو هەسـت و هۆشـی هـەر شـیعر و سـروود و گۆرانـی کـوردی بـوو. ئەمانـەش ڕۆژ بـە ڕۆژ گەنجینـەی فەرهەنگی ئەدەبی ئەویـان دەوڵەمەندتـر دەکـر، تـا ئـەو بـووە بـە خـاوەن بەرهەمـی شـیعری چاپکـراو و دواتـر بـە نووسـینیش کتێبـی ئامـادە کـرد.

بەیـاد لـە ١٩٨٠/١١/١٧، لەگـەڵ پۆلێک لـە خەباتگێڕانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی کوردسـتان لـە کۆیـە، کـە خەریکـی خەباتـی ژێرزەمینـی بـوون، لـە لایـەن پیاوانـی ئەمنی بەعس دەگیرێـت، ئـەو کات ئـەو فەرمانبـەر بـوو لـە وەاڕەتـی ئەوقـاف لـە کۆیـە. دوای ئەشـکەنجەدان و تەعزیبێکـی وەحشـیگەرانەی بەعس لە کۆیە ڕەوانـەی هەیئەیـی کەرکـووک دەکرێـت و لـەوێ بـۆ مـاوەی ٤٠ ڕۆژ تەعزیبـی دەدەن، دواتـر ئـەو حوکمـی زیندانـی حـەوت سـاڵی بەسـەردا دەبڕێتـەوە ڕەوانـەی گرتووخانـە بەدناوەکـەی ئەبوغریبـی دەکـەن، دوای ٩ مانگ لە ناخۆشـترین ڕۆژانـی تەمـەن، ئـازاد دەکرێ، بەبـەر لێ خۆشبوونێک دەکەوێـت و دەگەڕێتـەوە کۆیـە.

لـە سـاڵی ١٩٩٧ بەیـاد لەگـەڵ خاتـوو گولیـزار حەسـەن قـادر کـە ئەویـش نابینایـە، خێـزان پێکدێنـن و کچێکیـان هەیـە بـە نـاوی سـاڕێژ و لـە هەولێـر

دەژیـن.
لـە سـەرتادا دوو کـەس لـە کۆیـە:  دلـزار فائیـق و سـەید جەبـار ئەحمـەد هاوکاریـی بەیادیـان دەکـرد لـە تۆمارکردنـی شیعرەکانی. دواتـر کـە سـارێژی کچـی  پێگەیـی، ئـەو بـووە نووسـەری باوکـی.
بەیاد ئەو کۆمەڵە شیعرانەی چاپ کردووە:
شەوبەندی، لە ساڵی ١٩٨٥
سرووشتی شیرین، لە ساڵێ ١٩٨٩
پەیام، لە ساڵی ١٩٩١
شـەوبەند و سرووشـتی شـیرین لـە لایـەن ئەمانەتـی گشـتیی ڕۆشـنبیری و لاوانـی کوردسـتان چـاپ کـراون، بـەڵام  کۆمەڵـە شـیعری پەیامـی بە هـاوکاری سـەعدوڵڵا شیخانی چـاپ کـرد.
لـە سـاڵی ٢٠١٣ شـەفیق بەیـاد، یەکـەم کتێبـی چاپکـرد بـە ناونیشـانی (ئافـرەت تـەروازووی ژیانـە) کـە ناوەڕۆکەکـەی کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری و پەروەردەیـی و جەندەرییـە.
هاوتەریـب  لەگـەڵ  هۆنینـەوەی  شـیعرو  نووسـینی  کتێـب،  بەیـاد هەڵگـری ناسـنامەی (ڕۆژنامەنووسـانی نێودەوڵەتییـە) ئـەو یەکـەم بابەتـی ڕۆژنامەوانـی لـە سـاڵی ١٩٧٣ بڵاوکردۆتـەوە، دوایـن ڕاپۆرتیشـی لـە سـاڵی ٢٠١٩ بـووە. ئـەو بـۆ ئـەم ڕۆژنامـە و گۆڤارانـە بابـەت و ڕاپۆرتـی نووسـیوە: ڕۆژنامـەی جەمـاوەر، ڕۆژنامـەی هـاوکاری، ڕۆژنامـەی  کوردسـتان ڕاپـۆرت، ڕۆژنامـەی برایـی و ڕۆژنامـەی ئاسـۆ، هەروەهـا لـە گۆڤـاری سـتاندەر.  زنجیـرە ڕاپۆرتێکـی بـە ناونیشـانی (نەخشـەی نوێـی ڕۆژهەڵاتـی  ناوەڕاسـت بـا لـە کوردسـتانەوە دەسـت پێنـەکات) بڵاوکردوەتـەوە ٨ زنجیـرە لـە ڕۆژنامـەی جەمـاوەر و ٣ زنجیـرە لـە گۆڤـاری سـتاندەر و ٣ زنجیـرەش لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان ڕاپـۆرت. دوایـن بابـەت لـەم زنجیـرە ڕاپۆرتـە، بابەتـی (باهـۆزی چـاوەڕوان نەکـراو بەڕێوەیـە).  بابەتـە ڕۆژنامەوانییەکانـی ئـەو،  پتـر بابەتـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ڕۆشـنبیری و گشـتی بـوون.
مامۆسـتا هەمـزە عەبـاس فەقـێ، وا پەسـنی بەیـاد دەکات و دەڵێ:»لـە

هەشتاکان، شەفیق بەیاد، لەو کاتەوە وەک کەسێکی چالاک لە چەند بوارێک دەرکەوتوە، من سێ بوار دەستنیشان دەکەم: چالاک لە بواری جەندەری، کە دوای بیست سی ساڵ ئەوجا خەڵکانێک یان ڕێکخراوگەلێک ویستوویانە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن. لە بواری کۆمەڵایەتییەوە، مامۆستا کەسێکی چالاک بوو، بەردەوام لە نووسینەکان لە کۆڕ و سیمینار و مەجلیس و قسەکردن باسی لەو دیاردە و لەو حاڵەتە نامۆیانە دەکرد کە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەبوون و لە کۆتاییدا ئافرەت باجەکەی دەدا. وەکو بابەتی ژن بە ژن و گەورە بە بچووک و مەسەلەی سوڵح کردن بە ئافرەت و تەنانەت هێندێ بابەتی تایبەت کە ئافرەتی لەسەر دەکوژرا و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچەوسێنرایەوە، بەیاد بە دەنگێکی زۆر دلێرانە داکۆکی لەو لایەنە دەکرد. دواین بوار هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی و هۆشیاری ئایینی. ئەو زۆر مەبەستی بوو کە لە بواری ئایینی خاوەن دید و تێگەیشتنی خۆی بێ ، بۆ خۆتان دەزانن، بۆ کەسێک بەو حاڵەتە تایبەتمەندییەوە وەک نابینایەک، لەوانەیە ئەمە قورس بێ.“

ڕابەر سەید برایم دەڵێ:»شەفیق بەیاد شاعێرێکی ناسک و جوانی کورد و کوردستانە. شیعرە جوانەکانی زیرەکییەکەی لە ڕادە بەدەرە گەرچی نابینایە، بەڵام مێشکی چاوە. من چەندان زیرەکی و توانایم لێ دیوە کە بەڕاستی موهیمەتێکی وای کردوە لە شیعر و لە جوانیدا کە بۆ خۆم دەزانم بۆ خۆی دەزانێ شوێنەکە چۆنە، خەڵک جوانە، ناشیرینە، لاوازە، قەڵەوە هەر بە دەنگ، شیعرەکانی کە بڵاوکردووتەوە جوانییەکانی جوانی چاوە. چەندان دەقە شیعریشی کراوە بە گۆرانی. ئەو نەک هەر شاعیرە، نووسەریشە.“

حاجی کاوە حەمید سەعید دەڵێ:» بەیاد شاعیر و ئەدیب و نووسەرێکی دیارە، شارەزاییەکی باشی لە قورئان و شەریعەتی ئیسلام هەیە هەروەها شارەزایی باشی لە پاراسیکۆلۆژی هەیە .“

# پڕکردنەوەی کەلێنی هەستی لە دەستدراو

دەروونزانی، سەرەتای سەدەی بیستەم، هەنگاوێکی مەزنی زانستی هاویشت و بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، سێ کوچکەی سەرەکیی گەشەکردنەکەی ئەو زانستەش بۆ سێ زانای گەورەی بواری سایکۆلۆژی دەگەڕێتەوە، کە ئەوانیش هەریەك لە فرۆید و یۆنگ و ئەدلەر بوون. فرۆید(١٨٥٨ - ١٩٣٩) وزەی سێکسی کردە بنچینەی داهێنان و کاری ئەدەبی، زۆر بە وردی لەبارەی ئاگایی و پێش ئاگایی و نائاگایی توێژینەوەی ئەنجام دا و قسەی کرد. دەروونی مرۆڤی بۆ سێ بوار پۆلین کرد یان دابەش کرد: (من و منی باڵا و ئەو)، ئیشی لەسەر کۆمەڵێک چەمکی زانستی کرد، لەوانە گرێی ئۆدیب، خەون، وزەی لیبیدۆ، سادیزم و ماسۆشیزم... تاد. کاریشی لەسەر نەستی تاك کرد. یۆنگ (١٨٧٥-١٩٦١) و ئەدلەریش (١٨٧٠ - ١٩٣٧) کە دوو شاگردی فرۆید بوون، یۆنگ کاری لەبارەی نەستی کۆ کرد و بیر و بۆچوونی جیاوازتری خستەڕوو؛ هەرچی ئەدلەر بوو، «لە بیرۆکەی یان غەریزەی حەزکردن لە خۆدەرخستن بۆ قەرەبووکردنەوەی هەست کردن بەکەمی لەگەڵ فرۆیددا هاوڕا بوو، بەڵام لە ناوەرۆکدا لە گەڵیدا هاوڕا نەبوو و بیرۆکەی جیاوازی هەبوو. فرۆید پێی وایە هونەر و داهێنان تەنها قەرەبوو کردنەوەیەکی دەمامکدارانەی سێکسین، ئەدلەر پێی وایە گرێی سێکسی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بەئەندازەی گرێی هەست کردن بە کەمی سەرکەوتوو نییە... ، پێی وایە داهێنان هەوڵێکی قەرەبووکارییە بۆ پڕکردنەوەی هەستکردن بە کەمی.» ئەدلەر سەبارەت بە تیۆرەکەی کاری مەیدانی کرد و نموونەی بۆ هێنایەوە، ئەو دەڵێت: «بۆ ئەوەی هەست بکەین کە مرۆڤین، دەبێت لە خۆماندا هەست بە کەمی بکەین.» بتهۆڤن کە لە کۆتایی تەمەنیدا هەستی بیستن لە دەست دەدا، بەڵام توانی لە بواری مۆسیقا داهێنان بکات و تەحەدای کەم و کوڕییە جەستەییەکەی خۆی بکات، «بایرۆنی شاعیر پێیەکی خوار بووە، کیتس کورتە باڵا بووە، تۆماس وۆرف زۆر کەتە و

درێـژ بـوو.» تەهـا حوسـێن نابینابـوو، بـەڵام توانـی بیێتـە ناوێکـی دیـار لـە بـواری ڕەخنـەی عەرەبیـدا، مازنـی لەبـارەی بەشـار بـن بـورد ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە گەشـەکردنی هونـەری داشـۆرین لای بەشـار هـۆی ئـەوە بـووە کـە نابینـا بـووە و هەسـتی بـە کـەم و کـوڕی کـردووە. لـە نێـو کوردیشـدا ـ وەک پێشـتر قسـەمان لەسـەر کـرد، کەسـانی نابینـای وەکـو د. کامیـل بەصیـر و لـەو دوایانەشـدا د. حەسـەن یوسـف بیرێـژی کـە چەنـدان توێژنـەوەی زانسـتییان لـە بـارەی ئەدەبـی کـوردی نووسـیوە، لـە نـاو شـاعیرانی کوردیـش مـەلا حەمـدوون دەسـت ڕەنگینـی خـۆی لـە بـواری شـیعر نووسـین نوانـدووە. خـۆ ئەگـەر باسـی گۆرانـی بێژانیـش بکەیـن ئـەوا: سابیرکوردسـتانی و عەینەدیـن و تـارا ڕەسـووڵ و مـەلا شـێروانی حافـز و ...دەبینیـن کـە بـە دەنگـە بـە سـۆزەکەیان خزمەتـی هونـەری کوردییـان کـردووە.

مامەڵەکـردن لەگـەڵ تیـۆری ئەدلـەر بـەرەو ئاڕاسـتەی ڕەخنـەی دەروونـی دەچێـت،» ڕەخنـەی دەروونـی ئـەو میتۆدەیـە کـە کار لەسـەر دەقـی ئەدەبـی دەکات و چەنـد بنەمـا و ڕێ و شـوێنێکی هەیـە بـۆ دۆزینـەوەی نهێنییەکانـی نـاوەوەی دەق لـە ڕێـی ڕۆچوونـی بـۆ نێـو ژیانـی ئەدیـب.“

وەك دەڵێـن ناونیشـان وەك چەتـر وایـە نووسـینەکانی لەژێـر کۆدەبێتـەوە، جەمیـل حەمـداوی دەڵێ:»ناونیشـان وەك سـەرە بۆجەسـتە« ، واتـا ناونیشـان جێـگای گرنگـی پێدانـی ڕەخنەکارانـە، ئەگـەر لـە ناونیشـانی بەرهەمـە شـیعرەکانی دەسـت پێبکەیـن، دەبینـی یەکـەم بەرهەمـی شـیعری بەیـاد بـە نـاوی (شـەوبەند) (١٩٨٥) بـڵاو کردووەتـەوە. ڕەهەندێکـی قوڵـی دەروونـی هەیـە، واتـا بەندبـوون لـە شـەودا، شـەو مەدلوولـی تاریکـی و خامۆشـی دوور لـە چـاوی خەڵـك دەگەیێنـی. بەنـد بـە واتـای بەندکـراوی بەندیخانـە دوور لـە ئـازادی و سەربەسـتی، بۆیـە شـاعیر ژیانـی خـۆی بـە بەندیخانـەی دەروون زانیـوە، کـە هەمیشـە تاریکـە و گیرۆدەیـە.

دووەم بەرهەمـی شـیعری شـاعیر بەنـاوی (سروشـتی شـیرین)ە کـە لـە سـاڵی ١٩٨٩ چـاپ بـووە. شـاعیر لەنێـو سروشـتی جوانـی کۆیـە و حەمامۆك و شـیوی ڕەزان پـەروەردە بـووە، هەناسـەی پڕبـووە لـە گـوڵاوی باخچەکانـی

ماڵی باوکی و دەورەوبەر، سروشت تەنها بینینی دیمەنەکان نییە، بەڵکوو بەرکەوتنی شنەی شەماڵ و فێکی و هەستکردن بە ساردی بەفر و ساردی ئاو و تینی هەتاو و بۆن و تامی میوە و دەنگی خۆشی هەزارەها باڵندەیە، شاعیر نەیوتووە سروشتی جوان، هەرچەندە جوانی تەنها لەڕێی بینینەوە نابیندرێ، بەڵکووو لەڕێی چوار هەستەوەرەکەی تریش هەستی پێدەکرێ، ئەگەرچی جوانی ناوەوە کە هیچ پەیوەندیی بە پێنج هەستەوەرەکانیشەوە نییە، بەڵام ڕاستەوخۆش کە دەڵێین: سروشتی جوان، سروشتی ڕازاوە، سروشتی چاوئەنداز، سروشتی دڵڕفێن، سروشتی بەهار... ڕاستەوخۆ حوکمی بینینی چاو زاڵ دەبێ بەسەر هەستەوەرەکانی تردا، بۆیە شاعیر ئەرکی هەستی بینینی گواستۆتەوە بۆ هەستی چەشتن و بە سروشتی شیرین ناوی دەبات، ئەگەرچی مانای شیرینی میوە خۆشەکانی سروشت دەگەیێنێ، لەهەمان کاتدا شیرینی واتای جوانیشی لەپشتە. وەك دەوترێ: خوێن شیرین، گوفتار شیرین، واتا جوان و ناسك.

بەرهەمی سێیەمی بە ناوی (پەیام)ە، لەساڵی ١٩٩١ چاپ بووە، کە مەدلوولی پەیامی ڕاپەڕین و پەیامی خۆشەویستی و پەیامی دەروونی خۆی دەگەیێنێ.

ئەگەر هەندێ لە ناونیشانی دەقە شیعرەکانیشی بخەینە بەرچاو لەوانە: پرسیار، شەونمی نیوەشەو، ئیلهامی شەو، سەرسامم، گوڵی ڕەشپۆش، مەرگ، سارێژ، زامی دووتیر، دۆزەخ و ئەوین، ژیان و مەرگ، پەیمانشکێن، وێنەی دڵدارەکەم، فەلەك و تاوان، کۆچی دایك...تاد.، ناونیشانی ئەم شیعرانە ڕەهەندی دەروونییان هەیە و شیتەڵکاریی ئەدەبی دەروونییان گەرەکە. سەبارەت بە ناوەرۆکی شیعرەکانیش- لە تەوەرەکانی دادێ، تا ئەندازەیەکی باش وردەکاریی لە لایەنی دەروونی و هەست و سۆزی شاعیردا دەکەین.

# وێنەی شیعری

وێنـەی شـیعری سـەرچاوەیەکی گرنگـی شـاعیرانە، یەکـەم بیرۆکـە و چەخماغـەی هـەر دەقێکـی ئەدەبییـە، دواتـر وێنـە وێنـەی تـر کەمەربەنـد دەکات و رستێك وێنە، هێشوە وێنە، لە ئاستێکی هونـەری دەقـی ئەدەبـی لێپێکدێـت. «وێنـەی هونـەری ئـەو داهێنانەیـە کـە لەگـەڵ گیـان و هەسـت و خەیاڵـدا دەدوێ.» دەبێتـە نـاوك و چەقـی شـیعر و لـەو چەقـەوە بیرۆکـە و خەیـاڵ و داهێنانـی شـاعیرمان بـۆ دەردەکـەوێ، لەوێـوە ئەوەمـان بۆدەردەکـەوێ، کـە شـاعیر چـۆن بیـری کردۆتـەوە.

”وێنـەی هونـەری ئـەو ڕەگـەزە هونەرییەیـە کـە لـە باوەشـی گشـت شـیعرێکدا ئامادەیـە و زادەی گشـت سـەردەمێکە.» شـیعری داهێنەرانـەش ئـەو شـیعرەیە مامەڵەیەکـی ژیرانـە لەگـەڵ وێنـەی شـیعری کرابـێ، چ بـە دۆزینـەوەی وێنـەی شـیعری خـودی و نـوێ، یـان بـە شـێوەیەکی نوێـکاری وێنەکۆنـەکان جارێکی دیکە دابڕێژرێنـەوە و ڕەنـگ و ڕووی نـوێ و جوانیـان پیشـان بدرێـت، شـەفیق بەیـاد لـە بونیادنـان و خستنە ڕووی وێنـەی شـیعری دەسـت ڕەنگینـی خـۆی نووانـدووە، لـەم دێـرە شـیعرەدا دەڵـێ:

ویستم نەمامی بەڵێن بڕوێنم
خـۆم لە ئاوێنـەی وەفا ببینم

شـاعیر لـەو دێـڕە شـیعرەدا دوو وێنـەی خسـتۆتە ڕوو، لـە نیـوە دێـڕی یەکەمـدا، بـە شـێوازی بەڕووەککـردن دروسـت بـووە، بەڵێـن شـتێك نییـە بەچـاو ببیندرێـت شـتێکی مەعنەوییـە، شـاعیر بـە نەمامـی بەڵێـن دەریبڕیـوە و بارسـتاییەکی بـە بەڵێـن بەخشـیوە، وەك چـۆن کەسـێك بەڵێنـت پێـدەدا پـاش ماوەیـەك بەڵێنەکـەی دێتـە دی نەمامـی بەڵێـن چاوەڕوانـی گەورەبوونـی نەمامەکـەم و هاتنـە دی بـەری بەڵێنەکـە دەبیـن. وێنـەی دووەم، ئاوێنـەی وەفایـە؛ کـە ئەویـش وێنەیەکـە بـە شـێوازی بەتەنکـردن خراوەتـە ڕوو، کـە وەفـای وەك ئاوێنەیـەك دانـاوە.

لە دێرە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

ئەوجا کە سروشت ویستی ڕوو بە ڕوو
بمداتە دەستی سوپای ئارەزوو

نیوە دێری ئەم دێرە شیعرەیان بە شێوازی بەکەسکردن دروست بووە، کە سروشتی وەکو مرۆڤێك داناوە کە دەیداتە دەست سووپای ئارەزوو سوپای ئارەزوو وێنەیەکە بە شێوازی بەتەنکردن دروست بووە.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

چونکە هەستم بەرامبەر تۆ زۆر بێ دەسەڵاتە
نە بۆخۆم نە خامە تەنانەت نە بەم خەڵاتە
ناتوانم کە هەستی خۆم بەرامبەر تۆ دەربڕم
تەنها گەر شیعرێك بێنم لەبەر پێتی سەربڕم

دەنا هیچم نییە بیکەمە بەرەدەبازی ڕێت
مەگەر قژی شیعرێك بگرم و بیخەمە بەرپێت

شیعرێکی وەسفییە لە دەربڕینی: شیعرێك بێنم لەبەر پێتی سەربڕم. شاعیر بە شێوازی بەرجەستەکردن وێنەکەی دروست کردووە، کە گیان و خوێنی بە شیعر بەخشیووە و وەك بوونێکی ڕۆحلەبەر جەستەی بۆ دروست کردووە. وێنەی دووەم، بەشێوازی بەکەسکردن دروست بووە لە گوتەی: گەر قژی شیعرێك بگرم و بیخەمە بەرپێت، بەدەردەکەوێت. وێنە شیعرییەکان بە هەستی بەرکەوتن هەستیان پێدەکرێ. وێنەکان جوڵاون.

شاعیر لە شیعری(خۆشەویستییەکی خوایی)، کە ١٩٨٧/٨/٦
نووسیویەتی، دەڵێ:

گەلێ سەیرە بەبێ دیتن، لە بۆت مەلوول و کەساسم
نازانم بۆ خۆشم ویستی، بەبێ ئەوەی کە بتناسم

بڕوابکە تەنیا هاوڕێ ناوی تۆی بە گوێ چرپاندم
لەو دەمەوە دڵم دێشێ ناوت دڵی داخورپاندم

لەگەڵ هەموو لێدانی دڵ چاتر لێم نزیک دەبییەوە
تێکەڵی گیان و خوێنم بووی تۆ چۆن لەبیرم دەچیەوە

بە ڕۆژ و شەو تۆ دەبینم وەکو بڵێی لەهەر شوێنێ
دار و دیوار ئاوێنەیە، وێنەی تۆم لە بۆ دەنوێنێ.

شاعیر لەسەر بنەمای وەسف وێنە شیعرییەکانی خستۆتە ڕوو، بنەمای عاشق بوونیشی تەنها لەڕێی بیستنەوەیە نەك بینین، بینین بەلای ئەوەوە نزیك بوونەوەیە لەو و بیستنی دەنگی ئەوە، دەستگرتن و دەستلێدان. وێنەکان بە هەستی بیستن و بینین وەردەگیرێن، کە هەستی بینین زیاتر بەشداره بەتایبەتی لە دوادێڕدا بە دەردەکەوێ، کە دار و دیوار دەکاتە ئاوێنە و وێنەکانی لە بۆ دێنێ. ئەوەشمان پێدەڵێ مەرج نییە دڵداری هەرتەنها لە ڕێی بینینەوە بکرێ، بەڵکوو لەڕێی بیستنیش دەکرێ، نەك بیستنی ڕاستەوخۆش! بەڵکوو ناڕاستەوخۆش ئەو عاشق دەبێ. هونەرمەند قەرەنی جەمیل لەو بارەیەوە دەڵێ» ڕاکێشانی سەرنج و بزواندنی هەستەکان و وروژاندنی دەروونی مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی حەقیقەتەوە دیتە بوون، ئەوەش ڕوون و ڕووناکە، پڕە لە متمانە. بە بیستنی میلۆدییەکی جوان کاریگەری لەسەر ژیان و خۆشبەختی مرۆڤ دەبێت، ئەوە سیحری مۆسیقایە دەگاتە جەستەی مرۆڤ و نەرم و خاوی دەکاتەوە، لە هەموو سترێس و دژوارییەک دووری دەخاتەوە، بە بینین، یان بیستنی جوانی، مرۆڤ دەکەوێتە دۆخی تووانەوە، ونبوون لە سەرابی خەیاڵ، گەیشتن بە حەقیقەتی ڕەها، لە ئەنجامی ئەو هەموو پڕۆسیسە ئیستیتیکییەدا دواجار دەگەڕێتەوە نێو واقیع، کە پڕە لە کێشە و دژایەتی و نەهامەتیی ژیان.» (قەرەنی جەمیل، گۆڤاری دیوان. ژ. ٢٤، ل. ١٣٩)

# وەسف و وەسفی سرووشت

شیعر یەکپارچە وەسفە، گێڕانەوەیە، گێڕانەوەی شتە کۆنەکانە، پێشبینییە بۆ داهاتوو، ئەمەش هەمووی لەسەر بنەمای وەسف بنیاد دەندرێن، کە لەڕێی وێنەی شیعرییەوە بەرجەستە دەبن، بەڵام لە نێو ئەوانەشدا وەسف و وەسفی سروشت خۆی جیادەکاتەوە، چونکە وێنە واقیعییەکان بە کامیرای خەیاڵ دەگیرێن و دەخرێنە ڕوو، لە نێو شیعری زۆربەی شاعیران بەدی دەکرێ، بەتایبەتی لە نێو شاعیرانی قۆناغی ڕۆمانسییەت زیاتر لەم بابەتە قوڵبوونەتەوە، کە مەولەوی و گۆران سەرتۆپی ئەو شاعیرانەن کە گرنگییەکی زۆریان بەلایەنی وەسف و وەسفی سروشت داوە، گۆران لە (دوو هاوینە گەشت)ەکەی، گەشت لە هەورامان و گەشت لە قەرەداغ، گەیشتۆتە ئاستی داهێنان. لای شاعیرانی کورد زۆر وەسفی وەرزەکانی ساڵ کراوە، بەتایبەتیش بەهار و پاییز کە پانتاییەکی زۆرتریان داگیرکردووە.

لای زۆربەی شاعیرانی کورد، کاتێ کە وەسفی وەرزێکی ساڵ یان دیمەنێکی سروشت دەکرێ، سەرەتا چاو بەشدارە لە خستنەڕووی دیمەنەکانی سروشت، واتا لە پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤ یەکەم جار چاو درك بە جوانییەکان دەکات و ئینجا چوار هەستەورەکەی تر ئاوێتەی وەسفەکان دەبن.

بۆنموونە گۆران لە شیعری (گەشت لە هەورەمان)، یەکەم دێڕی شیعرەکەی بەوە دەست پێدەکات:

کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش  (گۆران،١٩٨٠: ١٢٧)

دەبینین وێنە وەسفییەکە بە هەستی بینین وەردەگیرێت، دواتر باسی لوتکە و بەفری سپی و جۆگە ئاو و پێچی شاخ دەکات لە دێڕی چوارەمی ئەم شیعرە، لە وێنەی بیندراوەوە، ئیجا دەگوازێتەوە بۆ هەستی بیستن و وێنەی بیستراو دەڵێ:

هاوار و هاژەی کەف چەڕێنی چەم
بۆ تەنیای شەو لایەلایەی خەم!  (گۆران،١٩٨٠: ١٢٨)

شیعرەکە بە دە وێستگە تێپەڕ دەبێ زۆربەی وێنەکان بەهەستی بینین وەردەگیرێن و ناوە ناوە هەستی بیستن دەبینین و لە کۆپلەی نۆیەمی شیعرەکە هەستی بۆنکردن بەدەردەکەوێ و کە دەڵێ:

ژنی هەورامان: سەراپای خشڵ
سەرچاوەی بۆنی مێخەك و سمڵ (گۆران،١٩٨٠: ١٣٣)

کەواتە لەسەر ئاستی شیعرەکە هەستی بینین پلەی یەکی بەردەکەوێ، هەستی بیست پلەی دووەم، هەستی بۆنکردن پلەی سێیەمی بەردەکەوێ.

پشکۆ لە شیعری (پرسەی بۆگەشت) دەڵێ:

دەچم بۆ سەفەر بەغدا دەبینم
پێم بڵێ دیاری چین لەبۆ بینم
چپەی لێوەهات بەسەری زووبان
وتی گەردانە و ملە و مەمکدان (خۆشناو،٢٠٢٠: ١٥٥)

لەم شیعرەشدا ئەوە بەدەر دەکەوێ کە چوون لە سەفەریدا بەغدا دەبینێ ئینجا قسە و داواکاری دێتە پشەوە و بیستنیش بەشدار دەبێ.

جەلال جۆبار لە شیعری (جوانی کوێستان) بەم شێوەیە دەست پێدەکا:

با بچینە کێستان بۆگەشتی ئەم ناوە
جوانی جیهانی خوا بەم شوێنەی داوە
لە چلەی هاوینە نێوبەهار ببینە
قەندیل مەندیلی هەر فرێ نەداوە...(دەشتی و سلێمان، ٢٠١٠: ٨٤)

دەبینین شاعیر لە وەسفی سروشتدا دیمەنەکانی بینین وەسف دەکات، لە کۆتایی شیعرەکە باسی بلوێری شوان دەکات کە کچان دەخاتە سەماکردن. لە شیعرەکانی ئەحمەد دڵزار و هێمن و هەردی...هەر لە شیعرەکەی گۆرانیش کاتێ باسی جادەیەکی چۆڵ دەکا لەکاتی بەیانی

بـە دەم ڕۆیشـتەنەوە خەیـاڵاوی دەڕوانێ...نموونـەی شـیعری لـەم بارەیـەوە زۆرە، پێویسـت بـە نموونـەی تـر نـاكات، بـەڵام لـەم دەروازەیـەوە حەزمـان كرد شـۆڕبینەوە جیهانـی بەیـاد كـە ئـەو وەك نابینایـەك، لـە زۆربـەی وەسـفەكان لـە بیسـتنەوە دەسـت پێـدەكات، ئینجـا هەسـتی بەركەوتـن و بۆنكـردن و تامكـردن بەشـداری پێـدەكا، ئەمـەش جیهانبینـی و ڕوئیابینینـی شـاعیرە، لـە شـیعری (باخـی چنـارۆك)دا، بەیـاد دەڵـێ:

فەرموو بچینە باغی چنارۆک
سەرنج ڕاکێشە وەکو حەمامۆک

نموونەی نەخشی دەستی یەزدانە
جێی ڕابواردن و شایی و سەیرانە

لە پاش ئاوازی شمشاڵی شوان
قاسپەی کەوان دێ لە هەیبەسوڵتان

ئەوجا کوڕ و کچ لە شاری کۆیە
بەرەو چنارۆک دەکەونە ڕێیە

دیمەنێکی وا دەهێننە بەرچاو
مەلی ئاسمان دەخەنە نێو داو!

کەوابێ ( بەیاد ) تۆش بەرەو سەیران
یا بۆ چنارۆک یا ئۆمەر خوچان.

هەرچەنـدە بـە وشـەی سـەرنجڕاكێش دەسـت پێـدەكات، بـەڵام سـەرنج ڕاكێشـان شـەرت نییـە تەنهـا مەبەسـتی بینیـن بـێ هەسـتی بیسـتن و بۆنكـردن و ...سـەرنج ڕاكێشـن لـە وەسـفەكان باسـی ئـاوازی شمشـاڵی شـوان و قاسـپەی كـەو دەكات و بـە هەسـتی بیسـتن وێنـەكان وەردەگیرێـن.

هەنـدێ جاریـش (بەیـاد) وەك چاوسـاغێك دەدوێ و قەرەبـووی نابینیینەکـەی خـۆی دەکات و ئـەو دەڵـێ:

بەهار نموونەی بەهەشتی خوایە
دەشت و کێو بووکە بەهار تارایە
دەنگی باڵندە، سەد مۆسیقایە
بەشنەی شەماڵ گوڵ لە سەمایە
زەرد و سوور، کیژ و لاو تێکەڵاوە
شایی ڕەشبەڵەک، چوار دەوری داوە
ڕووبار شاباشی، شەپۆلی ئاوە
گریەی گەواڵە، خەندەی هەتاوە

لـەم شـیعرەدا هەسـتی بینیـن و بیسـتن بەشـدارە، بیسـتنەکان: دەنگـی باڵنـدە، مۆسـیقا، شاباشـی ڕووبـار کـە مەبەسـت لـە هـاژە و خـوڕەی ڕووبـارە، شـەپۆلی ئـاو، گریـە، خەنـدە و پێکەنیـن.

هەسـتی بینیـن ئەمانـەن: دەشـت و کێـو بووکـە، تـارا، سـەما، زەرد، سـوور، شـایی. ئـەم وێنـە بینینانـەش دەبـن بـە دووبـەش: یەکـەم؛ ئەوانـەی بـە هەسـتی بەرکەوتن(دەستلێدان)هەسـتیان پێدەکـرێ، لەوانـە: تـارا: ئـەو پارچـە قوماشـەی کـە ئاوریشـمە و بەدسـتلێدان هەسـتی پێدەکـرێ. سـەما: بـە دەستلێدان و دەسـتگرتن و و بیسـتن هەسـتی پێدەکـرێ، شـایی بـە هـۆی هەسـتی بەرکەوتـن و بیسـتن هەسـتی پێدەکـرێ.

دووەم؛ ئـەو شـتە بیندراوانـەی کـە جگـە لـە هەسـتی بینیـن، بـە چـوار هەسـتەکەی تـر هەسـتیان پێناکـرێ. ئەوانیـش ڕەنگەکانـن، شـاعیر ڕەنگـی زەرد و سـووری بەکارهێنـاوە. ئـەم ڕەنگانـەی ئەزمـوون کـردووە، لـە زۆر شـوێنی شـیعرەکانی باسـی ڕەنگـی ڕەش دەکات کـە بـە مانـای ماتەمـی و ناخۆشـی بـەکاری هێنـاوە. لێـرەش ئـەو ئەزموونـەی بیسـتووە کـە هـەردوو ڕەنگـی زەرد و سـوور، ڕەنگـی شـادین. وەك شـتێکی چاولێکـەری وەریگرتـووە. چونکـە لـە دێـڕە شـیعرێکیدا دەڵـێ:

قاز و مراوی پۆڕی ڕەنگاو ڕەنگ
دڵ دەبزوێنن وەک بوکی قەشەنگ

هیچ شاعیرێك باڵندەی پۆڕی، بە ڕەنگاوڕەنگ وەسف نەکردووە، چونکە باڵندەی پۆڕ ڕەنگی بۆر و خاکییە ئەو ڕەنگا و ڕەنگییەی تێدانییە کە شاعیر باسی دەکات، زۆر جار بە لای شاعیرەوە ناو هێنانی چەند ڕەنگێك بەسەر یەکەوە مانای جۆراوجۆریش دەگەیێنێ. زۆر جار لە کوردەواری دەگوترێ: بەو (لەونەی) بیکەی باشە. مەبەستی بە مجۆرەیە.

شاعیر لە شیعری (شۆڕشی هەمەڕەنگ)کە لە ١٩٧٢/٢/٢١ نووسیویەتی، دەڵێ:

ئەی گەلی کورد چاو هەڵێنە دەستدە دوربینی بەڵێن
دوور تەماشاکە بزانە ئەم هەموو ڕێبوارە کێن
سەیری خۆتکە تۆ لەکوێی و ئەوانیش ئێستا لە کوێن
چاك بیانناسە ئەزیزم نەوەك باوەڕ نەکەی پێم

لەم شیعرەدا تەواو وەك چاوساغێك دەست پێدەکا و سەرجەم وێنە شیعرییەکان بە ناونیشانەوە لە ڕێی چاوەوە وەردەگیرێن، بەڵام لێرەشدا ڕوونکردنەوەمان هەیە، شۆڕشی هەمەڕەنگ، واتای شۆڕشی جۆراوجۆر دەگەیێنێ. هەر چەندە لە کوردەواری کە دەڵێن: (دوور بڕوانە حیسابی داهاتوو بکە)، یاخود دەڵێن: دووربین بە. بەو مانایەی نییە کە چاوت حوکمی بینینی چەند فەرسەخێك و چەند کیلۆمەترێکی هەیە. بە ومانایییە کە کارێك بکەی دەبێ بزانی دەساڵی تر لێی پەشیمان نابیتەوە، ئایە کارەکە ڕەوایە کە کردووتە، لە داهاتوودا قازانج و زیانی ئەم کارە چییە، خۆشییەکانی سەرئێشەکانی چین؟ بۆیە زۆربەی ئەم بینینانە ڕەهەندێکی میتافۆڕییان هەیە، زۆرجار مانای خودی ڕوانین ناگەیێنن. جگە لەوانەش شاعیر وەسفی دیمەنەکانی ئاسمانیش دەکات باسی هەور و ئەستێرە و مانگ و خۆرەتاو دەکات. هەرچەندە خۆرەتاو بەهۆی بەرکەوتنەوە هەستی پێدەکرێ، هەور بەهۆی گرمە و بەرکەوتنی بارانەوە هەستی پێدەکرێ، بەڵام مانگ و ئەستێرەکان

نـه بـە هەسـتی دەسـتلێدان  نـە بـە هەسـتەکانی تـر هەسـتیان پێدەکـرێ، بۆیـە تەنهـا بـە هەسـتی بینیـن هەسـتیان پێدەکـرێ. تەنانـەت شـیعرێکی دوور و درێـژی هەیـە گفتوگـۆی نێـوان و خۆیـی و مانگـە، ئەگەرچـی لـە شـیعرەکەدا کاریگـەری شـیعری ئـەی مانـگ مـن و تـۆی بێکەسـی پێوەدیـارە. بۆیـە زۆرجـار شـاعیر وەك لاسـایکردنەوەی شـاعیران ئەویـش شـیعری نووسـیوە و ئەزموونـی کەسـانی تـری بـە وێنـەی نـوێ و ناوەڕۆکێکـی تـازە خسـتۆتە ڕوو. ئەوەشـمان لـە بیرنەچـێ شـاعیر دەیـەوێ قەرەبـووی ئـەو کەموکوڕییـەی خـۆی بکاتـەوە و وەك چـاو سـاغێك دەدوێ و تەحـەدای ئـەوە دەکا، کـە ئـەو نابینـێ، چونکـە جگـە لـە مانـا میتافۆرەکـەی پشـتی دووربیـن و بینینـەکان ئـەوا ڕەگێکـی ئـەم شـیعرە هـەر لـە هەسـتی بینینـە و سـەراپای شـیعرەکەش بـە هەسـتی بینیـن وەردەگیـرێ.

کۆمەڵـێ شـتی ئەفسـانەیی هەیـە لەوانـە: تەیـری ئەنقـا، قەقنـەس، سـیمرخ.، قولـەی قـاف، شـاری جابلوقـا؛ ئەوانـە زۆر لـە شـیعر بەکارهاتـوون و بەبـێ ئـەوەی بوونێکـی فزیکییـان هەبـێ، بۆیـە گوزارشـتی کەسـەکان بـە بینـا و نابینـا بەگوێـرەی ئـەو وەسـفەی بۆیـان کـراوە وێنەیەکـی بەرجەستەکراومان دەدەنـێ، تەنێـك، قەبارەیـەك وەك کۆتـر ، جـا نابینایـەک بەدەسـت بگیرێـت یـان بـە چـاو ببیندرێـت وێنـە و قەبـارە و شـێوەکە بەرجەسـتە دەبێـت بـە پێچەوانـەی شـتە ئەفسـانەییەکان.

دوور نییـە چونکـە خەڵـک تاریکی و خامۆشـی و شـەو هەمیشـە بە جیهانی نابینـا دەبەسـتنەوە، بەیـاد و هەمـوو نابینایـەکان هـەر نەبـێ، بزانـن ڕەنگـی رەش و تاریکایـی چۆنـە، چونکـە دیـدەی وان تاریـک و لـە ڕێـی وەسـفی خەڵک بـۆ ئـەو حاڵەتـە و ئـەو ڕەنگـە، شێوەیەکی ڕەنگـی رەشـی بێتـە بەرچاویـان.

## کاریگەریی شاعیرانی کورد بەسەر بەیاددا

کاریگـەری ئەدەبـی زانسـتێکی گرینگـی ڕەخنـەی ئەدەبییـە، کـە بـە ڕەخنـەی بـەراورد ناودەبـرێ، ئەویـش دەبێـت بـە دوو بەشـەوە، یەکـەم: بـەراوردی ئەدەبـی: بـەراورد کردنـی دوو دەقـە، لەنێـوان دوو زمانـی جیـاوز و کاریگـەری و خاڵـی پێکچـوون و جیـاواز دەبنـە بنەمـاو پنتـی توێژینـەوەی بـەراوردی ئەدەبـی. کـە ئەویـش چەنـدان قوتابخانـەی بەراوردمـان هەیـە، لەوانـە قوتابخانـەی بـەراوردی فەرەنسـی، قوتابخانـەی بـەراوردی ئەمریکـی، قوتابخانـەی بـەراوردی ڕووسـی. کـە هەریـەك لـەم قوتابخانانـەش کۆمەڵێ شەنگسـتە و پـاژی جیاوازیـان هەیـە. دووەم: هاوسـەنگی ئەدەبـی: بەراوردکردنـی دوو دەقـی ئەدەبـی هەمـان زمانـن، بۆیـە ئـەو کۆمەڵـە دەقـەی کـە ڕووبـەڕووی یەکیـان دەکەینـەوە و لێیـان دەدوێیـن دەکەونـە خانـەی هاوسـەنگی ئەدەبییـەوە.

لێـرەدا لەجێـی خۆیەتـی کـە بڵێـن، شـاعیر نییـە لـە ژێـر شـیعر و نووسـینی کەسـانی دیکـەدا نەبـێ، تەنانـەت هێنـدێ جـار شـاعیر لـە ژێـر کاریگـەری کتێبـە پیرۆزەکاندایـە یـان خەونێکـی خـۆی لـە قالبـی شـیعرێکی شـاکاردا دادەڕێژێتـەوە، کەواتـە ئەمـەی لێـرەدا قسـەی لەسـەر دەکەیـن، ناچێتـە خانەی ڕەخنـە و کـەم ئەزموونـی شـاعیرەوە، جـا هـەر شـاعیرێک بـێ.

شاعیر لە شیعری(دایکی دڵبەر)دا دەڵێ:

دایکی دڵبەر با نەزانێ ئەم دڵەم دێوانەیە
گەر بزانێ، بۆ نەمانم هێرشی شێتانەیە
هەوڵ و کۆششم هەمیشە لەم ڕێگایە خەرجەکەم
وام لە پێنووس دەن، کە خۆییم، پێم نەڵێن بێگانەیە.
کێ لە باسی ئەم ئەوینە، شارەزایە ڕاپەڕێ!
بێتە نێو کایە، بە مەرجێ خوێنی زامی نەسڕێ
هەر کەسێ بەم ژەهرە مارە گیانی لەرزۆکدار نەبێ
ناتوانێ لای پزیشک ئێشی زامی دەربڕێ

ئەو گێژاوەی من وتم با بزانن کە ئەوینە
گڕو گڵپەی گەلێ سەختە دۆزەخی چی؟ زۆر بە تینە
لە ڕەستا خێز چینی گومڕا دەسووتێنن تا بڵێی
من لە دوولا دەسووتێم و لە ئاسمان و لە زەمینا

شاعیر بە کەف و کوڵ و حەزێکی عاشقانە، هەستەکانی خۆی دەردەبڕێ، هەستی سۆزداری و خۆشەویستی، ترس لە دایکی دوڵبەرە، ترسی لەوەیە ڕووبەڕووی بێتەوە، ئەمیش ئامادەی گیان سپاردنە لە پێناو ئەم عیشقە و دواتر باسی سووتان و ئازاری ئەم ئەوینە دەکات، چونکە ئەوین ڕێگایەکی سەخت و بە ئازارە، وەکو حافز وتەنی: عەشق سەرەتا بەئاسانی خۆی نیشاندا، دواتر ئازار و سەرئێشە و کیشەی زۆر دەبێ. سامی عەوداڵ ئەویش باسی سووتان و شۆڕش دەکات و لە شیعری (قەلبی من)دا دەڵێ:

قەلبی من گەر چەشنی لالە بێتوو نەوتی تێبکەن
ئاگری دوژمن بێتە گیانم، وەك چرا من پێبکەن
شەقشەقی کەن گۆشت و ئێسقان، یەك بەیەك خوێی تێبکەن
بێ ترس من دێمە مەیدان حوکمە ئازادیم دەوێ
گەر نەسووتێم و نەخنکێم، چۆن هەژارم سەرکەوێ
ئەچمە ناوجەرگی هەژار و شانبەشان و وەك برا
ڕۆح و لاشەم ئیش نەکا بۆ میلەتێکی حەق خورا (حەمەدبەگ، ٢٠١٥: ١٩)

لە بەراوردی ئەم دوو دەقەدا، دەبینین ئەوەی سامی عەوداڵ لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە لایەن هونەرمەندی گەل تاهیر تۆفیق کراوەتە گۆرانی و شاعیر زۆری بیستووە، ئەوەی سامی عەوداڵ ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، بەڵام بەیاد زۆر ژیرانە سوودی لەم شیعرەی سامی عەوداڵ وەرگرتووە و ڕەهەندێکی دڵداری پێبەخشیوە، هەر کە هەردووکیان دەخوێنیتەوە هەست بە هەناسە و ترپەی هاوبەش دەکەین، هەردوو شیعرەکە بە کێشی پەنجەی (٨ + ٧) دەپێورێن واتا

پـازده بڕگەیـن و مۆسـیقا و ترپەیـان لێـک نزیکـە. لـە دەقەکـەی سـامی عەودالـدا (دوژمـن و گـەل) هەیـە، لـە دەقەکـەی بەیاددا،(خـۆی و دایکـی دولبـەر) هەیـە. دوژمنـی کـورد و دایکـی دولبـەر هەردووکیـان خوێنڕێـژ و بێویژدانـن. کـۆدی هاوبەشـی نێـوان هـەردوو دەقەکـە: لـە هـی بەیـاد: (بێنـە نێوکایـە)، (هەرکەسـێ)، (دۆزەخ و سـووتان). هـی سـامی عـەودال: (بێنـە میـدان)، (هەرکەسـێ)، (دۆزەخ و سـووتان)

بەیاد دەڵێ:

سەردار و سەرتیپ، هەر تۆ ڕێزانی
سوپاسالاری لەشکری جوانیی

عەونی شاعیر پێش (شەفیق بەیاد) بەم شێوەیە دەیبڕیوە:

تەماشای دولبەری من کەن
سوپا سالاری خوبانە...(عەونی،٢٠١١: ٣٣٩)

ئـەم شـیعرەی عەونیـش لـە لایـەن تاهیـر تۆفیـق و حەمەبەگـرەز بـە گۆرانـی وتـراوە و (بەیـاد) بیسـتوویەتی.

بەیاد لە شیعرێکی دیکە دەڵێ:

بەدکار
هەر کەسێ ببتە کۆسپی دڵداران
ببێتە دڕکی سەر ڕێی هەژاران
ببێتە دژی دڵ بریندااران
ڕووی گرژ و مۆنبێ لە ڕاست بێچاران
خوایە ئەو کەسە بەشی تاڵی بێ
پیشەی هەمیشە هەر غەمخواری بێ.

ئـەم جـۆرە توکلێکـردن و دوعـا کردنـە لـە فۆلکلـۆری کـوردی زۆرە بۆنموونـە حەسـەن زیـرەك لـە گۆرانییەکیـدا دەڵـێ:

هەرکەسێ بکا مەنعی دڵداری
پەڕوپۆ دەرکا وێنەی پاساری

دەبینیـن بەیادیـش بـە (هەرکەسـێ) دەسـت پێـدەکا، بـەڵام بـە چەنـد

دەربڕینێکی جیاوازتر، هەرچەندە هەر وا هەست دەکرێ کە لەبەرئامێزی ئەم شیعرە فۆلکلۆرییەی کە بەشێوەی گۆرانیش بیستوویەتی وەریگرتووە و ڕەنگ و ڕووی گۆڕیوە.

بەیاد لە شیعری (سامانێکی بێکۆتا)، کە لە ساڵی ١٩٨٨، نووسیویەتی و کاریگەری چەند شیعرێکی هێمنی شاعیری بەسەرەوەیە، دەڵێ:

ئەو دەمەی بێری و شوان دەستی ڕەشبەڵەك دەگرن
ئەو دەمەی کە دوو دڵدار لە پێناوی یەك دەمرن
ئەو دەمەی تاڤگە پڕ پڕ بەفراوی لێ هەڵدەڕژێ
ئەو دەمەی گوڵ پێدەکەنێ ئاونگی دەپرژێ
ئەو دەمەی شەو،خەو، بە دیاری دێنێ
ئەو دەمەی کە شەونم شەقڵی بەیانی دەشکێنێ
ئەو دەمەی پەلکە زێڕینە دەبێتە کەوانە
ئەو دەمەی ڕووبار شەپۆلی دەبێتە ئەفسانە

دەبینین شیعرەکە لە سەر بنەمای هونەری دووبارە بوونەوە بنیاد نراوە و بە گوتەی (ئەودەمەی) دەست پێدەکا. هێمن دەڵێ:

لەو دەمەی ڕا دڵم لێیداوە بۆ ژوان
من دێوانەی چاوی جوانم چاوی جوان (هێمن، ١٩٧٩: ٤٩)

هێمن لە شیعری (یادم بکەن) دەڵێ:

لەودەمەیدا پیاڵە دەدرێن لەپیاڵە
لەو دەمەی دا لێوتان بە بادە ئاڵە
لەودەمەیدا کۆڕی شادی دەبەستن
لەدەمەیدا سەرخۆش و مەستی مەستن
لەودەمەی دا دەست لە بەژنان وەردێنن
لەودەمەیدا بەرکۆژە دەترازێنن (هێمن، ٢٠١٢: ٢٥٢-٢٥٣)

شیعرەکە لە سێزدە دێر پێکهاتووە و یازدە دێریان بە (لەودەمەیدا) دەست پێدەکات، ئەم شیعرەی هێمن لە ١٩٧٣/١١/٣١ نووسراوە و دواتر کراوەتە گۆرانی.

بەیاد لە شیعری (ئیلهامی شەو)، کە لە ١٩٧٢/١١/١٥ نووسیویەتی، دەڵێ:

نازەنین ئەی شای جوانان ئەی پەری ڕووخساری شەو
مانگی ئاوات و نیازم ئەی چرای بازاڕی شەو
ئەی شەرابی ئارەزووی دڵ جامی دەست دڵداری شەو
زۆر پەرێشانم.. درەنگە ئەی خەوی زاماری شەو
بۆ بریندارān، بزانە خەنجەرە هاواری شەو

ئەحمەد هەردی لە ساڵی ١٩٤٨ پێنج خشتەکییەکی لەسەر غەزەلی شێخ نووری نووسیوە دەڵێ:

قەد نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو
خۆت نەدەیتە بەر شەپۆلی ئەشکی بێ پایانی شەو
ئەی کچی خوادوەندی جوانی و ئەی چرای دیوانی شەو
(خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵبریندارانی شەو
نەك خوانەکردە گیرابێ دوعای ناڵانی شەو) (هەردی، ١٩٨٤: ٦٦)

بەیاد دەڵێ: (ئەی چرای بازاڕی شەو) هەردی دەڵێ: (ئەی چرای دیوانی شەو)، پێویست بە زۆر خوردکردنەوە ناکات، کاریگەرییەکە زۆر ئاشکرایە، ئەم شیعرەش لە هەرەتی گەنجی لە لایەن هونەرمەندی کۆچ کردوو(کەریم کابان)کراوەتە گۆرانی و شوهرەتی دەرکردوە.

بەیاد لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

کوڕانی لادێ دەم بە گۆرانی
پۆلی کیژە کورد بەرەو ڕێی کانی.
مل و خەناوکە زرینگەی بازن
مرۆڤ دەخاتە نێو دەریایی بێ بن
دەنگی جوتیار و حیلەی کە حێلان
ڕمبازی لە تەک خێوەتی خێڵان
کاروان و ڕێبوار بە دوورە سڵاو
لێک حاڵی دەبن هەریەک لە پڕتاو

ئەم شیعرە کاریگەری گۆرانی شاعیری بەسەرەوەیە، دەتوانین بڵێین

وەك ستایل و شکڵ و شێوە کاریگەرییەکە دیارە ئەگەرچی پەیوەست نییە بەخودی تاقە شیعرێکەوە، بەڵام سەرەداوی لەگەڵ شیعری گۆران هەیە. گۆران لە شیعری (گەشت لە هەورامان) دەڵێ:

تووله ڕێی باریك تووناوتوون پشکن

ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێبن...(گۆران،١٩٨٠: ١٢٨)

شەفیق بەیاد دەڵێ: (مرۆڤ دەخاتە نێودەریای بێ بن). گۆران دەڵێت: (ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن). هەر لە شیعرەکەی گۆراندا کاتێ وەسفی کانی ژنان دەکات هاتووە:

ئێواران پۆلپۆل لاوی کاکۆڵ لوول

سەرە ڕێ ئەگرن، سەرگەرم و عەجوول

لە شیعری گەشت بۆ قەرەداغ، گۆران باسی سوار سوارێن و ڕمبازی کرردووە. بەیاد زیرەکانە بیر و بەهرەی گۆرانی هەڵمژیوە و جارێکی دیکە دایڕشتۆتەوە و ڕەنگڕێژی کردووە. لەبەر ئەوەی بەیاد نابینایە، بۆیە زۆربەی ئەو شیعرانەی کە پێیان کاریگەرە لە ڕێی گۆرانییەوە بیستوویەتی، خۆ سالانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕادیۆی کوردی و تەلەفزیۆن باوی بووە، زۆربەی ئەم شیعرانە بەدەنگی شوکرڕوڵڵای بابان پەخش کراون. هەرچەندە کارگەرییەکان دیارن بەڵام، بەیاد توانیویەتی کەسایەتی نووسینی خۆی بپارێزێن، بۆیە مەسەلەی کاریگەری زۆر ئاساییە، ئێمە بۆ کتێبێك دەخوێنینەوە بۆئەوەیە کارمان تێبکات و هەندێك زانیاریمان لە هزردا پێببەخشێ دواتر بەشێوەیەکی دیکە، گوتە و زانیارییەکانی بلێینەوە.

بەیاد لە دێرەشیعرێکدا دەڵێ:

فەلەک تا بلێی پەیمان شکێنی

سەگسار، درۆزن، زۆر بێ بەلێنی

خەلیل وەندی گۆرانییەکی کۆنی هەیە کە بە ڕەش و سپی تۆمار کراوە و لە تەلەفزیۆنی کەرکوك پەخش دەکراوە دەڵێ:

خۆشەویستەکەم ئارامی گیانم
بینایی دیدە و ڕۆحی ڕەوانم
یاران هەر ئاوا پەیمان شکێنن
هەروا بێ قسە و وابێ بەڵێنن
لە هەردوو دەقەکە گوتەی: (پەیمان شکێن و بێ بەڵێن) دەبینین.

## کاریگەریی فۆلکلۆر بەسەرە شیعرەکانی بەیاددا

فۆلکلۆر هەموو ئەو گوتراوەن کە لە باب و باپیرمانەوە بۆمان بەجێماون لە: حیکایەت و گۆرانی و پەند و بەیت و بالۆرە و مەتەڵ وداستان...تاد. کە بوونەتە سەرچاوەی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بۆشاعیران، مەرج نییە شاعیر وەك خۆی هێما و ڕەمزەکان بەکار بهێنێ، بەڵکوو ئەو بابەتە فۆلکلۆرییانە گەرایان لە ناخی هەموو ئەدیبێکی ڕەسەن خستووە، چونکە ڕەسەنایەتی ئەدەبی دەبێ ڕەگی لە نێو زمان و کلتووری کۆمەڵگای خۆی بێ، ئینجا بە ئەدەبی ئەم نەتەوەیە لە قەڵەم دەدرێ. کەواتە ڕەنگدانەوەی دەقی فۆلکلۆر لە شیعرەکانی هەر شاعیرێکیدا هەم بەڵگەی هۆشیاریی شاعیر و هەم باڵادەستی ئەو بەدیار دەخا لە هونەری تەوزیف کردنی ئەو دەقە، بە شێوەیەک کەرستە و بەرهەمێکی نوێی لێ بهێنێتە کایەوە. ئەم ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور و فۆلکلۆر دەچێتە خانەی ئاست بەرزی شاعیر، نەک پێچەوانەکەی. بەیاد ئاوڕێکی جددی لەم بوارە داوەتەوە و دەڵێ:

دەڵێن لەبۆ شەم گڕی گرت وەلی دیوانە
گوڵی تەمەنی هەڵوەری بوو بە ئەفسانە

شیرین و فەرهاد و لەیل و مەجنوون و وەلی و شەم ...ئەمانە بوونەتە وێردی سەرزاری شاعیران هەر شاعیرە و بە شێوەیەك دایڕشتۆتەوە و وێنە و مەدلوولی نوێی پێبەخشیوە.

شاعیر لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

کەچی ئێمەی بڕوا بەیەک زۆر لەوانەش دڵسۆزترین

لەمەم و زین، لە وەلی و شەم گەلێ گەلێ پیرۆزترین

وەنەبێ شاعیر هەر تەنها سوودی لە داستانی دڵداری وەرگرتبێ، بەڵکوو سوودی لە ئەفسانە و پەندی پێشینان و ئیدیۆمیش وەرگرتووە.

شاعیر دەڵێ:

ئارامم لێ بڕاوە

شەرمم لێ هەڵگیراوە

کوانێ شۆخی دڵخوازم؟

شاعیر ڕاستەوخۆ سوودی لە ئیدیۆمێکی کوردی وەرگرتووە کە دەڵێ: (شەرمی لەڕوو هەڵگیراوە) ئەمە بە کەسێکی چەقاوەسوو دەڵێن کە شەرمی نەمابێ، بەڵام شاعیر لە ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکەوە، دەیهێنێتەوە سەر ڕاناوی یەکەمی تاك و بۆ مەبەستێکی دڵداری بەکاری دەهێنێ، کە ئەو سەبر و ئارامی نەماوە.

بەیاد دەڵێ:

دیارە یاری من بەهێزە دەنا بۆچی بەتێکڕایی

بوونە بەردی بنی گۆمێ ئەستێرەکان لەشەرمانا

دەربڕینی بەردی بن گۆم و تڕی بن گۆم لە مێژە گوتراوە بۆ ون بوونی شتێك و لەناوچوون و تێچوونی شتێك بەکار دێ ئەو ڕووی دڵداری پێبەخشیوە. بزربوونی ئەستێرە بەهۆی هەور و هێر و هەردیاردەیەکی سروشتی، ئەمە حەقیقەتی باسەکەیە، بەڵام شاعیر بەهۆی هونەری جوانی بایس هۆکاری ونبوونی ئەستێرەکان لە دیاردەیەکی سروشتییەوە دەگوازێتەوە بۆ شەرم کردن و وێنەکە بەشێوازی بەکەس کردن خراوەتە ڕوو.

بەیاد دەڵێ:

بیر لە ڕابردوو هەرگیز مەکەوە
ڕابردوو چاڵی تاریکی شەوە
ئەوەی تێپەڕی بەفرەکەی پار بوو
وا دانێ هەمووی خەیاڵە، خەوە.

لـە فۆلکلـۆری کـوردی واهاتـووە: (وەك بەفـری پـار تووایـەوە). واتـا کاتـێ حەقێکـت هەیـەو زۆر کـۆن دەبـێ و نـادرێ کـوردەواری وادەڵێـن. تەنانـەت شـاعیر لـە ناونیشـانی شیعرەکانیشـی سـوودی لەپەنـدی پێشـینان وەرگرتـووە، شـیعرێکی هەیـە ناونیشـانەکەی بـەم شـێوەیە: (بووکـێ لەگـەڵ تۆمـە، خەسـوو گوێـت لـێ بـێ).

ئەی بووک هەرچەندە ئەمڕۆکە بووکی
بەلەش زەرد و سوور وێنەی گڵوکی
گەلێ بەنازی گەلێ ترووکی
ئەی بووک درۆزن، گەر هەبێ ئەتۆی
لە مەکتەبی ژین مامۆستای درۆی
لەگەڵ گورگە شین گۆشت بەرخ دەخۆی
لەگەڵ شوانیش بۆ لە وەڕ دەڕۆی

لـە پەنـدی پێشـینانی کـوردی دەگوتـرێ: (لەگـەڵ شـوان شـین دەکات و لەگـەڵ گـورگ گۆشـت دەخـوات) شـاعیر بـە گۆڕانکارییـەوە پەندەکـەی ئاوێتـەی شـیعرەکەی کـردووە، بـەڵام بیرۆکـەی پەندەکـەی پاراسـتووە، لەهەمـان کات ناونیشـانی شـیعرەکە بـێ دەسـکاری پەندێکـی پێشـینانە.

بەیاد دەڵێ:

ئەم نیشتمانەی ئێمە هەمانە
لە باسی سروشت قیبلەی جیهانە
هەرچەندە لانەی پڵنگ و شێرە
بەڵام مام ڕێوی لێی دەکا گێرە

لـە فۆلکلـۆری کـوردی واهاتـووە: (لەجێـی شـێران، ڕێـوی دەکـەن

گێـران)، واتـا کەسـی شایەسـتە لـە شـوێنی شایسـتە دانانـدرێ ئـەوەی کـە قابیلـی شـێرە، ئەمـڕۆ دراوەتـە ڕێـوی و دەرفـەت و مەیدانـی کار بـە ڕێـوی بەخشـراوە و شـێر وەلا نـدراوە.

بەیاد لە شیعری (زامی دوو تیر) دەڵێ:

(بەیاد) سواری ئەسپی بێگانە

هەر پیادەیە، زۆر باش بزانە

لـە پەنـدی پێشـینانی کـوردی واهاتـووە: (سـوواری خەڵکـی پیادەیـە)، واتـا خـۆت خاوەنـی شـتێك نەبـی شـتی خەڵکـی بـە تۆچـی.

بەیاد دەڵێ:

نامەوێ ئیتر ئاوری ژێرکابم

ئەمڕۆکە جلی دوێنێم دڕیوە

لە ترسی لوورەی گورگی شەوانە

باز لە قۆناغی خۆی هەڵفڕیوە

لـە کوردەواریـدا (ئـاوری ژێـر کا)، بـۆ ئـەو کەسـانە بەکاردێـت، کـە ژێـر بـە ژێـر فیتنـە دەنێنـەوە، وەك چـۆن ئاگـری ژێـر کا دیاریـش نییـە، کەچـی لەبنـەوە سـووتێنەرە و بەنادیاریـش تاماوەیەکـی زۆر هـەر دەسـووتێ، واتـا وەك ئاگـری ئاشـکرا کڕوگـف نییـە زوو بکوژێتـەوە، بەڵکـوو سـوتێنەر و کاول کارە، بۆیـە شـاعیر نایـەوێ ئـەم جـۆرە ئاگرەبـێ.

شاعیر سوودی لە ئەفسانەی کوردیش وەرگرتووە و دەڵێ:

ئەم دەم و لێو و گۆنا و گەردنە

دەڵێی کڵاوی مام سەخرە جنە

هەرگیـز نەبـووە دەم و لێـو بـە کڵاوی سـەخرەجن بچوێندرێـت، بـەڵام شـاعیر لـە جیهانبینـی خۆیـەوە خەملاندنـی بۆکـردووە، کڵاوی سـەخرە جـن جـۆرە کڵاوێکـی ئەفسـانەییە، هـەر کەسـێك لەسـەری بنـێ ئـەو خەڵـك دەبینـێ، بـەڵام خەڵـك ئـەو نابینـی جـن نابینـدرێ و بـزر دەبـێ، ئەشـێ لـە جیهانبینـی خـودی خۆیـەوە شـاعیر وایوتبـێ. چونکـە ئـەو هەرگیـز دەم و لێـوی نەبینیـوە.

## فۆڕمی شیعر لە دەقە شیعرەکانی بەیاددا:

لەو ڕۆژگارەی کە دەهات تازە بەیاد بە شیعری کوردی ئاشنا بێ، چ لە ڕێی ڕادیۆ و چ لە ڕێی هاوڕێیکانییەوە، ئەوەی کە پتر لە بەردەست بووە شیعری کلاسیکی کوردی بووە. هەرچی دیوانی شاعیران هەبوون چ لە کتێبخانەی گشتی و چ لە سەر ڕەفتە و نێو تاقی ماڵەکاندا، بریتبوون لە دیوانەکانی وەفایی و نالی و مەحوی و کوردی و سالم و شیخ ڕەزای تاڵەبانی و قانیع و حەمدی و حەریق و حاجی قادری کۆیی...تاد بوون، کە فۆڕمی دەقە شیعرەکانیان قەسیدەی کلاسیکی پابەند بووی عرووزی شیعری عەربی و سەرواى تەقلیدی بوون. زۆر کەم نوێکاری دەهاتە بەرچاو، مەگەر لە جووت سەرواییەکانی حاجی قادرکۆیی و دواتر چوارینە و پێنچ خشتەکییەکانی کوردی ... ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕاستە خۆی لەسەر شیعری بەیاد هەبوو، بۆیە لەدەستپێکی ئەم جیهانە ئەدەبییەدا، ئەو شیعر و غەزەلەکانی بە سەرواى کلاسیک و نەزمی کۆن دەنووسی: ئەو لە قەسیدەی (پەریزادە) دا، کە لە ساڵی ١٩٧١ نووسیویەتی، دەڵێ:

پەریزادە بەسە لەنجە بە سەر کێ ئەو هەموو نازە
بە بێ شەرم و شکۆ قوربان با بزانم چیت نیازە
ئەگەر نازە .. دە با بەس بێ ، لە ناز و عیشوە حاڵی بووم
گەر مەبەستت سەرکردەیە فەرموو والآیە دەروازە
لە خەندەی لێوی نازداران بێزارە دڵ و ئارەزووم
بەڵام هەر لە تۆ تێر نابم ، شای جوانان .. بێ ئەندازە
تۆ کە خاوەنی ئەو بەهرەیەی لە دەستی تۆ دایە ئابڕووم
وەکو بولبولی شەیدا دڵم هۆگری تۆیە تازە
تۆ کە فەرموت وەرە بۆ لام ، بەردەوام بووم لە هاتوچۆم
کەچی نەمزانی عیشقی تۆ ئەوەندە سەخت و هەورازە
ئەوێستاکەش هەتا ماوم ، لە سوتانی شەو بێ پشووم
لە ڕێگای خۆشەویستیدا سەروو سینەم بەردە بازە

ئەو کەژاڵە باش دەزانێ کەوا چۆنە ڕەوشت و خوم
بەڵام (بەیاد) قیورِ ماوە ! لە سەرکەشی ئەو دڵخوازە

دیـاره، بەیـاد لـەم قەسـیدەیدا، بـە تەواوەتـی پابەنـدی مەرجەکانـی قەسیدەی کلاسیکی کوردی بووە. دەقەکە (٧) دێرە شیعرە، کێشـەکەی (٤+ ٤+٤ + ٤) بڕگەیـە. دوو نیـوە دێڕی یەکـەم جـووت سـەروان، ئەمـە بـاو بـووە لـە قەسـیدەی کلاسـیکیدا: (نـازە / نیـازە). (٨) سـەرواش لـە هەشـت وشـەدا بـە (-ازە) کۆتایـی هاتـووە، بـە بـێ دووبارەکردنـەوەی هیـچ لـە وشـەکان (نـازە، نیـازە، دەروازە، ئەنـدازە، تـازە، هـەورازە، بـازە، دڵخـوازە). هەرچەنـدە وشـە و گوزارشـتەکەی کوردییەکـی خـۆش و ڕەووان و سـەردەمییانەیە، لـێ هەڵگـری پەیامـە کلاسـییکەکانن.

قۆناغـی، دووەمـی، گۆڕانکاریـی لـە شـێوازی شـیعری بەیـاد دا، بـە پێنـج خشـتەکی دەسـت پێـدەکات. ئـەم جـۆرە فـۆڕمـە هەنگاوێکـە بـەرەو پێشـەوەچوون، نووسـینی سـێ نیـوە دێـر شـیعر لەسـەر دوو نیـوە دێـری شـاعیرێک، ئەمـە لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا زۆر بـاو بـوو، شـاعیرە ناودارەکانیـش، وەک لـە ئەدەبـی فارسیشـدا هەیـە، ئـەم فۆڕمەیـان تاقیکردووەتـەوە. بەیـاد، وەک نموونـە، لـە پێنـج خشـتەکی (ئیلهامـی شـەودا) لـەو خشـتەیدا، کـە لـە سـاڵی ١٩٧٢ داینـاوە، دەڵـێ:

نازەنین ئەی شای جوانان ئەی پەری ڕووخساری شەو
مانگی ئاوات و نیازم ئەی چرای بازاڕی شەو
ئەی شەڕابی ئارەزووی دڵ جامی دەست دڵداری شەو
زۆر پەرێشانم .. درەنگە ئەی خەوی زاماری شەو
بۆ برینداران ، بزانە ... خەنجەرە هاواری شەو

بەیـاد شـیعری چەنـد شاعیرێکیشـی کردووەتـە پێنـج خشـتەکی لەوانـە شـیعری بینـات و خالیـد دلێـر، لـە خشـتەیەکی شـیعری خالیـد دلێـردا دەڵـێ:

من کە کوردم چاو نەترسـرم خۆم بە ئاگر دادەدەم
بۆ قەڵاچۆی دوژمنی کورد گورزی دەستم بادەدەم
بمکەنە سـەرداری گێتی شەق لە تەختی شا دەدەم

چۆن لە ڕێگەی سەندنی مافی گەلی کورد لادەدەم
چــۆن بـەڕە بە خوێنی ســوری ڕۆڵـەکانی دادەم

دوای ئـەم قۆناغـە، بەیـاد، کـە زۆر لـە ژێـر کاریگـەری چوارینەکانـی خەیـام بـوو، وەرگێڕانەکانـی بـۆ کـوردی، کـە زۆربەیانـی ئەزبـەر بـوو، دەسـتی کـرد بـە نووسینی دەقـی چـوار خشتەکی. بـە هـەردوو شـێوەکەی: چوار سـەروای و سـێ سـەروایی واتـا ( ( A,A,A,A وە ( (A,B,A,A، وەک ئـەم نموونـەی خـوارەوە:

خۆشەویستەکەم، خۆشەویستی دڵ
هەر بەتەمای تۆم، تا دەچمە ژێر گڵ
هیوام، ئامانجم . ئاواتم هەر تۆی
کۆرپەی لانکی نێو دەروونی گوڵ

ئەوجـا بەیـاد دەسـتیکرد بـە داڕشـتنی دەقـی جـووت سـەروایی، وەک دەبیـن ئـەم فۆڕمـە نوێیـە لـە شـیعری کوردیـدا، زاڵـە لـە کـۆی بەرهەمەکانـی ئـەم شـاعیرە.

دەربـاری چۆنیەتـی پەڕینـەوەی بەیـاد لـە شـێواز و فۆڕمـی کلاسـیکی و نیــوە کلاسـیکی شــیعری کــوردی بــۆ شــیعری ئــازاد، ئەمــە چیرۆکێکــە: لەکۆتایـی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، ئێمـەی هـەرزەکار (بەیـاد و فازیـل شـەورۆ) دەمانبینـی، کـە وردە وردە ڕەوتـی شـیعری ئـازاد دێ لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان بڵاودەکرێنـەوە و کتێبـی چاپکـراوی ئـەو فۆڕمـە زۆر کـەم بـوو، بۆیـە ئێمـەش حەزمـان دەکـرد. بـەو فۆڕمـە نوێیـە بنووسـین، هـەم بـۆ خـۆ تاقیکردنـەوە هـەم بـۆ هاوتابـوون و هاوتەریبـون لـە هەنگاونانمـان بـەروە جیهانـی نوێـی ئـەدەب. بـەڵام! ئێمـە ــ هەردووکمـان کێشـەیەکمان هەبـوو، نەماندەزانـی تایبەتمەندییەکانـی شـیعری ئـازاد چییـە و چـۆن دەنووسـرێت. بۆیـە مـن دەقـە شـیعرێکی ئەحمـەد دلـزاری شـاعیرم (١٩٢٠ – ٢٠٢١) هینـاو، بـۆ بەیـادم خوێنـدوە و دەسـتم کـرد بـە شـتیەڵکاری، ئێمـەش هەردووکمـان دەقێکمـان نووسـی لاسـایی فۆڕمـی شـیعرەکەی دلزارمـان کـردەوە، بیـرم

ماوه ، بڕگە و سەروای بەم شێوەیە بوو:

٤ + A

٤ + ٤B

٤ + ٤ +٤C

٤ + ٤ + ٤ + ٤A

تا ورده ورده، به خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی دی، فێربووین شیعری ئازاد بنووسین. ئەمەش نموونەیەکی شیعری ئازادی بەیادە:

ئەی دڵە دیسان چی لێ ڕوودای ؟
بۆ ئاڵۆزاوی ؟
ئیمشەو لە لێدان، زێدە شێواوی
هەڵ بزڕکاوی
دەڵێی لەشکری غەم دەوری داوی
دەڵێی گریاوی
زۆر پەشۆکاوی

کەواتە، جگە لەوەی شیعرەکانی بە یاد ، لە ڕووی وشە و بڕگە و دەستەواژە و فەرهەنگدا، ڕەوان و شیرینن و بێ گرێ کوێرە و ئاڵۆزی و داتاشین و ساتمەن، ڕەووت بە ڕەووت، سەرەڕای نابینایی، ئەو توانیویەتی فۆڕمی شیعری خۆی نوێ بکاتەوە و هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەو ئەدەبە هەنگاو بنێ و بەرهەمی جوانیش دابهێنێت و شیعری کوردی پێ دەوڵەمەند بکات. شیعری ئازاد ڕووبەری فراوانی بەرهەمە شیعرییەکانی داپۆشیوە.

# پەیام لە دەقە شیعرەکانی بەیاددا

خوێنەری وردبین و بە سەلیقەی شیعرەکای بەیاد، زوو درک بە هێندێ نهێنیی نێو بیرۆکەی دەقە شیعریەکانی ئەو دەکات؛ کە یەکێکیان پەیامە. هەر زوو ئەوە هەست پێدەکرێ، چونکە شاعیر (پەیام)ی کردووەتە ناونیشانی سێیەمین بەرهەمی شیعری خۆی.

لە ڕاستیدا، ئەم تەوەرە، بە چەندان پەڕ تەواو نابێ، بۆیە لێرەدا، وەک نموونە، یەک دەق دەکەینە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەمان. شاعیر لە دەقە شیعرێکی ناسکی پڕ هونەری وردەکاری، زمان سفت و شیریین و ڕەوان، بۆ تاقە کچەکەی، وەسیەتنامەیەک دەنووسێ و ناونیشانی (وەسیەت بۆ سارێژی جگەرگۆشەم)ی بۆ دادەنێ. شیعرەکە (١٢) جووت دێری کورتی (١٠) بڕگەییە، سەرواکانی نەغمەخۆش و هاسان و پڕ ئاوازن. لە یەکەم (٥) جووتە دێریدا، شاعیر پەسنی تاقە کچەکەی دەکات و خۆشەویستیی پاکیی خۆی بۆ بەیان دەکات. لێرەدا دەبێ ڕۆشناییەک بخەینە سەر وشەی (سارێژ)، تا خوێنەر پتر چێژ لە دەقەکە وەرگرێ. لە هەنبانە بورینەدا بەم شێوەیە ماناکەی لێکدراوەتەوە» پڕبوونەوەی برین و چابوونەوەی« کەواتە دەبێ لە جەستە و (لە دەروونی) شاعیردا، چەندان برین و زام و داڕووشان و جێ کوولەخەنجەر و نێزە و و چەقۆ هەبن؟ لێرەشدا، شاعیر، تا دوا هەناسەی بە ئومێدی پڕبوونە و چابوونەوەی ئەو برینانەیە. لێرەدا ئومێد و مراز و داخوازی دەبنە ڕابەر و دەستگر و هاندەری بەردوامبوونی ژیان. نەمانی هیوا، خۆکوشتن و مردنە. بە دیوێکی دیکەی نهێنیی ئەو وشە ئاوازدارە، قوولای و ڕووچوونی مێژوویی و بیرەوەریی ئەم دەنگەیە لە گوێی شاعیردا، چونکە لە هەرەتی هەرزەییەوە، ئەو (سارێژە) لە ڕۆحی شاعیردا خۆی مەڵاسداوە و هەڵگری شووناسی کیژۆڵەیەکی ئەم کوردستانە بووە، کە زۆر بە دڵ و هەست و حەزی شاعیر ئاشنا بووە. بەڵام دیوی سێیەمی وشەکە، کە لوتکە و پۆپەی پیرۆز و هەرە بڵندەکەیە لە دیدی شاعیر، دیارییەکی خوداوەندییە، کە لە ئاسمانەوە بۆی هاتووەتە

خـوارەوە  و هەمـوو خەسـڵەتەکانی پەریـزادەی پێبەخشـیوە و لـە شـێوەی کچێکـی تاقانـە، هاتۆتـە نێـو ئامێـزی گەرمـی، ئـەو دەسـتە گەرمانـەی بابـە.

لـە پەسـن و وەسـفی کچەکەیـدا، شـاعیر جارێـک دەیکاتـە شـادەمار، جارێـک خۆراکـی ڕۆح. جارێـک ڕۆمانـی هـەزاران لاپـەڕە و جارێـک زادەی مێـژووی ئەویـن، کـە ئاماژەیـە بـۆ مێـژووە ڕاسـتەقینەکەی ئـەو ئەشـقەی کـە تەنهـا خـودا و بەیـاد و (سـارێژ)ەکە پێیدەزانـن و سـارێژ لێـی بێئاگایـە. جارێـک ئـەو تاقانەیـە دەبێتـە پێنووسـی شـاعیر کـە وەک کەرەسـتەیەکی پیـرۆز سـەیری دەکات، ئەمـەش ئاماژەیـە بـەو (نـون و قەڵەمـەی) کـە خـوا لـە قورئانـی پیـرۆزدا ئامـاژەی بـۆ کـردوە « نۚ وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ « ، دوا جارێـک ئـەو دەکاتـە نەخشـەدارێژەری ئاینـدە و خواسـت و خەونەکانـی. خـۆ سـارێژ حەقیەتـی، گـەر نەختـێ نـاز لەسـەر دەستەخوشـکەکاندا بـکات ــ چونکـی کەمـن ئـەو کیژۆڵانـەی ئـەم پەسـنەیان پێبەخشـرا بـێ!

لـە وەسـیەتنامەکەدا، کـە لـە دیـدی مـن، شـاعیر ناڕاسـتەوخۆ بـۆ هەمـوو کچێکـی کـوردی نووسـیەوە، زۆر بـە بیـر و هـزری قـوڵ و لێکدانـەوەی ورد، بەنـدە و پەندەکانـی هەڵبـژاردوە، لێرەشـدا ئـەو (٧) ئامۆژگارییـەی بـۆ نووسـیوە، کـە ئەقڵمەندیـی و هۆشـیاریی شـاعیر تێیانـدا ڕەنـگ دەداتـەوە:

لـە پێـش هەمـوو شـتێک، شـاعیر بـاوەڕ و عەقیـدە، کـە ئیمـڕۆ بـۆ رۆح و دەروون و دڵ پێویسـتە، دەکاتـە سـەرتۆپی دەقەکـە و داوای لێـدەکات کـە پابەنـدی دەسـتوور و ڕێنمـای خـودا بـێ کـە (قورئـان)ە. دوای خـودا، یەکسـەر کوردسـتان و نیشـتیمان هاتـووە.( سـاڕێژی زامـی کوردسـتانت بـە) ئەمـەش ڕاسـتی دڵسـۆزیی شـاعیر بـۆ خاکەکـەی نیشـان دەدات بەبـێ ڕیپـای و مزایەدەکـردن. سـێیەم ئامۆژگاریـی. دەربـارەی ئـەو نەخۆشـی و دەردە کوشـندییەیە کـە هـەزاران سـاڵە، کـورد بووەتـە قوربانـی و باجـی گـەورەی داوە، ئەوەیـش خیانەتکردنـە لـە خـاک و نەتـەوە (نەبیـە داردەسـتی ڕەوتـی بێگانـە). بەڕاسـتی شـاعیر ژیرانـە خاڵەکانـی هەڵبـژاردوە. درۆ، ئـەو ئافاتەیـە کـە شـاعیر دەخوازێـت کچەکـەی بـە هیـچ شـێوەیەک لێـی نزیـک نەبێتـەوە، لـە کۆمەڵەکـی وەکـو کوردەواری ئاوسـاوە بـە درۆ ــ بەداخـەوە. پارسـتنی و

هەڵگرتنـی سرڕ و نهێنیـە، لە دڵ و سینەدا، (پەردەی نهێنی کـەس هەڵمەدەوە) پێنجەمین ئامۆژگارییـە، کـە مەمانانیـش سوودی لـێ دەبینیـن. پێـش دواییـن ئامـۆژگاری، وەکـو ڕابـەر و ڕیفۆڕمخوازێـک، دەیەوێـت کچەکـەی بـە قەڵـەم و زانسـت و مەعریفـە شـەڕی ژیـان بـکات و بچێتـە ڕێـی خەبـات (پەنجـەی بـێ قەڵـەم لەبـۆ گەسـتنە). ئەوجـا شـاعیر تەکنیکێکـی وردی و کارامـەی بەکارهێنـاوە، تـا وانیشـانی بـدا کـە خاڵـی حەوتەمیـش زۆر بایەخـدارە، بـەوە نییـە کەوتووەتـە خـوارەوەی دەقەکـە، بۆیـە لـە جیاتـی نێـوە دێڕێـک، ٤ نیـوە دێـڕی بـۆ تەرخـان دەکات و بـۆی ڕوون دەکاتـەوە، کـە ئەگـەر پابەنـدی ئـەو خاڵـە نەبـێ، هەمـوو خاڵەکانـی دی پـووچ دەبـن و ئەوەیـش گەردنـی تاقـە کچەکـەی ئـازاد نـاکات:

دڵسۆزیی دایکت لەبەرچاو بگرە
دریێغی مەکە گەر وتی بمرە
گەر دڵی دایکت لێت ڕەزا نەبێ
لای من گەردنت قەت ئازا نەبێ

دەقەکـە پـڕە لـە هونـەری وەسـتایانەی شـاعیرێکی بـە ئەزمـوون، بڕوانـە ئـەو وێنانـە کـە بـە چەنـدان شـێوە خۆیـان دەنوێنـن و لـە هونـەری وێنـەی شیعریدا ڕاقـەی زۆر هەڵدەگـرن: (شـادەماری دڵـی مانـدوو / خۆراکـی خانـەی حـەز / ڕۆمانـی هـەزار لاپـەڕەی ژیـن / زادەی بەرهەمـی مێـژووی ئەویـن / بڕشـتی جوڵـەی پێنـووس / نەخشـە و ئەنـدازەی خواسـت / گوڵـی دەگمەنـی زەنوێـری هەڵـۆ / سەردەسـتەی جوانانـی کـۆ / سارێژی زامـی کوردسـتانت بـە / نەبیـە ڤایرۆسـی کاڵای خۆمانـە / نێـو زەمەنـدی درۆ / پـەردەی نهێنـی / پەنجـەی بـێ قەڵـەم لـە بـۆ گەسـتنە / گـەر وتـی بمـرە...).

دەکـرێ، لـە سـونگەی ئـەو دەقـەوە، بپەڕینـەوە بـۆ هـەواری دەقەکانـی کـە لـە تـەوەرەی (ئاییـن)ی دا، تۆمارکـراون. کـە پـڕن لـە پەنـد و ڕاوێـژ و ئامـۆژگاری و چـرا و ڕووناکـی بـۆ ئاینـدەی مرۆڤایەتـی. بەداخـەوە، لێـرەدا، ناکـرێ سـەر بـە یـەک بەیەکـی ئـەو دەقـە جـوان و نازادارانـە بگریـن. بـە هیـوای لێکۆڵینـەوەی وردتریـن.

ئەمەش دەقی وەسیەتنامەکەیە:
(وەسیەت بۆ سارێژی جگەرگۆشەم)

ئەی شادەماری دڵی زۆر ماندووم
خۆراکی خانەی حەزو ئارەزووم
رۆمانی هەزار لاپەڕەی ژینم
زادەی بەرهەمی مێژووی ئەوینم
بڕشتی جوڵەی پێنووسی دەستم
نەخشە و ئەندازەی خواست و مەبەستم
گوڵی دەگمەنی زەنوێری هەڵۆ
سەردەستەی هەموو جوانی شاری کۆ
کچی تاقانەم سارێژی بابە
قەرزی وەسیەتم لەسەر خۆت لابە
دەمەوێ ببیە بانگخوازی قورئان
ملکەچکە لەبۆ فەرمانی یەزدان
سارێژی زامی کوردستانت بە
هاوبەشی خەمی نیشتمانت بە
نەبیە داردەستی ڕەوتی بێگانە
نەبیە ڤایرۆسی کاڵای خۆمانە
بەنێو زەمەندی درۆ مەکەوە
پەردەی نهێنی کەس هەڵمەدەوە
بخوێنە زانست هۆی رێکخستنە
پەنجەی بێ قەڵەم لەبۆ گەستنە
دڵسۆزیی دایکت لەبەرچاو بگرە
درێغی مەکە گەر وتی بمرە
گەر دڵی دایکت لێت رەزا نەبێ
لای من گەردنت قەت ئازا نەبێ

## بەیاد، لە تای تەرازووی ئەدەبی نابینایانی کورددا

لە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە و شیتەڵکاریی شیعرەکان و هەڵسەنگاندنی جیهانی نابیا و ئەدەبەکەیان، دەتوانیین ئەو خاڵانە دەربارەی بەیاد، وەک شاعیر و نووسەر، تۆمار بکەین:

- سەرەڕای لە دەستدانی بینایی چاوەکانی لە تەمەنی ساویدا، ئەو توانیوویەتی لەگەڵ ڕەووتی ژیان بەردەوام بێت و بە هیچ شێوەیەک نەهێڵێت ئەو بارە تایبەتمەندە ببێتە بەربەست لە بەردەوام درێژەدان بە ژیانی خێزانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی، تەنانەت بیروباوەڕ و عەقیدەشدا.
- بەرهەمە چاپکراوەکانی لە شیعر (٥ کۆمەڵە) و لە نووسین (یەک کتێبی قەبارە گەورە)، سەلمێنەری بەهرەمەندی و بلیمەتی و گەشەکردنی هزر و هۆشی و دەروونی ئەوە.
- چەقنەبەستن و بەردەوامبوون لە هەنگاونان لەگەڵ ڕەووتە ئەدەبییە سەردمییەکانی ڕۆژگاری خۆی، بەڵگەیە، کە هەست و هۆش و ئاگایی هەمیشە لەگەڵ جیهانی دەوروبەر بووە، نەیویستوە دەست لە ئەژنۆ، گۆشەگیر لە سەر ڕێچکە کۆنەکان بمینێتەوە. هەمیشە نوێخواز بووە.
- چاوی هزری ئەو، کە هەستەوەرەکانی دیکەیە و شارەزایەکی باشی نووسین و خوێندنەوەی برایلی نییە، دەری دەخات کە فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی، هەمیشە گەنجینەی دەوڵەمەندی ئەو بووە و وەک ڕەنجبەر هەر خەریکی کۆ کردنەوەی بەرهەمەکانی کوردی بووە لە سینە و هزری خۆیدا.
- بەیاد، زەین و یادگایەکی زۆر بەهێز و تیژ و دەوڵەمەندی هەیە، وا تەمەنی لەسەروو حەفتایە و تاوەکو ئێستا نە گۆچان بەکاردێنی، (جا گۆچانی ئاسایی یان دیجیتەڵی و ئیلکتریکی)، کەسەکان و شوێنەکان و بابەتەکان زوو دەناسێتەوە و بیرەوەری زۆر زیندوو و چالاکە.

o بەیاد لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیشدا، سەرەڕای ئەو ڕۆژگارە جەنجاڵ و پڕ کێشمەکێشمە ماددی و دەروونییەی کە هەیە، سەرکەوتووە و لە ژێر بنمیچی خانوویەکی پڕ لە خۆشەویستی و موحیبەت و هێمنی و ئارامیدا ژیان بەسەر دەبەن و تۆڕی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەموو تەمەن و چین و توێژێکدا زۆر بەربڵاو و پتەو و چڕوپڕە.

o لە نێو نابینایانی کورد و لە ئەدەبی کوردیدا، بەیاد، پێگەیەکی بەرز و باڵا و جوان و نەمری بۆ خۆی تۆمار کردوە.

## جێگۆڕکێی هەستەکان و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری بەیاددا

لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوە، بە چڕ و پڕی ڕۆشنایمان خستە سەر هەستەکان وئۆرگانەکانی هەستەوەری و ئەرک و ڕۆڵیان لە هاوسەنگیکردنی ژیان و بووندا. لێرەدا بە پڕاکتیزە کردنی دەقەکان و شیتەڵکارییان، وردتر لێکدانەوەیان بۆ دەکەین و بەهرەمەندە جیاوازەکەی بەیاد، وەک شاعیرێکی نابینا، دەخینە ڕوو و لە مەحەکی دەدەین:

یەک: هەستی بیستن سەرتۆپی هەموو هەستەکانی شاعیرە:

ئەگەر وەک هونەرمەندێکی مۆزێکزان، ئاوازدانەر یان مۆزیکژەن، باش گوێ بۆ دەقە شیعرەکانی بەیاد هەڵبخەین، زوو درک بەوە دەکەین، کە ئەو شاعیرە هەوڵی داوە لە ڕێی دەنگ و ئاواز و نەغمە و چریکە و تریقە و سەدا و ئەو هەزاران دەنگەی لەم گەردوونەدا هەیە، هەرچی هەست و نەست و هۆش و ئاگایی هزری خۆی هەیە، کۆبکاتەوە بە جوانترین شێواز گوزارشتی لێ بکات. لێرەدا دیارە، کە شاعیر هەم دەیەوێ نابیناییەکەی خۆی دابپۆشی و هەم دەیەوێ باڵادەستی خۆی لە تەوزیفکردن دەنگەکان بەدیار بخات. ئەگەر ئەم دەقەی خوارەوە بۆ

گوێگرێکی فەڕەنسی یان ژاپۆنی یان ئەرژەنتینیش بخوێنیتەوە، خۆی لەگەڵ دەجوڵێنێ و ڕادەژەنێ، چونکە ئاوازەکانی (ناوە و دەرەوەی) دەقەکە، وەک ساز و سەنتور و دەف و تەپڵ لە گوێدا دەزرینگێنەوە، فەرمووو هونەرمەندانە گوێ لەم دەقە ڕاگرن:

وشەی دڵداری زۆر بەرزە
هەزار تەرزە
ئاڵە ، ڕەشە ، سورە . سەوزە
زەرد و شینە ، دەڵێی وەرزە
وشەی دڵداری پیرۆزە
هەزار تەرزە
ئاواتی دڵدار لە شەوە
زۆر پتەوە

لەم ١٨ وشەدا کە بە ئاوازی (٥ + ٣ + ٤) برگەیی داڕشتراوە، یەک پارچە مۆسیقای خۆش و جوانە. ئەم هێشووە دەنگە، کاریگەریی لەسەر سۆزی مرۆڤ هەیە: ( بەرزە، تەرزە، سەوزە، وەرزە، پیرۆزە، تەرزە)، ئەوجا ئەو تونە و ڕتمەی لەم وشانە داهەیە، هێ گۆرانین؛( ئاڵە، رەشە، سورە، سەوزە، زەرد و شینە). واتا رەنگەکانی خستۆتە ڕوو، بەڵام لە بۆتە و حەزێکی زۆری بیستن و بەخشینی ئەوهەموو مۆسیقایە بەشیعرەکەی. لەم برگانە، هاوسەنگی مۆزیکی هەیە): زە ٦ جار، شە ٤ جار، رز ٤ جار، تە ٣ جار،، هە ٢ جار، وە ٢ جار، بە ، ڵە، لە، رە، سە، ، دە،). بڕوانە گەورەترین وشە هەر ٦ پیتە، و بچووکەکەیان ٣ پیتە. ئەوجا شاعیر سەرکەوتووانە بیرۆکەکەی لە قالبەکەدا داڕشتوە، وەک چۆن زێرەنگەر، نەخشی زێرەکەی لە بۆتەی تووانەوەدا دادەڕێژێ. بەڕاستی لێرەدا شاعیر ئەو پەڕی هونەری خۆی نیشان داوە.

ئەمە، نموونەیەک بوو. دەنا دەکرێ بڵێن، دیوانی بەیاد، فەرهەنگێکی مۆسیقا و ئاوازی کوردییە.

دوو: ناونیشان لە نێوان چاو و گوێدا:
ئەگەر ئەو ١٧٦ ناونیشانەی شیعرەکان پۆلین بکەین بۆ، ئەوانەی دەچنە خانەی هەستی بینین و ئەوانەی دەچنە خانەی هەستی بیستین و هەستەکانی دیکە، دەبینین، تەنها ٢ ناونیشان پەیوەستن بە دیدە و بینین: (بڕوانە، وێنەی دڵدارەکەم)، باقی ئەوانی دیکە، پتر لە ڕێی هەستەوەرکانی دیکەوە مرۆڤ دەیانناسێتەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە شاعیر زۆر ڕاستگۆ بووە لە گەڵ هەستەکانی خۆی و دەقێکی نەگوتووە، بۆ ڕازیکردنی دڵی پەیامگر بێ. جگە لەمانە دەنگدانەوەی هێندێ لە ناونیشانەکان، کە هی هەستی بیستنن، سەدا و دەنگدانەوەکەیان هێندە بە هێزە ناخی مرۆڤ دەبزوێنی، وەکو (تریقە، گڕ و گڵپە، بانگەواز، چریکستان، لایلایە، مارشی کۆمار، بانگی خەبات...تاد.)
سێ: دیوانی پرسیار و وەڵام:
دەکرێ ئەم دیوانەی بەیاد ناوبینێین، دیوانی پرسیار و وەڵام. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر شیتەڵکارییەکانی بۆ هەستەکانمان کرد، لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە دەگەینەوە ئەو ئەنجامە، کە شاعیر هەست دەکات، زۆر شت هەیە، دەستی پێیان ڕاناگات، نامۆن بۆ ئەو، پێیان ئاشنا نییە، دوور نییە لەبەر (نابینایییەکە) بێ. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، لە یەکەم دەقی شیعریەوە تا دوایین دەق، خوێنەر پرسیارباران دەکرێت و زۆر کەمیشی وەڵام دراوەتەوە. بۆیە شاعیر:
١)دەقەکانی پرسیار ئامێزکردووە.
٢) هەمیشە دەقەکان لە شێوە ئاخاوتنی کەسێک، وەک بەرامبەری بێت، دەخاتە روو.
٣) چەندان دەمەتەقێ دوورو درێژی هەیە، وەک دەمەتەقێی ژاڵە و بەیاد، گفتوگۆ لەنێوان بەیاد و دڵ، بەیاد و مانگ، ، دەمەتەقێی بەیاد و شەرمین.
٤) هەرچەندە بەیاد، توانیویەتی لەگەڵ ڕێبازی شیعری نوێی کوردیدا هەنگاو هەڵگرێ، بەڵام، هەر قاچێکی لە نیو جیهانی شیعری کلاسیزم

ماوه، بۆیە لە کۆتایی زۆربەی دەقەکانیدا، وەکو شاعیرانی کلاسیک، وشەی (بەیاد) دووبارە دەکاتەوە. (نموونە زۆرە).

٥) شاعیر بە ئاشکرا هەستی نابینایی بە هەستی بیستن دەگۆڕێتەوە، لە زۆربەی دەقەکاندا ئەمە بە زەقی دیارە، ئەوەتا، بۆ نموونە، دەڵی:

گوڵی ڕەش پۆش
ڕەشی سەرخۆش
بێرەوە هۆش
نەک بە ئەندێشەی خوماری
بە چاوی ژیر و هۆشیاری

٦) حەزدەکەین، خوێنەر بزانێ کە بەیاد هەستی شیعرەکان و یار و دولبەری، کەسانی خەیاڵی نین، ئەو چەندان گیژۆڵەی لە دەور بوو کە یەکتریان خۆش دەویست، بە واتایەکی دیکە، زۆربەی هەرە زۆری ناوەکانی لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە، کەسانی حەقیقی بووین، چ لە شاری کۆیە و چ لە دەرەوەی دەڤەرەکە. بڕوانە چۆن وێنە، بە شێوەیەکی نابینایانە بەرجەستە دەکات و لە ڕووخسار و شکڵ و سیما دەیکاتە، شتێکی هەستپێکراوە، ئەو دەڵێ:

ئەم وێنە هێزی لێدانی دڵمە
چونکە ئەم وێنە هی خونچە گوڵمە
چرای دەستمە لە ڕێگای ژیان
ئاسوودەی ژانە کاتی گیانکێشان
تا دەمرم دەبێت لە سەر دڵم بێ
ئەو دەمیش هاوڕێی گۆڕ و گڵم بێ.

٧) گەمەی شیعری:

شاعیر چونکی لە سەرەتای تەمەنی ئەدەبیی خۆیدا لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی کلاسیک بوو، هەوڵی داوە هێندێ گەمەی هونەری شیعری بکات و بەهرەمەندی خۆی تاقی بکاتەوە. بڕوانە لەم دەقە شێعرەدا زۆرترین (ناو) دووبارە بۆتەوە و کەمترین (کردار) حزووری هەیە، ئەو دەڵێ:

له بەر باڵا بەرزی شۆخێ ( سنەوبەر) ڕەگی بێ تینە
تەلەسمی پڕ لە ئەفسوونی لابەری ناوی (شیرینە)
لە (ڕووخسار)ی ئەو (نیگار)ە (دیمەن)ێ وا دێتە پێش چاو
کە ئیمڕۆ کێوی باواجی سەراپا گشتی (بەفرین)ە
لە ڕووی بولبول سەرم بەرزە لە دوولا کونجی (نەسرین)ە
کە (نێرگز) چەتری هەڵداوە (خومار) ی کلی (شەرمین)ە
کە (پڕشەنگ)ی دا (شکۆفە) بزانن جەژنی (نەورۆز)ە
بە تایبەت سەربازی (کورد)ە لە دەوری لالە (پەرژین)ە
لە سەر باغی هەڵواسراو ، کەچی دووبارە (نەرمین )ە
لەکەناری بەرزی باغا دەست بە دووشێوە (زێڕین)ە
(شەونم)ە بۆ(دڵخواز)ی(چیمەن)، چی لە(خەرمان)ی(شەوبۆ)
(بەیان)ە(پەخشان)ی(ئاواز) (تەنیا) (سنوور)ی(پەروین)ە
(گەلاوێژ)ی(پایز)(گوڵیزار)ی(بەهار)(خاتووزین)ە
(ڕووپاک)و(بێگەرد)و(کەژاڵ)،ئەمەش بەڵگەی(نازنین)ە
کە(شیلان)ڕوا لە (سروە)،(موژدە)دەبارێ ئەی (بەیاد)
(شەپۆلی)ی(تاڤگە)لادەبا(تارا)ی(سەوز)ە کە(هەورین)ە

# سەرچاوەکان (٥٤)، بە (٤) زمان

## کتێب و گۆڤار (کوردی، عەرەبی):


١. أحمد المنياوي: جمهورية أفلاطون، (PDF)

٢. أيمن محمد فتحي عامر، أثر الوعي بالعمليات الإبداعية والأسلوب الإبداعي في كفاءة حل المشكلات، مخطوط رسالة دكتوراه، قسم علم النفس، كلية الآداب، جامعة القاهرة، مصر، ٢٠٠٢

٣. ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چ٢، ١٩٨٤.

٤. پەیوەست خۆشناو، بەهاری چل چیا(شیعری عوسمان عومەر مام یەحیا- پشکۆ)،چ١، ٢٠٢٠.

٥. بەسام قتوس د.، و.د. محەمەد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ،چ١، چاپخانەی شفان، سلێمانی، ٢٠١١

٦. تاهیر کرمانج، ژیان و هونەر، ب٢،چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠١٧.

٧. تۆفیق ئەحمەداغا، پەیوەندیی تەلەفۆن، برای شاعیر، ٢٦/.٦./ ٢٠٢٣ کۆیە.

٨. جميل حمداوي، السيميوطيق و العنونة، مجلة عالم الفكر، عدد ٣، الكويت، ١٩٧٩.

٩. جەواد حەمەدبەگ، بەشێکی تر لە شیعرەکانی سامی عەوداڵ، پەنجەرە، ٢٠١٥.

١٠. حەسەن یوسف بیرێژی(د.)، ڕۆڵی بگێڕەوە لە ڕۆمانەکانی حیسام بەرزنجی

١١. دوان شلتر، و. ڕێبوار ئەحمەد، ئەدلەر و سایکۆلۆژیای تاکەکەسی، گ (ڕامان)ژ٤٠، (٥) تشرینی یەکەم، ١٩٩٩.

١٢. سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری

کوردیــدا(١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چــاپ و پەخشــی ســەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠٤.
١٣.شـێخ مەحەمــەدی خــاڵ، ناڵــەی دەروون، کۆمەڵــە وتارێکــی وێژەیــی و مێژوویــی و ئاینــی و کۆمەڵایەتیــن، جزمــی یەکەم،بنکــەی هــزری و رۆشــنبیری خــاڵ، ٢٠٢١
١٤.عوســمان دەشــتی د.، شــاگوڵ قوبــاد سـلێمان، شـنەی هەیبەسـوڵتان (کۆبەرهەمــی شــیعر و نووســینەکانی جــەلال جۆبــار، چ١، چاپخانــەی ڕۆهــەڵات، هەولێــر، ٢٠٢٠.
١٥.عومــەر عەبدولکەریــم قــادر، شــیعرەکانی شــامی کرماشــانی لــە ڕوانگــەی دەروونناســییەوە، ماســتەر، زانکــۆی گەرمیــان، ٢٠٢١
١٦.فازیــل شــەورۆ، هاوژیــن سـلێوە، دایــک لــە جیهانبینیــی شــیعری لەتیــف هەڵمەتــدا. چاپخانــەی چوارچــرا، سـلێمانی، ٢٠١٧
١٧.فەرهاد عەونی، دیوانی عەونی، چ٢، هەولێر، ٢٠١١.
١٨.گۆران، دیوانی گۆران، مطبعة العلمي العراقي، بغداد، ١٩٨٠.
١٩.موحســین ئەحمــەد عومــەر د.، ئــەدەب و ســایکۆلۆژیا،گ(ڕامان)، ژ. ١٠٩، ٢٠٠٦/٦/٥
٢٠.هاوژیـن صلیـوە عیسـا، بنیاتـی وێنـەی هونەری لە شـیعری شێرکۆبێکەسدا، ماسـتەرنامە،زانکۆی کۆیـە -کۆلیجـی زمـان، بەشـی کـوردی، ٢٠٠٨.
٢١.هاوژیــن صلیــوە د.، ڕەهەنــدی دەروونــی لــە شــیعرەکانی لەتیــف هەڵمەتــدا،چ١، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠١٣.
٢٢. هێمن، ناڵەی جودایی، چاپخانەی(علاء)، بەغدا، ١٩٧٩.
٢٣. هێمن، دیوانی هێمن، چ١، ٢٠١٢.
٢٤. هــاوکار ڕەندیخانــی و فازیــل شــەورۆ و کاروان نازم(ئامادەکردن).فلیمــی دیکۆمێنتــاری دەربــارەی شــەفیق بەیــاد، ٢٠٢٣/٥/٢. کتێبخانــە گشــتییەکانی کۆیــە.
٢٥. مــارف خەزنــەدار(د.)، مێــژووی ئەدەبــی کــوردی،ب٥، دەزگای چــاپ و بڵاوکردنــەوەی ئــاراس، هەولێــر،چ٢، ٢٠١٠

## سەرچاوەی فارسی:

١ـ شاعیر كه دنیارا به چشم نمی بیند. mehrnew.com

٢-زندگینامه-شامی-كرماشانی-شاهمراد-مشتاق-وطن-دوست٢

https://sanandaj20.blogsky.com/1394/11/30/post-

## ئینتەرنێت و ماڵپەڕ (کوردی، ئینگلیزی):

(1)www.aljazeera.net/health/2019/8/25

(2)twinkl.co.uk/teaching-wiki/alhwas-alkhms

(3)www.aljazeera.net/health/2019/8/25

(4)twinkl.co.uk/teaching-wiki/alhwas-alkhms

(5)press.princeton.edu/ideas/is-the-human-brain-a-biological- computer

(6)web.facebook.com/482608342205500/posts/528407540958913/?_rdc=1&_rdr

(7)www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=16924&type=farhang سەمەد کوردە

(8)www.un.org/ar/observances/braille-day/background#:~:text=تقدر%20منظمة%20الصحة

(9)www.britannica.com/biography/Homer-Greek-poet

(10)mawdoo3.com/معلومات_عن_أبي_العلاء_المعري

(11)www.poetryfoundation.org/poets/james-joyce

(12) www.britannica.com/biography/Helen-Keller

(13) zaniary.com/blog/612b8eb13c02e/تەها-حسێن

(14)jamesthurber.org/books-in-print

(15)www.goodreads.com/author/show/500.Jorge_Luis_Borges

(19)www.aljazeera.net/encyclopedia/2016/2/24/عبد-العزيز-ابن-باز

(20)studsterkel.wfmt.com/programs/oliver-w-sacks-discusses-deaf-experiences-detailed-his-book-seeing-voices

(21) www.thriftbooks.com/a/sue-townsend/235634/

(22 www.poetryfoundation.org/poets/alice-walker

(23) www.kurdipedia.org/?q=20081215123348705

(24)kurd-online.com/tag/كامل-حسن-البصير/

(25)www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=139482

(26)hawlerweb.net/adab/2023/01/44139/

(27)www.mawlawi.krd

# دیوانی بەیاد

شەفیق «بەیاد» ئەحمەداغا غەفووری

# شیعری دڵداری

## هەوێنی جوانی
١٩٧٢/٢/١٨

سڵاو لەو کەسەی کە خۆشم دەوێ
سڵاو لەو کەسەی بە ڕۆژ و شەوێ
بۆتە فریشتەی ئیلهامی شیعرم
هەمیشە ناوی ئەوخەرامانە
لە لام پیرۆزە، وێردی زمانە
مایەی ژیانە
پەری ئاسمانە
نموونەی جوانی نەخشی یەزدانە
ملیۆنان ساڵە وا دەستی سروشت
بێشکەی تەمەن و ژین ڕادەژێنێ
خۆی دەلەنگێنێ
ساڵێ چوار کەڕەت تەرازووی دیمەن
هەڵدەسەنگێنێ
هەر لە یەکەم ڕۆژ هەتاکو ئێستا
تا ئەم هەڵوێستە
هیچ جوانێ وەکو جوانی ئارەزوو
نەهاتۆتە ڕوو
هەتاکوو ئێستا سروشتی دایان
خەم ڕەوێنێکی وەهای نەدیووە
بۆیە ئەوێستا هەوێنی جوانی
بۆ شادومانی
بۆ کامەرانی
شایەنی باسە

## تاقانەی دڵ

خۆشەویستەکەم، خۆشەویستی دڵ
هەر بەتەمای تۆم، تا دەچمە ژێر گڵ
هیوام، ئامانجم . ئاواتم هەر تۆی
کۆرپەی لانکی نێو دەروونی گوڵ
خۆشەویستەکەم ! گوێم بۆ ڕاگرە
بزانە من کێم ، سەرێ هەڵبڕە
بزانە تۆ کێی، کێ بۆت سووتاوە
ئەم پێشنیارەم زوو لێ وەرگرە
خۆشەویستەکەم لە یەکەم شەوا
کە دانیشتبووین هەردوو پێکەوە
لە بارەی خەونی مرۆڤێ دەدواین
خەونی ناوبراو ئاگری کردەوە
جا ئەم ئاگرە نەکوژایەوە
پشکۆ و ژیلە مۆی وا گەشایەوە
بوو بە شۆڕشێک لە چوار چێوەی دڵ
لە جیهانی لەش دەنگی دایەوە !
سەرنجی گەلێ ڕێبازم داوە
هیچ ڕێگای ئەوتۆم لە دەست نەماوە
کەس گومان نابەم لە بۆ یارمەتی
ئەمرۆکە پەنام بۆ تۆ هێناوە
جا تۆ چی دەڵێی سەرۆک فریشتە
لە دۆزەخ بژیم ! یا لە بەهەشتا ؟

تۆ بێ و جوانیت لێم زویر مەبە
ئەوین دەستکاری دەستی یەزدانە !
بە دەست خۆم نییە، کە تۆم خۆشدەوێ !
ئیلهامی ڕۆژێ، فریشتەی شەوێ
ڕژێمی ئەوین من دام نەناوە
نەخشەی یەزدانە، دەبێ سەرکەوێ
ئەوا جوانی تۆم لە بۆ دەرکەوت
ڕەوشت و دیمەن، ئاواز و ڕەوت !
پێویستە لە ڕێت گیان بەختکردن
هەتا سنوری ژێر مانگە شەوت
لە تاریکی شەو، لە مانگ ڕووپاکتر
بە ڕۆژ، لە تیشکی هەتاو ڕووناکتر !
لە مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەی ئاسمان
شایستە تری تا بڵێی چاکتر
ئەستێرەکانی ڕێگای دڵداری
حەوت گوڵی سووری باغی بەهاری !
ڕژان، هەڵوەران، لە بەر جوانی تۆ
بەرەو هەوراز چوون، بە شەرمەزاری
سەردار و سەرتیپ، هەر تۆ ڕێزانی
سوپا سالاری لەشکری جوانیی
تاقانەی دڵی (بەیاد )ی بەخوا
گەر نەتزانیووە ! دەبێ بیزانی

## بەراورد
١٩٧٣/٢/٢

وا یانزە ساڵە من تێدەکۆشم
لەو بەروارەوە ژەهرەمار نۆشم
لە بەرژەوەندی خۆم چاو دەپۆشم
ڕۆژ بە ڕۆژ چاتر لە گڕوجۆشم
ویستم نەمامی بەڵێن بڕوێنم
خۆم لە ئاوێنەی وەفا ببێنم !
وا یانزە ساڵە دەیجورە شەوم
گۆڕاوە باری خۆراک و خەوم
نە کاروان کوژەم نە باڕە کەوم
من سەربازێکی توند و پتەوم
بڕنەوی تۆڵەم چاوەڕێی هەلە
دەیکەم بە شاباش تەوژمی گوللە
لەم یانزە ساڵە شەشیان مەشق بوو
ئەم چەرخەشمدی، ئەویش بەسەرچوو
ئەوجا کە سروشت ویستی ڕوو بە ڕوو
بمداتە دەستی سوپای ئارەزوو !
بەڵێ پێنجساڵیش بەو دەردەی بردووم
سەیرم بە خۆمدێ کە چۆن نەمردووم
ئەوا پێنج ساڵە، من تۆ دەناسم
لە پەرێزی تۆ سەپان و داسم

بێتەلم، دزی نێو دەنگ و باسم
لە پێناوی تۆ گەلێ کەساسم
ئەتۆش هەر ڕۆژێ، بەرگێ دەپۆشی
بە جامی دەستی زۆر کەس سەرخۆشی !

## دەروازەی ئەوین
١٩٧١/١١/١٤

کێ هەیە وابێ ؟
هەرگیز نەترسێ
مردن نەپرسێ
وەک شێری زامدار
بە بیر و بڕوا
بەرەو قۆناغی گیان بازی بڕوا
کێ هەیە وابێ ؟
هێندە ئازا بێ ؟
خەو دوژمنی بێ
شەو دەریای بیر و نەنوستنی بێ
لە نێو فرۆکەی تیژڕەوی خەیاڵ
جار جار پێکەنێ
کەچی لە ناکاو دڵی ڕاچەنێ
دەستی هەڵبڕێ
فرمێسک بسڕێ
دڵی وەک دەریا شەپۆل هاوێژ بێ
بە گەردەلوولی غەم، سەرەو لێژ بێ
کەس نییە وابێ
کەس پەیا نابێ
تەنیا کۆمەڵی دڵ برینداران
یانی دڵداران
تەنیا دڵدارە لە ڕێی دڵبەری

بۆ بەختەوەریی
ڕێبازی پەری
گیان لە سەر دەستە
هەر ئەو سەربازی ڕێگای ژیانە
ئەم بگرە و بەردەی جیهان درۆیە
هەموو کۆششی ورگ و گیرفانە

## بەیاد و دڵ

١٩٧١/٩/٨

**بە یاد:**

ئەی دڵە دیسان چی لێ ڕوودراوی ؟
بۆ ئاڵۆزاوی ؟
ئیمشەو لە لێدان، زێدە شێواوی
هەڵ بزڕکاوی
دەڵێی لەشکری غەم دەوری داوی
دەڵێی گریاوی
زۆر پەشۆکاوی

**دڵ :**

ئەی بەیاد، دیسان، سەختە ڕوودراوم .
بە بومەلەزەو، گڕکانی ئەوین
زۆر شڵەژاوم
شەوێک لە شەوان
بە بڕنەوی سۆز
بە گوللەی زمان
بە دەستی بەیان
لە نزیک بەیان
زامار کراوم
بەڵام ئەو کەسەی کە خوێنی ڕشتم
زۆر بە ئاسانی بەجێی نەهێشتم
کە بەجێی هێشتم ئاورێکی داوە
زانی نەمردووم

دیسان گەڕاوە
دووبارە پەنجەی ڤیانی جوڵاند
هەمیسان چەکی کوشندەی تەقاند
پڕ بە دڵ دەستی نیازی وەشاند
جا بەجێی هێشتم

**بەیاد :**
ئەی دڵە، ئەو جا کێ هەیە وابێ ؟
لە جەرگەی شەوا
هێندە چاپوک و چوست و ئازا بێ
کێیە ئەو کەسە؟ چۆنە دیمەنی ؟
لە بەژن و باڵای
لە ڕۆیشتنی
لە گورج و گۆڵی
یا لە هەنگاوی
لە دەست و پەنجەی
لە دەم و چاوی
شێوەیەک بڵێ
شەپۆلی ئاوی کام سەرچاوەیە ؟
یاخود نەژادی کام نەتەوەیە ؟

**دڵ :**
ئەی بەیاد ئێستا چۆنی باس بکەم
قەزای لە گیانم
لە دەربارەی ئەو

هێندە دەزانم
ئەجننە و پەری
فریشتە و ئینسان
ناگەنە نیوەی جوانی خەرامان
بۆ هەر مەبەستێ
گەر تەماشاکەی
جوانە بێ گەردە
ئێستاش بە هیوای دیتنی ئەوم
هەر لە چاوەڕێی پەیمانی شەوم

## مەرگ

دیسان گڕی سینە و دەروون
ژیاوە وەک دەستی گەردوون
دێرینی هێنامەوە یاد
بۆوە، قەقنەس لاشەی زەبون

گڕ بە گڵپە لە نێو سینە
کە دەردەچێ هێند بەتینە
دەبتە هەوری ئاسمانی شین
پەردەی تاریکی زەمینە

ئەو ئاگرە بێ ئەمانە
بێ نیهادە، بێ ووچانە
ڕووبکاتە هەرچی کەسێ
دەی سووتێنێ وەک پەروانە

جارێک گریاوم پڕ بە دڵ
با ئەم جارەش بگریم بە کوڵ
ئەسرین بڕێژم بۆ ژیان
بە سەربەرزی دەچمە ژێر گڵ

هاتوومە سەر ئەو بڕوایە
هەرچی لە نێو دڵمدایە
بیخەمە کۆشی ئارەزوو
ئەویش خۆی و ئەو خودایە

(بەیاد ) ! مەرگی دەردی ساری
یا مردنی بە هەژاری
کامیان ئەرکی قورسترە
لەگەڵ ژیانی دڵداری ؟

## بەدکار

هەر کەسێ ببتە کۆسپی دڵداران
ببێتە دڕکی سەر ڕێی هەژاران
ببێتە دژی دڵ بریندادران
ڕووی گرژ و مۆنبێ لە ڕاست بێچاران
خوایە ئەو کەسە بەشی تاڵی بێ
پیشەی هەمیشە هەر غەمخواری بێ
ئەو کەسەی شوشەی دڵدار دەشکێنێ
خۆشاوی بادەی دڵدار دەڕژێنێ
تەنافی ڕێگای دڵدار دەپسێنێ
کۆشکی ئاواتی دڵدار دەڕمێنێ
خوایە ئەو کەسە نەگات بە ئاوات
ببێتە پەندی چوار چێوەی وڵات
ئەو کەسەی لە سەر ئەم ڕێگا پاکە
چەوتی دەنوێنێ لە باتی چاکە
خوایە شێتی کەی چونکە ناپاکە
با قوڕی جیهان بەسەر خۆی داکا
خوایە ئەو کەسە ژینی لێ تاڵ بێ
گیرۆدەی مەرگ، وێرانە ماڵ بێ

## باغی چنارۆک

فەرموو بچینە باغی چنارۆک
سەرنج ڕاکێشە وەکو حەمامۆک
نموونەی نەخشی دەستی یەزدانە
جێی ڕابواردن و شایی و سەیرانە
لە پاش ئاوازی شمشاڵی شوان
قاسپەی کەوان دێ لە هەیبەسوڵتان
ئەوجا کوڕ و کچ لە شاری کۆیە
بەرەو چنارۆک دەکەونە ڕێیە
دیمەنێکی وا دەهێننە بەرچاو
مەلی ئاسمان دەخەنە نێو داو !!
کەوابێ ( بەیاد ) تۆش بەرەو سەیران
یا بۆ چنارۆک یا ئۆمەر خوچان

# دایکی دڵبەر

دایکی دڵبەر با نەزانێ ئەم دڵەم دێوانەیە
گەر بزانێ، بۆ نەمانم هێرشی شێتانەیە
هەوڵ و کۆششم هەمیشە لەم ڕێگایە خەرجەکەم
وام لە پێنووس دەن، کە خۆییم، پێم نەڵێن بێگانەیە
کێ لە باسی ئەم ئەوینە، شارەزایە ڕاپەڕێ !
بێتە نێو کایە، بە مەرجێ خوێنی زامی نەسڕێ
هەر کەسێ بەم ژەهرە مارە گیانی لەرزۆکدار نەبێ
ناتوانێ لای پزیشک ئێشی زامی دەربڕێ
ئەو گێژاوەی من ووتم با بزانن کە ئەوینە
گڕو گڵپەی گەلێ سەختە دۆزەخی چی ؟ زۆر بە تینە
لە ڕەستا خێز چینی گومڕا دەسووتێنن تا بڵێی
من لە دوولا دەسووتێم و لە ئاسمان و لە زەمینا

## سارێژ

١٩٧٨/٦/١٥

هەر تۆم خۆش دەوێ هەر تۆم خۆش دەوێ
ناحەز و بەدکار با کۆستیان کەوێ
لە نێو کوردستان هەر تۆم خۆش دەوێ
سوێندم بە یەزدان هەر تۆم خۆش دەوێ
زۆر شادمانم بە ناسینی تۆ
ئەستێرەم گەشە لەو پەڕی ئاسۆ
هەموو ڕۆژێکم جەژن و بەهارە
هەموو شەوێکم هەر یادگارە
بیستنی ناوت ئاسوودەی منە
نامەی بەڕێزت نیوەی دیتنە
لێم نزیک بەوە هەرچەند نزیکی
هەرچەند بە گڵپەی دڵم خەریکی
چونکە نیاز و ناز و پێکەنین
موژدەی ئاشقە لە سەر ڕووی زەمین
پێکەنینەکەت لابەری خەمە
فریشتەی ئاسمان دێنێتە سەما
مەخمەر و کەتان جەرسە و کرێشە
بۆ جلی کوردی بوکێنیت باشە
بۆ لەنجە و لار و بۆ بەژن و باڵات
خەناوکە و مێخەک دەکەم بە خەڵات
تا لە دوا ڕۆژ بەیادی ئیمڕۆ
دەستی دڵداری بخەینە ئەستۆ

# پەرێز
١٩٧٨/٦/٢٠

بەهاری کۆیە چاوەڕوانە
چاوەڕێی جەژن و خەنە بەندانە
هەل هەلە لێدەن بۆ ئەم جوانە
هەل هەلە لێ دەن یارم میوانە
بۆی بڵێن بەستەو بەزمی بوکانە

چەپڵە ڕێزانە شایی و گۆوەندە
موژدە بێ شیرین ئەم زەماوەندە
بۆ تۆیە دڵم بە تۆوە بەندە
هەل هەلە لێدەن بۆ ئەم جوانە
پرچی درێژی پەخشی سەرشانە
لەگەڵ ڕۆیین و ناز و لەرزانە

دێتە خوار بە سەر شاڵ و کۆڵوانە
هەل هەلە لێدەن بۆ ئەم جوانە
لە بۆ خوازبێنی بووکی دڵداری
ئاهەنگێک ساز کەن بۆ بەختیاری
وەک و ئاهەنگی نێو کوردەواری
هەل هەلە لێدەن بۆ ئەم جوانە

## گەر هەڵکەوێ
١٩٧١/٨/٢٩

ئەی ڕاکێشەر
فریشتەی شەو، دڵ بزوێنەر
ئەی نووسەری ڕووداوی ناخ
ئەی دارێژەر
لەم چەند ساڵانەی ڕابردوو
بە بێ پشوو
خەباتت کرد لە هاتووچوو
ئەوەی بوو، بوو
ماوەیەک بوو بە ڕۆژ و شەو
وەک فیکەی کەو
بە بێ شەرمی، بەڕووی پتەو
لای ئەم و ئەو
بەسەربەستی دەهاتیە لام
تا خۆت خستە باغی بڕوام
کە پەنجەی هونەرت هەژاند
ئەی گوڵی من
بناغەی ئیشقت دارژاند
لە دڵی من
فرمێسکی چاوت پێ ڕشتم
کەوا چەشتم
خوا بتگرێ بەجێتهێشتم
بۆ وات کوشتم ؟

کوا ئەو بۆتەی کە دات ڕژاند ؟
ئەی ئارەزوو
بۆ خەرمانی منت سووتاند ؟
وا زوو بە زوو ؟
ئەی خەڵقینە
منیش ئێستا تۆڵەم دەوێ بەڵام لە کێ ؟
لە مێمرێکی سەرەڕێ
گەر هەڵکەوێ
وای لێدەکەم هەتا ماوە
هەتا جوانی ئەو لە باوە
بەندی دەکەم لە گێژاوە
لەمەو لاوە
هەتا ماوە ، ..

## تۆبە لە دڵداری
**١٩٧٢/١/٢٠**

ڕاستە دڵداری پاک و بێ گەردە
هەنگاوی وردە
هێندە ڕەوایە
میوەی بەهەشتی بەرینی خوایە
ئەوەی لە ڕێچکەی دڵداری لادا
خەرمانی ژینی دڵدار بە بادا
دیارە دڕندەی نێو دۆڵ و هەردە
دیارە نامەردە
چونکە دڵداری زۆری پێ دەوێ
ئازاری شەوێ
گولـــەی نەنووستن
بە کەس نەکەوێ
دڵە خورپێمە چرپەی ئەم و ئەو
کە کەس نەزانێ
بە ڕۆژ و بە شەو
وەکو قاسپەی کەو دەنگ نەداتەوە
سەیری، کە نازی دڵبەر گرانە
هەزار ئەفسانە بە پولێ بکڕە
هێشتا گرانە
ئەمانە هەمووی هۆی دەردی سەرە
هەمووی کەسەرە
گولـلەی جگەرە

هەموو خەنجەرە
خەنجەری تیژە
لە ڕێگای کیژە
بە کوڕ دەکەوێ
کچی بێ وەفاش وەک هەوری زستان
ڕۆژێ لە گەرمێن، ڕۆژێ لە کوێستان
کچ دڵ فرێنن
بێ سەروو شوێنن
پەیمان شکێنن
زۆر بێ بەڵێنن
بەڵام هەتاکوو ژێر دەستت دەکا
خۆی دەت دوێنێ
وەکو فریشتە بە هەزار جۆرە ڕەنگ خۆی دەنوێنێ
پەیمان و بەڵێن
سوێندی بە درۆ
دەیکاتە پەریزادەک سەربەخۆ
کوڕ دڵنیایە دلبەری هەیە
گوایە بۆ ژیان هاوسەری هەیە
کەچی نازانێ کوڕی داوێن پاک
بڕبڕەی پشتی دراوە لە خاک
ئەی کوڕ هووشیاربە
پەیمانی دڵبەر کاغەز بوو دڕا
گوێچکەی بیستنی ئەوێستا، کەڕە
زمانی بەڵێن لە بندا بڕا
کاسەی شەڕابی جوانی خۆی شکاند

خۆی هاویشتە نێو تەلاری پتەو
بەزاندی جڵەو
تۆبە لە کار و پیشەی دڵداری
لە بیرت نەچێ
هەر کوڕە ئەوەی لێرەدا تێ چێ

## زامی دوو تیر

خاوەنی زامی دەمی دوو تیرم
بەڵێ ! دوو ڕاوچین، من یەک نێچیرم
یاوەرانی من سەروای پەژارەم !
پەنای هێناوە، دڵەی ئاوارەم
داغە کوورەی دڵ .. لە دێمەکارم
زۆر بە ئازارە جەستەی بیمارم
شاڵاوی هێنا ئەشکەنجە و مەینەت
گەچڵاوە لاشەم گەردن کێلی پەت
هێندەم نەماوە لە قۆناغی ژین
ئەژنۆی بێ هێزی دادەمە زەمین
گەر ئێوە نەبنە پزیشکی ئارام
واتە لە ئازار ڕاهاتم، خارام
جەنجاڵە سەرم، لە هەموو لاوە
توانج بارینە، هەر چاو و ڕاوە
ئێستاش بە گوللەی ئەوین تێ چووم
لەگەڵ پەژارە، ڕوو بە ڕوو بووم
ئەوەندە قینم لە دڵداریە
چونکە قەڵاچۆی بەختیارییە
کەواتە کەشتیم گۆمی شەپۆلە
کە گیانکرِی من پەریە لەم پۆلە
هات بە ئەفسوون و ناز و لەرزانە
هەرگیز بە بیری منا نە دەهات
هیچ جۆرە هێزێ کارم تێ بکات

دەروازەی دڵم بەرانبەر ئەوین
گرێو گاڵ دابوو بە زنجیری قین
بەڵام نەمزانی سەرۆک فریشتە
سەرتیپی پەری لە جوانی  وشتە
واتە ئەرستۆ، سوقرات و برزوو
هێشتا ناگەنە چرپەی ئارەزوو
دەمزانی پەنجەی وازی دەردێنێ
دەروازەی ڕەقی دڵم دەشکێنێ
گەر هەڵوێستی من بە چاو ببینن
لە نێو پێکەنین سەما دەسێنن
شەوێ لە شەوان ، ڕۆژهەڵات لە شەو
ئەستێرە تێکرا چاویان چۆوە خەو
ئاسۆ شەبەقی بەخشی لە دەیجور
چریکەی هوزار دەچوو بەرەو ژوور
فریشتەی ژیان گەییە تەنیشتم
پێی وتم ،  بۆ تۆ میوەی بەهەشتم
ناچار بووم منیش ڕژێمم دانا
هەر چەند کە زانیم دەمکا بە وانە
ئیتر نۆرەتی دڵ فریودانە
یار تیری دڵ بوو، ئەمە ئی گیانە
پێی وتم خەزان دوورە لە ئێمە
ساڵی دوو بەهار بۆ مە بەجێما
ڕای کێشامە نێو ئامێزی نەرمی
بوو بە پێخەفم باوەشی گەرمی
تا کەف و کوڵی دڵی داکەواند

ئەوجا زریزەی پەیوەندی پچڕاند
بەڵێ بەهاری جاویدانی ئەو
هەر ماوەیەک بوو، وەکو فیکەی کەو
( بەیاد ) سواری ئەسپی بێگانە
هەر پیادەیە، زۆر باش بزانە

## ڕازێک لە ژێر پەردە
**١٩٧٣/٧/١١**

لەو ڕۆژەی خۆشەویستی دروست بوو
ژیان بە مرۆڤدرا سەر لە نۆ
شێوەی ڕەشۆکی، هەر ئابڕووی چوو
ژیان وای لێهات، کوڕ دەستنیشان کا
کچ بە مەیلی خۆی با بدرێ بە شوو
مرۆڤ سەربەستی
درایە دەستی
بە  پێی پێویستی
بجولێتەوە، بە دەم ئارەزوو
لەو کاتەش سوپای ئەوین دانرا
بڕیاری مەشقی گیانبازی درا !
لە هەموو لاوە ئەو سوێندە خورا
سوێند بە ڕابەرەی، بەو کارە هەستا !
هەتا گیان لە نێو قەفەزی پێستە !
وا لەو ڕێبازە ،
کە ڕێی دڵخوازە
هەر ئێمەین چرا !
ئێمەی ئەکتەری سەر شانۆی ژیان
هەر کەس بە ئەرکی سەرشانی هەستا
وەکو پێویستە
ئەوانەی دەوری دڵبەریان وەرگرت
بەو دەم و دەستە

زوو بوونە پەری
ئارایشی وان گەییە ئەو پەڕی
دیارە بەخشەری بادەی جوانی ،
کاری خۆی کرد و لێرە توانی
کاسەی نیگاری کچ سەرەو ڕێژکا
بەڵام نەیفەرموو، لە خۆبایی بن!
کەچی، داخەکەم بەپێچەوانە
بە هەزار ئاواز، زوڕنا دەژەنن
ئێستا کچ فەرمانڕەوای زەمینە !
کچ ڕاکێشەری ڕەوڕەوەی ژینە !
چونکە پێشەوان ! کەللەیان گەرمە
ئەوەی بە بیریان دا نەیەت، شەرمە
بەڵام ڕۆژێ دێ، بە پەرێشانی !
هەنگاو بنێنە نێو پەشیمانی
کاتێ دەزانن، زستانێکی تووش
بۆتە ڕەهێڵەی بەهاری جوانی

## دۆزەخ و ئەوین
## ١٩٧٣/٨/٢٣

بەڵێ دۆزەخ بە ئازارە
پڕ لە ئەزیا و جانەوەرە!
دەڵێن ! ئاگر سوتێنەرە
گوایە مەرگ ژیانبەرە!
ڕاستە بەڵام
ئەو هەموو جۆرە ئەشکەنجە، چوار یەکی نازی دلبەرە !
بۆ نموونە !
لە ڕێبازی شەقامی ژین
ڕێبوارێک بووم ، !
لە نێو هۆڵی شادمانی، خومارێک بووم
لە ڕووی وەرزی تەمەن، هەردەم بەهارێک بووم
لە دوو نێچیری ئارەزووم، شکارێک بووم
بەڵام، ئێستێکە شپرزەم
دوو چاری دەردی دڵ بووم
تەلەسمی دەردی دڵداری
چ هەورێکە!
ڕێژنەی خەمی لێ دەبارێ !
هەموو جارێ
کە دلبەر خۆی دەجولێنێ
فریشتەی ڕەنگی بێ دەنگی، دێتە خوارێ
پەڕ و باڵی بەڕووی دڵدار دادەهێنێ
بەرەو ڕێی ئەفسانەی دەبا

هەر وەک و من !
کە گیرۆدەم ،
هەزار و یەک خەیاڵ دێت و
بە کەللەمدا گوزەر دەکا !
ڕێی ڕاستیم لێ بزر دەکا
جا کە تێر بوو پەریزادە
لە بینینی فیلمی خۆی !
ئەو جا ئیتر بە ڕاز و ناز
بە ئاوازی مۆسیقای ساز
باری هەڵوێستی دەگۆڕێ !
ئەم ڕێگایە ڕێی ئەوینە
ڕۆژێک شایی، دە ڕۆژ شینە
هەروەکو دۆزەخ بەتینە

## بڕوانە
## ١٩٧٣/٨/٢٨

کوورەی دەروونم وەها جۆشاوە
دەریای ئارامم چاک خرۆشاوە
سنوری سینەم هەر چەند بەرینبێ
هێشتا بێکەڵکە بۆ ئەم لێشاوە
دەریای نهێنیم هاتۆتە هەژان
چاوگی ڕازم لە سەر زمانە
دەترسم بیڵێم، قەرزار ببمەوە
ئەگەر نەشیڵێم لەلام تاوانە
ناوێرم بیڵێم، خۆم زۆر خۆش دەوێ
خۆ دەپارێزم لە گوللەی زمان
لە گوللەی نەزان
خۆم دەپارێزم لە ڕووی ئەوانەی
نازانن چۆنە بەهەشتی ژیان
بەڵام، پێی ناوێ هەر دەیدرکێنم
دەرگای پەنهانی وورد و خاش دەکەم
پەردەی بەندەری ترس دەدڕێنم
بۆمبای ئومێدی خۆم دەتەقێنم
ئیتر هاواری ڕەنگی بێ دەنگی
هەتا کەی لە نێو جیهانی لەشم پەرەبسێنێ ؟
هەر چەند لانەی خۆم دەشێوێنم
بەڵام وا پەنجەی ئاوازی نیاز
لە سەر شمشاڵی دەم دەجوڵێنم

ئەی ئازیزانم ! ئەی ئێشکچی شەو !
ئەی ئەو کەسانەی دەژیەن بە بێ خەو
کەپر و تەلاری ووچان و پشوو
ئاگر دراوە
جەرگ سووتاوان بە بێ دەستمایەن
مایەیان تەنیا خوێنی برینە
دەستمایەی ڕۆژیان هەر شەو گرینە
ئەمڕۆکە ئابڕوو پلەو پایەیە
پەریزادەش ! زۆر بێ زەییانە
لە بۆ بازن و ملوانکەی ئاڵتون
لە خوێن ڕشتنا بێ پەرواو پشوون
بەڵام ، ڕۆژێ دێ ژیان دەگۆڕێ
بازاڕی زێڕ و سامان کز دەبێ
تەرازووی پێوان دەستنیشان دەکەین
کە بێتە نێوان
بە پێی پێویستی
هەرکەس مافی خۆی دەدرێتە دەستی

## شنەی شەماڵ

شەماڵ، دەستکاری پەروەردگاری
شەماڵ دەرمانی دەردی، دڵداری
شەماڵ نوێنەری، شەماڵ هۆشیاری
هەر پایەدار بی، زۆر بەختیاری
***

پێش ئەوەی کە من بێمە سەر زەوی
یانی نەمدیبوو هەوراز و نەوی
لەم بەروارەوە تۆ مانگە شەوی
ڕێ پیشاندەری چینی هەژاری
***

بەڵێ وا منیش هاتمە سەر زەمین
کە بوومە دە ساڵ تێگەیم لە ژین
لە پانزە ساڵی خۆم کردە پەرژین
زانیم ئاودێری گوڵی بەهاری
***

ئیتر بەڵێن بێ شەماڵ تا ماوم
تا مێژوو بەخوێن دەنووسێ ناوم
نەنووم، بە دەگمەن خەو بچتە چاوم
کە تۆ پێشڕەوی شنەی کۆساری
***

پەرێزی هیوام، بە تۆ دڵشادم
شنەی شیرینت ناچێ لە یادم
بەندیشبم بە هۆی تۆیە ئازادم
چونکە سارێژی زامی دڵداری

## وێنەی دڵدارەکەم
## ١٩٨٦/٧/١٦

ئەم وێنە هێزی لێدانی دڵمە
چونکە ئەم وێنە هی خونچە گوڵمە
چرای دەستمە لە ڕێگای ژیان
ئاسوودەی ژانە کاتی گیانکێشان
تا دەمرم دەبێت لە سەر دڵم بێ
ئەو دەمیش هاوڕێی گۆڕ و گڵم بێ
ڕۆژی پرسین و لێ پێچانەوە
ملوانکەی ملمە لە هەڵسانەوە
شیرین سارێژی زامی ( بەیادە )
بۆیە بەم وێنە دەروونم شادە
تا لە سەر سینەی منی هەڵواسن
هەتا لە هەردوو جیهان بی ناسن
شیرین ئومێدی هەردوو جیهانە
بۆیە وێنەیم کرد بە گەردانە

## ئاوێزان
## ١٩٨٩/٦/١١

ئەوا گڵپە و بڵێسەی خۆشەویستی
خزاندمیە ژیانێکی ژێردەستی
گەرچی ڕۆژ و شەو لەنێو دەروونم
بەدەست گڕکانی عیشقا زەبوونم
بەڵام چونکە لە ئەنجاما دەزانم
سارێژدەبێ هەموو زامی گیانم
کەوابێ بۆیە پڕ بە هەست و ڕێزم
تا ماوم خۆشەویستی دەپارێزم
جێگای شانازییە هەموو ژیانم
بە شاباشی خۆشەویستی بزانم
دڵم دەکەمە بەردەبازی یارم
خوێنم موژدانەیە لە ڕێی دڵدارم
گەلێ شایستەترە ئەو شیرینە
جێگای شانازییە ئەو نازەنینە
کە هەموو ڕۆژ ببمە مۆم بەدیاری
گەیشتنی پزیشکی ڕێی دڵداری

## سامانێکی بێ کۆتا
## ١٩٨٨/٨/٣

ئەو دەمەی مانگ تریفەی لە دەم و لێو دەبارێ
ئەو دەمەی شەو لە ترسی خۆر دەتارێ
ئەو دەمەی کۆرپەی ساوا بەرەو ڕووم پێدەکەنێ
ئەو دەمەی کە خۆشترین موژدەی شادیم دەدەنێ
ئەو دەمەی کە ڕۆژوەوان هاوین ڕۆژوی دەشکێنێ
ئەو دەمەی کە کچی کورد بەناز لاوێك دەدوێنێ
ئەو دەمەی سۆزی دایك بۆ کورپەکەی دەجۆشێ
ئەو دەمەی کە کوردستان جلی بەهار دەپۆشێ
ئەو دەمەی شاعیر و شەو بەرۆکی یەکتر دەگرن
ئەو دەمەی دوو دڵدار فرمێسکی یەکتر دەسڕن
ئەو دەمەی زاوا دەسرەی زەماوەندی بادەدا
ئەو دەمەی بەختیاری لە دەرگای مرۆڤ دەدا
ئەو دەمەی وەرزی پەڵە، باران بە خوڕ دەبارێ
ئەو دەمەی ڕاوچی لە شاخ شکاری دێتە خوارێ
ئەو دەمەی کەوباز، بنە، لە ژێر تەڕاش دادەنێ
ئەو دەمەی کەو و سوێسکە بە سەد ئاواز دەخوێنێ
ئەو دەمەی کۆچەر بەرەو ڕێگای کوێستان دەبزوێ
ئەو دەمەی گاسکەیان دێ کیژ و لاو جوێ جوێ
ئەو دەمەی بێری و شوان دەستی ڕەشبەڵەك دەگرن
ئەو دەمەی کە دوو دڵدار لە پێناوی یەك دەمرن
ئەو دەمەی تاڤگە پڕ پڕ بەفراوی لێ هەڵدەڕژێ
ئەو دەمەی گوڵ پێدەکەنێ ئاونگی دەپڕژێ

ئەو دەمەی دوور وڵاتێك دێتەوە بۆ نیشتیمان
ئەو دەمەی کە گرتویەك ئازاد دەبێ لە زیندان
ئەو دەمەی جوتیار جەرگی زەوی هیوا دەکێڵێ
ئەو دەمەی کە مازوچن بالۆرەی خۆی ڕادێرێ
ئەو دەمەی کە سەپان ڕەوسەی خەرمانی سوور دەکا
ئەو دەمەی بوکی خەمڵاو حەز لە مت و موور دەکا
ئەو دەمەی شەو،خەو، بە دیاری دێنێ
ئەو دەمەی کە شەونم شەقڵی بەیانی دەشکێنێ
ئەو دەمەی پەلکە زێڕینە دەبێتە کەوانە
ئەو دەمەی ڕوبار شەپۆلی دەبێتە ئەفسانە
ئەو دەمەی ئەسپ سوار ساز دەبن بۆ ڕمبازی
ئەو دەمەی زەردەپەڕ ئێواران دەفرۆشێ نازیی
ئەو هەموو بابەتە سەرنج ڕاکێشە پڕ نەخشە
نیگای ئادەمیزاد ڕادەکێشێ شادیبەخشە
کەچی من هەر بابەتێکی جوانی ببینم
فلمێکی تراژیدیا لەسەر تۆ دەردێنم
چونکو تۆ لەگەل هەموو دیمەنێکی جوانی
ئاوێتەی، تۆ بەلای منەوە مانای ژیانی
تۆ فریشتەی تۆ پەری ئەتۆ میوەی بەهەشتی
خەڵاتی یەزدانی تۆ هەموو جوانی سروشتی
ئەوەندە هۆشمەند و پسپۆڕ و ژیر و هۆشیاری
وەك تیشکی هەتاو و مانگ، شەو و ڕۆژ لێمدیاری
دەبێ ببوری کە نەمتوانی بە ئاسایی
بنوسم باسی بەرز و پیرۆزت بە تێکڕایی
چونکە هەستم بەرامبەر تۆ زۆر بێ دەسەڵاتە

نە بۆخۆم نە خامە تەنانەت نە بەم خەڵاتە
ناتوانم هەستی خۆم بەرامبەر تۆ دەربڕم
تەنانەت گەر شیعرێك بێنم لەبەر پێتی سەربڕم
دەنا هیچم نییە بیکەمە بەرەدەبازی ڕێت
گەر قژی شیعرێك بگرم و بیخەمە بەرپێت

## هاوژین
## ١٩٨٩/٤/١٦

نازەنینەکەم  خوێن شیرینەکەم
خاتوزینەکەم  ئەی هاوژینەکەم
بۆ تۆ نەماوم
دەنگم ناتگاتێ تا بڵێم سەرلێشێواوم
لە داخی دوورەدەستی تۆ شلبوو هەنگاوم
هێشتاش کۆڵنادەم هەرچەندە هەڵبزڕکاوم
هەرچەند کەساس و شەپرزە و زۆر پەرێشان بم
هەرچەندە گیرۆدەی ئەشکەنجە و ئازار و ژان بم
هەرگیز نایەڵم تێکەڵی درۆ و تاوان بم
دەبی هەر لەسەر بڕیار و مەرج و پەیمان بم
دەڵێن لەبۆ شەم گڕی گرت وەلی دیوانە
گوڵی تەمەنی هەڵوەری بوو بە ئەفسانە
کەچی لای من هەڵەیە ئەو بێ ویژدانە
چۆن دڵبەری خۆی بەجێهێشت ئەو بێ پەیمانە
پێویستە ئاشق هەتا سەر خاوەن بەڵێن بێ
خۆشەویستەکەی وەك و من تێکەڵی خوێن بێ
زۆر گەورەتر بێ لە مردن، پۆڵا شکێن بێ
دڵخواز بەجێ نەهێڵێ دووژمن بەزێن بێ
هەر تۆ ڕووناکی ئەستێرەی شەوی تارمی
هەر تۆ پزیشکی دەروونی بە ئازارمی
هەرتۆ دەرمانی نێو دڵی برینداری
هەر تۆ دەرمانی هەموودەم، تۆ دڵدارمی

## ئەستێرەیەکی دووره دەست
## ١٩٨٩/٥/٤

ئەی کچە ڕەوشت بەرزەکەی ئاکار فریشتە
زانیم کە خاوەنی بەهرەی لە یەکەم گەشتە
ئاوێنەی ڕووخسارت پڕ پڕ بووە لە هۆشیاری
بۆیە پێنووسم تێک شکا بە شەرمەزاری
شەرمی کرد بەرامبەر تۆ سەری هەڵبڕێ
ئەوەندەی پێکرا خاڵێک دەربڕێ
ئەویش ئەوە بوو کە نووسی بە کوردی پەتی
جا لە بارەی ژیری و هۆشمەندی تۆوە وتی
وشەی (بەهرە) بڕوا بکە هەر لە تۆ جوانە
دەبێ تۆش ئەم پێناسە بکەی بە گەردانە
ئەی کچە نازەنینەکەی شێوازی پەری
هاتنی تۆ خستمیە دەریای بەختەوەری
لای من پیرۆزە ڕۆژی ناسیاوی من و تۆ
وەک هەتاوی بەردەوام لەکەلی ئاسۆ
ئاسودەم لەگەڵ ئەو هاوڕێیەی کە هۆشمەندە
تێك دەگەین دەزانین کە ژیان نرخی چەندە
بەخێربێی سەرفرازت کردم لە پەژارە
فەرهەنگی داهاتووم پڕ لە وشەی بەهارە
زۆر شادومانە ئەو کەسەی کە تۆ بناسێ
تێک ناچێ ئەو ماڵەی کە وێنەی تۆ هەڵواسێ

## ئاسودە
## ١٩٨٩/٥/٣١

بەڵێ ڕاستە ئەتۆ دیلی لە ژێر دەستی کەس و کارت
سەرەڕای ئەرکی ڕۆژانەت لە هەڵچووندایە ئازارت
باش دەزانم بە ڕۆژ و شەو هەتا بڵێی پەرێشانی
لە داخی دوورە دەستی من زۆر ئاڵۆز و نیگەرانی
گوێ بگرە پەریزادە ئەگەرچی زێدە لێم دووری
هەرچەندە مامزی بەندی لە نێو چواردیواری ژووری
بەڵام لەو باوەڕەم دەنگم دەروازەی داخراو دەبڕێ
دیواری خەم دەڕووخێنێ ئەسرینی چاوانت دەسڕێ
دڵنیابە هەتا ماوم لە سەر ئەم بڕیارە سوورم
کە پێم وتی لە پێناوت لە گیانی خۆشم دەبوورم
مانای وایە لە بۆ یەکتر خەبات و هێز و سەنگەرین
لە ئەنجاما ئێمەی دڵدار سەرفراز و بەختەوەرین
کەوا بێ ئەو بەهارەی دێ موژدەتدەمێ زەماوەندە
پێکەوە دەچینە نێو جیهانێکی پڕ لە خەندە
شادومان و ئاسوودەبە دوارۆژی ئێمە ڕوونە
مسۆگەر بەیەك دەگەین چونکە بڕوامان پێکبوونە

## مەترسی

زۆر دەترسێم لە ناکاوا باغی هیوام هەڵوەرێ
لە ناکاوا گەردەلوول بێ و گوڵی ئاواتم بەرێ
زۆر دەترسم تیشکی ڕۆژم زوو تەمی بێتە سەرێ
ژینی ئەو دەم، مەرگە بۆ دڵ، لە ژێر سەرمای سێبەرێ
چەند بە ئێش و سفت و سۆیە زامی نووکی خەنجەرێ
دوو ئەوەندەش ئەرکی قورسە گیان لە لەش بێتە دەرێ !
دەک خودایە ڕۆژ نەگیرێت با نەکەومە تاری شەو
دەبدەبە و ئاهەنگ نەگێڕێت دۆستی من بۆ بەرزی ئەو
بۆچی ببمە باغەوانی گوڵی نەورۆز هەر بەخەو !؟
نامەوێ ژینی لە پاڵ جێ بێمە قاسپە چەشنی کەو
دڵ کە ئارامی نەماوە ببتە دیل وەک زیخ و چەو
بەرگی بێدەنگی بپۆشێ بۆ ڕمۆکی سەر لەنەو

# هەڵوێست
## ١٩٨٩/٦/٦

لەو ڕۆژەی تۆم پەسەند کرد
بڕیارمدا گیانی خۆم بکەم بە پرد
هەتا وای لێهات تۆی فریشتە پەنات بۆ برد
***
جا هەردوو پەیمانمان دا
ببینە مۆم بۆ یەك بەو دەست و بردە
هەتا دەبەزێ ئەهریمەنی دز و جەردە
***
ئەو سا لەنێو جیهانی
بڕوا پێک بوون و ژینی کامەرانی
دەسازێنین بە هەشتێکی پڕ جاویدانی
***
دوور لە مردن، لە گریان
دوور لە ئەشکەنجە و خەم و ئاخ هەڵکێشان
جا گۆرانی ئازدی دەڵێین لە بۆ ژیان
***
ئیتر ژیانمان بەهارە
ئەمە یاسا و پەیڕەوی ڕێی دڵدارە
هەر کە پێک گەیشتین خەم دەدەین لە سێدارە

## بەهرە
## ١٩٩٠/٢/١٦

دەردی دڵان لە شەودا هەتا بڵێی گرانە بەژانە
لە بۆ دڵدار تەنیا دڵبەر دکتۆرە خەمخۆرە دەرمانە
شەیدا و شەپرزە و بێزار، دەروونم سەرگەردانە وێرانە
ژینی شەوو ڕۆژانم هەر فرمێسکە هەنیسکە گریانە
لە ڕێگای هاوژینی خۆم کۆڵ نادەم بە دڵ ئازار دەچێژم
بەڵێنم داوە هەردەبێ خوێنم لە پێناوی بڕێژم
گەر بێت و ئەستێرەم لێ داواکا یەک یەک لە بۆی دا دەگرم
گەر بێت و پێم بڵێ لە بۆم بمرە دەست بەجێ لە بۆی دەمرم
بە چی دڵی خۆش ببێ هەمیشە بە دڵ و گیان ئامادەم
چونکە دەروێشی عەشقم بۆیە من لەم ڕێبازە لانادەم
هەر چەند لە نێو گڕی دۆزەخی خەم بە ڕۆژ و شەو دەسووتێم
بڕوات بێ کەچی هێشتاش حەز دەکەم بە زەبوونی هەڵتووتێم
بەڵێ چونکە دەستمایەی دڵداری لە ئەشکەنجە و ئازارە
بۆیە لە پاییزی خەم بەهاری داهاتووم لێ دیارە
ئیتر هەمیشە هەنگاوی ئاوات بێ ترس دەهاوێژم
یەک بە یەك نەخشە و گەڵاڵە و بەهرەی سبەینێ دادەڕێژم
چەند خۆشە ئەوجا لەنێو جیهانی فراوانی ئازادی
زایەڵەی دەنگی بەرزی ئارەزووت ببتە مۆسیقای شادی
ئەو سا لەگەڵ ئاوازی بڕیار و بەڵێنی خۆڕاگری
شنەی شەماڵی ژین یەکجاری ئارەقەی ماندوویی دەسڕی
گۆڕەپانی دڵداری بەرینە پڕە لە هێمای ئەزموون
گەر هەموو وەک ( بەیاد ) خۆڕاگر بن زوو دەڕمێ کۆشکی ئەفسوون

## تریقە

بەر لەوەی کە من و تۆ پێ بنێینە ئەم جیهانە
بەر لەوەی کەمن ببمە کۆڵکێشی ئەو هەموو ژانە
لە پێش مێژووی لە دایک بوون ڕۆحم ئاشنای تۆ بوو
بۆیە ئیمڕۆ هۆگری تۆم پڕ بە پێستی ئارەزوو
***

تۆ لە کوێبی منیش لەوێم چی بکەم تۆ ڕام دەکێشی
خولگەی منی تا مردن تۆ ئاسوودە و ژان و ئێشی
ئەی کازیوەی شەونخوونیم دەستت بدەرە دەستم
ئەی مەتەرێزی ئاواتم بسازێنە مەبەستم
لە سۆپرانۆی گەروی نازا دە توخوا تریقەت بێ
لە کێوی نیگەرانیم زوو بە زوو بریقەت بێ
***

لە سێ گۆشەی تەلەسمێکدام دەرچوونم ئەندێشەیە
چیرۆکی بێ سنووری من تا بڵێی بە کێشەیە
گرێکی دەست وەشێنە بە بێ دووکەڵ دەمسوتێنێ
گڕی چەکی نهێنیم لە سینەمدا دەجووتێنێ
ئەدی نەتووت لەم وڵاتە کچێکی ئازا دەبم ؟
دەبمە پسپۆڕی دڵی تۆ هەموو شارەزا دەبم ؟
ئەی تۆ نەبووی وتت دەبمە بەهاری جاویدانی ؟
مەهاوێژە لەمەولا ئەو هەنگاوەی کە ناتوانی ؟
***

حەزی تێنوم دانامرکێ منی شەیدای تامەزرۆ
هەتا دەبمە هەنگی کۆچەر لە باغچەی شاری گەزۆ
دەوجا تۆش پەریزادە ئەو هەڵوێستە بڕەخسێنە
لە بێشکەی باوەشی خۆت بم لاوێنە مەم ترسێنە

## پێوانەی جوانی

شۆخی ناز فرۆش ئەرێ ئەی دڵ بزوێنەر
پێوانەی جوانی ئەرێ لە سروشت بەدەر
جەژنت پیرۆز بێ خوایە ئاسوودە ژینبێ
ئارایشی تۆ کچێ هەر پێکەنین بێ
وەرە نێو شایی شۆڕێ تاوێ هەڵپەڕە
زووبە، کاڵا بە باڵای سەرچۆپی ببڕە
دە بیسەلمێنە چەند نازەنینی
چەندە لێهاتوو دیمەن شیرینی

## ئاپۆڕی خەم

له نێو ئاپۆڕی خەم لووتکەی پەژارەم
هەناسەم تەنگە وا لە ژمارەم
ئەوا ئەستێرەی ژینم لە ڕژانە
کەچی هێشتا لە کاری خۆم نەکارەم
بەرەو کوێ ڕابکەم خەم پێم نەزانێ
لە پاوانت پەنامدە بۆ وچانێ
لەبەرچی نابییە نوژداری دەروونم
گوناهم مەمدە دەست ئازار و ژانێ
خەو و خۆراک و ئارامیت بڕیوم
لە زەنوێری سەهۆڵبەندانا تەزیوم
کە من سەبرم بە کەس نایە بەبێ تۆ
لە شارستانی شادی وەک هەتیووم
لە ویژدانت بپرسە ئەم سزایە
بە سەر مندا سەپاندت کەی ڕەوایە
کە من دەروێشی گەرمی کۆڕی زیکرم
لە بەرچی شێخی من لێم لە نزایە
مەتۆرێ دەی مەتۆرێ لێم مەتۆرێ
لەسەر پەیمانی پێشووتبە و مەگۆڕێ

## شێخزادە
## ٢٠١٨

لەگەڕەکی حەمامۆك
بووم بە ڕۆمان و چیرۆك
بەسەرهاتێکی لەپڕ
لەدەرووونم بوو بەگڕ
لە شاڕێگای کەندەکۆخ
نازدارێکی شەنگ و شۆخ
بەلەنجە ڕێگای دەبڕی
ئارەقەی نازی دەسڕی
سەرنجی وا ڕاکێشام
خۆی خزاندە ئەندێشەم
بەرفەرمانی شێخزادە
منی دەروێشی سادە
بوومە پێنووسی دەستی
نووسیم هەرچی ئەو ویستی
لەنێو کێڵگەی ئەوینم
کەوتە دروێنەی ژینم
ئێستا ئەو ژیانی منە
ئەو بۆتە بارگە و بنە
پایز و گەڵاڕێزان
سروشت و شیوی ڕەزان
بەهاران و دارئاوس
هەڵەکۆك و پورتاوس

وەك داپیرە و پشتئێشان
وەك دەرماناویَ ئاشان
هەڕمێن و ئاشی ساغە
وەك ناوبانگی حەماغا
حاجی و مزگەوتی جامی
مەلای گەورە و پەیامی
وەك گردی قەمبەرگاوان
باواجی و هەیبەسوڵتان
وەك هەرمۆتە و دار زەیتون
گوڵاڵە و دەشتی هاموون
وەك هاژە و ئاوو ڕووبار
وەك شنە و خونچە و بەهار
هەروەك ئاسمان و هەڵۆ
وەك دەست و داس و مەڵۆ
وەك بەفر و لوتكەی چیا
هەرگیز لێكنابین جیا
خانە و خوێن و هەناسەین
شێوەی ئەم باس و خواسەین
بۆیەك هاوكێشە بەسین
دووكەس نین هەر یەك كەسین

## پەیام
**١٩٨٦/٧/٢٣**

ئەریّ ئازیزم ماندووی ژیانم
دە تۆزێ ئۆقرە ببەخشە گیانم
گیانی پڕ ئێشم چاوی گریاوم
دەروونی پەستم دڵی ترساوم
هەر وەک منالّی دیدە پڕ ئەسرین
تینووە لە بۆ لایلایەی شیرین
لە نێو باوەشی بێشکەی ئامێزت
لاشەی دڵداری زەرد و بێ هێزت
ڕایژینە لەگەڵ جوانترین ئاواز
دە سارێژیکە بە لایلایەی ناز
چونکە ئاواز و شەو نازی ئافرەت
ڕاوی خەم دەنێ بە هەزار نەفرەت
هەرچەند دەروێشی ڕێگای دڵداری
نازایێ چۆنە مانای بێزاری
کە وابێ هەر وەک لاشەو گیان و خوێن
دەبا ببینە هێزێکی بزوێن
ئەو دڵ ڕەقانەی بوو ون بە مێمر
ئەو ڕموزنانەی دەبن بە ڕێگر
دە با بەهێزی بروسکەی گیانی
دڵ و دەروونیان بکەینە کانی
ئەو ساکە زەوی پاراوی ئەوین
دەبێتە باخچەی خەندە و پێکەنین

ئەوساکە لە ژێر درەختی وچان
ئابڕوی خەم دەبەین بە چەپڵە لێدان
پەیام لە شیرنی خەو هەڵدەستێنین
ڕیشەی چاودێری لە بن دەردێنین

## خۆشەویستییەکی خوایی
## ١٩٨٧/٨/٦

گەلێ سەیرە بەبێ دیتن ، لە بۆت مەلوول و کەساسم
نازانم بۆ خۆشم ویستی ، بەبێ ئەوەی کەبتناسم
بڕوابکە تەنیا هاوڕێ ناوی تۆی بەگوێ چرپاندم
لەودەمەوە دڵم دێشێ ناوت دڵی داخورپاندم
لەگەڵ هەموو لێدانی دڵ چاتر لێم نزیک دەبییەوە
تێکەڵی گیان و خوێنم بووی تۆ چۆن لەبیرم دەچیەوە
بەڕۆژوو شەو تۆ دەبینم وەکو بڵێی لەهەر شوێنێ
دارو دیوار ئاوێنەیە ، وێنەی تۆم لە بۆ دەنوێنێ
بەچاوی تۆ ئازیزەکەم گەلێ لە خۆم خۆشتر دەوێی
زۆر بەلامەوە پیرۆزی خەم ڕەوێنی ڕۆژ و شەوێی
کارێزی شیعر و پەخشانم بە دەستی تۆ بوونە دەریا
پینوسی دەستی بەیادی بەبێ ترسو خۆزگە و بریا

# دڵنیابە
## ١٩٨٨/١/١٤

خۆشەوستیت گێژی کردووم مەستوو شەپرزە و کەساسم
بە چاوی تۆ هێند سەرخۆشم بڕوا بکە کەس ناناسم
ڕەوشتت ژێر دەستی کردووم جوانیت بردومی بەلادا
شەڕابێکی وات دەرخوارد دام هەتا دەمرم بەرم نادا
خۆشەویستیت درەختێکە ڕیشەی بۆ نێو دڵ ڕۆچووە
خۆشەویستیت بڕیارێکە لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە
نی یە جوانێ کە بتوانێ ، ئەو کارە هەڵ بوەشێنێ
لە جیهانا نییە هێزێ من و تۆ لێک بترازێنێ
کەی ڕووبارو جۆگە و شەتاو یان زەنوێرو کانی و کارێز
کەی دەتوانن لێک دابڕێن سۆزی دایک کۆپە و ئامێز
کەی دار بەڕوو گەڵاو سێبەر یاخۆ کەو و بەفر و چیا
چۆن دەتوانن وازلێکبێنن هەرگیز لە یەک نابن جیا
کەچی ئێمەی بڕوا بەیەک زۆر لەوانەش دڵسۆزترین
لەمەم و زین ، لە وەلی و شەم گەلێ گەلێ پیرۆزترین
لەم جیهانە و جبهانی تر دڵنیابە هی یەک ترین
چونکە خونچەی باخچەی ئیشقین بە مردنیش هەڵناوەرین

## فەرهەنگی جوانی
## ١٩٨٨/١/١٧

ئەرێ هۆ جوانی دڵ بزوێن ، ئەی فەرهەنگی وشەی جوانی
وەک خڕۆکەی سووری نێو خوێن خانەی دڵمت چۆن پێ زانی
چۆن توانیت وا بە گورجی وەک پسپۆرێکی شارەزا
دڵو گیانم سەرەو بن کەی وەک تەکانی بومەلەرزە
گڕی چەخماخەی جوانیت وەک تفەنگی نیشان شکێن
وشەی دڵداری گەیاندە نێو تەوژم وتیژ ڕەوی خوێن
کەوابێ ئەی دکتۆرەکەی چارەسەر و سارێژی من
ئەوا لەژێر دەستی تۆدا نەخۆشێکی زێدە شەرمن
خەریکە گیانی دەسپێرێ ئەتۆش هێندە بێ ویژدانی
بە چاوی بەرزی دڵداری لەو زامە قورسە نارِوانی
نەهۆش و بیر نە ئاخاوتن نە هەڵسو کەوتی ڕۆژانە
هیچم لەجێی خۆی نەماوە ئیستا هەموو ژینم ژانە
لەگەڵ ئازاری دەروونی، ململانێمە هەموو دەم
نیگەرانیش وەک گەردەلوول ، دەمداتە دەست ڕەشەبای خەم
کەچی ئێستاش من نابەزم بەو ئازارە شادومانم
چونکە جوانێ، خۆم بە دڵدارو دەروێشی تۆ دەزانم

## دڵدارەکەی هەردوو جیهانم

کوانێ یارم ؟ کوانێ یارم ؟
کوانێ یاری شیرینم ؟
کوانێ ئەو نازەنینەی
بێ ئەو تاریکە ژینم ؟!
لەخەمی جوانی تۆ
ئەوا بووم ڕەنجەڕۆ !
شێت و شەیدای باڵاتم
پەریزادەی وڵاتم !
کوانێ هاوسەری ژینم ؟
کوا ئەستێرەی ئەوینم ؟
زەویم لێ دەبتە دۆزەخ
ئەگەر ڕۆژێ نەی بینم !
هەر وەک بارانی بەهار !
وا فرمێسکم دێتە خوار !
ئارامم لێ بڕاوە !
شەرمم لێ هەڵگیراوە !
کوانێ شۆخی دڵخوازم ؟
کوا فریشتەی هاوڕازم ؟
ئازیزم چاوەڕێتم !
لەڕیتا بەردەبازم !
بێ گومان خۆ گەلێک هەن !
کە بەشێتم تێ دەگەن !
نازانن کە دڵدارم !

شێتیشبم شێتی یارم !
بەبێ یارم هەڵناکەم !
قوڕی کوێ بەسەر داکەم !
کەس نەما لێی نەپرسم !
خۆ لە دوونیا ڕاناکەم !
ئەی شیرینی هاوژینم !
ئەی گوڵی نێو پەرژینم !
بەیادی تۆم هەموو دەم !
ئەی لابەری خەم و تەم !

## نامەیەک بۆ سارێژخان

گیانە پێش ئەوەی کەنووکی خامە
بهاوێمە سەر ڕووپەڕی نامە
پێش ئەم سڵاوەی کەوا لەلامە
کەشایستیەیە بۆ ئەم پەیامە
***
بالە پێشەوە کەمێ گفت و گۆ
بهێنمە پێش چاو ئەوجا ڕاستەوخۆ
هەموو جوانێک لە تاو جوانی تۆ
لە جوانی خۆیان دەبن ڕەنجەڕۆ
***
بیستوومە دەڵێن  لە ئاسمانی شین
دەسوورێنەوە پەری باڵ زێڕین
گشت نازداران و جوانی سەرزەمین
بە پەنجەکی تۆ نابن  نازانین !
***
بەڵێ دیارە کە خوا پێ داوی
بەڵام تۆ لەچی دروست کراوی !؟
تۆش وەک ئەم خەڵکە لە گۆشتی خاوی ؟
فریشتەی  یاخۆ کچی هەتاوی  !
ئیتر هەرچی بێ ! ئەوا زوو بەزوو
ئەو نامەم بۆ تۆ نووسی ئارەزوو
تۆش بیخوێنەوە ، ئەوجا ڕوو بەڕوو
وەڵامم دەوە بەڕەوشت و خوو

له گوڵ جوانتر، ئەمەی پێ ناوێ
هەموو شەو لەلات دانیشم تاوێ !
با پچرپێنم بە گوێت سڵاوێ
دڵم هەنگاوی دڵداری داوێ !

## شەونم
## ١٩٧٢/٤/٢٣

شەونم ئەسرینی ئەستێرەکانە
کامە ئەستێرە
ئەو ئەستێرانەی شەو لە ئاسمانا
بە کوڵ دەگرییێن
لە بورجی بەرزی ئاسمانی بڕوا
لە نێو فڕۆکەی ئاوات و هیوا
زۆر جار دەپڕژێن
لە نێو ئاگری مەرگ دەسوتێن
***
ئەو ئەستێرانەی بۆ بەختەوەری مرۆڤ
دەدرەوشێن
دەبن بەچرا
ڕێپیشاندەرن وەك باوك و برا
***
شەونم ئەسرینی ئەستێرەکانە
کە نارەزایی دەروونی خۆیان
زۆر بە دڵتەنگی
کە بە بێ دەنگی
دەخەنە پێش چاو
ئەوان تەماشای سەر زەوی دەکەن
هەرچەند بۆ زەوی سەرنەوی دەکەن
ڕاستی نابینن

هەمووی درۆیە
ئەوسا کە بۆیە
ملوانکەی سور و سپی دەپسێنن
مرواری و مەرجان
بە سەر مافوری چیمەنی زەوی
دا دەپڕژێنن

# گوڵی ڕەش پۆش
## ١٩٧٢/٥/٦

گوڵی ڕەش پۆش
ڕەشی سەرخۆش
بێرەوە هۆش
نەک بە ئەندێشەی خوماری
بە چاوی ژیر و هۆشیاری
بە موچڕکی نیهادەوە
بە دەروونێکی پڕ لە سۆز
بە هەستی بێ گەردی پیرۆز
پزیشک بە، چونکە گوڵی
منی نەخۆش
بە بۆنی خۆش
ئێشی لەشم دادەمرکێ
گوڵی ڕەش پۆش
بێرەوە هۆش
هەتا کەی دۆش دا بمێنم
***
ئەی ئەو شتەی وەکو پەیکەر
کە بێ گیانی
ئەی ئەو شتەی تاجی شاهیت کردۆتە سەر
بۆ بێ گیانی؟
ئەی ئەو شتەی وەک سەماوەر
بە ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش

وا لە جۆشی
لە پەرستگای خۆپەرستی
لە کڕنۆشی
تۆ پزیشکی من نەخۆشم
خۆشم دەوێی
***
دەزانی بۆ خۆشم دەوێی ؟
ئەی گوڵە باغ
بەڵام سەد ئاخ
هەزاران داخ
کە نازانی
جا لێرەدا با پێت بڵێم کە لەبەرچی تۆم خۆش دەوێ
لە بەر ئەوەی گوڵی سوری
هاوڕێی کاروانی ڕێی دووری
پەخشەری بۆنی ڕێی دووری
لە لەرزین و لەرین دووری
دڵخۆشکاری سەرو ژووری
سەنگەری جەرگەی سنوری
وامدەزانی هەر کە سووری
بەم نیگارە پشتەستوری
بۆیە منیش وەکو قەرزار
وەک قەرزارێکی شەرمەزار
وەک نەخۆشێکی بە ئازار
تا بەیانی نە دەنووستم
***

گوڵی ڕەشپۆش دە ڕاست بڕۆ
هەرچی پرسیم
وەڵامدەوە بە بێ درۆ
توخوا چەند ساڵ
وەکو مناڵ
لە نێو بێشکەی فەلەک گریام
توخوا چەند ساڵ
وەکو مناڵ
بە گڕو گاڵ
لە باوەشی مەلەک شەیدام
توخوا چەند ساڵ
دەم بە شمشاڵ
لە گرد و یاڵ
بومە شوان
چەند خونچەی تەڕ
بە دەستی من کرانەوە
چەند بەرخی لەڕ
بە دەستی من بووژانەوە
*****
گوڵی ڕەش پۆش
ئەو ئاگرەی کە هەڵگیرسا
کە خەرمانی پێ داگیرسا
بە دەستی من کوژایەوە
ئەو موژدەیەی کە وەرت گرت
ئەو بەهارەی کە لێی دەژیای

ئەو بولبولەی بەسەد ئاواز بۆی دەخوێندی
ئەو شەماڵەی ڕای دەژاندی
هەمووی من بووم
ئەو سێبەرەی کە ئێواران
لەگەڵ خەندەی دەمی یاران
تێکەڵ دەبوو
دەبوە تامان
بەرەو ئاسمان
کە هەڵدەچوو
هەمووی من بووم
کەوا گەڵای دەوروبەرت
بوونە سێبەری سەر سەرت
ئەویش من بووم
بوومە تامان
بوومە فەقێ
بوومە مەلا
کاکە بوومە ڕابەرێکی زۆر بە پەلە
بوومەوە بەفری کوێستان
***
گوڵی ڕەش پۆش
هەمووی لە پێناوی تۆ بوو
دەزانی بۆ
وامدەزانی گوڵی سووری
لە لەرزین و لەرین دووری
بەڵام ئەی گوڵ تازە زانیم کەوا ڕەشی

بۆ خۆت ڕەشی
لە بنچینەوە هەر ڕەشی
لە دیمەنی سور بێ بەشی
دە هەڵوەرێ
بڕۆ ئیتر ناتپارێزم
ئیتر لە ڕووی تۆ پایزم
بەڵام لە ڕێگای گوڵی سوور

## من نابەزم

لە هەر کوێ بێ هەر دەیهێنم
بە خونچەیی دەی ڕفێنم
لە بەرۆکی خۆمی دەدەم
خاوەن بڕوام
بە باوەڕم
زۆر بەهێزم

## بەهەشتی سەر لوتکەی داخ
## ١٩٦٧

ئەی وەرزانی ساڵ یارانی ئازیز
زستان و بەهار هاوین و پایز
ئێوە هەموتان بەهاری منن
باش ئاگاداری دڵداری منن
هەر یەک لە ئێوە بوو ون بە بەروار
بە تایبەت وەرزی ڕەنگینی بەهار
چونکە یەکەمین شەوی نەورۆزە
گڕی ئاگر و خەندەی نەورۆزە
هاوینیش بەهارێکە لە دێرین
سێبوری دەدام لە کاتی گرین
پایز بەهاری هاتووچۆی دڵبەر
ڕێزانی دەرگای ماڵی نازپەروەر
زستان بەهاری شەوچەرەی شەو بوو
لێفەم نزیکی پێخەفی ئەو بوو
وت و وێژی شەو خەندە و ڕاز و ناز
مۆسیقای خەو بوو بە هەزار ئاواز
جار جار سکاڵای ژێر پەردەی شەرم
دەبووە هۆی گێژی دووکەڵ و هەڵم
زۆر جار پێکەوە لە خوانی خواردن
کۆ دەبووینەوە بێ شەرم کردن
دەریای دڵشادیی شەپۆلی دەخوارد
کاتێ میوەمان بۆ یەک هەڵدەبژارد

ملی هەر وەرزێ بگری لەمانە
بیرەوەریەکی منە ... بزانە
بۆیە چوارینەی وەرزانی شیرین
پایز و زستان بەهار و هاوین
وەکو هەتیوچە پلە بە پلە
هەر دەی جوومەوە وەک بەیتی بلە
ڕیزی دڵۆپەی خوێنی جگەرم
بۆتە مارەیی لە بۆ دڵبەرم
ئێستاش دەترسم هەڵوێست بگۆڕێ
ڕەنجی هەرێمی خۆشناو بدۆڕێ
جا چەرخی چەپ گەرد زۆر بێ بەڵێنە
هەر ڕۆژ بە داسێ دەکا دروێنە
سەپانی نان خۆر شێتی سفرە دڕ
کوڕ دەکا بە کچ، کچ دەکا بە کوڕ
زۆر جێگای داخە بەرهەمی ژینم
لە کۆشکی بێگانەی دا ببینم
چونکە بە زامی لاشەی زەبوونم
بە گڕ و گڵپەی کورەی دەروونم
ئا ئەم بەرهەمەم کردۆتە پەیکەر
بۆ بەختەوەری پاش سەد دەردی سەر
پێنج ساڵم بەشەو دانا شەوارە
لە ترسی خێو و عفریت و ئارە
پێ نەگەییبو سامن پێم گەیاند
شەش ساڵم بێشکەی تەقەلا هەژاند
لە بۆ نموونە لە تەوقی سەری

خاڵی پێنووسە هەتا کەمەری
ئێستاش وام لە سەر کێوی سام گرتن
کەوتوومە بیری پرسیارکردن
یەکێ لە نەورۆز یەک لە خەرمانان
یەکێ لە ڕەزبەر یەک لە ڕێبەندان
ئەی مانگی نەورۆز خوایە پیرۆز بی
تۆ بەڵێنت دا بۆ من دڵسۆز بی
مانگی خەرمانان نموونەی هاوین
تۆش بەڵێنت دا بە گەرمای بەتین
کۆسپی ڕێی ژینم بتاوێنیەوە
بە شەماڵی شەو بم لاوێنیەوە
ئەی مانگی ڕەزبەر مانگی شێو و شۆ
لابەری پەردەی ڕێگای هاتووچۆ
مانگی ڕێبەندان هاوڕێی شەوانە
تۆ بووی ڕژێمی دوو قۆڵیت دانا
ئێوە هەر چوارتان ڕەزێکتان داچاند
پەروەردەتان کرد تا پێتان گەیاند
ڕەزی دارەمێو میوەی هاتە بەر
هەر دانەی لە بۆ چەند جۆرە هونەر
لە باتی دۆشاو مێوژو سرکەی
لە بۆتان کردم بە خۆشاوی مەی
بەبێ ئەفسانە لە ئاسمانی شین
دڵخۆشکارێکتان دابەزاند لە زین
کردتان بە مەی گێڕ بە جامی گەوهەر
شادی دەبەخشێت لابەری کەسەر

له بەزمی دەستی و له جامی یا قوت
دڵم ئارەزووی نۆشینی بزوت
خۆم پێ نەگیرا ئەوەندەم نۆشی
تا له ڕووم پڕژا مەستی و سەرخۆشی
تێکەڵ بوو لەگەڵ خوێناوی خەستم
زوو کاری کردە سەر بیر و هەستم
ئەی وەرزانی ساڵ ئیتر وریا بن
لەم پرسیارانه ئێوە دەریا بن
خۆتان دەزانن کێ دڵدارمه
کێ خۆشەویستی دووەم جارمه
لەیەکەم شەوا که لەلام دانیشت
دڵی هوزارم له شەونمی نیشت
ئەو له بۆ لای من منیش بۆ لای ئەو
هەر هاتوو چۆ بوو به ڕۆژوو به شەو

## دەمەتەقێی بەیاد و شەرمین
## ١٩٧٣

شەرمین دڵی شێت وەهای لێکردووم
لە نێو کۆمەڵا بە پەندی بردووم
بە ڕەنگ و ڕووخسار هەر دەڵێی مردووم
کە ئێستا بەندە مەلی ئارەزووم
***
جارێ پیتۆڵە هەستی دەردەبڕی
جارێ مناڵە بۆ پارە دەگری
زۆر جار بیانووی سەیرم پێ دەگری
دوور نیە ڕۆژێ سینەم هەڵدری

شەرمین ئەو دڵەی ئەندامی لەشە
بنکە و سەرچاوەی خوێناوی گەشە
خۆراکی، ناوی تۆیە هەمیشە
ئەتۆش سەرکەشیت کردۆتە پیشە
***
دڵ بەو ئاگرە سەختە سوتاوە
زۆر کوشندەیە ئەوینی ناوە
ئاگری ئەوین هێندە بە تاوە
ئەمرۆکە دۆزەخ باوی نەماوە

وەڵام
ئەوین چاڵێکی وای هەڵکەندوە
هەر کەس تێیکەوێ بڵێن مردووە
هەزاران لاوی شەیدا کردووە
هەزار نەخۆشی پەیدا کردووە

***

هەموو نەخۆشێ دەردی گرانە
بەڵام هیوای ئەو دەرزی و دەرمانە
کەوتوونە کۆشش خۆیی و بێگانە
لە دژی مردن بە پێی توانا
بەڵام دەرمانی ئەوین مردنە
یا لە سەدا یەک پێک گەیشتنە

**نامەی بڕوام**

**١٩٧٣/٨/١٨**

ئەی ئارەزووی شیعرم
ئەی ئەو بەرهەمەی کە پێی دەخورپم
ئەی چاوگی بڕوام
تۆ کە بەهرەی هەمیشەی منی
بە هیوام
بە هیوام تۆ ببیە تیژ ڕەوێ
ببی بە هاوڕێی ئەو هێزەی
کە هەرگیز نانەوێ !
ئەی ئارەزووی شیعرم ...

## بە هیوام

ببیە پەیژەی کەپری پێنج ئەستوون
تۆی مەزن
ببی بە دیمەنی بەرهەمی من ...
ئەی ئارەزووی شیعرم
تەلەسمی سەر زەوی
یان ئەفسانەی ئیمڕۆ
جۆرە ڕەوتی مامزی کەوی !
سێبەری بە درۆ .... !
هەرگیز نەتبزوێنێ !
هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک بە کەڵکی تۆ نایە !
چیت پێ دەڵێم وایە
زووڕنا ژەن
بەدوای شاباشی تۆوە نایە
ئەو شێتی ئارایشت و مەمە
ئەی ئارەزووی شیعرم
نەگۆڕێی ...
ئاگات لە خۆ بێ نەدۆڕێی

## سەرسامم
## ١٩٧٣/٨/٢٠

شەوە ! هەرێم کپ و بێ دەنگە ...
مرۆڤی خەواڵوو
هەمووی زمانی لار و لەنگە !
تەنیا هەر ئەوانە بێدارن
کەوا بریندارن
کە بە خوێنی خۆیان خومارن
سەیریکە هەر لەم شەوە
شنەی شەماڵیش ناوە ناوێ
دەبزوێ و... هەنگاوی خۆی داوێ
پەیامی ئەم لە بۆ ئەو دێنێ
دەنگی ئەم بە گوێی ئەو دەچرپێنێ
وا منیش لە چرپەی دەنگی تۆ ڕاچەنیم
پێ کەنیم !
وا تێ گەیشتم ، تۆی دێیە لام
وا منیش ! لەنێو جەرگەی شەوا
لەگەڵ هێزی خەوا ...
بەربەرەکانێمە
شەو هەر لە بیری تۆم
ڕۆژ هەر لە بیری تۆم
باوەڕم پێبکە !
بێ هەواڵم لە خۆم !
بزانە
کە منیش دڵدارم ..

دڵدارێکی زۆر بە سفت و سۆم
ئەوا خۆم
کردە مۆم ...
لە بۆ تۆ مۆمێکی بێ درۆم

## پەریزادە
## ١٩٧١/١٠/٣١

پەریزادە بەسە لەنجە بە سەر کێ ئەو هەموو نازە !
بە بێ شەرم و شکۆ قوربان بابزانم چیت نیازە
ئەگەر نازە .. دە با بەس بێ ، لە ناز و عیشوە حاڵی بووم
گەر مەبەستت سەرکردەیە فەرموو واڵایە دەروازە
لە خەندەی لێوی نازداران بێزارە دڵ و ئارەزووم
بەڵام هەر لە تۆ تێر نابم ، شای جوانان .. بێ ئەندازە
تۆ کە خاوەنی ئەو بەهرەیەی لە دەستی تۆ دایە ئابڕووم
وەکو بولبولی شەیدا دڵم هۆگری تۆیە تازە
تۆ کە فەرموت وەرە بۆ لام ، بەردەوام بووم لە هاتوچۆم
کەچی نەمزانی عیشقی تۆ ئەوەندە سەخت و هەورازە
ئەوێستاکەش هەتا ماوم ، لە سوتانی شەو بێ پشووم
لە ڕێگای خۆشەویستیدا سەروو سینەم بەردە بازە
ئەو کەژاڵە باش دەزانێ کەوا چۆنە ڕەوشت و خوم
بەڵام (بەیاد) قیوڕ ماوە ! لە سەرکەشی ئەو دڵخوازە

# ئیلهامی شەو
## ١٩٧٢/١١/١٥

نازەنین ئەی شای جوانان ئەی پەری ڕووخساری شەو
مانگی ئاوات و نیازم ئەی چرای بازاڕی شەو
ئەی شەڕابی ئارەزووی دڵ جامی دەست دڵداری شەو
زۆر پەرێشانم .. درەنگە ئەی خەوی زاماری شەو
بۆ بریندارانە ، بزانە ... خەنجەرە هاواری شەو
***
گوێگرە، تا پێت بڵێم من، سەرگوزەشتەی ژینی خۆم
شەو لە نێو دەریای خەیاڵا تا بەیانی خول دەخۆم
وەک مناڵ بۆ تۆ دەگریەم .. ئاوی چاوی خۆم دەخۆم
لێرەدا با ئاشکرای کەم، من کە دیلی دەستی تۆم
بۆ ئەوەی ببیە پزیشکی مەینەتی ئازاری شەو
***
ئێش و ئازاری شەوانەم باش بزانە نێونەمام !
من کە ناوێرم لە ترسی ناز و عیشوەی تۆ بەڵام
ئاگری عیشقی نهێنی تۆیە ئیمڕۆ پێی سوتام ..
شەو لە بۆ ئیلهامی هەڵبەست وەک فریشتە دێیە لام
ئەی (بەیاد) بۆچی نەکەوتە ئارەزووی گوڵزاری شەو؟

## جوانی تاقانە
**١٩٧٤/٦/٨**

ئەریٚ هۆ جوانی تاقانە
دە تۆزیٚ پیٚ بچەقێنە
دە گویٚ شلکە لە بۆ بیستن
لە بینین چاو مەنووقێنە
بەزەیت بیٚ
کە پیٚ بە پیٚ
لە شارو دیٚ
هەموو دەمیٚ منی دێوەر
لە دوت دەخشێم وەکو سێبەر
هەڵمە دوکەی دڵ و سینەم
کاری کردۆتە سەر هۆشم
لە گفتوگۆ لە ڕۆیشتن
دەڵێی سەد ساڵە سەرخۆشم
خشەی تەڕاش
پووش و پەڵاش
شایی و شاباش
هەر بە چرپەی تۆی دەزانم
چونکە هەر تۆی هۆی ژیانم
ئەریٚ هۆ جوانی تاقانە
تو ئاوێستا دەڕاوێستە
پرسیارێکی گەورەم هەیە
وەڵامەکەی لە لای تۆیە

که هەوری ڕەش لە ئاسمانی کوردەواری بە کوڵ دەگری
دڵی زەوی نەرم ناکا ؟
کە ئەستێرە لە ئاسمانا لە پڕ دەڕژێ
هەرێمی خۆی گەرم ناکا ؟
کە دکتۆرێ لە سەر ڕێگا بریندارێکی سەختی دی
توزاتی خوا لە ڕۆیشتن شەرم ناکا ؟
شەونمی ژین
خونچەی ئەوین
لە ڕووی زەمین
بەڕاستی هەر تۆم مەبەستە
کەوابێ ئەی پەری زادە بەزەیت بێ دە ڕاوەستە
پەیامی کۆنگرەی شەوم بۆ هێناوی
تۆمارێکی سەربەخۆیە
لەو هەڵوێستە دە ڕاوەستە

# گڕ و گڵپە
## ١٩٧٤/١٠/٥

ئەوا ئەو گڕەی، سوتەنی گیانە
پەرەی سەند لە دڵ بە بێ ئەفسانە
گڵپەی گەیشتە زار و زمانم
ناچارم بیڵێم ئەوەی دەیزانم
شەونم، کچە کورد جوانی بێ وێنە
گوێگرە، وە یان چاوێ هەڵێنە
بزانە هەستی خۆشەویستی تۆ
چ شۆڕشێکی گرتۆتە ئەستۆ
ئەوەی پێی بڵێن هەست و هۆشیاری
لە لام نەماوە جا بە ناچاری
خەریکم وەکو مرۆڤێکی شێت
لە بۆ دەرۆزەی ماچ بێمە سەر ڕێت
چۆن خۆم ڕاگرم چۆن نەیدرکێنم
چۆن دەرگای ئەوین ڕا نەتەکێنم
دەمەوێ هەردەم لە تۆ نزیک بم
لەگەڵ دروێنەی ئەشقت خەریک بم
لە نێو پەرێز و خەرمانی چاوت
حەز دەکەم ببمە سەپانی ناوت
لە بۆ شەوێنی ناز و جوانی
هەر من دەست دەدەم لە بۆ شوانی
ئەوسا لە گەرووی شمشاڵی شوان
دێتە گوێت وشەی بەڵێن و پەیمان

پەیمان و بەڵێن سوێندی دڵداری
دەی هۆنمەوە بۆت وەکو مرواری
وەکو ملوانکەی نێو کوردەواری
لە ملتی دەکەم بۆ یادگاری
ئەوجا تێ دەگەی شەونمی دڵبەر
چۆن لە دوت دەخشێم هەر وەکو سێبەر
چونکە بەڕاستی هێندە تینووی تۆم
لەڕێی تۆ ، مەرگ دەگرمە ئەستۆم

## خەبات و خۆشەویستی
## ( نامەیەک بۆ شەونمی خۆشەویستم)
## ١٩٧٤/٤/١٦

پێشەنگی بەهار گەیشتە وڵات
زستان وڵاتی چۆڵ کرد و هەڵات
ئەوا چادری خێڵەکی و کۆچەر
مێخی داکوتا پڕ بوو دەشت و دەر
لە هەزار چەشنە گوڵ و سەوزە گیا
بەرگی بەهاری پۆشیوە چیا
کەچی لەلای من هێشتا زستانە
ژینی هەمیشەم بە بێ تۆ ژانە
جەژنی ئاژەڵە خۆشە لەوەڕی
ئێواران شوان دێ لە پێش مەڕی
بە شمشاڵ لێدان بە لە خۆبایی
دەخشی دێتەوە بەرەو ئاوایی
لە دەنگی بەرخ و بەران و نێری
هەواڵ دەگاتە گوێی شەنگە بێری
بەڵێ فلیمی سینەمای سروشت
زاخاوی دڵە بۆ وورد و درشت
کوڕانی لادێ دەم بە گۆرانی
پۆلی کیژە کورد بەرەو ڕێی کانی
مل و خەناوکە زرینگەی بازن
مرۆڤ دەخاتە نێو دەریایی بێ بن
دەنگی جوتیار و حیلەی کە حێلان

ڕمبازی له تەک خێوەتی خێڵان
کاروان و ڕێبوار بە دووره سڵاو
لێک حاڵی دەبن هەریەک لە پڕتاو
جریوەی مەل و سەنتوری ڕووبار
شاباشن لە سەر فریشتەی بەهار
جار جاره هەور و گەواڵە لە پڕ
ئەسرین لە ئاسمان دەڕێژن بە گوڕ
ئاسمان دەگریێ ڕۆژ پێ دەکەنێ
ڕیشەی گەواڵەی پێ هەڵدەکەنێ
ڕەنجی گریان و ئەو پێکەنینە
دەبێتە هێڵی پەلکە زێڕینە
کەچی لەلای من هێشتا زستانە
ژینی هەمیشەم بە بێ تۆ ژانە

ئێستاش ئازیزم ( شەونمی ) ژینم
پەیمانی شەوی بنکەی ئەوینم
ئەوا لە دووریت هێندە شەپرزەم
گیرۆدەی دەستی ووڕێنە و لەرزەم
هەرچەندە لە بەر دووری تۆ گێژم
بەڵام ناچارم دووریت بچێژم
چونکە خەباتی کورد وای لێ کردووین
هەر یەکەی بەرەو هەرێمێک بردووین
ئیتر بە هیوای بەختیاریتم
بەیادی نامەی ڕێی دڵداریتم
جار جار بۆ مەزەی شەڕابی خەبات

نامەی دڵداری بکە بە خەڵات
لە یادت نەچێ ڕۆژانی پێشوو
لەگەڵ تۆماری شەوی ئارەزوو

## شەونمی نیوە شەو
## ١٩٧٤/١٠/١

له قۆناغی بەختیاری
له نێو خاکی کوردەواری
که پایتەختە بۆ دڵداری
خۆم بە سەرکەوتوو دەزانم
گەردەن کەچم لە بۆ فەرمان
له بۆ بەڵێن
له بۆ پەیمان
***
دڵخوازەکەم
ئەی دڵخوازە بەنازەکەم
که پەیمانم بەست لەگەڵ تۆ
بڕیارم دا لە ڕێت بمرم
ئێستاش بەڵێن بێ سەر لە نۆ
من هەر ئەو ڕێگایە دەگرم
دەزانی بۆ ؟
چونکه جوانی
هەتاکو بڵێی هۆشمەندی
ڕەوشت بەرزی ڕەند و مەندی
سەیری خۆتکە
فریشتە لە تاوی نیگارت نەخۆشن
سەیری ئەستێرە هەمووی گێژ و سەرخۆشن
مانگی چواردە شەرمەزارە لە ڕووی جوانیت

پەری ، چین چین ، زەرد و بێ هێز و ڕەش پۆشن
بەڕاستی جوان و لێهاتووی
خۆشەویستی دڵی تینوی
کەچی دڵی تینوم، ئێستێ
خەریکە وا ڕا دەوەستێ
چاوەڕوانم چاو هەڵێنی
تاسەی تێنوی دڵ بشکێنی
***
چونکە تۆ مایەی ئەوینی
تۆ شەڕابی ڕەگی ژینی
تۆ لابەری پەردەی خەوی
تۆ شەونمی نیوە شەوی

# وەسفی دڵبەر
## ١٩٨٠

لە بەر باڵا بەرزی شۆخێ ( سنەوبەر) ڕەگی بێ تینە
تەلەسمی پڕ لە ئەفسوونی لابەری ناوی (شیرینە )
لە (ڕووخسار)ی ئەو (نیگار)ە (دیمەن)ێ وا دێتە پێش چاو
کە ئیمڕۆ کێوی باواجی سەراپا گشتی (بەفرین)ە
لە ڕووی بولبول سەرم بەرزە لە دوولا کونجی (نەسرین)ە
کە (نێرگز) چەتری هەڵداوە (خومار) ی کلی (شەرمین)ە
کە (پڕشەنگ)ی دا (شکۆفە) بزانن جەژنی (نەورۆز)ە
بە تایبەت سەربازی (کورد)ە لە دەوری لالە (پەرژین)ە
لە سەر باغی هەڵواسراو ، کەچی دووبارە (نەرمین )ە
***

لەکەناری بەرزی باغا دەست بە دووشێوە (زێڕین)ە
(شەونم)ە بۆ(دڵخواز)ی(چیمەن)، چی لە(خەرمان)ی(شەوبۆ)
(بەیان)ە(پەخشان)ی(ئاواز) (تەنیا) (سنوور)ی(پەروین)ە
(گەلاوێژ)ی(پایز)(گوڵیزار)ی(بەهار)(خاتووزین)ە
(ڕووپاک)و(بێگەرد)و(کەژاڵ)،ئەمەش بەڵگەی(نازنین)ە
کە(شیلان)ڕوا لە (سروە)،(موژدە)دەبارێ ئەی (بەیاد)
(شەپۆلی)ی(تاڤگە)لادەبا(تارا)ی(سەوز)ە کە(هەورین)ە

## پرسیار
## ١٩٧٣

پێم دەڵێن بۆچی هێندە داماوی
وەک تەم لە دەوری هەتاو ئاڵاوی
کواپێکەنین وخەندەی سەرلێوت
وەک مردوی نێو گۆڕ دیمەن شێواوی
***
بۆ لە نێودەریای قووڵی ئەندێشە
هەر ڕاچەنینت کردۆتە پیشە
چی لێ ڕوداوی ؟ بۆچی دەنگ ناکەی !
بۆ داری بێ بەر داکوتێ ڕیشە
***
دەڵێن، بۆ بەڕۆژ لە کونجی زیندان
خۆت زنجیر دەکەی بێ خەتا و تاوان
چی بووە ، لەسەر چی تۆ بەندیواری
بۆ وەک دێوانە دووری لە جیهان
***
پێم دەڵێن بۆچی تەمەنی تازە
پاڵ پێوە دەنێی لەم کێوە بەرزە
بۆچی بەتەنهای ئاوەڵی کەس نی
بۆ دەتوێیەوە وەک بەفرو تەزرە
***
گەر خەفەت گەروم زوو بکاتەوە
ئاواتم وەڵام زوو دەداتەوە

هیوا نووسەربێ، ئارەزوو پێنوس
ئامانج پەردەی ڕاز ، هەڵ دەداتەوە
***

تەنانەت ئێستە هێندە دەتوانم
لەجیاتی جوولەی زارو زمانم
دەست بجووڵێنم ، بڵێم لێم گەڕێن
پەژارە بۆتە هەوری ئاسمانم
***

دوو یارم هەیە، هەردوو لەیەک ڕەنگ
یەک ناوی خەفەت ئەوی تر جەفەنگ
یاری پەژارەم هەردەم لەلامە
جەفەنگ هەنگوینە لە نێو لانەی هەنگ
***

بۆیە هەمیشە زەردوبێ تینم
چونکە لە دوولا خوێنی برینم
سەرخۆش و مەست و بێ هۆشی کردووم
لە ئێوەش وابێ بێزاری ژینم
***

بەڵام هەرگیز من بێزارنیم لەژین
هەرچەندە گەردوون لێم داچێ بەقین
(بەیاد) بە شەوبەند فێری مەشق بوو
نابەزێ لەبەر ئازاری بەتین
***

## هەڵ ناخەڵەتێم
## ١٩٦٩

نامەوێ چیتر گوێت لێ ڕاگرم
ئیتر بەزوڕنای تۆ هەڵ ناپەڕم
هەڵ ناخەڵەتێم هەتاکو دەمرم
نـاگریـم ئیتر جـل دانـادڕم
***
منم بەرواری ساڵانی پێشوو
مێژووی ئەو ڕۆژەم ، کەوا ڕووبەڕوو
لە بۆیەک ئامانج بۆ یەک ئارەزوو
بەڵێنی ژینمان مۆرکرد دووبەدوو
***
ئیتر بڵیسەی ئاگری ئەوین
کاری کردەسەر خەندە و پێکەنین
ڕای ماڵی پەردەی ڕووبەندی شەرمین
بەرەو قۆناغی موچڕکی  تەزین
***
دوور بووین لەچەوتی نەوەک شێتانە
من بە مۆسیقا تۆ بە لەرزانە
ماچ و نێو باوەش ببووە مووچانە
ئەمەش پەیڕەوی ڕێی دڵدارانە
***
بەڵام درۆزن، دڕندەی کێوی
کاتێ تێرت خوارد وەکو مام ڕێوی

خەریکی نەخشە و ورتەی بن لێوی
جا قورِ بۆ سەری کێی تر دەپێوی؟
***
ژینت شێواندم تاڵ بێ ژیانت
دەک شەرمەزاربی لەگەڵ تاوانت
لەبەرانبەرخوا لەنگ بێ زمانت
ئیتر ئەمە بوو مەرج و پەیمانت
***
کیژی بێ بەڵێن، دڵت دابە کێ
ئاخۆ لەگەڵ کێ بوو وی بەهاورێ
بەڵام ڕابووردووی خۆت لەبیرنەچێ؟
بیهێنە پێشچاو هەمووی پێ بە پێ
***
جا باش دەزانی کێ تاوان بارە
لە دەرگای خوا کێ شەرمەزارە !
بۆت دەردەکەوێ کە کێ قەرزارە
یا لەگەڵ ئەوین، کێ گزیکارە
***
ئیتر گوڵی تۆ لای من هەڵوەرا
تۆ بووی شکاندت ئەو سوێندەی خورا
ڕووبەندی دوو ڕەنگ لەڕوت لابەرە
دڵبەری وەک تۆ هۆی دەردە سەرە
***
من نەم دەزانی دڵداری چۆنە
نەم دەزانی کچ، واسەرە ڕۆنە

نەم دەزانی کوڕ وا ڕەنجە ڕۆنە
نەمزانی بوو کچ  وەستای درۆنە
***

تۆ بووی کە پێکی دڵداریت دامن
گوایە دڵبەری منی تا مردن
تۆمنت خستە نێو دەریای بێ بن
کەی تۆ دڵ بەری ؟ درۆزن! دوژمن
***

ئێستاش دەبینم زۆر پەشیمانی
سەرلەسەر ئەژنۆ چاو بە گریانی
کەلە کیست چوو نرخی جوانی
تازە خۆت بەشەرمەزار دەزانی؟
***

بڕۆ گۆنای خۆت بەنینۆک بدڕە
ئەسرینی درۆ لەلای من مەسڕە
بەرۆکت لەلای کەسێ دابدڕە
کە بارەبەرتە وەک کەر لێیخوڕە
***

من نەم ناسیبووی تۆ دڵت داپێم
ئێستاش هەر ئەتۆی خۆت گۆڕیوە لێم
بۆ پەشیمانی، هاتوویە سەر ڕێم
ئیتر من بە تۆهەڵ ناخەڵەتێم
***

## خۆت باش بناسە

مەترسێ ناوت بەدەم ناهێنم
ناوت بە گوێی کەسدا ناچرپێنم
پەردەی نهێنیت لێ نادڕێنم
ئاوێنەی نازت لێ ناشکێنم
مەلی ئارەزوت لێ نافڕێنم
خەرمانی ژینت لێ ناسوتێنم
دڵت پۆڵایە نای زرنگێنم
گەر ڕەقتریش بێ دای ناخورپێنم
***
کەلـلەی گەرمی تۆ کە مەستی نازە
وەک ئەسپی سەرکەش گێژی هەورازە
لەخۆی گۆڕاوە بەبێ ئەندازە
شێتە سەرکەشە دژی ڕێبازە
دەستی جڵەوت شکاوە تازە
مەیلی لە کێ بێ بۆ خۆی دڵخوازە
***
پڕی تەلەسمە چوار چیوەی چاوت
کەلەپچەی سحرە پەرچەمی خاوت
ژەهراوی مەرگە بۆنی گوڵاوت
قوربەسەر ئەوەی دەکەوتە داوت
ئیتر هەرکەسێ بزانێ ناوت
خۆی ناهاوێتە ژێر چاوو ڕاوت
***

ئەم دەم ولێو و گۆناو گەردنە
دەڵێی کڵاوی مام سەخرە جنە
چونکە عیشقی تۆ فریو خواردنە
تەنیا مەبەستت گاڵتە کردنە
هیوات کوشتن و کوڕ دیلکردنە
دوا ئامانجت بەجێ هێشتنە .
سینەت قەڵغانی چەند هەزار تیرە
سینەت هۆی شێتی سەد هۆش و بیرە
دەستت وەکو باز فێری نێچیرە
ئەو کەسەی کە تۆ دەستت لێی گیرە
لاویش بێ ئیمڕۆ لە ڕیزی پیرە
جەرگی لەت لەتی دەمی شمشیرە
***

بەڵام نرخی تۆ پولێ ناهێنی
جێگای بڕوا نی پەیمان شکێنی
بەرانبەر (بەیاد) زۆر بێ بەڵێنی
پێنووسم شکا لەم دەنگ و باسە
بەم کردەوانە خۆت باش بناسە

## تەلەسمی ناوی ئارەزوو
## ١٩٧٠

پەرستگای هیوام قیبلەی ئاواتم !
ڕێگای ئامانجم پەری ووڵاتم !
هەوری تاریکی ئاسمانی شینم
پاڵ پێوەنەری جووڵەی خەباتم
***

لە گیان شیرینتر ! پەیمان ناشکێنم
بەڵێنم داوە، ناوت ناهێنم !
ئەگەر جیهانم هەموو بدەنێ
ئارەزوو، ناوی تۆ نادرکێنم
***

دەبا باسی تۆ هەر لەلای من بێ
بیرم لە دەریای  جوانی تۆ وون بێ
تکایە بە شەو خۆت بە دیار مەخە
نەوەک مانگ نوقمی دەریای بێ بن بێ
***

سەرۆکی جوانان ! چۆنت باس بکەم
هەرچەند دەمەوێ چ زۆر و چ کەم
ڕەوشت و جوانیت بکەمە پەیکەر
نە دەست دەجوڵێ نە زمان و دەم

# نازدارەکەم
## ١٩٧٣

ئەوەی ئیمڕۆکە دڵدارە، کزو زەرد و پەرێشانە
ئەوەی پێشمەرگەی ئەوینە لەژینی خۆی پەشیمانە
منیش سەربازی ڕێی عیشقم . بەڵام ژین و ژیانی من
هەتا بڵێی جیاوازە ...جابەو پەڕی پێچەوانە
ئەوانەی خاوەنی یارن ، دەڵێی حەوت ساڵە مردو وون
کەچی گۆشەی دەروونی من بەهەشتێکی فراوانە
سوپاس بۆ تۆ ئەی خودایە کەپێت بەخشیم دلارامێ
لە جیهاندا نییە تاکی ، سەرۆکە ئەم خەرامانە
بەختیارم بەوجوانەی کە ئاسمان و زەوی بێ ئەو
دەبێتە بومەلەرزەو خوداوەند دەیکاتە جۆلانە
بەڕاستی زێدە پیرۆزە پلە و پایەی دڵبەری من
ئەوە تانێ وەکو پەیڕەو ناوی لە جەرگەی قورئانە
نامرێ ناوی ئارەزوو ،لە ڕووی دیمەنیش پیر نابێ
نازدارێکی شۆخ و شەنگە ،جوانێکە بێ ئەفسانە
دیارە یاری من بەهێزە دەنا بۆچی بەتێکڕایی!
بوونە بەردی بنی گۆمێ ئەستێرەکان لەشەرمانا
ئەگەر چی مێمری گەردوون ئەهریمەنێکە بۆ پیلان
بەڵام (بەیاد) چاوەترسە تێکدەری کۆشکی پیلانە

## بڕیاری شەو

لەنێو پاپۆری مەرگ و ژیانم
لەنێو قۆناغی مان و نەمانم
لەنێو شەپۆلی دەریای ئەوینم
سەرخۆش و مەستی دەستی شیرینم
بەڵام ئەوانەی لەمەش زیاتر
دەمهاوێنە ناو بڵێسەی ئاگر
ساز و ئاوازی دەنگی نەرمیتی
ناز و لەرزانە و شێوەی شەرمیتی
ئاخر هەتا کەی ئەو پەریزادە
پەردەی ڕووبەندی شەرمی لانادا ؟
دەست و زمان و مێشکم ماندووە
چونکە بە سەد جۆر تێم گەیاندووە
کە من گیرۆدەی داوی عیشقی تۆم
گەر لە هەرکوێ بم، بێ تۆ ڕەنجەڕۆم
وەکو مناڵی ساوای بێ ئاگا
چی بکەم، هەرگیزاو هەرگیز تێناگا
سەرم سوڕماوە لەم نازەنینە
وەکو ئەستێرەی ئاسمانی شینە
جار جار دەدرەوشێ دەڵێی بلەورە
زۆر جاریش لە نێو باوەشی هەورە
ئەوەی ڕاستیبێ چیم لە دەست نایە

هەر ئەوە، ئەویش بەهانام نایە
بە ئارەزووی خۆی وەکو منالّی ناز
گەمەم پی دەکا بە هەزار ئاواز
منیش ناچارم بە ئارەزووی ئەو
بجولّێمەوە هەنگاو بە هەنگاو
چونکە تاقانەی خۆشەویستیمە
نەشئەو تام و بۆی شەوی مەستیمە
بەلّام داخەکەم ئەو نازەنینە
ئەوەی لە یادی نەبێ ئەوینە
ڕۆژی ڕووناکم لا شەوی تارە
سەرسامم لە نێو دەریای پەژارە
نە دلّ و دەروون لە یار دە ڕەنجێ
نە ئەو دلّبەرە ئیمڕۆ دەگونجێ
ئەوجا لێرەدا سەرم شێواوە
هیچ ڕێگای ترم لە دەست نەماوە
(بەیاد) خاوەنی عیشقی پتەوە
خەریکی نەخشە و بڕیاری شەوە
.

## نامەی ئاشتی
**١٩٧١/١١/١**

ئەی گوڵاڵەی شادمانی
ئەی ئەستێرەی کامەرانی
ئەی ئاوازی بەختەوەری !
لە هەڵبەست .. خامەی هونەری
دەستت بێنە ئاشت بینەوە
لاپەڕەی ڕەش بسڕینەوە
***
ئاورٍ دەوە لە ڕابووردوو !
لە ڕۆژانی ساڵی پیشوو !
هەر ئەو کەسەم .. نەگۆڕاوم
من وەکو تۆ نەتۆراوم
***
من ئەو کەسەم بە ڕۆژ و شەو
لە نێو ژووری خواردن و خەو
گفتوگۆمان پێکەنین بوو
نازەنین بۆ لە بیرت چوو !
***
پەریزادە بۆ زویری ؟
لە سەر چی لە من دڵگیری ؟
چاوەڕوانی وەڵامی تۆم ..
لە ئارامگرتن ڕەنجەرۆم
دەستت بێنە ئاشت بینەوە
لاپەڕەی ڕەش بسڕینەوە

## شاری بەغدا
## ١٩٧٢/١/١٥

لە کاتێکا دەروونی من
وەکو دیلی دەستی دووژمن
لە نێو دەریای قوڵی بێ بن
ڕادەچەنی
لە کاتێکا لەشکری تەم
گەردەلوول و ڕەشەبای غەم
بلوێری خۆیان دەژەنی
***
شاری بەغدا لە دوورەوە
بە ڕەنگی زەرد و سورەوە
بە گەردەنی بلورەوە
وەک بووکی تازەی ژوورەوە
بەرەو ڕووی من پێدەکەنێ
***
شاری بەغدا لە دوورەوە
لە سەرەتای باشوورەوە
شانۆیەکی سەیری هانی
بەڵێ ئەوەندەی توانیم
لە دەوری خۆما ڕوانیم
ئیتر زانیم

که من وانیم
ببمە شایستەی پێکەنین
***
کەچی دیسان شاری بەغدا
لە قاقای پێکەنینیدا
کەچی نەمزانیبوو ئەوین
لە شارێکی عەرەب نشین
کچە کوردێکی نازەنین
شیرین زمان
وەک دڵ و گیان
لێکمان نزیک دەکاتەوە
بەڵێ وابوو
هەر زوو بە زوو
ئەوەی بوو ، بوو
وەک خوێن و لەش
لە نێو باوەش
مەستی یەک بووین
شەڕابی دڵداریمان چەشت
بەڵام خۆ زۆری پێ نەچوو
کەوا یەکترمان بەجێ هێشت

## هەنگاوی دڵ
**١٩٧٢/٥/١**

دڵ وەکو سوێسکە نەفامە گێژ و بێ هۆشە بەڵام
جار بە جاریش پرسیاری وا دەکا سەیرە لەلام
لێرە ناچارم بنووسم بێ وەڵامم بێ وەڵام
چونکە سەرسامم کە دۆزەخ ببتە جێی پەیامبەران
***
دڵ وەک و کۆتر کە کەوتە باڵە فڕکە و باوەشین
دیارە وریایە بەرامبەر ڕاچەنین و ڕاپەڕین
دیارە پەڕبازی ڕژێمە مەشقێکە لە بۆ فڕین
چونکە زۆر جاران خەریکە توندی بنوێنێ بەتین
هەڵفڕێ بۆ ئەو مەبەستەی کە بە لانەی تێ دەگا
***
ئەو قۆناغەی دوور بە دووری ئەو بە لانەی تێ دەگا
وا دەزانێ ئەو بە کێشەی شاپەڕی خۆی پێی دەگا
شێتانە ملی لێنا سەرکەوی
کەچی تێک شکا کەوتەوە سەر زەوی
دیارە بێ هۆشە
دەزگاو شیرازەی مێشکی نەخۆشە

**دوا هەنگاو**
**١٩٧٢/١/١**

وشەی دڵداری زۆر بەرزە
هەزار تەرزە
ئاڵە ، ڕەشە ، سورە . سەوزە
زەرد و شینە ، دەڵێی وەرزە
وشەی دڵداری پیرۆزە
هەزار تەرزە
ئاواتی دڵدار لە شەوە
زۆر پتەوە

## دژی خەوە

دڵی دڵدار وەک مناڵە
گرینۆکە
شێتی چوارچێوەی باوەشە
چونکە باوەش فەرامۆشە
زێدە خۆشە
پێکەنینە
ڕاپەڕینە
هەڵمژینە
ڕازو نازە
سکاڵایە
قەپ و گازە
گەیشتنە
تام و بۆ لە یەک چەشتنە
یا کوشتنە

# شیعری کۆمەڵایەتی

## لەگەڵ سروشت
**١٩٧٢/٢/١٦**

ئەریٚ سروشت داو و دەستگای دەستی یەزدان
ئەی فیلمی هەمەرِەنگی شانۆی جیهان
ئەریٚ سروشت پیری تەمەن ملیۆنان ساڵ
دایکی هەموو پەیامبەران، ئەی دیدەکاڵ
پڕ خەت و خاڵ
دیمەن مناڵ
تۆ لە تەمەن دەوڵەمەندی
زۆر بەهێزی
تۆ لە دیمەن دەوڵەمەندی
لە لای مرۆڤ زۆر بەرِێزی
سەیرانگای دڵدارانی
دیوەخانی هەژارانی
تۆ زاخاوی خومارانی
هەوینی ڕوووی، نازدارانی
ئەریٚ سروشت
وەرزی هاوین و پایز، بەهار و زستان
وەک و ڕەنجبەر
وەک کرێکار
وەک و جوتیارێکی هەژار
وا لە ژێر فەرمانی تۆ دان
هەموو بە فەرمانی تۆ لە هاتووچۆدان
تۆ سەرداری

تۆ زۆرداری
تۆ خوێنخواری
زۆر بەهێزی
ئەریٚ سروشت
بەڵامە ئێمە بەهێزترین
بە ئارام و مجێزترین
بە هەزاران جار تیشکی ئێمە لە ئاسۆ
کەوتۆتە ژێر پای هەوری تۆ
بەڵام ئێمە دەست لە ئەژنۆ
وەک ڕەنجەڕۆ نەگریاوین
نەخنکاوین ،
جا سەرلەنۆ تێکۆشاوین
دیارە ئێمە نە ترساوین

ئەریٚ سروشت
گێژەلولکەی بەفر و سەرما
مەنجەنیق و جۆشی گەرما
کار ناکاتە دڵی ئێمە
ڕیٚ لە ئێمە هەڵە ناکا
ساز و سەما و کۆڕی گەرم
جێگای نەرم
دەست و بازوو، پەردەی شەرم
شین و گریان خوێن و تەرم
زستان بەهار، هاوین پایز
مەرگی ئازیز

ڕێ لە ئێمە هەڵە ناکا
کاروانی مە پەلە ناکا
ئەرێ سروشت
دەرد و ئازار و نەبوونی
بە شەپرزەو جلی دڕاو
بێ نان و ئاو
بە پێ خاوسی لە بەر قرچەی گەرمای هەتاو
پەرێشان بین
هەرگیزاو هەرگیز ناترسێین
ئەرێ سروشت
تریفەی مانگ و ئەستێرە
شێرێک لەوێ، ڕێوی لێرە
ئەمانە گشت فڕو فێڵە
کورسی و کۆشکو تەلار و مێز
پلە و پایە، کڕنوش و ڕێز
ئێمە هەڵناخەڵەتێنێ !
ئەرێ سروشت
یەک شت هەیە کە وا ئێمە بترسێنێ
دڵی ئێمە بلەرزێنێ
جەرگی ئێمە بسوتێنێ
ئەویش ئاگری ئەوینە
زۆر بەتینە
دەترسێین ئەو نازەنینەی، کە هاوبەشی ژین و دینە
لە ڕێچکەی دڵداری لادا
خەرمانی ئێمە بە بادا

بێ بەڵێن بێ، لەگەڵ ئێمە
پەیمان بشکێنێ و خۆی بادا
ئەرێ سروشت
ئێمە دەزانین کە دەمرین
ڕێگای سەختی ژیان دەبڕین
بەرەو دوا قۆناغ دەفڕین
ئێمە بە قەرز ناترسین
ڕاستی دەڵێین هیچ ناپرسین
دیارە ئێمە بەهێزترین
بە ئارام و مجێزترین

## بووکی شادی

ئاخ لە بۆ چرپەی مەلی ئاسایش
نموونە بەخشی دیمەن ئارایش
دڵشاد و بێ غەم، دەم بە پێکەنین
دەڵێی نامرێ لە سەر ڕووی زەمین
دەم بە گۆرانی و دەروون مۆسیقا
خنکاوی دەریای خەندە و تریقە
کەشتیوانی نێو گەشتی ڕێی بەهەشت
سەرقەتارباشی بۆ گەڕان و گەشت
هوزاری دەنگ خۆش لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
هەڵمژی تکەی نێو دەروونی گوڵ
نەغمەی کۆبەندی سەرچاوەی کانی
ئەو کاسەی پڕ ئاوی جاویدانی
تۆ بووکی شادی، کچی هەتاوی
بە تارای پڕشەنگ داپۆشراوی
بەڵام دەزانی ئەی بووکی شادی
کە تۆ بە چارەنووسی کێ بەندی ؟
لەمەو پاش ڕۆژی ڕوونت مەینەتە
هاوسەری ژینت ناوی خەفەتە
زۆر باش بزانە ئەم زوڵفە خاوە
دەگەچڵێ لە نێو باوەشی زاوا
هەوری تاریکی تەزرەی تەمەنە
میکرۆبی ڕەگ و ڕیشەی چەمەنە
واتە نەیاری دڵی گوشادە

دوژمنی هەموو ئادەمیزادە
سەربازی جن و خێو و ئەفسوونە
میکرۆب و ژەنگی سەر ڕووی ئاڵتونە
ئەمە دەردێکە بۆ ورد و درشت
دەبێ ببینین لە شانۆی سروشت
ئەوەی هەنگاوێک بۆ شادی باوێ
هەنگاوی دووەم دەکەوتە داوێ
( بەیاد ) دڵشادیی کە داندراوە
لەگەڵ هەویری غەم شێلدراوە
پێویستە هەموو کیژێک شوو بکا
تارای بووکێنی بەخۆدابدا
بیستوومە شادیش بە شوو دراوە
لە مێمری غەم مارە کراوە!

## مۆژدە بۆ گوڵ

مۆژدە بێ ئەی گوڵ، ئەمڕۆ بەهارە
بەڵگەی ئەم وەرزە، نموونەی دارە
دار و درەخت گشتی پشکووتن
مەلی نێو لانە ئیتر خومارە
باڵی گشت مەلان، تەزیبوو دوێنێ
ئەمڕۆکە تیشکی ڕۆژ لە نێو شارە
ئیتر کۆششمان لە بۆ هاوینە
چەند خۆشە کۆمەڵ، دەمی ئێوارە
دانیشین لە ژێر، داری سەربەستی
شوێن ئاوڕشێن کەین، لە دژ گەواڵە
( بەیاد ) تا ماوی دژی چەوتی بە
هەر ڕاستی بڵێ ! مردن یەک جارە

## ژیان و مەرگ

ئەوەی لە نەبووی گیانی هاتە بەر
زۆری پێناچێ، گیانی دێتە دەر
ئەوەی کەر نەبێ نابتە بارەبەر
کردەوەیە گەر بێتە تاجی سەر
***
پشتەستوور مەبە بە ڕەنگی پارە
پارە دوژمنی چینی هەژارە
ئەمە دەستکاری پەروەردگارە
جارێ زستانە جارێ بەهارە

لە بازاڕی زێڕ چاکە لە باوە
نەفرین لە چەوتی ناوی زڕاوە
کە فەرماندەری ڕۆژ دەنگی داوە
مۆمی مێمری چەوتی کوژاوە
***
بەڵێ، چاکەیە دەبێتە تێشوو
بیخۆ لە کاتی ووچان و پشوو
ئەوەی ماندووبێت لە کاری پێشوو
کوڕی ژن دێنێ، کچ دەدا بە شوو
***
گەر تۆ بەڕاستی پۆشی یەک ڕەنگ بی
دەبێ بۆ ئاشتی، ناو بژی جەنگ بی
( بەیاد ) با سینەت دەریای جەفەنگ بێ
لە کاتی پێویست، بە دەنگ بێ دەنگ بێ

## زانین

بەهێزی زانین، بازووی زانیار
مرۆڤ دەچێتە ئەستێرەی گوڵزار
مرۆڤ بە کۆشش دەگاتە ڕۆژێ
زۆربەی لە ئاسمان دەبێتە کڕیار
***

پیربوون نامێنێ، وەك مردن دەمرن
کەس چەک ناکڕێ بۆ یەکتر کوشتن
دەردی ترسناك چارەسەر دەکرێ
دەگۆڕێ شێوەی بۆرژان و نووستن
***

دروشمی مرۆڤ دەبتە یەکیەتی
خەڵکی ئەستێرە دێنە سەر زەوی
دووگمەی بەرۆکتان دەبێتە بێ سیم
دەپاڵێودرێ زمانی کوردی
***

بێسیمێک دەکەن بۆ دەنگ و وێنە
تۆ لە مانگ، برات لەسەر زەمینە
یەکتر دەبینن، دەدوێن لەگەڵ یەک
بەڕاستی ژینی ئەو دەمە ژینە
***

خوێندن پەیژەیە، ئەستوونە بۆ ژین
بەم ووتانەی من دێیە پێکەنین
ئەمانەی وتم گشتی دێتەدی
هەمووی دەبینین نەمرین و بژین

کەوابێ یاران دەبا ڕاپەڕین
با ژەنگی قینە لە دڵ لابەرین
ئەوەی تێپەڕی ئەوا بە سەر چوو
با بەرگی تۆڵە لە بەر دادڕین
***
گەر توخمی مرۆڤ وەکو برا بێ
وەک لە نێو مرۆڤ هیچ ڕووی نەدابێ
واتە ژیانی مرۆڤ بە هەشتە
بەڵام پێویستە مرۆڤ چرا بێ

کۆشش دەتوانێ کێو بکاتە دەشت
دۆزەخ بە کۆشش دەبێتە بەهەشت
گەر دەست هەڵگرین لە دوو زمانی
دەچینە ناو مانگ بۆ سەیران و گەشت
***
هەوڵدە ! بۆمبای ( زەڕڕە ) و (ژەهراوی )
لە ڕووی زەمینا نەمێنێ ناوی
( بەیاد ) ئەم کاتە شەو دەبێتە ڕۆژ
ڕاوچی نێچیری دەکەوتە داوی

## ئامۆژگاری
## ١٩٧٢/٧/٥

هەتا ئەسپت نەبێ گیانە، نەکەی بڵێی من سوارم
هەتا ژینت یەکلا نەبێ، تاوانە بڵێی دڵدارم
تۆ کە خەم ناناسی ئێستا، داڕوشانێکی سەر پێستە
تاوەکو خوێن دات نەپۆشێ، شەرمە بڵێی بریندارم

ڕاپەڕە، لە بۆ ژیانی خۆت هەوڵ دە بە بێ شەرمی
جار بە جارێ توند و تیژی جار بە جارێ شل و نەرمی
مەپرسە تۆ کوڕی کێ بووی وە یا باوکت کوڕی کێیە
ئیمڕۆ تێکۆشان تەواوە، مەترسێ لە سارد و گەرمی

ژیان وەک جاران نەماوە ڕۆژ بە ڕۆژ پێشدەکەوێ
دەبێ ئیمڕۆکە تەماشاکەی بۆبەیانی چیت دەوێ
لەڕێبازی مەردایەتی، هەرگیزاو هەرگیز لامەدە
چاوت لە دەستی کەس نەبێ ژین بە کۆشش سەردەکەوێ

بەرگی قەرزاری مەپۆشە، ئاگرێکە دەت سوتێنێ
بەبێ مەلە مەچوە نێو ئاو ئاوی زۆر بێ دەت ڕفێنێ
ژینی سەختی هەوێباری گەر دەلوولێکە هەموو دەم
وەک دڵداری ئیمڕۆکە، بەبێ مردن دەت مرێنێ

لەپێناوی کەسێ بمرە ئەگەر هاتوو لە بۆت بمرێ
دەستی چینی هەژار بگرە وەک پشتیوان پشتت دەگرێ
خۆت مەدە دەستی درۆزن، وەک  درۆ یاریت پێ دەکا
گورگ و سوێسکە بێ بەڵێنن گورگ دەتخوا
سوێسکە دەفڕێ
تۆ خەیاڵی ترسنۆکی و نائومێدی لە دڵ دەرکە !
لەنێو شەپۆلی چالاکی شوشەی هەمیشەیی پڕکە
لە ڕێبازی بانگەوازی (ڕیالییزمی)بە وەک (بەیاد)
لە نێو جامی کامەرانی شەڕابی ئاسوودە فڕکە

## دڕۆتان لەگەڵ کردین
## ١٩٧٥/٦/٢٢

بە دەروون و دڵ زۆر جێگا گەڕام
هێشتاش دەگەڕێم
لەو پرسیارانەی دەژیەن بێ وەڵام
هەروا دەگەڕێم
***

لەو نەزانانەی بێ بۆن و بێ تام
هەنگاوی چەشەی شەو چەرە داوێن
لەو مەلایانەی کە مانای قورئان هەرگیز نازانن
کەچی لە پێش چاو عەبا بەشانن
هەروا دەگەڕێم
ئەوەی تەرازوی پێوانی دانا
***

ئەوەی ئاوات و ئامانجی ناونا
ئەوەی مێمری سەرمایەی ڕاونا
بۆ ئەو، ئێستاکە خۆی بە دز دەرچوو ؟
***

بۆ ،  وەکو شیری بێ ئاگای کابان
زوو هەڵبزرکا و بوو بە کەف هەڵچوو ؟
هەروا دەگەڕێم
هێشتا دەگەڕێم

## دەروازەی بەهار

ئەوا بەهارە مانگی نەورۆزە
مانگی دەست لە مل، جەژنە پیرۆزە
ئەوەی لەگەڵ یەک پەست و ئاڵۆزە
با دڵی ڕوون بێ وەک چرای تازە
***
گەل بێ هەڵە بێ ، شوان دڵسۆز بێ
ئەگەر تفەنگ چی، ئێشکچی هۆز بێ
گورگ دیارە، سەد ڕەنگی بۆز بێ
***
نەورۆز دەروازەی وەرزی بەهارە
بەهار دەستکاری پەروەردیگارە
بەهار دەرمانی دەردی دڵدارە
ڕابەری بەهار کەوی کۆسارە
بەهار نموونەی بەهەشتی خوایە
دەشت و کێو بووکە بەهار تارایە
دەنگی باڵندە، سەد مۆسیقایە
بەشنەی شەماڵ گوڵ لە سەمایە
***
زەرد و سوور، کیژ و لاو تێکەڵاوە
شایی ڕەشبەڵەک، چوار دەوری داوە
ڕووبار شاباشی، شەپۆڵی ئاوە
گریەی گەواڵە، خەندەی هەتاوە
گومبەتەی مامز لەگەڵ ئەوانە
بەستەو گۆرانی، کیژ لە جۆلانە
پەلکە زێڕینە، هێڵی ئاسمانە
دەڵێن گورگ زا، تیشک و بارانە

## پەیمان شکێن
**١٩٧٧/٥/١٧**

بێ هەواڵ بووم لە دڵداری
لە ئەشکەنجەو لە ئازاری
نەم بوو ئارەزووی خوماری
نوقمی دەریای خەفەتباری
بەڵام کە تۆ هاتی بۆ لام
بە بێ ئەوەی بگری ئارام
پرسیارێکت هێنا پێش چاو
بە وەڵامی کەوتمە نێو داو
کەوتمە دۆزەخی پڕ ئاگر
دەک بە حاڵم نەبێ کافر
پەیمانتدا بۆ هەمیشە !
کە بەڵێنت ببتە ڕیشە !
ببتە ڕیشەی داری ئاوات
ئەو ئاواتەی دڵ پێی دەگات
بەڵام وا بە پێچەوانە
نە بەڵێنەو نە پەیمانە
بە جێی هێشتم ئەو عەییارە
( بەیاد ) یش وا لە ئازارە
دیارە هەر وایە
هەناسەم تەنگە لەنگە زمانم
دڵە کوتێمە دەمرم دەزانم

بەڵگەم ئەمەیە گیانم دەلەرزێ
لاشەم سەراپا لێک دادەهەزێ
دەروونم تەنگە وەک ئازیز مردە
خەفەت لێم بۆتە مێمر و جەردە
پەژارە دەستی خۆی لێوەشاندم
بە ئارەزووی خۆی هەڵی وەشاندم
لە هۆش خۆم دەچم سەرم گێژ دەخوا
سروشت لە ژینم دەستی خۆی دەشوا
ڕماوە پردی ئاوات و هیوا
هێشتا نەمردووم دۆزەخم دیوە
چونکە من ڕاستم جا لەم هەڵوێستە
دەستێ بەرانبەر بەمن ڕاوێستا
دیارە هەروایە هەرواش پێویستە
ئازار پاداشتی مرۆڤی ڕاستە

## بانگەواز
## ١٩٨٨/٨/٢٩

پێشکەشە بۆ خوالێخۆشبێت مامۆستا (تایەر تۆفیق)

ئەرێ ئەوجارەش وەکو جاری جاران
دانیشە بەرەو ڕووی ئۆمەر خوچان
بەندێکی ئۆرفا یاخود نیوەشەو
بیکە شاباشی لایە لایەی خەو
لەسەری سارا تا گامێشەڕێ
تێنوی دەنگی تۆن دەسا دەنگتبێ
لە شاخەمشکە تا هەیبەسوڵتان
هەر لە چنارۆك تا گڵەڕەشان
لوولەی زایەران تا کانی قەرە
مێرگی خاڵمبەگ ئەو دەشت و دەرە
چەمبەرە و هەواو تا مزگە و تۆرە
بۆ تۆ دەگریەن نۆرە بە نۆرە
مامۆستا کەرەم تا حەمە خاڵدان
هەر لە حەمامۆك تا کانی بسکان
هەر لە میر سەید هەتا باواجی
پێ بە پێ هەتا شارەکەی حاجی
بۆ خاڵە تایەر دڵیان پڕ ئاخە
بۆیە ڕەشپۆشە ئەم ڕەز و باخە

نەوەك شاری کۆ هەمووکوردوستان
لە گەرمێنەوە هەتاك و کوێستان
ئەم بەئەو دەڵێ سەیرکە حاڵم
چەندە شپرزەم بۆ وەیلێ زاڵم
ئەی بادی شەماڵ تو گۆڕی خەیام
کوا کراس زەردێ بمداتێ پەیام
تا بڵێم شیرن کەینێ بەهارە
کەینێ سەیران و جەژنی دڵدارە
هەتا لە بەهەشت تایەری دەنگ خۆش
جیهانی ئەولاش بهێنێتە جۆش

## خەبات و ئەوین

لاوی گەلی کورد چەندە هەژاری
نەك بێپارە و پول بەڵکو زاماری
ئێش و ئازارت ژینی تاڵ کردووی
هەستی پیناکەی لەبەر دڵداری
بەدرێژایی شەو خەو ناچتە چاوت
لە دەریای ئەوین سەرگەرمی یاریی
هەر لەخۆتەوە کچێك لەم شارە
دەستنیشان دەکەی بەبێ دیاریی
بەرۆژ هات و چۆ بوویە پاسەوان
لەخۆت مەگۆڕە ئێشکچی، یاری
لەهەمان کاتا کچ بێ هەواڵە
بێ چاوێنیبێ تۆش گرفتاری
ئەی لاو هەزاران دڵدارم دیوە
بە نامە و وێنە نەگونجا کاری
ئەتۆش بە تەمای بێ چاك وچۆنی
خۆت باویە گێژی بای شەرمەزاری
گیانە تا زووە بیری خۆ کوشتن
لە مێشکت دەرکە تۆ خوێندەواری
( بەیاد ) پێت دەڵێ حەیفە تۆ بمری
وەرە هەوڵدەین بۆ بەختیاری

## وەڵامی بەیاد بۆ پرسیاری هاووڵاتیەك
## ١٩٨٨/٨/٨

کاکەی بەڕیز تۆ پرسیبووت ئاخۆ بەیاد بڕوای چۆنە
ئەری بۆچوون و بیروڕای نوێخوازە یاخود کۆنە
کاکەی بەڕێز سەرنج بدە ئەمە وەڵامی ڕاستیمە
ئەوە بەڵێن و بڕیاری کاتی هۆشیاری و پەستیمە
بۆ ئەو زەوییەی بێ کانیاوە هەموو دەمێ من بارانم
من بارانی خیر و فەڕی کێڵگەی دڵی دڵدارانم
من غەمخۆری ئەو کەسانەم لە کاروانا بەجێ ماون
من دەستمایەی ئەوکەسانەم لە مامڵەتا تێشکاون
لە بۆ هەژار و چەوساوان من دەرمانی ژان و ئێشم
من شەماڵی ئارەق سڕی هەموو چینی زەحمەتکێشم
بۆ دروێنەی دڕک وداڵی سەر ڕێی ئافرەت داسی تیژم
من پێنووسی بێ وچانی نامە نوسی لاو و کیژم
پارێزەرم پارێزەری مافی ڕەوای ئافرەتانم
من ڕابەرم بۆ ئافرەتان ڕێنیشاندەری ژیانم
من زنجیری پۆڵایینی دەستی ئافرەت دەپسێنم
ئەو زیندانەی ئافرەتانی تێدابەندە دەیڕوخێنم
من دێوەزمەی جەور و ستەم لە ناو دڵدا دەتارێنم
لە بۆ ژیانی یەکسانی نمەی شادی دەبارێنم
تاکەی ئافرەت وەکوو ئاژەڵ تۆ دەیکڕی دەیفرۆشی ؟

تاکەی ئافرەت ژەهرەماری هەویٚ باری ژین بنۆشی ؟
من ناڵێم چینی ئافرەت وەکو ئەوروپا بەرڵابیٚ
بەڵام نابیٚ گەردەلوولبین ژینی ئافرەتیش گەڵابی
گەر تا ئێستا نەتزانیوە شاری بیٚ ئافرەت وێرانە
بەبیٚ دەربەست فەرموو ئیستا تۆ لە بەیاد بیزانە

# له دوو چوان مەچوو

ئەوەی ڕابورد ئەوا ڕابورد بڵێ مردوو بڕایەوە
مۆم کە سووتا بێ ئومێدبە بڵێ ئیتر تووایەوە
مەهێڵە هەل لە دەست بڕوا کە ڕۆی ئاخی پێناوێ
داری بریا پێش سەوزبوون لە کێڵگەی بوون سڕایەوە
هەتا دوێنێ پارەدار بووی هەزار بێگانە برات بوون
سەیری ئەمڕۆکە هەژاری برای خۆت لێتکشایەوە
دووزمانی و خۆهەڵکێشان لە نێو گێتیدا نەماوە
بوو بە قیرِی کەوای سپی لەنێو کوردان هەر مایەوە
وەرنە بازاڕی دڵداری دڵداری چی دڵ کڕینە !!
سەرمایەدار خۆی بادەدا لاوی هەژار ڕزایەوە
لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کۆڕی دڵداری بەنرخە
کیژو لاو یەکدڵ دەوەستن بۆیە وا دەنگی دایەوە
هەوێباری لەنێو ئێمە تاکەی کۆتایی پێنایە ؟
بۆچی دوو ژن! گەر ژنێک دڵسۆزتبێ حەسایەوە
(بەیاد) بەسە ؟ هەتا کەی تۆ خەفەتباری گەلی کوردی
ساڵەهای ساڵ گوتت : هۆ کورد ! کورد وەڵامی نەدایەوە

## کەی ئەمە جەژنە

کەی ئەمە جەژنە دایک ڕەشپۆش بێ
باوک سەر و ڕیش هاتوو پەرۆش بێ
خوشکی شۆخ و شەنگ زەرد و نەخۆش بێ
ماڵی سارد و سووڕ برا خامۆش بێ
دەگریم بۆ مەرگی شەهیدان دەگریم
بۆ لاوەکانی کوردستان دەگریم
***
کەی ئەمە جەژنە دایک بە گریان
بەیانی جەژن بچتە گۆڕستان
بە کوڵ بگریێ بەرەو ئاسمان
چۆن هەموو زەوی نایەتە هەژان؟
منیش بۆ جەرگ سوتاوان دەگریم
بۆ دڵی ڕۆڵە کوژراوان دەگریم
***کەی ئەمە جەژنە سەد ئافرەتی کورد
کوژراوە مێردی یا بە لێدان مرد
ئێستا هەتیون مناڵانی کورد
بێ نازی باوک بە بێ دەست و برد
بۆ کۆرپەی ساوای نێو لانک دەگریم
بۆ مناڵانی بێ باوک دەگریم ؟
***
ئەو کیژە کوردەی مارە بڕاوە
لە پڕ کە بیستی! کوژراوە زاوا !
پڕشنگی چرای بەختی کوژاوە

کەی جەژنە خەنە و خوێن تێکەڵاوە
ئەوا بۆ بەختی بووکی وا دەگریم
لە بۆ تەمەنی سەد زاوا دەگریم
***

ئەو کاتە جەژنە پشتی یەک بگرین
بەرگی ڕابردوو لەبەر دادڕین
لەبۆ یەک ئامانج ئاڵا هەڵگرین
کەوتمان مەرگ پێکەوە بمرین
مردن پێکەوە جەژن و سەیرانە
هەر دووبەرەکی دڕکی ژیانە
***ئەو کاتە جەژنە دایک پێکەنێ !
باوك جلی ڕەش لەبەر داکەنێ
دوژمن لە خاکی ئێمە نەمێنێ
یەکگرتنی کورد پۆڵا بشکێنێ
ئەوسا هەموو ڕۆژ جەژنە لە بۆ کورد
لە بۆ ژن و پیاو بۆ درشت و ورد
**

ئەوکاتە جەژنە لەسەر گۆڕستان
بە خەندە و سروود لە باتی گریان
دایک بانگ بکا هەڵسە رۆڵە گیان
کورد سەربەخۆیە لە نێو کوردستان
ئەو کاتە ئیتر بە ڕاستی جەژنە
ئامانجی کوردە ئاواتی منە
***

ئەکاتە جەژنە منداڵی ساوا

گەورەبێ و ببتە لاوێك لەم ناوە
بڵێ لە ڕێی کورد باوکم کوژراوە
ئێستاش لە جێی خۆی منی داناوە
ئەو جا کە هەموو شادی بنۆشن
با کورد یەك بگرێ نە یەک بفرۆشن
***
سەد زاوا کوژرا هەر بەبێ تاوان
بووکی نیوەچڵ تارا دڕاوان
تۆڵەیان دەوێ مارەبڕاوان
ئەو کاتە جەژنە بە هێزی لاوان
ڕیشەی دووژمنان هەڵکەنن لە بن
(بەیاد) ئەو کاتە دەبێتە جەژن

## بریا وابا

بریا سەد بریا لە ڕۆژی یەکەم
نەمامی خۆزگە دەهاتە بەرهەم
چونکە دەسمایەی کوڕی ئەسرینە
وشەی سەرزاری کچی ئەوینە
گەر وشەی خۆزگە هەبا لە سروشت
بێ بەش نەدەبوون نە وورد نە درشت
بەڵام ئەمڕۆکە ژین بێ خۆزگەیە
بۆیە مرۆڤی هەژار بەندەیە
بریا سەد بریا لە ڕۆژی یەکەم
نەمامی خۆزگە دەهاتە بەرهەم
خۆزگە مرۆڤی گەورە و دەوڵەمەند
وەکوو مووی پشتی ئاژەڵی ڕەوەند
ماڵ و سامانی نەیەتە ژمار
بەڵام وەکو ئەو هاوبەشبا هەژار
بەڵام نەوەک و یەکێ هەژار بێ
لە هەمان کاتیش گیرۆدەی یار بێ
کزی، نەبوونی، دەردی دڵداری
لێک بداتەوە لەگەڵ هەژاری
سەرمایەداریش بە سەد نازەوە
لە ڕێگا بڕوا بە دڵخوازەوە
بە خۆبادان و زیرەی پێڵاوی
کچان سەرخۆش کا بۆنی گوڵاوی
سەپان و ئاغا هەردووکیان بران

هەردوو مرۆڤن خاوەنی ڕەوان
بۆ ئاغا خاوەن کۆشک و تەلار بێ ؟
هەژاریش نانی نەبێ و قەرزاربێ
ئاخر لەبەر چی بەم جۆرە ئاوا
ئەم ڕژێمە وا پەسەند کراوە ؟
بریا سەد بریا لە ڕۆژی یەکەم
نەمامی خۆزگە دەهاتە بەرهەم
ئەو ساکە (بەیاد) دەیزانی بۆ خۆی
چۆن سارێژدەکا برینی پڕ سۆی

## چریکستان

ئافرەت:
ئێمە ئێمە هێمای پیرۆزی زەنگی دەستی یەزدانین
ئێمە ئێمە لەلای ئێوە کانی و کارێزی تاوانین
ئێمە شیلەو جوانی گوڵین کە حەزتان کرد دەمانمژن
ئێوە زەردەواڵەی برسین کە تێرتان خوارد دەمان کوژن
ئێمە بەهارێکین گوڵی سیماو رەوشتمان بێگەردە
ئێوە رێبوارێکن پڕی دەستی شێتانەتان بەردە
ئێمە،پیاو وەك مناڵ لەباوەشی خۆمان دەگرین
ئێوە لەدوای حەزی ژەهراویتان دەڵێن سەریان دەبڕین
ئێمە کە ئافەریدە بووین لەشفرۆشیمان نەناسی
ئێوە وەکو ڤایرۆس خۆتان بە سینەماندا هەڵواسی
ئێمە قەدەغەیە گەر لێومان بۆ خەندەیەك بجوڵێ
ئێوە هەزار چاو باشقەڵی و شەڕواڵ پیسیتان بەپوڵێ
چەقۆکێشانی بێ مروەت بەبیانوی ئابڕو تکان
کەسایەتیمان دەزڕێنن مافی مرۆڤ ئەی کوا ویژدان؟
بە وڵات فرۆش و خۆفرۆش بۆ ناڵێن بێ ئابڕویی
خۆتان لە خشتەمان دەبەن جا بەمە دەڵێن بەدخویی
وتمان لەسەدەی هەزارەی سێیەم کۆیلەیی نەما
کەچی ئەم کارە دزێوە تازە سەرەتای سەردەمە
پیاو:
ئەی ستەم لێکراو ئێمەی پیاو بەرگریتان لێ دەکەین
بارگەو بنەی بوێریمان لە مەیدانی ئێوە دەخەین
ئێمە دادی ئێوە دەپرسین عەرزو حاڵتان وەردەگرین
لەگەڵ ئێوە دەژین دەمرین رێگا لە ژن کوژان دەگرین

## ماڵێك بۆ خۆشەویستی

ئەم شێعرە تایبەتە بە ماڵی بێنەوایان کە لە لایەن خاتوو نەرمین ساز و سەرپەرشتی دەکرێ وێنەکانی ئەم شیعرە دیمەنی زیندوو ڕاستەقینەی ئەو کەسانەن کە ئەو ماڵە میهرەبانە لەخۆی گرتوون

ئەرێ لێ لێ ئەرێ لۆلۆ ئەوەی ڕێبوارە ڕاوەستێ
ئەرێ لێ لێ ئەرێ لۆ لۆ ئەوەی خەوتووە با هەستی
ئەوەی ژەنگی پول و پارە دەروونی وێران کردووە
ئەوەی جەردەی ئەم جیهانە دڵی بە تالآن بردووە
ئەو کەسانە تێر و پڕن لە زمانی برسی تێناگەن
تەندروستدار و لەبارن پەی بە ئازاری کەس نابەن
وەک پەپولەی مانگی پووشپەڕ دێن و دەڕۆن تێکدەقژێن
دەڵێی بەرخی دوورە ئاون لە بەر هەتاوا دەهەژێن
بۆ تەرازووی لاتەڵ و خوار دەکەن بە پێوانەی ڕاستی؟
لە دەرگای ویژدان بپرسن کوانێ ماڵی خۆشەویستی
وەرە مەڕۆ ئەوەتانێ خانەوادەی لانەوازان
ئەوەتانێ دەشتی بەهەشت دوور لەچاو و دەستی دزان
دڵتەنگ مەبە ئەی شەکرە ژن هەتا دوێنێ خاوەن جێ بووی
لە ڕابردوو خاوەن ماڵ و خانمێکی لەسەر پێ بووی
مەڵێ ئەمرۆکە، پەککەوتەم دادە ئەشکی چاوم دەسڕێ
هەموو دادە نەرمینێک ئەتۆ لە باوەشی خۆی دەگرێ
هۆ کاکەی من تۆ پێشمەرگەی مەڵێ کەس لە من ناپرسێ
ئێستاش دوژمن گەر بتبینێ لە بوون و ناوت دەترسێ
ئەی منداڵی ستەمدیدە ئەم دڵڕەقانە ڕەنجەڕۆن

لە دایک و باوکت مەپرسە هەموو کورد دایک و باوکی تۆن
تەماشا کە پەری ڕوخسار، شەرمی کچانەت مەفرۆشە
بە سەرهات و سکاڵای خۆت هەرچی هەیە دای مەپۆشە
مەڵێ بەخت و دواڕۆژم لە نێوچەوانم نووسراوە
نەخێر ئەمە کەڵبەی ماری کۆمەڵگەیە پێوەی داوە
بۆچی خاڵۆ چاوی کزت ئەمڕۆ هەڵنایە لە شەرمان؟
لە بەرچی دڵی جارانت کردۆتە تورەکەی خەرمان؟
هەوری پیربوون بە ئاسمانی تەمەندا تێ دەپەڕێ
دەستی ڕۆژگار ئەم کاڵایە بەباڵای هەموومان دەبڕێ

**خواست**

کام دڵ وەك دڵی دایــك گەورەیــە
کێ هێندەی دایك خاوەن بەهرەیە
کام ئاواز هێندەی سۆزی لایــلایــە
ئارامی خەوی کۆرپەی تێدایـــە
بۆ ئامۆژگاری شیرین زمانــــــە
ماندوونەناسە چەند میهرەبانـــە
زۆری رەنج کێشا بۆ گەورە بوونـم
زۆری نزا کرد بۆ ئاسۆی روونم
گەورەبووم لە نێو بێشکەی ئامێزی
ئێستاش وام لەسەر گڵکۆی بەڕێزی
لە خوا دەخوازم دایکی شیرینــم
لە کۆشکی بەرزی بەهەشت بتبینم

## وەسیەت بۆ سارێژی جگەرگۆشەم

ئەی شادەماری دڵی زۆر ماندووم
خۆراکی خانەی حەزو ئارەزووم
رۆمانی هەزار لاپەڕەی ژینم
زادەی بەرهەمی مێژووی ئەوینم
بڕشتی جوڵەی پێنووسی دەستم
نەخشەو ئەندازەی خواست و مەبەستم
گوڵی دەگمەنی زەنوێری هەڵۆ
سەردەستەی هەموو جوانی شاری کۆ
کچی تاقانەم سارێژی بابە
قەرزی وەسیەتم لەسەر خۆت لابە
دەمەوێ ببیە بانگخوازی قورئان
ملکەچکە لەبۆ فەرمانی یەزدان
سارێژی زامی کوردستانت بە
هاوبەشی خەمی نیشتمانت بە
نەبیە داردەستی رەوتی بێگانە
نەبیە ڤایرۆسی کاڵای خۆمانە
بەنێو زەمەندی درۆ مەکەوە
پەردەی نهێنی کەس هەڵمەدەوە
بخوێنە زانست هۆی رێکخستنە
پەنجەی بێ قەڵەم لەبۆ گەستنە
دڵسۆزیی دایکت لەبەرچاو بگرە
درێغی مەکە گەر وتی بمرە
گەر دڵی دایکت لێت رەزا نەبێ
لای من گەردنت قەت ئازا نەبێ

## کۆچی دایک
**١٩٨٧/٥/١٥**

دایە گیان دایکی لە دڵ شیرینم
دامنابوو ببیە خێوەتی ژینم
بەهیوای تۆ بووم دایکی دڵسۆزم
بلاوێنیەوە دڵەی ئاڵۆزم
کەچی لە پڕتاو چەپۆکی مردن
ڕووی کردە ماڵم هەر وەک و دوژمن
ئاوێنەی هیواو بەختی شکاندم
نەخشە و نیازی لێ هەڵوەشاندم
لە تاوی کۆچی دایکی ئەزیزم
ئاوێتەی ڕەنگی زەردی پاییزم
ئیتر تا ماوم بە یادی دایە
ڕێگای گۆڕستان بۆ من ڕێگایە

## هەرکەس بەیاری خۆی هەر دەڵێ
## ١٩٧٣/٣/١

بەسەر گەر دانیان وت موسوڵمان بە !
مل کەچی ڕێگای پیتی قورئان بە !
بەرنگاری ڕووی پیرە شەیتان بە!
بەبێ حەوت و هەشت
دەچیە نێو بەهەشت
سەر گەردان ووتی!
کوا ئەم ڕێگایە کە ڕێگای خوایە
چۆنە پەیڕەوی ئاینی ئێوە!
ووتیان قورئانە !
ووتی کەوابێ زوو ئەم قورئانە
بدەنە دەستم
تا بیرو هەستم !
بڕواومەبەستم ، بخەمە پێش چاو
وتیان پێی ناوێ ئەو کێشەو بەرە
مەیکە بە هەڵڵا ! مەیکە بە هەرا
پێ یان ووت کەرە !
گەر بەم ئاینە بڕوا بهێنی !
خۆت لە نێو باغی بەهەشت دەبینی
سەر گەردان ووتی :
بەهەشت بۆ پیاوی نەزان دۆزەخە
دۆزەخ بۆ پیاوی زانا بەهەشتە
زیندان و قامچی

بۆ پیاوی ئازا سەیران و گەشتە
هەمیشە  لەلای مرۆڤی خۆشڕۆ
کێو وەکو دەشتە !
بێ گومان ، لەلای مرۆڤی سەرخۆش
چونکە سەرخۆشە ، حەوت وەکو هەشتە
منیش وەک ئێوە فێڵ لە خۆم ناکەم
کەلێتان قەوما ، ئێوە زوو هەڵدێن
من بۆ کێ ڕاکەم ؟
ئەگەر ڕاست دەکەن ! خاوەن پەیڕەون !
بیدەنە دەستم ! گەر درۆ ناکەن !

## نامەیەک بۆ شەوڕۆ
**١٩٧١/٧/١**

ئەی پێنووس وەرە  بەبێ شێو و شۆ
بەفریام کەوە بەبێ چەند و چۆ
قەزات لێم کەوێ
دەزانی بۆ کێ ؟
بۆ شەوڕۆی بەڕێز
بنووسە، بڵێ
ئەی هەڤاڵەکەی ڕۆژانی مەینەت
نامەی بێ سڵاو
بە یادی ( بەیاد ) بخەرە پێش چاو
بنووسە لە بۆ قۆناغی شەوڕۆ
ئەی دڵسۆزی من
لە بەرامبەری هەڵوێستی ئیمڕۆ
زۆر دڵ گرانم
بنووسە ئیمڕۆ تەرازووی کێشان
بۆ قۆڵ بڕین و مردن لە بارە
بەڵام داخەکەم
لە نگە بۆ ژیان
چەوتە ، بێ گومان
بنووسە ئیمڕۆ درۆ لە باوە
کێ درۆزن بێ هەر ئەو پیاوە
***
بنووسە پڕو پاگەندە و تاوان
گیرفان پڕ کردن

شان و قۆڵ بادان
لایان پیرۆزە
تا ئێستا خۆیان وەها نەدیوە
نەزانەو ، بەرگی زانای پۆشیوە
***

بنووسە پێنووس
ئەمانەی ووتم بۆتەی ژیان بوو
نیمچە باسێکی ڕێی تێکۆشان بوو
بەڵام کرێکار
پەی دەرپەی ژینی چینی کرێکار
سەختی دەنوێنێ
لەبەر بێکاری
لە دەست قەرزاری
کوا ڕێی ڕزگاری ؟
بنووسە پێنووس
سکاڵام زۆرە
دەبا بێینەوە سەر باسی لاوان
دەروون سووتاوان
بێنینە پێش چاو
ڕەنگ زەرد و پەشێو
ئەوانەی لە نێو بڵێسەی ئەوین
دەسووتێن بە تاو
دەسووتێن لە نێو ، ئاگری جەفا
لە داخی کیژی جوانی بێ وەفا
مەپرسە ، کاتی لێ نەپرسینە
چونکە نۆرەتی ڕەوشت نووسینە

نۆرەی ڕەوشتی زۆربەی کیژانە
با ئاشکرابن ئەم خوێن مژانە
بنووسە پێنووس هیچ ڕامەوەستە
مەڵێ هەڵبەستە
یان دەربارەی کیژ ڕووگرژ و پەستە
دوورە ئەو هەستە
ئەوەی پێویستە
مەبەست ڕەوشتە
ڕەوشت مەبەستە
بنووسە پێنووس
کچانی ئەمڕۆ
وەکو گزنگی دەمکەلی ئاسۆ
ڕووپیشاندەرن
سەرنج ڕاکێشن
بەڵێ دڵبەرن
بەڵام بڕندەی سەد هەزار سەرن
مایەی مەینەتن
هەوری خەفەتن
دایکی کەسەرن
بۆ دڵڕفان و سەر شێوانی کوڕ
ئەندازیارن
بەناز و لەنجە
بە ڕەوتی پەنجە
پەری ڕووخسارن
بنووسە پێنووس، تاوانی کچان
کە چەند وریان

بۆ پیلان دانان
هەزار لەرزانە تێکەڵی هەنگاو
بە دەست و بە چاو
بە دوورە سڵاو
بە ووردە ئاوڕ
ئەمانە هەمموی
پلانن بۆ کوڕ
بنووسە پێنووس سەد خۆزگە وابا
ڕووبەند و عەبا
هەر لە یەکەم ڕۆژ پەیدا نە بووبا
دەزانی بۆچی ؟
چونکە ئەوانەی عەبا ئەپۆشن
لە سەدا پەنجای زۆر شەڕفرۆشن
ئەم شەڕ و بەزمە و
ئەم گڵپەو گڕە
هەموو نیازی سووتانی کوڕە
ئەی دڵسۆزی من گیانەکەم (شەورۆ )
ئەمەیە ژین و ژیانی ئیمرۆ
زۆر باش بزانە
چەوتی و درۆزن قۆڵبڕ و نەزان
دەردی بێ کاری دزی نێو گیرفان
دەستکاری لە نێو ، چینی ڕامیاری
بە هۆی بەدکاری
بۆ نا لەباری
سەرگەرمی لاوان
بە دەستی تاوان

وەک ئیمپریالیست کیژی تاوانبار
تێکدەری ژینن دڕندەی لاسار
هەڤاڵی بەڕێز زۆر باش بزانە
ئەمانە هەمووی نەگبەتی کوردن
دەست لە بەرۆکی کورد ناکەنەوە
کوردی کەڕوڵاڵ وەک دارو بەردن
وەڵامی بانگی کەس نادەنەوە
ئەمانەی ووتم تەنگ و چەڵەمەن
لە ڕێبازی کورد
دڕکی کۆمەڵن  گورگی لاسارن
لە هەورازی کورد
***
پێنووس هەتاسەر یارمەتی نەدام
لێرەدا نووسا
ئەویش لەم باسە سامناکە ترسا
لێرەدا شکا نووکی خامەکەم
بەناتەواوی ماوە نامەکەم
ئەی دڵسۆزەکەی هاوچەرخی ژینم
ئەی شەوڕۆی ووڵات
کوانێ دڵسۆزێ با داری ئاوات
لە ڕێگای خەبات
دەسا بڕوێنێ ؟

## دڵداری تازە

بمرێ دڵداری   بمرێ نەمێنێ
کە جەرگی هەزار لاو دەسووتێنێ
بمرێ دڵداری ، تاجیهان ماوە
تاکەس نەکەوتە ناو ئەم گێژاوە
بمرێ دڵداری ، هەمووی خەفەتە
خۆشترین ڕۆژی ئاخ و مەینەتە
بمرێ دڵداری  دووژمنی ژیان
کە هەزار کەسی کوشت بەبێ تاوان
بمرێ دڵداری بمرێ نەمێنێ
کە ڕیشەی ژیان ، لەبن دەردێنێ
***
بمرێ دڵداری بە تایبەت ئیمڕۆ
کە زۆربەی بۆتە فریوو درۆ
بمرێ ئەو کیژەی جوانیی کڕاوە
بەم دڵدارییە ناوی زڕاوە
بمرێ دڵداری   بمرێ نەمێنێ
کە گوڵی ئاوات هەڵ دەوەرێنێ
***
بەڵێ  ئیمڕۆکە، دڵداری  وایە
کێ پارەی هەبێ زووبێتە کایە
بەد ڕەوشتیش بێ کەس باسی ناکا
خاوەن پارەیە مرۆڤی چاکە
( بەیاد ) بەهەڵبەست دەرخە ئەم ڕازە
باسی دەستووری دڵداری تازە
بمرێ دڵداری   بمرێ نەمێنێ
کە ئاگر لەدڵ هەڵدەگیرسێنێ

**بەزممە**

سەیری سووڕی چەرخی ڕۆژگار هەردەمە بۆ یەکێ باوە
ڕژێمی چی ؟ کوانێ ڕاژە ؟ کەی بە ڕێژە لەبەر چاوە
کێژ و ڕۆژگار وەک و یەکن هەردەمە بۆیەکێ گوڵن
بۆیە مرۆڤ بۆتە دووچین کەس باوەڕی پێک نەماوە
بێیە باسی سەرمایەدار ئەو خەریکی گرد و  ووردە
چی لە باسی چینی هەژار کە گیرۆدەی ئاخ و دەردە
ئەو لەبەر کۆی پوول و پارە خوا پەرستیشی بەلانا
یانی پشتی کردە کۆمەڵ چ گوێی داوەتە بگرەو بەردە
وەرنە سەیری کایەی ئەوین کەوەک جیهان پان و پۆڕە
بەهەزاران شۆڕە سوار لەم ئەوینە دیلی گۆڕە
ئەمەش تاوانی کیژانە کە هەردەم ڕوو لە لاوێکن
بۆیە دڵداری کڕیارە لە بازاڕا  جۆر بە جۆرە
خوایە سەیری ئەم کۆمەڵە چەند نەزان و چەند بێباکە
کە سەرچۆپی ڕابکێشێ چاو زەقیش بێ داوێن پاکە
هەزار کڕنۆشی بۆ دەبەن لە کۆبەندی کۆ دەبنەوە
سەڵەواتی بۆ لێ دەدەن دەڵین بەخوا پیاوی چاکە
زۆر لە ئاغاو بەگزادەکان حەزیان لە خواردن و خەوە
چینی هەژاریش لەڕووی یەک دەستی لەسەر پای بڕنەوە
ئەو حاجیەی بۆ فرت و فێڵ کەشیدەی زەردی زەوتکرد
بە ئاشکرا دەڵێ ڕۆژمە جارێ لێخوڕن مانگە شەوە
ئەی ڕاست وێژانی خۆش نرخ ! گەر نزیکن ئەگەر دوورن
دەزانم کە دژی چەوتین ئێوە لەسەر ڕاستی سوورن
( بەیاد ) لە داخی ئەم خەڵکە هیچی بەدەم پێ نەوترا
ڕەخنە زۆرە گەرباسی کەم کە نەم  وتوە لێم ببوورن

## فەلەک و تاوان

(مەبەست لە فەلەك یان گەردوون، ئەو کێشانە و پێوانەیەیە کە لەهەر سەردەم و چەرخێکدا لە ژێر کاریگەری نەریت و بەرهەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە کێشانە و پێوانەی پێدەکرێت بۆ باشی و خراپی و پیاوەتی و ناپیاوی و ڕێزداری و بێڕێزی...هتد نەك ڕەهەندە ئاینییەکە )

فەلەک بەڕاستی زۆر تاوان باری
بەرانبەر مرۆڤ زۆر شەرمەزاری
یەکەم دوژمنی چینی هەژاری
کرمی بەرهەمی هەزار جووتیاری
فەلەک  دڵسۆزی سەرمایە داری
***

فەلەک ڕووڕەش بی لە  دەروازەی خوا
وێرانبێ ماڵت بمری بەسزا
ببیە نموونەی جیهان سەراپا
پەروانەی چەرخت بشکێ سەراپا !
کۆسپ و تەگەرەی ڕێی کرێکاری
***

لە نێو کۆمەڵدا فەلەک شەیتانی
تۆ پلانگێڕی ڕێی دڵدارانی
بۆ تێکۆشەران کونجی زیندانی
بۆ لێقەوماوان سەرمای زستانی
بۆ پارە داران وەرزی بەهاری
***

فەلەک   بۆ زۆر کەس کەلاوەی تەرمی
لەگەڵ زۆر کەسیش مەست و سەرگەرمی
لەگەڵ زۆ کەسیش گەلێ دڵنەرمی
بەڵام بەرانبەر زۆر کەس بێ شەرمی
تف لە ڕەوشتت چەندە بەدکاری
***

هەزاران کۆشکی بەرزی خەسرەوی
هەزاران گوڵی تازەی یەک شەوی
هەزاران جوامێر لە تافی لاوی
تێکت هەڵشێلا و دات لە پای زەوی
خوێنڕێژ ! دڕندە ! بەخوا زۆر داری
***

فەلەک دوژمنت زۆرە لەم ناوە
هەیە خەرمان و خەلەی سووتاوە
هەیە تاگەردەن لەنێو قوڕاوە
هەیە دڵبەری بەشوو دراوە
خوێن مژ ، قۆڵبڕی ، ڕووڕەش؛ خوێنخوراوی
***

فەلەک سەرشۆڕی فەلەک ڕوو زەردی
فەلەک میکرۆبی سەد هەزار دەردی
دزی، پیاو کوژی، جەردەی بن بەردی
لە بۆ نەخۆشان تۆ ژەهرە ماری
***

فەلەک تا بڵێی پەیمان شکێنی
سەگسار ، درۆزن ، زۆر بێ بەڵێنی

ئەوەی ناکەسبێ تۆ دەی لاوێنی
ئەوەی پیاو بێ، تێکی دەشکێنی
مێمری لادێی ، کوندە بۆی شاری
***
فەلەک بەکوردی ئەتۆ گەردوونی
دووری لە ڕاستی خاوەن ئەفسوونی
دوژمنی بوونی دۆستی نە بوونی
ژەنگی دیمەن و نرخی ئاڵتوونی
( بەیاد ) دەت ناسێ چەند نالەباری

## بووک، لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ

ئەی بووک هەرچەندە ئەمڕۆکە بووکی
بەلەش زەرد و سوور وێنەی گڵۆکی
گەلێ بەنازی گەلێترووکی
بەڵام ڕۆژێ دێ پیری ، بێ پووکی
لەدەریای بریا، ڕێت لێ وون دەبێ
بووک لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ !
ئەی بووک دوور نەڕۆین زۆر مەکر کەری
لەنێو لەشکری شەیتان ئەفسەری
شایستەی هەڵڵای سەر پشتی کەری
خۆت ئامادەکە بۆ شاربەدەری
ئەی بووک درۆزن ، گەر هەبێ ئەتۆی
لە مەکتەبی ژین مامۆستای درۆی
لەگەڵ گورگە شین گۆشت بەرخ دەخۆی
لەگەڵ شوانیش بۆ لە وەڕ دەڕۆی
ئەی بووک لە پێناو جلی ڕەنگاو ڕەنگ
ئاگرت بەردا نێو هێلانەی هەنگ
لەپێناو زێڕی بە نرخ و بەسەنگ
ئابڕوی بوو کێنیت دا دەستی فەڕەنگ
ئەی بووک جوانیت تاسەر نامێنێ
لەخۆ بایی بوون ملت دەشکێنێ
پڕو پاگەندە پوولێ ناهێنێ
لایلایەی درۆ ( بەیاد ) نانووێنێ
لە دەریای بریا ڕێت لێ وون دەبێ
بووک لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ

## لایلایە
## ١٩٦٩

لایلایە ڕۆڵە شورەییە مەگری
یاخوا دوژمنت بەدەستت بگری
گریان دروشمت نییە .. تۆ ئاری
تۆ دەبێ ئاڵای ، تۆڵە هەڵگری
ئەگەر پێت خۆشە ماوەیەک بگری
دەبێ وەك ئێمە ڕێی مەرگ بگری
ئەو دەمیش نابێ فرمێسک بسڕی
دەبێ بۆ خوێنی شەهیدان بگری
ڕۆڵە نەمامێ کە میوە بگرێ
هەزاران مەل و چاوی بۆ دەفڕێ
دەبێ گوێ شلکەی بۆ ئامۆژگاری
با لایلایەبێ تاکو پێ دەگری
***
بۆیە پێت دەڵێم شورەییە زاری
چونکە تۆ گوڵی وەرزی بەهاری
تۆی ئومێدی من هەر تۆ غەمخواری
هەر تۆ ڕووناکی ڕێی شەوی تاری
ڕۆڵە مەگریە بەسیە ، بێزاری
تۆ سەربازێکی سوپای ڕزگاری
نازانم نووستووی ! یا خۆ بێداری
یاخۆ وەک بەیاد تۆش برینداری
ئەگەر وریا بی سبەی سەرداری
تیغی بڕندەی ملی ئەغیاری

## دەڵێن بەزمە
## ١٩٧٣/٣/٦

لە ژێر پەردەی سپی بلور
لە نێو کۆشکی پڕتاوی دوور
پەلامارێکی بە گورجی
لەوێوە بۆ دڵی باشوور
شکا دەستی جلەو هەڵکێش
دەڵێن بەزمە
***
تەقی ! گوللەی تفەنگی من
کە زێدە ژەنگی هێنابوو
بە مل یەکا ...
ڕما ... ڕووخا !
نیاز و مەرج و ئارەزوو
دیارە بەزمە
***
لە هەڵدێری گەرووی شووشە
لە قوڵایی خەوی شەودا
لە کەناری دەریا لووشا
لە جەنگەڵێکی پتەودا !
بانگی ئامۆژگاری فێربووم ...
لە کام جەنگەڵ ؟؟
لەو جەنگەڵەی داری پێنووسیان لێ دەکڕی !
لەو کەنارەی هەزار گیرفانیان لێ دەبڕی

لەو خەوەی کە هەزار ئەسرینیان بۆ دەسڕێ
لەو شووشەیەی
کە هەزاران گەرووی خۆیانیان بۆ دەدڕی
تێی گەیشتم کەوا بەزمە !
نەوەک بەزمە ...
بەڵکو بەزم و ڕەزم و نەزمە !

## بۆ پێشەوە
## ١٩٧٣

گەر دەتەوێ تەمەن، درێژ بێ
برینی کۆنی لەشت، سارێژ بێ
بیر لە ڕابردوو هەرگیز مەکەوە
ڕابردوو چاڵی تاریکی شەوە
ئەوەی تێپەڕی بەفرەکەی پار بوو
وا دانێ هەمووی خەیاڵە، خەوە
***
خەیاڵی گوزەر سەر دەشێوێنێ
لە گۆمی مەنگا !!
لە نێو چوارچێوەی پێچاڵی تەنگا
دوو چاری دەرد و بەکتریا دەبی
لە ڕێزی زانست زمانت لەنگە
***
گەر دەتەوێ تەمەن درێژ بێ
برینی کۆنی لەشت سارێژ بێ
بەرەو نەهاتووی داهاتوو بڕۆ
مەشکە ژێنێکی سبەو دووەی بە !
دەبیە خاوەنی ماست و کەرە و دۆ
زەمەندی کۆنە، ئاگر تێبەردە
***
دەستی کوتەکت توند و بەهێز بێ
لەگەڵ کاروانی ڕاپەڕین بڕۆ
کاتێ گەیشتیە قۆناغی مەبەست
چاوت لە کانی سەرکەوتن بشۆ
لە ژێر سێبەری ڕەنج و تێکۆشان
دانیشە نانی هەمیشە بخۆ!

## دەمەتەقێی ژاڵە و بەیاد
### ١٩٧٠

پرسیم لە ژاڵە وتم هۆ خاڵە
لەم ڕووداوەی تۆ سەرم جەنجاڵە
چی لێ ڕووداوی ؟ بۆ وا بێ دەنگی ؟
جار جار دڵشادی زۆر جار دڵتەنگی
بۆ گۆشتی لاشەت وا تفت و تاڵە
بۆ گوڵت باوە لە نێو گوڵاڵە
لە باتی وەڵام سەری دانەواند
ماوەیەک گریا فرمێسکی ڕژاند
لە پاش ماوەیەک سەری هەڵبڕی
فرمێسکی چاوی بە گەڵا سڕی
لە بۆ وەڵامی پرسیارەکەی من
دەمی کردەوە بەربووە وتن
وتی ئەی کوڕە کوردی هیچ نەزان
ئەی پارە پەرست باخەڵ فراوان
ئەی لە خۆبایی بێ شەرمی لوت بەرز
ئەی کوڕی ڕۆژێ، ڕەنگارەی سەد تەرز
بۆچی ئەپرسی لە ڕووداوی من
لە دڵی زام و پڕ خوێناوی من
تۆ برۆ بۆ خۆت جامێ مەی فڕکە
بە هەر جۆرێ بێ گیرفانت پڕکە
چونکە تۆ بەندەی نان و دیناری
وڵاتفرۆشی، زۆر شەرمەزاری
بەڵێ بەم وتە ئەژنۆی شکاندم

ئەم وتە مێشک و جەرگی تەزاندم
نەمزانی سپیم سوورم یا ڕەشم
وەک کورە، داغبوو ئەندامی لەشم
هەر چەندە وەکو ڕۆن تووامەوە
بەڵام دووبارە لێی پاڕامەوە
کە بە سەرهاتی ژینی ڕابردوو
بۆم بگێڕتەوە هەمووی ڕووبەڕوو
ژاڵە کە زانی کار لێک ترازا
زانی لە کۆڵی نابمەوە تازە
وتی لە سەدەی ئادەم و حەوا
من نەمامێک بووم لە بەهەشتی خوا
لە باغی بەهەشت ناوم شەبەق بوو
بەڵام داخەکەم زوو جێم پێلەق بوو
خواوەندی گەورەی یەک تای میهرەبان
منی لە بەهەشت ناردە کوردستان
لەم بەروارەوە ئەمەیە حاڵم
دیل و شکستەم ، شکاوە باڵم
بەڵام ئەمڕۆکە نەمامی ئێوەم
بۆ ئێوەش زەرد و زەبوونە شێوەم
لەداخی کوردان وا تاڵ و تفتم
لەبەر ناڕێکی کوردان کەنفتم
بەڵام هەموو ساڵ کاتی بەهاران
پەیمانم داوە بێمە ناو یاران
بۆ شادی دۆست و لە ڕقی دوژمن
بڕازێنمەوە گەردانەی گەردن

(بەیاد) ئەمەیە بەسەرهاتی من
من بە تەنیا نیم، هاو وڵاتی من
گوڵە میلاقە و گوڵە مەندیلان
داری شەنگەبی وەنەوشە و شیلان
ئەوانیش وەک من ژەهرە مار نۆشن
لە بۆ گەلی کورد زۆر بە پەرۆشن

## ئەگەر خەم نەخۆم چی بکەم
## ١٩٧٣

پێنج خشتەکی (بەیاد) لە سەر
شیعری خوا لێخۆشبوو (بنیات)

نەبوونم چاکترە جانا ئاخر ئەمن لە بەر چی هەم ؟
کە بێ سوودم لە بۆ خۆم و لە بۆ خەڵکیش بوو وم بە شەم
کەی ڕەوایە هەموو ڕۆژێ نان و ئەسرین بخۆم سێ جەم
تەقی کرد دڵ وەکو کەشتی لە نێو دەریا و دەردی خەم
نەبوو هیچ کات ڕزگارم بێ . لە دەست جەوری سەختی ستەم
***
بەهەشتێکی کامەرانیم دروست کرد و لە دەستم چوو!
ئەوەی ڕاستی بێ پەرپوتم ! مەرگم دەوێ بە (ئارەزوو)
چونکە ئەمڕۆ لە چەند لاوە لە دۆزەخ دام بەڵام هەیهوو
نە ئەرز و ئاسمان ڕەحمێ .. فەلەک زۆر بێ ڕەحم تر بوو
ئەوا ئێستا دەسوتێم و بە تەنیا عاجز و ماتەم
***
ئەوا ڕۆیی تەمەن تێکچوو، نەماوە بای پەنا باتێ
کەوا دەریای ئومێدی من ووشک بوو جا لە هەر کاتێ
کە من ماسی نیازی تۆم دەستی بێگانە دەمگاتێ
نەبوو هیچ شت کە تۆزێ شادوومانیم پێ بدا ساتێ
کە پیاڵەک شەڕابی خۆشیم بداتێ ! هەروەکو مەرهەم
***

پەنام بردە سەر قەڵاتێ ، وتم یاران زۆر بڵندە
سەری دێشێ لە بۆ سەنگەر زۆر پتەوە گەلێ توندە
کەچی ئەمڕۆ لە بەختی من، ڕما، ڕووخا، هەر لە بندا
بەڵا تیپ تیپ وەکو باران دەبارێ وا بە سەر مندا
وەکو پێستم لەشی گرتووم نەوەک وەک پێستە بۆ جەستەم
***

لە شێلانی هەویری خەم گەیشتوومەتە ئەم شانە
لە دانیشگای فیداکاری ! هەموو مەشقێکم ڕەوانە
لە کۆلێژی مەملەکەتی دڵ ، زیرەکم بوویمە دێوانە
وەکو مەجنون دەسوڕێم وا لە دەشت و دەر لە کێوانە
وەکو بولبول دەناڵێنم لە داخی خونچەکەی ناو چەم
***

شەپۆڵی ئاخ لەگەڵ خوێنا لە سینەم دێ بە چالاکی
وەکو دەنگی زەنگی تاریک دێتە گوێچکەم زۆر بە چاکی
لە زیندانی ئەوین بەندم لەبەرمە بەرگی سامناکی
ئەوەندەی چاو دەگێڕم خۆ تروسکەی تیشکی ڕووناکی
لە بەر چاوا بەدی ناکەم کە هەندێ ڕوون بکا ڕێگەم
***

موچڕکی ناوی ئەو هەردەم لە بۆ من باڵە ، پێی دەفڕم
خۆشەویستی کراسێک بوو ! نیازم بوو کە بیکڕم
گەردوون وتی ئەو کراسەی بەبەژنی یەکی دی دەبڕم
دەسا بۆیە دەڵێم ئێستا ، خەریکم تەق بکەم بمرم
بەهیچ جۆرێ نیە چارم لە ناچاری دەبا شین کەم
***

له ژێر پەردەی نهێنیدا له ئەنجاما ئەوەی بوو بوو
کەچی ئێستاش گۆمی ئارام کەفی کرد و ئەوا هەڵچوو
بوو بە شۆڕشێکی پیرۆز کە بگریەم بە بێ پشوو
ئەگەرچی شین لەگەڵ گریان بە بێ سوودن بەڵام بەڵکو
بەهۆی وان من بدەم تەسکینی دڵەی پڕ لە ئێش و زەم
***

ئاگرێکم لە دڵدایە ، دانامرکێ بە دەریا لووش !
ئاوازێکم لە سەر زارە بێ کەمان و تار و جومبوش !
خەیاڵێکم لە سەردایە نایەتە دەر بە قەرە قووش
گەلێ جار پیاو لە ڕێگای ڕاست تووشی دەبێ بە ڕێگای تووش
وەلێ ئازار دەبەخشێ پێی، بەڵام ئازارێکی زۆر کەم
***

لە مەڵبەندی سەرفرازی هەزار شیعرم کردە بەستە
لە هەنگاوا بلیمەت بووم وەکو یاسا کە پێویستە
بەڵام ماشێنی خۆشبەختی بە جێی هێشتم ڕانەوەستا
بۆیە کەشتی ژیانی من لە نێو دەریای خەما ئێستا
بەرەو مردن لە ڕۆیشتن درێغی قەت نەکرد هەردەم
***

ئەوا سیس بوو گوڵی هیوا بەیادی ئەو بە غەمگینی
ئەوەی بینیم لە ڕێی ئەودا ئەوەی گیاندارە نەیبینی
ئەوا ڕۆی (بەیاد) تێچوو لە پێناوی نازەنینی
کەواتە بۆ چ دەڵێن (بنیات) خەریکی گریە و شینی ؟
ئەگەر من خەم نەخۆم یاخود نەگریەم گوایە ئەی چی بکەم ؟

# شیعری نیشتمانی

## شۆڕشی هەمەڕەنگ
## ١٩٧٢/٢/٢١

ئەی گەلی کورد چاو هەڵێنە دەستدە دوربینی بەڵێن
دوور تەماشاکە بزانە ئەم هەموو ڕێبوارە کێن
سەیری خۆتکە تۆ لەکوێی و ئەوانیش ئێستا لە کوێن
چاك بیانناسە ئەزیزم نەوەك باوەڕ نەکەی پێم
بزانە ئەو کەسانەی تێپەڕین
ئێستاش سورن لە ڕێگا بڕین
بێ وچان دەڕۆن بۆ قۆناغی ژین
بەرەو ژیانی بەهەشتی بەرین
ئەی ئافەرین
ئەوان ڕاپەڕین
کەوابێ ئەی کورد هەڵسە ڕاپەڕە
ئاڵا هەڵگرە
بۆ لای من وەرە
من دڵسۆزی تۆم
من لە هۆزی تۆم
بێ تۆ ڕەنجەڕۆم
با ئێمەش وەکو گەلانی ئازاد
کۆشکی کۆیلەیی و دیلی بڕمێنین
با ئێمەش بە دەست  بە هێز و خەبات
قوڵفی کەلەپچەی مەچەك بپسێنین
هەنگاو هەڵینن
سستی هەتا کەی

ئامادەبن دەی
با بە ئاشکرا هاوارکەین بەدەم
ئەی ئیمپریالست دڕندەی نێو چەم
هەزاران ساڵە کوردی ڕەنجەڕۆ
لەژێر دەستی تۆ
زۆر بە ئازارە
کورد بەندیوارە لە خێوەتی غەم
هەور گەردەلول تۆز و خۆڵ و تەم
بۆتە ڕەشماڵی ئاسۆی گەلی کورد
بۆیە ئەوا ئێستا کوردی سەرشێواو
لە گۆمی قوڕاو
گێژ و سەرسامە
بەڵام دڕندە! ئەی ئیمپریالیست
میکرۆبی خاك و گیان و لەش و پێست
وا بۆمبای بیر و تیۆری ژیان
هەزاری وەك تۆی کردە سەرگەردان
ئەی ئیمپریالیست ئێمەش کە کوردین
ئێستا هۆشیارین
لە ڕاپەڕینی گەلانی جیهان باش ئاگادارین
ئێمەش ناچارین
لەنێو پێخەفی نوستن بێینە دەر چونکە بێدارین
شۆڕشێك دەکەین نەك هەر لە ڕوی جەنگ
بەڵکو شۆڕشی تازەی هەمەڕەنگ
بەرەو ڕێبازی یەکسانی دەڕۆین
هەتا دەگەینە پای سەرفرازی

جا بە سەر بەستی
تۆڵەی هەزارانساڵی ڕابردوو
دەهێنینە ڕوو
بە تای تەرازوو
دەی کێشین هەموو

## کوردستانی چوار بەش
## ١٩٧٢/٨/١

بە زەوی زل و پان و بەرینە
لە دیمەن هەتا بلێی ڕەنگینە
نەوەی ئەم گەلە شایەنی ژینە
خاوەن بەهەشتی سەر ڕوی زەمینە
خوا پێی بەخشیوون
لە وتە و شێواز، گران و سەنگینە
بەڵێ شیرینە
کوڕیی پێشمەرگە و کچی پەروینە
لە ڕووی دڵداری قوتابخانەیە
کۆلێژی هەزاران مەم و زینە
لانەی ئەوینە
ئەی ئەستێرەکان مەدرەوشینەوە
ئەی مانگ بزربە
با تەم و مژیش بۆخۆی خەریك بێ
با شەو تاریك بێ
ئەی سەگی برسی توند بلورێنە !
ئەی کوندەبۆ تۆش بزیرێنە !
دەبا مێمری سام و مەترسی
هەڕەشەی مردن بکا لە زۆردار
شەونم بپرژێ بەسەر سەوزە گیا
دەبا هەوری سوور هەوری خوێن ڕشتن
چەخماخەی تۆڵە و ئاگری کوشتن

بێ شەرم و شکۆ دابگیرسینێ
ڕەش دابگەڕێ
توند بگرمێنێ
کۆشکی زۆرداران تێك بڕوخێنێ
دەبا هەوری سور هاوارکا بڵێ
بۆ کورد بێ بەشە !
ئایە بی بەشە ؟
نەخێر بەڕاستی کورد خاوەن بەشە
بەڵام داخەکەم
کوردستانەکەی لەتە، چوار بەشە
ژێردەستە و دیلی پیاوی سەرکەشە
ئەی نەتەوەی کورد تا هێزت ماوە
پشتی یەك بگرن
لەشکری دوشمن چاك شڵەژاوە
ڕێبازی خەبات سێ چوار قۆناغە
هەر قوناغێکی دوو سێ هەنگاوە
تێکۆشان چرای ڕێی ڕزگاریە
هەر ئەو پێچەنە و هەورازە ماوە
سەر قەتار باشی
لە ڕێگەی سەختی چڕی ژیانا
گەلێ پێچەنی سەختم بڕیوە
لە ناو کۆمەڵی جەرگ سوتاوان
زۆرم ئەسرینی خوێنین سڕیوە
لە نێو کۆنگرەی قەڵاچۆی چەوتی
بێ پەردە دەنگی خۆم هەڵبڕیوە

لەنێو بازاڕی هەلی ژیانا
پەڕاوی وانەی بیرم کڕیوە
بۆ سەرکەوتنی ڕاست و ڕاستوێژان
جەرگەی بڕیاری خۆم دەربڕیوە
لە ڕێگەی گەل و وڵات و کۆمەڵ
هەرچی دوژمنە لێم ڕاخوڕیوە
کەچی ئەمڕۆکە سەر قەتارباشیی
گیرفانی بەرگی گەورە دوریوە
نامەوێ ئیتر ئاوری ژێرکابم
ئەمڕۆکە جلی دوێنێم دڕیوە
لە ترسی لوورەی گورگی شەوانە
باز لە قۆناغی خۆی هەڵفڕیوە
( بەیاد ) ناترسێ لە خۆ فرۆشان
تا سەگی خوێڕیش زۆر پێی وەڕیوە

## ئەی دوژمنم

پێنج خشتەکی بەیاد لەسەر شعری مامۆستا خالید دلێر
١٩٧٤

من کە کوردم چاو نەترسرم خۆم بە ئاگر دادەدەم
بۆ قەڵاچۆی دوژمنی کورد گورزی دەستم بادەدەم
بمکەنە سەرداری گێتی شەق لە تەختی شا دەدەم
چۆن لە ڕیگەی سەندنی مافی گەلی کورد لادەدەم
چۆن بەرە بە خوێنی سوری ڕۆڵەکانی دادەم
***

کێ لەبۆ زورنا و دەهۆڵی ئێوە سێ پێ لێدەدا ؟
کێ لە حەزیا دڵنیایە هەڵکەوێ پێوەی نەدا ؟
کێ بۆیاغی شەرمەزاری لەڕووی پاکی خۆی دەدا ؟
چۆن لەڕیی ڕاگرتنی کورسی شلۆقی ئێوەدا
بەرژەوەندی ملیۆنەها نەفسی کورد بەربا دەدەم
***

دوژمنی گەڕ واتێگەیی وەك ئەو گێل و چاو برسیم
گوایە دەستەمۆدەبم زۆر شەیدای پارە و کورسیم
وای دەزانی لێی دەترسێم بۆ تنۆکە خوێنێ دەگریم
قەت ئەمانەش ئیشی من نین من هەمیشە تا دەژیم
دەرسی هەڵمەت، تۆڵە سەندن بۆ گەلی کورد دادەم
***

ئێمەی خاوەن بیر و باوەڕ  بیر لە سەرمان نافڕێ
گوللەی دەستی ناحەزی کورد پەڕی مێژوو نادڕێ
گەر هەزار کەس ڕۆژێ بمرێ دڵسۆزی کورد نابڕێ
گەوجە، تازە کورد بە هیچ کەس نافرۆشرێ و ناکڕێ
چۆن منیش وەك تۆی نەزان خەنجەر لە فەردەی کا دەدەم
***

چینی چەوساوەی گەلی کورد گشت هەژار و ڕەنجبەرە
کاری جووتیار زگ دڕینە ڕەنجی دەستی گەوهەرە
چینی ڕەوشەنبیر بەنوسین لە بۆ کورد پەیامبەرە
نەمریی، یاخود بەختیاریی، هەربەشی تێکۆشەرە
بۆیە وا پشتم بە هێزی میللەت و بڕوا دەدەم
***

نیشتیمانم دایە پیرە بانگی کردم ڕۆڵەکەم
یەك گرن بێگانە دەرکەن هەست بە چرپ و هۆڕ دەکەم
دڵنیام کرد بەم هەواڵە سەر بە دوژمن شۆڕ دەکەم
یان هەڤاڵان چەپکە گوڵ دێنن لە بۆ سەر گۆڕەکەم
یاخود توند باوەش لە بووکە جوانەکەی ئاڵا دەدەم
***

بمرە دوژمن گورگی نێو هۆز کەس بە دووی تۆ ناکەوێ
کەس بە نان و زگ لەمەوپاش نابتە هێشکچی شەوێ
چینەکانی کوردەواری حەز دەکەن کورد سەرکەوێ
من سڵاوێکی هەژار و ڕووتەیەکم دەست کەوێ
سەد دراوی تۆ و کورسی تۆی لە پێناوا دەدەم

## بڵێسەی خەبات
## ١٩٦٧

بڵێسەی خەبات بە پێنج و بە شەش
پەرەی ساند گەلی ڕاکێشا باوەش
لاوانی دلێر وەستان شان بە شان
هەمووی سوێندی خوارد لەبۆ کوردستان
خۆیان بەکوشتدەن لەسەر خاکی کورد
تانەڵێن نەوەی کورد بە دیلیی مرد
بەڵێ ڕاپەڕین شێرانی بێشە
قوربانییان دەدا بە گیان و لاشە
چەکیان دەرهێنا لە چەنگی دوژمن
لەدەست بێگانە و ئەوانەی نووستوون
بێگومان دوژمن خەیاڵی خاوە
کورد بزرنەبووە وا لەپێش چاوە
مافی خۆی دەوێ بەڵێنی داوە
هەرگیز نابەزن، ئاڵا شەکاوە
کورد ناترسێ لە تانك و زرێپۆش
سێگرێ و هاوەن کارناکا لە جۆش
بۆمبای ناپاڵم فڕۆکەی فیوری
دەنگی بڕۆنیك وەك گرمەی هەوری
هەلیۆشن و مێك بە دۆشکە و شەستیر
بەربوونە گیانی نەوجەوان و پیر
میراج و ڤانتۆم فڕۆکەی هانتەر
مێکی بیست و یەك شەڕی نێو سەنگەر

فیکەرس و برێن بازووکە بە جووت
هەموو ئاوازی مردنیان ئەوت
تەیارە شکێن و بیکەیسی و بڕنەو
چەکی دیکتاریۆف قەناسەی تیژڕەو
تۆپی پێنج بە پێنج لەگەڵ گرینۆف
ژێرسە و ئارڕ بی جی چەکی کلاشنکوف
گولەی ئەمانە بە دەستی سوپا
ئاڕاستەی سینە و دڵی کورد دەکرا
گوایە بەمانە کوردی پیشمەرگە
واز لە ماف دێنی و بێ نان و بەرگە
بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ باوەڕی پۆڵا
بەهێزتر دەبوو بۆ سەندنی تۆڵە
بەرهەمی کورد
وا ئاگری دڵ و گیانم
ئاگری هەست و زمانم
دەمسوتێنی هانم دەدا
ڕێی چریکەم پیشان دەدا
هانم دەدا بقیژێنم
هەموو زەوی بلەرزێنم
هانم دەدا بەبێ شەرم
بڵێم هاوار دەستبەسەرم
دەکۆڵمەوە لە باسی ورد
دەڵێم کوانێ بەهاری کورد
بەرهەمی کورد لەم ناوەیە
کە کورد بۆ ژین سەرچاوەیە

شێخ سەعیدی شێخی پیران
دکتۆر فوئادی قارەمان
کچە نەغەدە و قەدەمخێر
ئەختەر کچە کوردی دلیر
قازی و قودسی سەیف و عیزەت
کەوا مردن لەڕێی میللەت
خەیروڵا و موستەفا خۆشناو
شێخ مەحمود و خانزادی لاو
کەی قوباد و شا فەرەیدوون
ئەمانە سەرداری کورد بوون
تا دەگاتە شا مراد خان
سەرکردە بوون لە کوردستان
کورد لە زانا دەوڵەمەندە
خاوەنی پیاوی هۆشمەندە
کورد لە وێژە گەنجینەیە
بەرواری ئەم دێرینەیە
زەنگی کاروانی کورد بەرزە
باخچەی هونەری سەد تەرزە
حاجی و دڵدار لەگەڵ بێکەس
قەڵغانن بۆ ڕۆژی هەرەس
پیرەمێرد قانیع و گۆران
ئەحمەد بەگی ساحیب قڕان
برینپێچی زامی گەلن
گورزی تۆڵەی ڕۆژی هەلن
گەلی کورد تا بڵێی کۆنە

بەڵام بۆچی ڕەنجەڕۆنە ؟
شۆڕش گێڕی سەد شۆڕشن !
بەڵام بۆچی هەر بێ بەشن ؟
لە کوردستانی بەندکراو
بەخاکی تورکا بەستراو
لەم کوردستانە بەرینە
تەقیی بۆمبای ڕق و کینە
شۆڕشێکیان پێ دروست کرد
دەستمایەبوو بۆ گەلی کورد
بەڵام کوانێ ئەم شۆڕشە
بۆ ڕۆژی کورد شەوە ڕەشە ؟
لە کوردستانی فراوان
کە بەستراوە بە ئێران
لە مهابادی چوارچرا
کۆماری کورد تەرخان کرا
ئەم کۆمارە بۆ نەماوە ؟
پشت بە بێگانە، شکاوە
وا پایتەختی ئەم کۆمارە
بۆتە مەڵبەندی سێدارە
شۆڕشی نێو قەڵای دم دم
وەکو زێڕی نێو قوڕ و لم
زۆر بەنرخە بێ دیمەنە
کانی وشکی نێو چیمەنە
بەڕاستی کورد زۆر شێوا بوو
لەبەر بێ کەسی جێمابوو

لیرە مەبەستم پێشڕەوە
ڕۆژی هەور و تەم هەر شەوە
لە شۆڕشانی ڕابردووی
لە ماندووبوونی بێ پشووی
وا بەرهەمێکی کەوتە دەست
بۆتە جێگری خوێنی خەست

## ئایار لە کوردستان
## ١٩٧٣

گەلانی جیهان لە نزیک و دوور
دۆستان دوژمنان لە ناوخۆ و سنوور
زۆر باش بزانن کوردیش هۆشیارە
خەمخۆری دەستەی چینی هەژارە
ئازادیخوازین ئاشتی پەروەرین
بڕەبڕەی پشتی چینی ڕەنجدەرین
بۆ مافی خۆمان کە شۆڕشگێڕین
بەڵێنبێ تەختی زۆردار وەرگێڕین
نیازی ئێمەی کورد ... ئازادییە
دووا ئامانجی ئێمە ... شادیە
نەفرەت بۆ خۆمان بە جێ ناهێڵین
خوێن و ئارەقە تێک هەڵدەشێلین
دەیکەینە پەیکەر لە مەردایەتی
ببێتە مێژوو بۆ کوردایەتی
لا نادەین لەسەر ڕێبازی ڕاستی
کۆمەڵ ڕێکدەخەین لە بۆ سەربەستی
ئێمە پێشەوای یەکی ئایارین
پێشەنگی چرای ڕێی کرێکارین

هەر کرێکارە چینی چەوساوە
لەبن دەردێنێ دەستی ئاژاوە
کاکی کرێکار بە نوکی کوڵنگ
دەشکێنێ دەست و چەپۆکی پڵنگ
لە ڕێگای ژیان دلاوەرێکە
بۆ ڕۆژی پێویست جەنگاوەرێکە
بژی شۆڕش و چینی کرێکار
بۆ سەربەخۆیی هەژار و جووتیار
بەڵێ یەکگرتن هۆی سەرکەوتنە
ناحەز لە گێژی پەلەی مردنە

## ئەنجامی کورد
## ١٩٧١/٢/٦

ئەرکی سەرشانم بە جێ دەهێنم
نەمامی میوە و سێبەر دەچێنم
ئەویش هاوارێک بۆ گەلی کوردە
کەوا گیرۆدەی سەد ئاخ و دەردە
دوا جارمە ئەم بانگەوازە
بۆ ئەم نەتەوەی کە بەردەبازە
چونکە گەلی کورد بۆتە بەردەباز
بۆتە ڕێبازی چەقەڵ و بەراز
ئەم نیشتمانەی ئێمە هەمانە
لە باسی سروشت قیبلەی جیهانە
هەرچەندە لانەی پڵنگ و شێرە
بەڵام مام ڕێوی لێی دەکا گێرە
هەریەک لە ئێمە زانا و پیتۆڵین
بەڵام تێکدەرین کوندەبۆی چۆڵیین
دوورین لە ڕاستی چەوتین کلۆڵین
بۆ شەقی پارە تۆپی فتبۆڵین
ئەی کورد هەڵێنە چاوی خەواڵوو
بشکێنە قەفی کەلەبچەی بازوو
دەستی یارمەتی بۆ یەک درێژ کەن
تووخوا برینی یەکتر سارێژ کەن
چونکە بێ کەسین دوژمنیش زۆرە
گورگیش وا دەمی لە مژەو مۆرە

ئێمە کە کوردین زۆر لێ قەوماوین
بە سەر پێنج دەوڵەت دابەش کراوین
بە هۆی یەکڕیزی ( جوو) بوونە دەوڵەت
خۆیان ڕزگار کرد لە دەرد و مەینەت
با ئێمەش بە هۆی ئەم یەکگرتنە
بە دەستی بێنین ئەم سەرکەوتنە
لە باتی تیر و توانج و کوشتن
پشتی یەک بگرین لە ژین تا مردن
هەر نەبێ بەشێك لەم کوردستانە
با دەری بێنین لە چنگ بێگانە
گەر خۆمان خاوەن نەوت و گەنم بین
خاوەنی خوری و مەڕ و بزن بین
بە ئاڵوگۆڕ و هۆی بازرگانی
بەدەستدەهێنین پایەی جیهانی
جا بەو شێوەیە هەر پێنج کوردستان
لە چوارچێوەیەک دەکەینە خەرمان
ئەوسا ڕژێم و یاسا دادەنێین
ئەوەی بێناوە ناوی لێ دەنێین
ئەوەی ناودارە دەیکەینە سەردار
سەر ناسێک دەکەین بە سەرۆك کۆمار
سەردار و سەرتیپ سەرباز و سەرهەنگ
بۆ ڕاژەی گەلە نەک بۆ کۆڕی جەنگ
چونکە کۆتایی بە جەنگ دەهێنین
گوللە بۆ سینەی کەس ناتەقێنین
با بقاسپێنێ کەوی ئازادی

بفڕێ بخوێنێ کۆتری شادی
بانگی ئازادی لە نێو کوردستان
دەبێ بگاتە ئەوپەڕی جیهان
ئیتر کەس نابێت نۆکەری کەس بێ
دەبێ نۆکەری و ئاغایی بەس بێ
هەوراز و نشێو لە نێو ئێمە دا
نابێ بمێنێ چیتر ڕوو بدا
سەرمایەدار و چینی چەوساوە
یەک جۆرە ژیانمان لە بۆ دا ناوە
هەژار و کوێخا وەک یەک دەکێشین
لەیەك بۆتەدا دایان دەڕێژین
ئەمە مەرجێکە لە یاسا و بڕوا
ئەوەی کارنەکات ئەو نابێ بخوا
دەربارەی ژیان ئێمە زوو بە زوو
دەبێ بگەینە نێو یەک تەرازوو
ئەویش ژیانی پێکەوە بەستن
ژینی هاوبەشی و دەست لە ملکردن
( بەیاد ) ئەمەیە دەرمانی ژیان
لە بۆ گەلی کورد بەبێ تەفرەدان
ژیان بە هەشتە کۆششی دەوێ
بە بێ تێکۆشان بە دەست ناکەوێ

## وتوو وێژی بەیاد لەگەڵ مانگ
## ١٩٧١/٨/٧

بەیاد
ئەی مانگ دیمەنی ئاسمانی شینی
تۆ بەشەو چرای سەر ڕووی زەمینی
مایەی هەڵبەستی، پەنجەی نووسینی
بە ڕای دڵداران ڕووی نازەنینی

***

مانگ
ئەی ئادەمیزاد، بۆچی؟ ئەمن چیم؟
خۆ من شایستەی ئەم باسانە نیم!
منیش وەک زەمین لە جێی خۆم زەویم
ڕۆژ پێی بەخشیوم، گەنجینەی شەویم
***

ئەی مانگ کەوابێ بۆچی خامۆشی ؟
لە بەرچی ئیمشەو وەها ڕەش پۆشی؟
چی لێ ڕووداوی گێژ و بێ هۆشی
گرفتاری کێی بۆ کێ پەرۆشی؟
***

مانگ
ئەی نەژاد ئاری نەوەی سەرکەشی
بۆ ئێوەم پۆشی بەرگی بێ بەشی
لە شانۆی جیهان نواندم ڕەشی
تا بزانن کورد چەند تاڵیی نۆشی
***

بەیاد
ئەی مانگ دەزانم گەلێ پیرۆزی
بەڵام نەمزانی بۆ کورد دڵسۆزی
نەمزانی لە خوێنمژان ئاڵۆزی
بەڵام بە ڕاستی شارەزای هۆزی
***
مانگ
تاکەی شارەزا نەبم لەو هەستە
کوردی ژێر چەپۆک پەستی ژێردەستە
هەر لە شەست و یەک هەتاکوو ئێستا
شەرابی درۆی بێگانە خەستە
***
بەیاد
ئەی مانگ کەوابێ مێژووی ژیانی
تۆ پشتیوانی شۆڕشگێڕانی
گیانکێیشی لەشی داگیرکەرانی
واتە نووسەری ئاشتی خوازانی
***
مانگ
بەڵێ نووسەری سەد ئاخ و دەردم
شارەزای مەرگی هەزار بن بەردم
تۆماری زیرەی ئافرەتی کوردم
تێزاب و بەنزین شارەزای کردم
***

بەیاد
ئەی مانگ تا بڵێی کورد پەرێشانە
ئێستاش برینی لەشی بە ژانە
کە جێگای پەنجەی جانەوەرانە
بەڵام بە تەنها نییە بزانە
***

مانگ
ئەی ئازادی خواز چیتر ڕوویداوە؟
بۆچی کەسی تر مافی خوراوە ؟
چ لە ڕۆژهەڵات چ لە ڕۆژئاوا
بۆ ؟ مێمری شەڕ دەورەی کێی داوە ؟
***

بەیاد
ئەی مانگ گوێ گرە دوور تەماشاکە
سەیری هەرێمی خوارووی ئاسیا کە
بزانە ڤێتنام چەندە سامناکە
چۆن هەوری مردن دەخشێ لە خاکە
***

مانگ
کەوا بێ کۆڕی گیانبازی گەرمە
پەرێزی خەبات خەرمانی تەرمە
ئێستاش هەڵاتن لە لایان شەرمە
حەیفە پێشمەرگە لە گۆشت و چەرمە
***

بەیاد
ئەی مانگ کەمبۆدیا و لاوس ڕەنگینە !
لە هەر دووولاوە جەنجەڕی ژینە
کوفارەی خوێنی سوور لە برینە
دەڕژێتە سەر ڕووی خاکی زەمینە
***
مانگ
ڕەنگی سوور بەڵگەی چاو نەترسانە
خوێن سوورە بۆیە مایەی ژیانە
ئەوەی سەربازی ڕێی تێکۆشانە
ئەوە ! خوێنی خۆی لەلا هەرزانە

## تاوانی خۆمان لە ئەستۆی خۆمانە
**١٩٨٧/١/١**

لە سوێی گەل و نشتیمان خەو لە چاوم ناکەوێ
ئاسایش و ناکۆکی لە ئێمە بوونە هەوێ
بووینە بەکرێگیراوی داگیرکەر و ستەمکار
ئەوانمان کردە ئاغا خۆشمان مسکین و هەژار
ئێستاکە بوونە خاوەن شار و دێهات و وڵات
بۆ خۆمان پێمان بەخشین باڵا و دەست و دەسەڵات
سامانی ئەو خاکەیان لە بۆ دەکەین بە خەرمان
ئێمە ئارەق دەرێژین ئەوان دەینێنە گیرفان
بەیەک ئافەرینی وان زوو لە خۆمان دەگۆڕێین
دەبینە پوولی (دووشەش) کە حەزیان کرد دەدۆڕێین

## کوردستان

کوردستان دڵداری خوێن شیرینم
کوردستان خاکی ئێستا و دێرینم
وەرە یارم وەرە شیرین تۆ نیشتمانی
وەرە یارم وەرە شیرین سارێژی گیانی
***
کوردستان نازداری ئەم جیهانەی
کوردستان زەدەی پەنجەی بێگانەی
کوردستان شۆخ و شەنگ کزەی جەرگم
کوردستان سەنگەری ژین و مەرگم
کوردستان دەستت لێ هەڵناگرم
کودستان بۆ تۆ بە پێوە دەمرم
***
کوردستان تۆ کێڵگەی من بارانم
کوردستان ئەی وێردی سەر زمانم
کوردستان قەڵای دوێنێ و ئیمڕۆمی
کوردستان سبەی تیشکی ئاسۆمی
کوردستان (بەیاد) ی هاوژینی تۆم
کوردستان ئەی بەهەشتی سەربەخۆم
***
وەرە یارم وەرە شیرین تۆ نیشتمانی
وەرە یارم وەرە شیرین سارێژی گیانی

## پێشمەرگە
## ١٩٨١

ئەی سەرقەتاری کاروانی خەبات
ئەی ماندوونەناس پێشمەرگەی وڵات
ئەتۆ هەناسەی بۆ درشت و ورد
لێدانی دڵی بۆ چل ملیۆن کورد
برسی بێ خەویی بە تۆ ناوێری
تۆ بە خۆراکی ئازادی تێری
بەو هەموو ڕێز و پلە و پایەوە
شەهید بووی قەرزی خاکت دایەوە
شەهید پێناسەی سەرفرازییە
سەر بەرزی گەلە جێی شانازییە
گەر شەهید نەبتە پێشەنگی کاروان
سەربەخۆ نابێ گەل و نیشتمان

## پێناسەی شەهید
## ٢٠١٥

شەهید تۆ هەتاوی جۆزەردانی
شەهید ئەتۆ دەستی ئاوەدانی
شەهید تۆ بەخشەری خوێن و گیانی
شەهید تۆ داهاتووی کوردستانی
ئەم خۆنەویستە زۆر بێ دەربەستە
لە خوێن شەڵاڵە و ئاڵای لە دەستە
سەنگەر بە سەنگەر برووسکە ئاسا
بۆ مەرگی دوژمن سەپان و داسە

# مارشی کۆماریی
## ٢٠١٤

روباری خوێن کوردوبەڵێن موژدەبێ یەکیان گرتەوە
جینۆساید دەستی شەهید دەرگای ئازادی کردەوە
گەردەلول و زریانی گەل خەونی نەزۆك پوچەڵ دەکا
تەوری دەستی شۆڕشگێڕان سەری داگیرکەر پەل دەکا
پاڵپشتی من پێشمەرگەیە چەکی دەستم پێشمەرگەیە
پاسەوانی ئاوو خاکە پارێزەری ئەم بەرگەیە
مێژوو قەرزاری ئێمەیە با لاپەڕەی هەڵداتەوە
کام پێنووسی دەستی ستەم ئەو قەرزەی من دەداتەوە
بەناچاری و بەمل کەچی دەبێ پیرۆزبایی بڵێن
بەخۆم و ئاڵاو کۆمارم هەموو دانم پیا بنێن
ئەو کۆماری کوردستانەم لە باوەشی رۆحم دەگرم
یاساوڵی ئاڵای کوردم دەبێ بە پێوە بۆی بمرم
مافی چارەی خۆ نوسینم کاکڵەی جەرگی هەموو کوردە
کۆرپەی لانکەی شارو شاخە تێشوی سەنگەرو بن بەردە
ئەم کۆمارە خواست و ئابڕوی ئێمەو هەموو شەهیدانە
پێناسەیە بۆ ئاوو خاك بازوو بەندی کوردستانە
ئارەقەی ماندوو نەناسە هەڵمەدووکەی هەڵەبجەیە
حەزی منالی ئەنفالە بەروبوومی ئەم رەنجەیە
لێت پیرۆزبێ کوردستانی خۆڕاگرمەند و چاوەڕێ
ئاڵای کوردو مارشی کۆمار بەیەکەوە گەیشتنە جێ

# گێچەڵ
٢٠١١

زۆر لەمێژە وڵاتی من زەدەی پەنجەی جیهانخۆرە
سنوری خوا پێداوی من هەتا بلێی خەمی زۆرە
بەمەش لێ ناگەڕێن سەد جار مێژوی بوونم دەشێوێنن
لەنێو دادگای شاری لاهای سکاڵای من دەخەوێنن
لەرابردوو هەتا ئیمڕۆ سامانی من هەڵدەلوشن
لەرێی کاروانی داهاتووم زریانێکی تورەو توشن
گەروی گەلو خاکم دەکوشێ هەرچی دەستی دڕندەیە
ئاراستەی رۆحی من دەکرێ ئەوەی چەکی کوشندەیە
دەستی رەشی سەرمایەدار بۆ پێگەی خۆی لە رۆژهەڵات
لەوپێناوە خاکی منیان کردە شاباشی چوار وڵات
وەك برا بەش بەبێ شەرمی دابەشیان کرد نیشتمانم
دەیانەوێ بیسڕنەوە قەڵاچۆی کەن کوردستانم
ئەگەر شوێن پێیان هەڵبگری بەرەو تەڵەی داهاتوویان
پڕ لەنەخشەی ئەهریمەنە نێو پرێسکەی ئارەزوویان
بەڵام ئێمەی ستەمدیدە گەل و ئاوو خاکمان هەیە
ژن و پیاوی قارەمان و دڵپاك و بێباکمان هەیە
هێزی پێشمەرگەن بوێرن لەشکری کوردن هەرهەموو
دەست دەنێنە نێو هەوکی مردن دەیخنکێنن زووبەزوو
ناحەزو چاوبرسی تازە خەونی شەوانی پوچەڵە
ماڵی خۆی وێران دەکا بەوهەموو پیلان و گێچەڵە

## کەرکوك سەری لاشەی کوردستانە
## ٢٠٠٩

دەنگێ لە نرکەی شێر بەهێزتر دێتە گوێم
بەم دەنگە سامناکە خەریکە دەشڵەژێم
ئەم دەنگە داوای سەرفرازیم لێ دەکا
بانگەوازێکە دڵی زیندوو پەی دەکا
وتم تۆ کێ ی چ گڕکانێك شوێن و جێتە
لە دەرباز بوون چ ئەرژەنگێك چەتری رێتە
وتی بمناسە کەرکوکم گلاراوم
رەگی خورما لە مێژە چۆتە نێوچاوم
رەشەی دێزەی بیابانان دەمخنکێنن
لە جێی ئەسپی رەسەن حوشتر دەخەملێنن
من کەرکوکم سەری لاشەی کوردستانم
برینداری رەوە گورگی بیابانم
مردنی من بۆ هەمووتان کارەساتە
دەبتە لاشەی، مردوی بێ گۆڕ ئەم وڵاتە
هەتا ئێوە لەڕووی یەکتر لە نێو سەنگەر
تا زمانی زبرو پێنووس وەکو خەنجەر
ئەمە پلان و نەخشەی رۆژو شەوتان بێ
مەگەر کەرکوك لە نێوخەیاڵ و خەوتان بێ!

## خەڵاتێک پێشکەشە بە هۆنەری پایە بەرز
## ( باسی حاجی)
## ١٩٦٨

شاسواری دەشتی وێژە پەخشەری هاواری کورد
تیشکی پڕشنگداری بێگەرد پێشەواو خەمخواری کورد
شارەزای دەرمان و دەردی ئەم لەشەی زاماری کورد
نووسەری یاساو ڕژێمی شۆرشی ڕزگاری کورد
***

یاوەری ئازادی خوازان پێشڕەوی هەورازی کورد
ئاوری ژینی زۆرداران مەشخەڵی ڕێبازی کورد
ڕێکخەری ڕیزی تێکۆشان مەشقچی سەربازی کورد
تیری جەرگی خوێنمژان و ڕەهبەری دڵخوازی کورد
***

خۆشەویست و جێی نیازی گەلانی هاوشانی کورد
هەڵگری ئاڵای خەباتی یەکیەتی ڕێزانی کورد
دانەری نەخشەو تەقەللا سەروەری سامانی کورد
چەکی ڕووی دووژمنە (حاجی ) خەنجەری گیرفانی کورد
***

لێدەری شەیپووری زانین پەیڕەوی  دەرمانی کورد
بای شەماڵی وەرزی هاوین جەوهەری خەرمانی کورد
کێشەری نەخشە و سنووری، دانەری تامانی کورد
تا لە نێوجەرگەی هەرێمدا دەربچێ فەرمانی کورد
***

قارەمانی چەرخی نۆزدەم هەمیشە دووربینی کورد
حاجی ! گەنجینەی بەڕاستی بەرهەمی بۆ ژینی کورد
تۆ کەجێی شانازی ئیمڕۆ پێت دەڵێم پەرژینی کورد

## چارەنووس و ژیان

یاران هاوەڵان با ئیمەش بژین
وەکو گەلانی چوار چێوەی زەمین
کەی ئەمە ژینە دیلی و ژێر دەستی ؟!
گەر ژیان وابێ وەرن با بمرین
بوینە نموونەی تەماشاخانە
کوردستان بویتە شانۆی پێکەنین
چارەنووسی کورد بۆ هێندە ڕەشە؟
یەکتر دەکوژن بەیەک ئافەرین
ئاوڕدەنەوە بزانن مێژوو
چی بۆ نووسیون ڕووداوی دێرین !
لاپەڕەی مێژوو هەموو کوشتارە
لەباتی یەک گرتن و ڕاپەرین
گەلانی گێتی خاوەنی بەهرەن
بەهۆی شۆرشی زانیاری و زانین
بڕوانن ئێمەش بەبێ دەستمایە
دەبێ دانیشین لە بۆ کورد بگرین

## بانگی خەبات

کوردم من داوای ماف و ژین دەکەم
کوردم بەرگری لە ئاین دەکەم
ئازام ، دلێرم ;کوردم ، نابەزم
داوای ژیانی سەر زەمین دەکەم
دایک بە باوەش بە خێوی کردووم
فێری هەوراز و نشێوی کردووم
ئەمڕۆ بێ باکم لە بەندیخانە
فێری ئازایی و بزێوی کردووم
کاتێ ساوا بووم ، تەمەن یەک دوو ساڵ
هیوام خەندە بوو ، ئاوات گڕ و گاڵ
ئەمڕۆکە ، لاشەم بۆ گولـــلە باشە
نەک لە بۆ خەوی نێو بێشکەی مناڵ
هەرچەندە ئارامگرتن ناخۆشە
بەڵام زریزەی ژین تێک هەڵکێشە
دەبێ بگریەی ، ئەسرین بڕێژی
ئەوسا پیکەنین لەخۆشی خۆشە
دەبا زنجیری چینی ستەمکار
لە دەستم برزێ ، لە پێست بچتە خوار
ڕۆژێکیش دەبێ هەر ئەم زنجیرە
قوڵفی بکەوتە گەردەنی زۆر دار

## هاوار
## ١٩٧٢/٢/١٣

ئەی گەلی کورد ئێمە کوردین
ئازاو زیرەک ژیرو ووردین
شێری نێو کۆڕی نه بەردین
بەڵێ کوردین
ڕاسته گوردین
بەڵام ئێمه بۆچی پردین ؟
ئەی گەلی کورد خاکی ئێمه کوردستانه
بەهەشتێکی دارستانه
سنورێکی له گەرمێنه
سەرهەدێکی له کوێستانه
شاخی گەردەن کەشمان هەیه
بەڵێ ، مێژوو ئامادەیه
کوڕانی کورد یەک به دەیه
بەڵام ئیمڕۆ لەم سەدەیه
نازانم بۆ ؟
وەک و گەنم و جۆ
تێکەڵ به لەشی یەک بوون
وەک و میکڕۆب
بۆ ناو جەرگی یەکتر چوون

# باسی نیشتمان

ئەی گەلی کوردی خەواڵوو ، چاو هەڵێنن لەم خەوە
سەیری سامانی ووڵاتتان نوقمی تاریکی شەوە
چینی گومڕا لەم زەمینە هەوڵی یەکگرتن دەدەن
داخەکەم ئیمەش لەگەڵ یەک کەم نرخ و بێ کردەوە
پێنج و دوو ڕۆژێکی ماوە ئەم جیهانەش تێک دەچێ
تا نەمردووی ڕاپەڕە تۆش زوو بەفریای خۆت کەوە
سەیری شێوەی نیشتمانت بەهەشتی چی ! دیمەنی
دەرمانە ئاوی کانی کە پاراوی زیخ و چەوە
بەفری کوێستان لە کوردستان دەردیساری لادەبا
شنەی شەماڵ دەنگی شمشاڵ چەندە خۆشن پێکەوە

## شارەزایانی پسپۆر
## ١٩٧٢/١/٢٢

ئەندازیاران
چینی ڕەهبەران
دەستەی نووسەران
شارەزایانی وێنەی سینەما
ئاوڕدەنەوە لە خاکی ئێمە
لە بۆ کۆنگرەی شۆڕشی هونەر
وەرنە  کوردستان بۆ گەشت و گوزەر
پادشای ، جوانان
لەنێو کوردستان دەست نیشان بکەن
کوردستان جێگا ی هونەر مەندانە
جێگای ژیانە
کێوی بەرزی کورد بە هەزار دیمەن
پێت پێ دەکەنێ مافوری چیمەن
کێوەکانی کورد پڕە لە گەوهەر
جڕو جانەوەر
هەزار گیانلەبەر
کۆترو سوێسکە
کەو و کەناچە
بوولبول و قومری
تا شەهێن و باز
ئاهەنگ دەگێڕن بەهەزار ئاواز
کەروێشک و ژووشک

سی خوڕ و ڕێوی
تا بەرخ و بزن
ئاژەڵی کێوی
شایانی باسن
قازو مراوی پۆڕی ڕەنگاو ڕەنگ
دڵ دەبزوێنن وەک بوکی قەشەنگ
جێگای سەیرانە گوڵ و گوڵزاری
سەرچاوەی کانی
دیمەنی تاڤگە و شێوەی دارستان
هەموویان دەڵێن ئازاد نیشتمان
لاوانی ئێمە هەموو بە جەرگن
لەڕێی نیشتیمان ئامادەی مەرگن
کچانی ئەختەر
نازدار و دڵبەر
دیدەخورمان
پەری ڕوخسارن
بەڵی نیشتمان لەڕووی کیمیاوە سەرچاوەی نەوتە
کبریت و ئەڵماس پڕی ئەشکەوتە
لەقیرِ و باروت هەتا ڕەژوی بەرد
پەکت ناکەویَ لە کێوو لە هەرد
شارەزایانی پیشەسازی بێن
بەهۆی پشکنین لە گەشت و گەڕان
ئەوسا تێدەگەن چۆنە کوردستان
ئەی هونەرمەندان
چینی ڕەوشەن بیر تیپی مۆسیقا

کەرتی سەر شانۆی خەندە و تریقە
قارەمانانی ئاهەنگی گەڕۆک
لە بۆ تۆماری فلیم و چیرۆک
وەرن لێرانە هونەر بنوێنن
لای ئیمە تێنووی هونەر بشکێنن

# شـیعری ئایینی

# بڵندگۆ
## ٢٠٠٨

گوێم لێ بگرن بڵندگۆی خوا بە ئێوەی گەمژە نا پەروێ
پێستی تورتی ئەم جیهانە بە دەستی ئێوە نا گروێ
بانگهێشتنم بۆ ئێوەیە هۆ خەڵکینە هۆ خزمینە !
ئەی ئەوانەی تێکهاڵاون بیر و ڕا بەرز و نزمینە
ئەی ئەوانەی کە زۆرزانن لەگەڵ ئەوەش بێ ورتەنە
ئەی ئەوانەی چ نازانن کەچی بە بۆڵە و پرتەنە
بۆ لە ئاستی ووشەی ڕاستی گوێتان کەڕە چ نابیستن
نابینا و لاڵ و ئیفلیجن لەم شوێنانەی کە پێویستن
لەو قۆناغانەی پێویستە ڕۆژ دەرکەوێ ئێوە هەورن
لەو شوێنانەی کە پێویستە دارێک بڕوێ ئێوە تەورن
کە برسی بوون گۆشتی بەراز بەفتوای ئێوە حەڵاڵە
کە گیرفان و زگتان پڕ بوو دەبنە شێخی هەزارساڵە
هەی ڕوو زەردبن وەک ئەهریمەن بەر نەفرەتی یەزدان کەون
هەی بێ گۆڕبن بسڕێنەوە لە نێو خەیاڵ لە نێو خەون

## بمناسه
## ٢٠١١

بوەستە ئەی ڕەسوولی خوا لەم وێرانە بە جێم مەهێڵە
ئەم جیهانە شەوە زەنگە نانی تاڵ و ئاوی لێڵە
تەپ و تۆزی لەشفرۆش و ناز و فیزی جیهان خۆران
وشکە ساڵی گێرە دەکەن بە خەنجەری لە خوا تۆران
دژی درۆ دژی چەوتیم دژی گیرفانی ناشەرعیم
شەرمە تەلاری دووڕوویی لەم سفرەیە ئامادە نیم
بە جێم مەهێڵە ڕەسولی خوا ئەمن لە هاوکاروانی تۆم
لە کەناری خۆری باوەڕ پێشکەشکاری ئەسحابەشۆم
پەیامی خوات بەجێ گەیاند یاسایەکی چەند بێ خەوشە
ئەوەی بڕوای پێ هێنابێ لەم یاسایە برا بەشە
ئەم جیهانە تەمەن کورتە کێڵگەی ژین و دوواڕۆژە
خوێندنگایە بۆ ئەزموونی بەدەستهێنانی پڕۆژە

## گوێڕایەڵین
## ٢٠١٢

ئەی پێشەوای موسڵمانان خۆشەویستم لە مەدینە
چاو هەڵبڕە لە کوردستان کوردی ئوممەتت ببینە
ماچ دەکەن ئەو گولە گەرمەی لەسەر خوا پێیان دەکەوێ
شەهادەت لە باوەش دەگرن تۆ بڵێی بەر منیش کەوێ؟
لە ژێر سایەی چەتری قورئان فیردەوسی بەرزم لێ دیارە
بە ماڵی خۆمی دەزانم بەڵێنی پەروەردیگارە
کێ هێندەی من بەختەوەرە دەڵێی لە گەڵت ژیاوم
هێندە تینووی دیداری تۆم کوا هێندە تامەزرۆی ئاوم
ئایینی تۆ بە فوی ناکەس دانامرکێ و لەبن نایە
شەیتان سیفەت مایە پووچە ئەم بەڵێنە هی خودایە
یادی ڕۆژی لە دایک بوون لەگەڵ کۆچت بۆ مەدینە
ئاڵوگۆڕی دا بە مێژوو لە چوارچێوەی ئەم زەمینە

**سەروەر**
**٢٠٠٩**

ئەی سەرداری هەردوو جیهان
خاوەن شەوی گەشتی ئاسمان
کەشتیوانی دەریای قورئان
***

تاریکستانە سەرەڕێ
مەمنێژن تا شاهم دێ
***

جیهانخۆران وەک گورگی شەو
بونە مۆتەکەی شیرنیی خەو
کەوتوونە وێزەی ئەم و ئەو
***

تاریکستانە سەرەڕێ
مەمنێژن تا شاهم دێ
***

ئایینی تۆ دەشێوێنن
ئاڵای یەکتایی دەدڕێنن
خەریکە پەرە دەستێنن
***

تاریکستانە سەرەڕێ
مەمنێژن تا شاهم دێ
***

ئەمن کوردی خودا ویستم
بەڵێن بۆ تۆ هانێ دەستم
بۆ شەهادەت زوو هەڵدەستم

تاریکستانە سەرەڕێ
مەمنێژن تا شاهم دێ
***
کوردستانی و خەڵکی مەکە
لە نێو دینی تۆ هەرییەکە
چرای هەموو گۆشەیەکە
***
تاریکستانە سەرەڕێ
مەمنێژن تا شاهم دێ
***
وەک سەربازی سوپای یەزدان
دەستێ تفەنگ دەستێ قورئان
بە جێ دێنم ئەکی سەرشان

تاریکستانە سەرەڕێ
مەمنێژن تا شاهم دێ
***
ئەوەی ڕێبازی خوا بگرێ
بوێرانە بەرگە دەگرێ
لەگەڵ من بە پێوە دەمرێ
***
تاریکستانە سەرەڕێ
مەمنێژن تا شاهم دێ

## سەردەفتەری ئومەتانم
## ٢٠٠٧

ئەی هەتاوی تەم ڕەوێن و ئەی ڕووناکی ڕەحمەتی خوا
ئەی پێشەوای ئادەمیزاد ئەی جاڕدەری دەنگی ڕەوا
ئەو پەیامەی خوا دایەتۆ هەر وەکو خۆی گەییە دەستم
بۆیە ئیمڕۆ ئوومەتی تۆم ئیسلام ویست و خواپەرستم
تۆ کە هاتی من لە پشتی باپیران بوم ئەو سەردەمە
پانزە چاخیش تێپەڕیوە هەر وا دەزانم ئەو دەمە
لە کوردستان دەستی بەڵێن درێژ دەکەم بۆ نێو دەستت
یاوەرێکی ئەو سەردەمەم بۆ شۆڕش و بۆمەبەستت
لە شوێنپێی تۆ هەنگاو دەنێم بە موو لەم ڕێیە لانادەم
شلی ناکەم دەستی باوەڕ بۆ شەهادەتیش ئامادەم
لەم جیهانە و جیهانی تر بە دواوەتم وەکو سێبەر
ئۆقرە ناگرم تا دەمدەیتێ بە دەستی خۆت ئاوی کەوسەر
منی کوردی بڕواهێنەر پەیامی خوا دەپارێزم
گەنجینەیە لەبۆ خۆم و لەبۆ کۆرپەی نێو ئامێزم
ڕۆژی پێنج جار بە یادی تۆ دەچمە میعراج و دێمەوە
سەر لە کڕنووش بۆ خوداوەند پشت چەمیوو بە پێوەمە
سەردەفتەری ئوممەتانم تۆش پێشەوای پێغەمبەران
لە کوێ قورئان فەرمان بکا ئەوێ دەکەم بە نیشتمان
لە نێو کێڵگەی زەوی دڵدار درەختی زیکر دەڕوێنم
لە بۆ تێشوی قیامەتم دانەوێڵە دادەچێنم
لە خەرمانی ڕەحمەتی خوا چاوم لە پۆپەی ئومێدە

تای تەرازووی سەرفرازیم لە دەرگای بەهەشتت گرێدا
بۆیە ئاڵای بەرزی ئیسلام لە دەستی خۆم دەئاڵێنم
تا ڕووم هەبێت لە ڕەستاخێز بەرامبەر خوا سەر هەڵێنم

**عومرە**
**٢٠٠٩**

چاوی ئاڵۆزم بەبێ خەو تیشکی سۆمای پێ نەما
هێندە گریام بۆ دیدارت فرمێسکێک بە جێ نەما
کێ بە چاوی سەر گەیشتە خزمەتی دیداری تۆ
تۆ لە نێو چاوی دڵمدای تاک و تەنها و سەربەخۆ
من لە نێو زەندۆڵ و هەڵدێری تەمەن بۆ کوێ بڕۆم
دێم بەرەو سەرچاوەی زەمزەم ژەنگی دڵمی پێ دەشۆم
عومرەیە دەرمانی دەردم هێندە تامەزرۆی ئەوێم
بۆتە وێردی سەر زمانم وەک نزای ڕۆژ و شەوێم
گەر سەفاو مەروا گوناهی زۆر لەمێژینەم بەرێ
گەر لە دەوری ماڵی خودا شەرمەزاریم هەڵوەرێ
من لە بۆ عومرە لەسەر پێم عومری خۆمی پێ دەدەم
قورسە باری شان و ئەستۆم بە ویستی خوا فڕێی دەدەم
ئای لە بۆ نێو ڕەوزەی شەریف دەچمە نێو باغی بەهەشت
دێم لەگەڵتان جێم مەهێڵن خاوەنی کاروان و گەشت
وەک برایم دەست وەشێنم ئەهریمەن وێران دەکەم
شاگردی شەیتان لە کوێ بێ بەردەبارانی دەکە

## دۆسیە
## ٢٠١٤

بەدۆسیەی پڕ لەتاوان
بەباری قورسی سەر شان
پەرێشان و پەشیمان
لە دەرگای تۆ وەستاوم
زۆرم لادا بۆ لاڕێ
بۆ جێژوانی نابەجێ
بەڵام ئەمڕۆ بەرزە پێ
بۆ فەرمانت هەڵساوم
لە بەخشین بێ سنووری
لە خەسڵەتی من دووری
ئەگەر تۆ من نەبووری
لە هەردوولا دۆڕاوم
سەیری مێژووی  کردارم
خەزەڵ وەرە بەهارم
شەرمەندەو شەرمەزارم
لەم هەڵوێستەدا  ماوم
بەهەناسەی پڕ لەسۆ
بێ دەست مایەو دەست خەڕۆ
لە رەوسەی رەحمەتی تۆ
پڕ لە هیوایە چاوم
ئەوەی پشت و پەنایە
میهرەبانی خودایە
بۆ من بویتە سەرمایە
قورئان موژدەی پێ داوم

# شـیعری یادگاری

## بەردەنوسی کیژۆڵەیەکی جوانەمەرگ
**(بەهرە خان)**
**١٩٩٠/٥/٩**

کیژۆڵەیەکی جوانەمەرگ
ئای لەم جیهانە چەند بێ بەڵێنە
هەر ڕۆژ بە داسێ دەکا دروێنە
پێرێبوو شایی لە دایک بوونم
کەچی دوێنێکە دایکی زەبوونم
خۆشی لێ تۆرا لێی بوو بە دوژمن
ئەوسا بەبەردی خەمی مەرگی من
شووشەی ئارەزوو نازی لێ شکا
باوکیشم سۆمای چاوانی تکا
مەرگی من بووە خەمێکی گەورە
لە بۆ هەشت نۆ ساڵ ناویان نام (بەهرە)

## تەمەنێکی ناکام
## ١٩٩٠/٥/٣٠

ئەریٚ ئەی برا ئەی هەڵۆی بەرزی ئاسمانی لاوی
تۆ خەنجەری قەزوێنی هێشتا هەڵ نەکێشراوی
تۆ جیهانی پڕ تەلەسمی جوانی
تۆ شوانی داهاتووی بەرخ و کارژۆڵەی ئاواتی
تۆ مراز و نازی بێری خانی
وەرە مەڕۆ وەرە ئازیزەکەم تا کەی چاوم لە کەلی ئاسۆ بیٚ!
یاخوا ئەوەی تۆی ڕەنجاند وەک من و تۆ ڕەنجەڕۆ بیٚ
ئەریٚ برا ئێستا تۆ لە کوێی؟ کام هەرێم شوێنەوارتە ؟
کام فریشتەی خاوەن ویژدان شەو دکتۆری ئازارتە
ئەریٚ ئەو گۆشەی تۆ لیٚ خزاوی شێوازی چۆنە ؟
ئەو دەستبەندەی لە مەچەکتە هی چ کارخانەیەکە ؟
ئەو دێوەزمەی هەموو ڕۆژیٚ وەکوو مووچانە کەڵبەی تیژت نیشان دەدا
خزمەتگوزار و نۆکەری چ باڵەخانەیەکە ؟
ئەریٚ برا وا مەزانە وەک زۆربەی خزم و تیرە
وامەزانە منیش بوویمە کۆیلەی دراو یان ژێر دەستی پێکیٚ بیرە
بە چاوی تۆ پیٚ بە پیٚ بەبیٚ پشوو بەبیٚ وچان
هەر لە کرۆژ هەوار هەتا جەرگەی بالیسان
چڵیٚ جاترە و تەڵیٚ ڕەیحانەکێوی نەماوە چەند جار بۆنی نەکەم
وتم بەڵکو وەک ڕێبوار تۆ بە لایان تێپەڕی بی
بڕوا بکە وەکو هەور ؛ هەنگاو هەنگاو بە سەر قەندیلیش هەڵگەڕام
وەك بەفر باریم بە سەر هەموو جێییٚ هەموو شوێنیٚ
وەک ڕاوچی خۆم کوتایە نێو ئەشکەوتی ئیمڕۆ و دوێنیٚ

دەموت بەڵکوو ئەمە خوایە هەواڵێکت وەکوو نێچیر بکەوێتە بەر
سێرەی مەبەست
ئەرێ برا ئەوە چەند ساڵە شەو ڕۆژ چاو دەگێڕم گوێ ڕادێرم
بۆ بیستنی چرپەی ناوت بۆ بینینی تیشکی چاوت لەسەر پێمە
لە هەر کوێبی باوەڕت بێ منیش بە دڵ لەوێمە
خەیاڵی تۆ بێ نەسرەوتن وەکوو چەقۆ هەموو لەشی کردووم بە زام
لە هەردوو دیو بێ وەستان ڕەنووی بەفر پێشێل دەکەم
لە قەدەغە ناترسم تامان دەشکێنم بۆ وەڵام
کەچی برا دەترسێم بە دەستووری بگرە و بێنە
لە پەیڕەوی گورگە شین و لە نێو یاسای داتاشراوی بەر هەڵبێنە
لاپەڕەیەک هەڵدەنەوە نەخشەی ژینم بگۆڕن
بەڵێ برا چۆنی بۆچووم هەرچی لەوان ڕەچاو دەکرا ئەنجامیان دا
ئەوا چەپۆکی ئاشووبە و چرنۆکی تیژی چڵکن
چەماوە بێبەزەییانە لێم بووە داسی مردن
کەوتە دروێنەی تەبارەی ئاسوودەیی ژیانم
ئەرێ برای ئازیزم دڵنیابە هەتا ماوم
وەک شادەماری نێو دڵم وەکو گلێنەی چاوم
لە نێو هەگبەی یادگاریما وشەی ناو نیگارت دەپارێزم
وەرە مەڕۆ وەرە نێو بێشکەی دەروون و ئامێزم
هەر من دەزانم بتلاوێنمەوە
شەکەتی لەشت بڕەوێنمەوە
لای لایە برا، ئەی بچکۆڵانە
شپرزەی دەستی پیاوی بێگانە
سوێندم بەو گیانەی بە زۆریان کێشا
سوێندم بەو خوێنەی کە لە نێو دڵم بووە بە کێشە

ئەژنۆ دا نادەم بۆ کڕنۆش بردن
تۆڵەسێنی تۆم هەتاکوو مردن
لاوێکی خاوەن بەڵێن
من نەمردووم نەڵێن مردووە
نەڵێن گڵی گۆڕ وونی کردووە
نەڵێن لە بۆ کورد ئازاری نەچێشت
نەڵێن کۆڵی دا و کوردی بە جێهێشت
لە هەر دوو جیهان دەبەخشم گیانم
خۆم بە قەرزاری وولات دەزانم
ئەوا لە پێناو خاکی کوردستان
خوێنی خۆم کردە شاباشی ژیان
ئێوەش هەر وابن
ڕۆڵە مەگریەن بۆ کۆچ کردنم
مەکەونە گۆڕ و کێل ماچ کردنم
گەر منتان دەوێ پشتی یەک بگرن
لەگەڵ هەژاران بژیەن و بمرن
بۆ خزم و میوان وەک من ڕوو خۆش بن
بۆ ئایین و خاک زۆر بە پەرۆش بن

# جیهانی ئەودیو

ئەم شیعرەم نووسی لەسەر زمانی برای کۆچکردووم کاك عەزیز خوا بیبەخشێ

لە بیست و نۆی سێی دووهەزار و بیست
لێتان دابڕام هەرچەند نەمدەویست
ڕەورەوەی تەمەن گەییە کۆتایی
ڕەتنابێتەوە فەرمانی خوایی
هەشتا و شەش ساڵم تەمەن بەڕێکرد
وامزانی تازە کەوشم لە پێکرد
مەرگ بێباکە لە هەموو کەسێ
کەس وەلانانێ لەکەس ناترسێ
لە رۆژئاوابی یان لە ڕۆژهەڵات
سەردانت دەکا هەر کە نۆرەت هات
خۆت حەشارمەدە ڕاپێشت دەکا
بەرەو گۆڕستان پەلکێشت دەکا
زۆردەژی یان کەم، برسییە تێرە
ناچارن هەموو هەر دێنە ئێرە
دەچییە جیهانی پڕ لە نهێنی
تا نەچی هیچی لێهەڵناکرێنی

## مەرگی لە پڕتاو
## ١٩٨٤/١/٢٠

(پیشکەشە بۆ هاوڕێی شەهیدی جوانەمەرگ کاک وشیار)
دڵت دەریای ژانی گەل بوو ،خەمی گەلت گرتبووە کۆڵ
مامە خەمەی نیشتمان بووی ، خۆت کردبووە ئاگر و سەهۆڵ
دەسووتای بۆ ئەو کەسانەی سەرما هەڵی دەلەرزاندن
بەفری گەرووی ئەوانە بووی ئاگر جەرگی دەچزاندن
ژیانی هەژاری و نەبوونی ، کۆڵی پێنەدای هەرگیز
بۆ بەهاری هۆشیاری ڕەتاندت چەند زستان و پاییز
خەم ڕەوێنی کەس و کاری جوانە مەرگانی وڵات بووی
بۆ دایک و باوکانی کۆس کەوتو پزیشکێکی ئازاد بووی
چارەی دەردی ئەو کۆمەڵە لە نێوهەگبەی چیرۆکی تۆ
دەبوونە پڕشەنگی هەتاوی، بەختەوەری سەربەخۆ
بەڵام داخەکەم مەرگی دڕندە وا بێ بەزەییانە
تەقاندی ئەو بۆمبا کوشندەیەی دەستچێنی بێگانە
بەهەواڵی بوومەلەرزەی کۆچ کردنی تۆ کاک وشیار
گەڵا ڕێزانی پایزی دڵمە تا ساڵی دوو بەهار

## مەنزڵگای شیرین
## ١٩٧٠/١٢/٢٢

مەنزڵگای شیرین لانەی ژیانم
بێشکەی منداڵیم خەندە و گریانم
سەنگەری گولـلـەی دەستی ڕۆژگاری
میراتی باوک و گشت باپیرانم
بۆ تۆ دەگریەم سەر لەسەر ئەژنۆم
ئیتر هەر ئەم شەو لە باوەشی تۆم
ئینجا بەیانی بەجێت دەهێڵم
هەر وەکو وتم بۆ تۆ ڕەنجەڕۆم
شەوی بیست و دووی دوانزە ، چەفتە
ساڵی هەزارو نۆسەدو حەفتا
شەوێکی هێندە دەروون تەزێنە
تاریکە وەکو شەوی ئەشکەفتە
کۆتایی نەهات درێژایی شەو
نازانم چۆنە مانای پشووی خەو
لەباوەشی خەم چۆن دەرباز دەبم
دەورم تەناوە ، وەک قەفەزی کەو
لەیەکەم ڕۆژی لە دایک بوونم
تا گڕی ئەوین گەییە دەروونم
لەخەم و شادی هاوبەشی من بووی
هەر لەبیری تۆم بێ تۆ زەبوونم

## چەند بەردە نووسێک

**خوێنەری بەڕێز؛ ئەو چەند هۆنراوەیەم بۆ بەردەنووسی گڵکۆی جوانە مەرگان نووسیووە ئێستاش لەسەر خواستی کەس و کاری ئەو کۆچ کردوانە، ئەوا لەنێو( پەیام ) بڵاووم کردنەوە.**

# ڕژانی ئەستێرەیەک

بۆ مامۆستای خوا لێ خۆش بوو ( طه خورشید بەگ )

مامۆستایەک بووم بۆ کۆرپەی وولات
بەڵام داخەکەم نەگەیمە ئاوات
زوو پەنجەی ئەجەل ژینی شێواندم
گوڵی ئاوات و هیوای وەراندم
مێمری مەرگ بەرۆکی گرتم
ژیانم بەجێ هێشت بە لاوی مردم
ئێوەش بەیادی ژیانی پێشووم
وەرنە سەر گۆڕم وابزانن زیندووم
هەڵوەرینی خونچە گوڵێکی تاقانە
ئاخ مردن بۆ وا هێندە دڵ ڕەقی
هەروەک و دووژمن لە ڕێی من چەقی
بۆ منی کۆرپەی نەمامی ساوا ؟
بوومە خۆراکی گۆڕستان ئاوا !
خۆ من لە بوون و نە بوون بێ باکم
بەڵام داخەکەم بۆ دایک و باوکم
لە بۆ دوو سێ ساڵ تەمەن و ژیان
منیان بەخێو کرد ناویان نام کارزان

## پەلامارێکی بە گورجی

بۆ مامۆستا ( نەبی ) کە بە هۆی کارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد

مامۆستا( نەبی ) باوکی فەرامۆش
کۆرپەی تاقانەت نەگرتە نێو کۆش
ڕەشەبای مردن هێند بێ ڕوحم بوو
نەی هێشت بۆنی کەی گوڵی ئارەزوو


بەڵی مامۆستای بەڕێزو دانا
کۆچ کردنی تۆ بۆ ئێمە ژانە
( بەیاد ) تا دێتە نێو پێخەفی گڵ
یادت دەرناکا لەچوار چێوەی دڵ

# چەند وشەیەك

خوێنەری بەڕێز، خۆزگە لە جیهانی پان و پۆڕی ئەدەبیاتی شیرینی کوردی بووبامە خاوەنی پەیژەیەکی بەهێز و چڕمساو، هەر لە ڕێسمانەوە تا دەگاتە کەلی ئاسۆی ئاسمان بۆ ئەوەی بمتوانیبا زیاتر و زۆرتر وشە و وتە و ئاخاوتنی زمانی شیرینی کوردی کۆبکەمەوە لە نێو بۆتەی وێژەیی، بۆ خوێندەوارانی کورد پڕ بەدڵ، پڕ بە دەروون وەک سەنگەرێکی پۆڵاین دایبڕێژم، بەڵام چی بکەم تا ئێستا هەر ئەوەندەم توانیوە کە چەند بەرهەمێک بە خزمەتی ئێوەی خوێندەوار بگەیەنم، جا هیوادارم لە کەموکوڕی بەرهەمەکانم چاو بپۆشن ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە خوێنەران چاویان بە هەندێ بابەت دەکەوێ کە بە ئاشکرا ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە(شەفیق بەیاد) پەنجە بۆ کەم و کوڕی کچان ڕادەکێشێ لەگەڵ ئەوەشدا کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان لەسەر مافی ئافرەتان دەنووسێ! هەروەها بەرهەمەکانی لە بارەی بەرگریکردن لە ئافرەتان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن گەلێ جار بڵاوکراوەتەوە ، هەروەها نیازیشی وایە بەرهەمێکی چاپ کراوی دوور و درێژ لەسەر شێوەی پەرتوکێکی قەوارە فراوان لە ژێر ناو نیشانی ئافرەت تەرازووی ژیانە بڵاو بکاتەوە جا لەوانەیە خوێنەر بپرسێ و بڵێ ئایە چۆن دەکرێ دوو کاری دژواری دژ بەیەک لە مرۆڤێکادا بەرچاو بکەوێ؟ ڕاستەو من لە دیوانی (شەو بەند) لەدیوانی (سروشتی شیرین) ، لە دیوانی (پەیام) وەک ئێوە دەڵێن پەنجەم بۆ چەند کەم و کوڕییەک درێژ کردووە بەڵام بڕوا بکەن من مەبەستم هەموو ئافرەتێک نییەو بەڵکوو مەبەستم ئەو جۆرە ئافرەتانەیە کە بازاڕ گەرمی بە ڕوخسار و کەسایەتی و ئابڕووی خۆیان و خێزان و کەس و کاریانەوە دەکەن

جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە دەڵێم ئافرەت لەنیوەی کۆمەڵ زیاترە و ئافرەت تەرازووی ژیانە جا ئافرەتی ڕاست وێژ ئافرەتی داوێن پاک ئافرەتی خاوەن بەڵێن و بڕیار و پەیمان هەموو دەم ڕەوشت بەرزن ، دایکی کۆمەڵن، ئەوەندە ڕێزدارن جێگای شانازین.

# وێنەی
# بەرگی بەرهەمە چاپکراوەکانی "بەیاد"




لە بلاوکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری

شیعر

شەوبەند

شەفیق بەیاد

١٩٨٥


لەچاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی روشنبیری و لاوان
سروشتی
شیرین
شیعر
١٩٨٩
شەفیق بەیاد


لە بڵاوکراوەکانی سەعدوڵڵا سبحانی ژمارە ( ٣٤ )
پەیام
١٩٩١
بەرباد


ئافرەت
تەرازوی
ژیانە
نوسینی: شەفیق بەیاد

# سوپاس و پێزانین

بۆ ئەو بەڕێزانە:

- فازیل شەوڕۆ و د. هاوژین صلیوە، بۆ لێکۆڵینەوەکەیان.
- مامۆستا هەمزە عەباس فەقێ، بۆ پێداچوونە و سەرپەرشتی چاپ.
- د. عەتیە حەمە سەعید، بۆ چاپکردنی کتیبەکە.
- هونەرمەند نەوزاد محەمەد کۆیی، بۆ خۆشنووسی سەر بەرگ.
- هونەرمەند قەرەنی جەمیل، بۆ سکێچ کێشانی وێنەکەی شاعیر.
- توانا ئەحمەد، بۆ دیزاینی بەرگ و کتێبەکە.
- بۆ هەموو کارمەندانی چاپخانە.